# شكۆنامە و نەبەردیی

## بیرەوەری و ژیانی شەهید شێخ جەواد بێدەری

ئامادەکردنی

پێشەوا شێخ رەئووف





# شکۆنامە و نەبەردیی

( بەناوی خوای گەورە و میهرەبان )

**ناسنامەی کتێب**


**ناوی کتێب:** شکۆنامە و نەبەردی

بیرەوەری و ژیانی شەهید شێخ جەواد بێدەری

**بابەت:** بیرەوەریی

**ئامادەکردنی:** پێشەوا شێخ رەئووف

**سەرپەرشتیکردنی:** محەمەد شێخ جەواد بێدەری

**دیزاینی ناوەڕۆك:** ئامادەکار

**دیزاینی بەرگ:** ئەحمەد بابا

**نۆبەت و ساڵی چاپ:** یەکەم، سلێمانی، ٢٠٢١

**چاپ:** چاپخانەی چوارچرا

**تیراژ:** ١٥٠٠ دانە

**پێداچوونەوەی زمانەوانی:** پ.د.ئازاد عەبدولواحید کریم

پ.ی.د.بێستون حەسەن،

لەتیف فاتیح فەرەج

لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان

ژمارە سپاردنی (     )ی ساڵی ٢٠٢٠ی پێدراوە

# پێشکەشە

به روحی پاکی شەهیدی فەرماندە "شێخ جەواد بێدەری" و هەموو ئەو پێشمەرگانەی ڕاستگۆیانە ژیان و گیانی خۆیان پێشکەشی خاك و نەتەوەکەیان کرد.

# پێڕست


| بابەت | ناو | لاپەڕە |
|---|---|---|
| چاوەڕوانی | محەمەد شێخ جەواد بێدەری | ٩ |
| بۆ شەهیدێکی هەرگیز لەیاد نەچوو | غەمبار جۆلاّ | ١٠ |
| پێشە کی | لەتیف فاتح فەرەج | ١١ |
| وشەیەك بۆ ڕۆحی ئارام | پ.د.ئازاد عبدالواحد | ١٤ |
| شێخ جەواد بێدەری شانازییەك بۆ بنەماڵەکەی | ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان | ١٦ |
| ئینسکلۆپیدیا و جوگرافیای گوندی بێدەر | محەمەد شێخ جەواد بێدەری | ٢١ |
| شێخ جەواد بێدەری بایۆگرافیای پارتیزانێکی ئازا | چەند سەرچاوەیەك | ٢٨ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری بەرهەمی خەباتی ئایندەی کوردایەتی | شالاّو عەلی عەسکەری | ٣٦ |
| شەهید شێخ جەواد پێشمەرگەیەکی ئاشنا بە چەك | عەلی بچکۆل | ٤٧ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری قاڵبووی ناو دوو شۆڕش و پیاوی ڕۆژە سەختەکان بوو | شێخ سەعید عەلی بێدەری | ٥٥ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری لە تەنگانەدا ڕۆژ بەرۆژ هیمەتی بەرزتربوو | دارا کوێخا عەبدولاّ | ٦٩ |
| شێخ جەواد خۆشەویست و متمانەپێکراوی عەلی عەسکەری بوو | سەبیحە شێخ جەلال | ٨٣ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری گەواهییەك بۆ مێژوو | شێخ مەحمودی شەدەڵە | ٨٨ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری دووانەی شۆڕش و کوردایەتی | شێخ هاوڕێ کاکە حەمەی مامە ڕەزا | ٩٨ |
| شێخ جەواد بێدەری سەنگەرێکی شۆڕشگێڕانە | سالار حەمە رەزا قەرەچەتانی | ١٠٤ |

| | | |
|---|---|---|
| باسێك دەربارەی: شەهید شێخ جەواد بێدەری و خێزانەكەی | حەپسە عەبدولقادر عەبدولاّ | ١٢١ |
| شێخ جەواد بێدەری بزوێنەری شۆڕشی نوێی كوردی | عەبدولكەریم حاجی | ١٣٩ |
| شێخ جەواد بێدەری پیاوی ڕۆژە سەختەكان | عەلی وەسمان سالّح (ئاسۆ) | ١٤٦ |
| شێخ جەواد بێدەری قارەمان و شۆڕەسواری شۆڕشی نوی | ئەحمەد عەسكەری | ١٥٩ |
| شێخ جەواد بێدەری هەڵۆكەی شەڕی چۆخماخ | مامە خولە | ١٦٤ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری سونبولی پێشمەرگە و قەلاّكەی كەركوك | خەلیل بێدەری | ١٧١ |
| لە بیرەوەریی شێخ جەواد بێدەرییدا | غەمبار جۆلاّ | ١٧٤ |
| شەهید شێخ جەواد پیاوێكی پڕ لە سۆز و گەورەیی | شێخ عوسمان بێدەریی | ١٧٦ |
| كۆچی شەهید شێخ جەواد بێدەری كەلێنێكە جێگای پڕنابێتەوە | حەسەن شێخ مەجید | ١٨٣ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری پێشمەرگەیەكی خاكی | عوسمان غەفوور (عوسمانە خڕە) | ١٨٩ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری خەمخۆرێكی ڕاستەقینەی نیشتمان | ڕەسوڵ ڕەشید سەعید (ڕەسوڵی كاكەڕەش) | ١٩٦ |
| شێخ جەواد بێدەری هەڵۆیەكی ئاشتیخواز | محەمەد كۆزەبۆرەیی | ٢١٠ |
| شەهید شێخ جەواد كۆڵنەدەر و خەمخۆری میلەتێك | سالار بۆگدی | ٢٢٢ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری پارتیزانێكی بە ئەمەك | حەمید شێخ حوسێن عەسكەری | ٢٣٢ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری پیاوێكی بە ئەمەكی كۆمەڵایەتی بوو | شێخ زرار حاجی شێخ قادر سۆتكە | ٢٣٨ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری سومبوڵی سۆزی باوكایەتی | محەمەد شێخ جەواد بێدەری | ٢٤٢ |

| | | |
|---|---|---|
| شەهید شێخ جەواد بێدەری پێشمەرگەیەکی بوێر | جەوهەر سۆفی | ٢٨٢ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری<br>متمانە و دڵسۆزی شۆڕش | حەسیب شێخ<br>عەبدولقادری قازی | ٢٨٧ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری مرۆڤێکی بەجەرگ و چالاك | فەقێ وشیار شیلەخانی | ٢٩٠ |
| لەگەڵ شێخ جەواد بێدەری دووانەی شۆڕش بووین | عەبدوڵا کەریم ئیسماعیل<br>"مەلا عەبدوڵا هەڵەدنی" | ٢٩٥ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری پیاوێکی بەتواناو لێهاتوو | حاجی شێخ عومەر<br>گەڕگەڕی | ٢٩٩ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری، فەرماندەیەکی بەور ئاسا | هۆشیار مەلا<br>عەبدولڕەحمان ئاوبارەیی | ٣٠٥ |
| شێخ جەواد بێدەری فەرماندە و سەرکردەیەکی دڵسۆز و بە ورە و لەخۆبردوو بوو | محێدین نەجم سمایل<br>(شوانە) | ٣١٢ |
| هێلانە باز، بازی لێ نابڕێ هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێ نامرێ! | ڕەهبەر سەید برایم | ٣١٩ |
| شەهید شێخ جەواد بێدەری | محەمەدی حاجی مەحمود<br>کتێبی "رۆژژمێرێ<br>پێشمەرگەیەك" | ٣٢٢ |
| وەفایەك بۆ شێخ جەواد بێدەری | شاخەوان قۆجەلەری | ٣٣٠ |
| شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری<br>ئەستێرەیەکی تەمەن کورت | پێشەوا شێخ رەئووف | ٣٣٥ |

## چاوەڕوانی

گشت دەست لە ئەژنۆ چاوەڕێی تۆ بووین
هەر دەرنەکەوتی، بێ پەل و پۆ بووین

زۆر بەهیوا بووم باوکە دێیەوە
لە جاران زیاتر دەگەشێمەوە

بەلاّم ڕۆیشتی بێ ماڵئاوایی
ئێمەت دایە دەست خەم و تەنیایی

بەڵێ ڕۆیشتی نەتکرد ماڵئاوا
سەرت بۆ گەل و نیشتمان دانا

شەرتە  سەر دانێین لە ڕێ و هەنگاوت
تاوانە  لامان  ونبکەین ناوت

دەبێ ناوی تۆ جێی شانازی بێ
ژینت سەردێڕی گشت هەڵبەستێ بێ

(محمد شێخ جەواد)
١٩٨٨/٥/١٥

## بۆ شەهیدێکی هەرگیز لەیاد نەچوو*

برای شەهیدم لە کیمیاباران
جەواد بێدەری گوڵی کوردستان
گفتار شیرین و دەم بە پێکەنین
بەهەشت جێگەتە ئەڵاهوئامین
باڵابەرز و ڕێك شۆڕەسواری کورد
ئازا و بە پەلە بەشێوەی هەڵگورد
ئەو شێوە جوانەت بۆ ناو گڵ برد
سەر و جامانە لەشێوەی کۆیی
سەرت بۆ کەس قەت نەکرد نەوی
هەرکاتێ ئەجەل دیاری خۆی هانی
پێشکەشت ئەکا و بەخۆی نازانی
لە شار بێ، لە دەشت، لە کێو و هەردان
قەرار خۆیەتی ڕەحیم و ڕەحمان
برا و دۆستی خۆت غەمبار جۆڵا
تا مردن بیری تۆم وا لە ناو دڵا

(غەمبار جۆڵا)

* غەمبار جۆڵا، دیوانی ژین و شین، چاپی یەکەم، ٢٠١٢.

# پێشەکی

## شێخ جەواد بێدەری و خەونی ئازادی

لەڕاستیدا ئەم کورتە نووسینە، پێشەکییە بۆ کتێبێك کە باسی پیاوێکی قارەمانی ئەم وڵاتی کوردەوارییە دەکات، پیاوێك کە بێسڵ دەستی بۆ ئاگر بردووە و لە پێناوی نیشتمانەکەیدا گیانبازی و خەباتی کردووە، ئەو کەسە شێخ جەوادی بێدەرە، بێدەری قەڵاسێوکە، ئەو گوندەی وەك هەر گوندێکی دیکەی کوردستان لانکی کوردایەتی و جوامێرییە، وێڕای ئەوەی بێدەر خوێندەوار و دنیادیدەی زۆریشی هەبووە و دێیەکی دیار و ناسراوی ناوچەکە بووە، تەنانەت یەکێك لە شاعیرە ناسراوەکانی کەرکوك "تاهیر فواد" کەرکوکی زادە بە ڕیشە خەڵکی ئەو گوندەیە، تاهیر فواد باوکیشی شێخ عەبدوللەتیفی بێدەر نووسەر و ڕۆشنبیر و شاعیر بووە و ١٢٥ ساڵ لەمەوبەر لە کەرکوك کۆچی دوایی کردووە.

شێخ جەواد بێدەری شۆڕشگێڕ، لە یەکەمینی ئەو کەسانەیە کە لە ساڵی ١٩٦١ بە ئومێدی رزگاریی نیشتمان تەڤلی بزوتنەوەی

رزگاری کوردستان بووه و لەدوای نسکۆ و هەرەسی بزوتنەوەکەش، ئەو یەکسەر دەستی داوەتەوە بەرگری و لە مەفرەزە سەرەتاییەکانە، لە هێنانی کەلوپەلی ئێزگەی گەلی کوردستاندا رۆڵی هەبووە، لە رێکخستنی دەیان تێکۆشەری ناوچەکەی خۆیدا رۆڵی هەبووە، لە کەسە نزیکەکانی شەهید عەلی عەسکەری و جێ بڕوا و متمانەی ئەو کەڵە پیاوە بووە.

شێخ جەوادیش خەونی گەورەی ئەوە بووە نیشتمان بە ئازادی ببینێ، بۆئەوەش دەستبەرداری خۆشیی ژیان و گوزەران بووە و تەنانەت خەمی نیشتمانی خستۆتە سەروو خەمی خانەوادە و جگەرگۆشەکانییەوە، لەکوێ گەل پێویستی بە پێشمەرگە بووبێت ئەو لەوێ بووە، ئەو وەك شەیدایەکی ئازادی دوور لە بەرژەوەندی خۆی، دوور لە ململانێی نێو بزوتنەوەی کوردایەتی و وەك کوردێکی بێگەرد ویردی سەر زاری زیکری نیشتمان بووە و لە هەر کوێ بووە ئەو لە خەمی نیشتماندا بووە و هێمنی شاعیر گوتەنی "ئەو بەرەو ئاسۆ بەرەو روناکی باڵی گرتبوو".

ئێمە نامانەوێ زۆر لەسەر ژیان و قوربانی شێخ جەواد و خەباتی ئەو بنووسین و لە دووتوێی کتێبەکەدا دۆست و ئاشنا و هاوڕێ و هاوسەری لەوبارەیەوە زیاتر وێنەی ئەو تێکۆشەرە بۆ ئێمە دەکێشن و خوێنەری کتێبەکە زیاتر بەو تێکۆشەرە ئاشنا دەکەن، نیشتمان لیپە لە گیانباز و چەلەنگ، ئەوان

**بێئەوەی خۆیان بیر بێت هەرچییان هەبوو بەخشییان، نەك وەك هەندێ، نیشتمانیش دەكەن بە قوربانی خۆیان و ئارەزووەكانیان.**

**لەتیف فاتح فەرەج**

# وشەیەك بۆ ڕۆحی ئارام

کەمجار وا ئەبێت کە مێژوو کەڵەپیاوێك، یان گیانفیدای میللەتێك لەبیر بکات، چونکە ئەو زاتانە ئەبن بە وێردی سەرزمان و چیرۆك و سەربووردەی ڕاستەقینەی کەسانێك کە نەوەکانی دوای خۆیان بەرهەمی خەبات و تێکۆشانیان دەچیننەوە.

شەهید شێخ جەواد بێدەری یەکێکە لەو سونبولانەی کە لە خەباتی بێوچانی میللەتەکەماندا ئەستێرەیەکی پرشنگداری ئاسمانی خەباتی کوردایەتییە، کە زۆربەی ساتەکانی تەمەنی لەپێناو ئازادیی خاك و سەربەخۆیی بڕیاری نەتەوایەتییدا بەختکرد، ئەو کەموێنەبوو، ڕەنگە ڕێك نەکەوێت کە پێشمەرگەیەك ئەوەندە خاکی و بەسۆز و مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بێت، بەقەد ئەوەی کە کاکە شێخ جەواد لە زێد و باوی خۆی و لەنێو کەسوکار و هاوەڵانیدا پێی ناسرابوو.

ناوزدەی شێخ جەواد لە ناو پێشمەرگە و ساڵنامەکانی خەباتی شۆڕش و کوردایەتییدا پێش خۆی کەوتبوو، دڵە گەورەکەی بەقەد سەفیــن و قەندیل بەژن زراڤ و گەردن کەش بوو، تەنانەت

چیاکان بە تۆزی پێ و چەکمەی پێشمەرگایەتییەکەی شانازیـان دەکرد.

شێخ جەواد وەکو باوك، پیاوێکی پڕ تەلیسمی سۆزی باوکایەتی بوو، وەکو مرۆڤ سیمای میهرەبانی و مرۆڤدۆستی بوو، وەکو پێشمەرگەش گیانفیدایەکی سەرکەش و سەرکێشێکی عاشق بە بوکی ئازادی و خەمی نیشتمان بوو.

بەڵام قەدەر، چ قەدەرێك بوو، کە لەماوەی خەباتی سەرشاخ و بنکە و پەنا تاشەبەردی پێشمەرگایەتی شەهید نەبوو، چونکە ئاواتی ئەوەبوو، بەڵام ناسنامەی شەهادەتی لەناو زێدی گۆپتەپەی ڕەمزی کیمیابارانی کوردستان پێ بەخشرا.

پرۆفیسۆر.د.ئازاد عبدالواحد کریم

کەرکوك ٢٠٢٠

# شێخ جەواد بێدەری
# شانازییەك بۆ بنەماڵەكەی*

شێخ جەواد كوڕی شێخ ئەحمەد كوڕی شێخ فەتاحی بێدەرە، لە ساڵی١٩٤٣ لە گوندی بێدەر، سەر بە ناحییەی ئاغجەلەر لە بنەماڵەیەكی كوردپەروەر و ئاینپەروەر لەدایكبووە، بنەماڵەكەیان پێگەیەكی بەرز و كۆمەڵایەتی زۆر گرنگیان هەبووە لە ناوچەكەدا، ژیانی ئاسایی خۆیان بە پیشەی ئاژەڵداری و كشتوكاڵكردنەوە بەڕێكردووە و بۆ خوێندن ڕووی لە ناحیەی ئاغجەلەر كردووە.

لە ساڵی ١٩٦١ لە كاتێكدا سەرباز بووە لە سوپای عیراقدا، پەیوەندی كردووە بە یاخیبوونی خێڵە كوردەكانەوە دژی حكومەتەكەی عەبدولكەریم قاسم و بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی كردووە، دوای ئەوەی كە پارتی دیموكراتی كوردستانی ئەوكات كۆنترۆڵی یاخیبوونەكەی كرد و لە جوڵانەوەیەكی خێڵەكییەوە كردی بە جوڵانەوەیەكی چەكدار، بێدەریی درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی لە جوڵانەوەكە وەك پێشمەرگەی یەكە چەكدارەكان داو لە هێزی ڕزگاری كە تاڵەبانی فەرماندەی بوو

ڕێکخرا. له ساڵی ١٩٦٢ له شەڕیکدا له ئاغجەلەر لەنێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عیراقدا، دلاوەرییەکی زۆری نواند و لەم سۆنگەیەوە تاڵەبانی خەلاّتی کرد و پلەی بۆ سەرپەل بەرزکردەوە.
له ساڵی ١٩٦٣ بەشدارییەکی کارای له چالاکییەکانی گەرمیان و پێنجوێنی پێشمەرگەدا کرد. هەر لەو ساڵەدا له هێرشێکدا بە فەرماندەیی سەرکردە عەلی عەسکەری بۆ سەر بنکەیەکی پۆلیس له پێنجوین بریندار بوو. ساڵی دواتر پلەی بۆ سەر لق بەرزکرایەوە لەگەڵ چەند کەسێکی تردا ئەرکی ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی له ناوچەی کەرکوك پیٚ سپێردرا.
لەکاتی لەتبوونی پارتی دیموکراتی کوردستان پشتگیری مەکتەبی سیاسی کردووە له سالاّنی ١٩٦٩_١٩٧٠ بارەگای له گوندی گۆپتەپەی سنوری قەلاّسێوکە دانا. دوای یەکگرتنەوەی هەردوو باڵی پارتی، له ریزەکانی هێزی پێشمەرگە بەردەوام بوو لەسەر خزمەت کردن.
له ساڵی ١٩٧٤دا، کاتێك عەلی عەسکەری کرایە فەرماندەی هێز، شێخ جەواد بێدەری کرایە جێگری و تا هەرەسهێنانی شۆڕش له ساڵی ١٩٧٥ دا درێژەی بە هەڵسوڕانی خۆی داو ڕۆڵێکی کارای له بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی سوپای عیراق و پاراستنی ناوچەی حاجی ئۆمەران گێڕا.
له ساڵی ١٩٧٥ پشتگیری پرۆسەی دەسپێکردنەوەی خەباتی

چەكداری كرد و هەماهەنگی لەگەڵ سەركردە عەلی عەسكەری كـرد بۆ پەیداكردنی چەك و پەیوەندی كردن بە خەڵكی شۆڕشگێڕ و پێكهێنانی دەستەی چەكدار. لە تشرینی یەكەمی ١٩٧٦دا بنكەیەكی كارای هێزی پێشمەرگەی لە چەمی ڕەزان دامەزراند. جموجۆڵەكانی وای لە دەزگا ئەمنییەكان كرد بكەونە گەڕ بۆ دروستكردنی گوشار لەسەری بۆ دانانی سنورێك بۆ هەڵسوڕانی. لەم سەرو بەندەدا دایكی و خێزانەكەی و منداڵەكانی لە گوندی گۆپتەپە دەستگیركران ماوەیەك لە سلێمانی و كەركوك زیندانی كران دواتر بۆ شاری ناسریەی باشوری عیراق دوورخرانەوە.

ساڵی ١٩٧٧ بە مەفرەزەیەكەوە لەگەڵ حەسەن خۆشناو بەرەو سوریا بەڕێكەوت بەمەبەستی هێنانی چەك و تەقەمەنی و ئامێرەكانی تایبەت بە دانانی ئێزگە، لە ڕێگادا لەسەر سنوری عیراق_توركیا، لە بۆسەیەكدا كە چەكدارەكانی سەركردایەتی كاتیی پارتی دیموكراتی كوردستان (قیادە موەقەتە) دایاننابوو، تەقە لە مەفرەزەكە كرا، ملازم حەسەن خۆشناو لەوێ لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەكدا شەهید كرا، شێخ جەوادیش برینداربوو. لەم سۆنگەیەوە گەیەنرایە سوریا، تا برینەكانی ساڕێژ بوونەوە ماوەی مانگێكی خایاند. پاش گەڕانەوەی لە سوریا، پۆستی جێگری فەرماندەی هەرێمی چەمی ڕەزانی پێ بەخشرا. لەو ماوەیەدا دەزگا ئەمنییەكان برایەكی بێدەرییان دەستگیركرد و

وەك بارمتە گلیان دایەوە تا ئەو کاتەی بێدەری خۆی بە دەستەوە دەدا، بەڵام هەوڵەکە ئامانجەکەی نەپێکا.

لە ساڵی ١٩٧٨دا لەکاتی جێبەجێکردنی گواستنەوەی بارەگای سەرکردایەتی بۆ ناوچەی خواکوڕك و ناردنی هێزێکی گەورە بۆسەر سنوری عیراق_تورکیا بۆ وەرگرتنی بڕێکی گەورەی چەك و تەقەمەنی کە نیاز وابوو لە سوریاوە بگاتە دەستی هێزی پێشمەرگە، شێخ جەواد بێدەری لەگەڵ بەشی دووەمی هێزەکەدا بەرەو شوێنی دیاریکراو بەڕێکەوت. لەم ئۆپراسیۆنەدا کە لە مێژووی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا بە ئۆپراسیۆنی هەکاری ناسراوە، توشی نەهامەتییەکی زۆر بوو. لە هەکاری گەلەکۆمەکێیەکی گەورە لە دژی هێزی پێشمەرگە لە نێوان خێڵەکانی ناوچەکە و سەرکردایەتی پارتی دیموکراتی کوردستان بە ئاگاداری دەزگای هەواڵگری میتی تورکیا هاتە ئاراوە، ئەم گەلەکۆمەکێیە ئۆپراسیونەکەی لە بنەڕەتەوە لەبەریەك هەڵوەشاندەوە. لە ئۆپراسیۆنەکەدا برسێتی و گەلەکۆمەکێ و بێ ئومێدبوون لە ڕزگاربوون، بەشێکی هێزەکانی ناچارکرد خۆیان ڕادەستی هێزەکانی عیراق بکەن. بێدەرییش لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پێشمەرگەدا خۆی ڕادەستی هێزەکانی عیراق کرد. تا ساڵی ساڵی ١٩٧٩ بە دەستبەسەری مایەوە، پاشان خۆی و هەموو ئەندامە گیراو و دوورخراوەکانی خێزانەکەی بە لێبوردنی گشتی

ئازادکران. لە ساڵی ١٩٨٦ دا شێخ جەواد بێدەری بۆ جاری سێیەم لە ژیانیدا، لە تەمەنی ٤٤ ساڵیدا گەڕایەوە بۆ ژیانی پێشمەرگایەتی و لە تیپی ٢٩ی کەڵکە سماق وەك فەرماندەی کەرت خزمەتی کرد. لە ساڵی ١٩٨٨ لە گوندی شاناخسێی ناوچەی ماوەت بە چەکی کیمیایی بریندار بوو و بۆ چارەسەر ماوەی "٤٠" ڕۆژی لە نەخۆشخانەیەکی شاری ئەسفەهانی (ئێران) بەسەربرد. لە شالاّوی چوارەمی ئەنفالەکاندا لە ناوچەی قەلاّسێوکە، لە کاتی کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەدا لە ١٩٨٨/٥/٣ بۆ جاری دووەم بەر چەکی کیمیایی کەوت و شەهیدبوو .

*سەرچاوە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، چاپی دووەم، ٢٠١٣. لا ٢٢٥-٢٢٦

# ئینسکلۆپیدیا و جوگرافیای گوندی بێدەر

گوندی بێدەر لە باکورەوە هاوسنورە لەگەڵ گوندی ئەسکەندەربەگی، لە باشورەوە هاوسنورە لەگەڵ گوندی قوڕاوە، لە ڕۆژهەلاتەوە گوندەکانی کۆزەبۆرە و کانی هەنجیری گولانە، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ گوندەکانی گوڵم کەوە و تەکباسان و گەڕاو هاوسنورە.

گوندی بێدەر لەسەر دەستی شێخ عەبدولڕەحمانی کوڕی شێخ ڕەسوڵی گەورەی کوڕی شێخ سەمەد ئاوەدان کراوەتەوە. کە لە سەرگەڵوەوە بۆ کاری بازرگانی و ئاژەڵداری هاتونەتە دەشتی کۆیە و لە گوندی کانی کوردە نیشتەجێ بوونە. شێخ ڕەسوڵی گەورە سێ کوڕی هەبووە، هەریەك لەم کوڕانە بەشێك لەو ناوچانەی لێی نیشتەجێ بوون ئاوەدانیان کردونەتەوە.

شێخ عەبدولڕەحمانی باپیرە گەورە، بە هۆی ئاژەڵداری و کشتوکاڵەوە ڕوودەکاتە ناوچەی قەلاسێوکە و دەچێتە ئەوبەری چەمی شیوەسوور لە بناری شاخی کێوەچەرمەڵە.

هۆکاری نێشتەجێبوون و مانەوەی شێخ عەبدولڕەحمان لە بناری

شاخی کێوەچەرمەڵە بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە شوێنێکی گونجاو و لەباربووە بۆ کشتوکاڵ و بەخێوکردنی مەڕومالاّت و دانەوێڵەکردن، زەوی باش و بە پیتی هەبووە، بۆیە لەسەر چەمی شیوەسوور توانیویانە کشتوکاڵ بکەن و ئاژەڵ و مەڕ و مالاّت بەخێو بکەن.

شێخ عەبدولڕەحمان کاتێك گوندی بێدەر بنیات دەنێت و ئاوەدانی دەکاتەوە، سێ کوڕی خۆی لەگەڵ بووە بە ناوەکانی (شێخ عەبدولاّ، شێخ فەتاح، شێخ عەبدوللەتیف) دواتر چەندین خزم و ناسیاو و کەسی دیکەش لێی کۆدەبنەوە و گوندێکی پڕ کشتوکاڵ و ئاژەڵداری بنیات دەنێن.

لەگەڵ ئەوەی سەرقاڵی بنیاتنانی ماڵ و حاڵی خۆیان و بژێوی ژیانیان بوونە، گرنگییان بەلایەنی ئایینی و ڕۆشنبیری و کۆمەلاّتی و سیاسی و شۆڕشگێڕی داوە.

جوگرافیای گوندی بێدەر:

گوندی بێدەر سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر و قەزای چەمچەماڵە، پێشتر سەر بە پارێزگای کەرکوك بووە، بەلاّم لە ئێستادا سەر بە پارێزگای سلێمانییە.

گوندی بێدەر پەناگەیەکی بەهێز بووە بۆ هێزی پێشمەرگە، لەبەرئەوەی گوندی بێدەر ڕێی ئۆتۆمبێلی نەبووە تا ساڵی (١٩٦٩) بۆ یەکەم جار و لەسەر دەستی شێخ محەمەدی کوڕی

شێخ ئەحمەد، تراکتۆر هێنراوەتە گوندەکە و دواتر لە ساڵانی هەشتاکاندا ئۆتۆمبێل هاتۆتە گوندی بێدەر.
چونکە پشتی گوندی بێدەر شاخی کێوەچەرمەڵەیە شوێنێکی بێ ترس و حەشارگەیەکی باش بووە بۆ هێزی پێشمەرگە، لەبەر ئەو هۆکارانە هەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بهاتایەتە سنورەکە، دەهاتنە گوندی بێدەر، کە ئەمەش بووە هۆی دروستکردنی ژمارەیەکی زۆر و بەرچاو لە تێکۆشەر و فەرماندە و کادیر و پێشمەرگە و پیاوی کوردایەتی، کە بەداخەوە ئێستا هەندێکیان شەهید بوونە و چونەتە کاروانی پڕ سەروەری شەهیدانەوە.
گوندی بێدەر بە یەکێك لە گوندە دێرینەکانی سنوری قەزای چەمچەماڵ و ناوچەی قەڵاسێوکە و ناحیەی ئاغجەلەر دادەنرێت، لەسەرەتای سەدەی هەژدەوە ژیانی تێدا بووە و لەسەر دەستی شێخ عەبدولڕەحمان شێخ ڕەسوڵ ئاوەدان کراوەتەوە.
ڕەچەڵەکی خەڵکی گوندی بێدەر دەگەڕێتەوە سەر تەریقەتی نەقشبەندی و ڕێبازی شێخەکانی بەرزنجە و خۆیان بە نەوەی (شێخ عیسا و شێخ موسا) دەزانن.
**لایەنی ئایینی:**
مزگەوت و شوێنی خوا پەرستییان دروستکردوە، بەو پێیەی شێخ عەبدولڕەحمان پیاوێکی خوێندەوار و شێخی خانەقا و تەریقەتی حەققە بووە، چەندین کەسایەتی بەرزی ئایینیان تێدا هەڵکەوتووە

که بۆ ئەو سەردەمە پێشەنگی زانست و فەتوا بوونە، دەستیان لە زۆر کاری خێر و چاکەدا هەبووە و خەڵوەتگەیان هەبووە، کە بەداخەوە بە هۆی داگیرکارییە یەك لە دوا یەکەکانی ڕژێمەکانی عیراق و دواتریش ڕژێمی بەعسی لەناوچوو، هیچ ئاسەوار و شوێنێکی پیرۆزیان نەهێشتۆتەوە و بەر شاڵاوی ئەنفال کەوتوونە و لەگەڵ زەویدا تەختکراون.

لە ڕابردوودا چەندین مەلای ئایینی تێدا هەڵکەوتووە، وەك: (مەلا نوری شێخ ئەحمەد، مەلا عەلی شێخ ئەحمەد، مەلا عومەری نابینا، مەلا شێخ عوسمان، تاهیر فوادی شاعیر" هەموو ئەم پیاوانە مەلا و نووسەر و شۆڕشگێڕ بوونە.

لە ئێستاشدا مەلای بە توانا و لێهاتووی تێدا هەڵکەوتووە وەك: (مامۆستا مەلا شاخەوان کوڕی شەهید شێخ جەواد بێدەری، مەلا بەکر شێخ ستار).

## لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە:

لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پێگەیەکی بەهێزی هەبووە، هەمیشە دانیشتووانەکەی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوانیاندا هەبوو، زۆرترین تێکەڵاوییان لەگەڵ یەکتریدا هەبووە، تەنانەت لەگەڵ گوندەکانی دەوربەریاندا پەیوەندییەکی پتەویان هەبووە و ئەم پەیوەندییە کۆمەڵاتییە وایکردووە کە ژن و ژنخوازی لەگەڵ ناوچەکانی تردا بکەن.

میواندۆست و ئەمانەت پارێز بوون، بۆیە لەکاتی شۆڕشی پارتیزانییدا پەناگەیەکی بەهێزی شۆڕشگێڕان بووە، سەردانی گوندی بێدەریان کردووە، وەك پەناگە لەنێو گوندەکەدا ماونەتەوە، لەوانەش شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری و بەشێك لە سەرکردەکانی شۆڕش.

**لە بواری ڕۆشنبیرییدا**

هەمیشە بایەخیان بە بواری خوێندن و فێرکردن داوە و بەشێکی ژیانیان بۆ ئەو بابەتە تەرخانکردووە. لە سەردەمی شۆڕشەکانی ڕابردوودا بەتایبەتیش لە شۆڕشی نوێدا مامۆستا و خوێندەواریان تێدا بووە. کە خۆبەخشانە کاری هۆشیارکردنەوەی خەڵکیان گرتبووە ئەستۆی خۆیان. خۆش بەختانە مامۆستا شێخ تاهیری کوڕی شێخ عەبدوللەتیف دیوانێکی چاپکراوی هەیە، ئەم شاعیرە دیارەی کورد ناوی (تاهیر فواد)ی بۆ خۆی هەڵبژاردووە و لە شاری کەرکوك و لە ساڵی ١٨٩٢ ژیاوە.

**لە بواری سیاسییدا**

لەبەر ئەوەی خەڵکی گوندی بێدەر خوێندەواریان هەبووە سیاسەت بۆتە بەشێکی گرنگی ژیانیان و بە ئاگابوونە لە سیاسەت و بەشداربوونە لە کاروباری دەوڵەتدا، لە ساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا شێخ ساڵح شێخ لەتیف بریکاری راوێژکار بووە لە حکومەتی عیراقدا. شێخ عەبدولڕەحمانی شێخ

ساڵحیش بەڕێوەبەر بووە لە شارەوانی کەرکوك.

## لە بواری شۆڕشگێڕییدا

گوندی بێدەر وەك سەرجەم گوندەکانی تری کوردستان لانکەی شۆڕش بووە، لە سەرەتای دروستبوونی شۆڕشەکانەوە بە بەردەوامی و بێ سڵکردنەوە بەشداربووە لە هەموو شۆڕشەکانی کوردستان و هەمیشە هاوکار و پشتیوانی شۆڕشەکانی ڕزگاری خوازی کورد و کوردستان بووە. هەر لەو پێناوەشدا چەندین شەهید و قوربانی بە خاك و نیشتمان و شۆڕش بەخشیوە لەوانە: (شێخ جەواد بێدەری، عومەر شێخ تەها، عوسمان شێخ تەها، عومەر شێخ ئەبوبەکر، حەمە غەریب مەلا نوری، حەمە سەعید مەلا نوری، شێخ حامید شێخ عەبدولاّ، شێخ تالیب شێخ عەبدولاّ، فەرهاد محەمەد ئەمین، شێخ جەلال حاجی ساڵح، حەسەن شێخ عەبدولڕەحمان، حوسێن شێخ عەبدولڕەحمان، ئازاد حاجی ساڵح، ئەحمەد شێخ حامید، شێخ عەزیز، هێمن شێخ لەتیف، مەحمود شێخ جەواد).

## سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە

گوندی بێدەر دوو سەرچاوەی ئاوی خواردنەوەی هەیە:

"کانی کەوەڕێ" دەکەوێتە ڕۆژهەڵاتەوە.

"کانی تەقتەق" دەکەوێتە ڕۆژئاوای گوندەکەوە.

گوندی بێدەر تا کاتی شاڵاوەکانی ئەنفال ئاوەدان بووە و بیست و

پێنج ماڵی تێدا بووه، بەڵام لە کاتی شاڵاوی ئەنفالی چوار، وەکو سەرجەم گوندەکانی تری کوردستان سوتێنراوه و دانیشتوانەکەی ئاواره و دەربەدەر بوونه.

**ناوی گوندی بێدەر**

وشەی (بێدەر) بەو شوێنە دەوترێت کە ئامادەکراوه بۆ کوتان و لێك جیاکردنەوەی دانەوێڵە (گەنم و جۆ و نیسك و نۆك .....هتد) دوای دروێنەکردنی، واتا: خەرمان. پێدەچێت گوندی بێدەر بە ناوی شوێنی خەرمانەوە ناونرابێت.

**دوو گوند لە وڵاتی سوریا بەم ناوەوە هەن:**

یەکەم: (بیدر الرَّفیع) ئەم گوندە ئەکەوێتە ناوچەی تەلکەلخ سەر بە ناحیەی ناصرەی پارێزگای حومس. بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٤ زایینی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (١٢٠٦) کەس.

دووەم: (بیدر شمسو) ئەم گوندە ئەکەوێتە ناوچەی ئەریحا سەر بە ناحیەی محمەبل پارێزگای ئیدلب، بە پێی ئاماری ساڵی ٢٠٠٤ زایینی ژمارەی دانیشتوانەکەی دەگاتە (٧٦٨) کەس.

## شێخ جەواد بێدەری
## بایۆگرافیای پارتیزانێکی ئازا *

شێخ جەواد کوڕی شێخ ئەحمەد کوڕی شێخ فەتاحی بێدەرە، لە ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی بێدەر سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و
ئایینپەروەر لە دایکبووە، بنەماڵەکەیان پێگەیەکی بەرز و کۆمەڵایەتی زۆر گرنگیان لە ناوچەکەدا هەبووە، ژیانی ئاسایی خۆیان بە پیشەی ئاژەڵداری و کشتوکاڵکردنەوە بەڕێکردووە و بۆ خوێندن ڕووی لە ناحیەی ئاغجەلەر کردووە.
لە ماوەی ژیانیدا سێ جار هاوسەرگیری کردووە و (١٥) منداڵی هەبووە، (١١)کوڕ و (٥)کچ، کە بریتین لەمانە (ئەحمەد، جەبار، خەبات، مەحمود، محمد، شیرین، هێرۆ، هەوری، تارا، مەریوان، شاخەوان، هەردی، پشتیوان، ئامانج، کرمانج) کە (٤) کوڕ و (١) کچی لە ژیاندا نەماون.(١)
عومەر حمەئەمین عزیز کانی وەتمانی دەڵێت: لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٨ دا کۆبوونەوەیەك کرا، لەم بەڕێزانە پێهاتبوو (مام جەلال،

شەهید دکتۆر خالید، شەهید عەلی عەسکەری، شەهید حسێن بابا شێخ، عەزیز بەگی ڕانیە)، لە پشتی نۆکان کۆبوونەوەکەیان بەست، لەو کۆبوونەوەیەدا باسیان لە دۆزینەوەی ڕێگایەك ئەکرد کە لێوەی بڕۆین بەرە و سنوری سوریا بۆ هێنانی ئەو چەکانەی لە دەرەوە بۆمان دەهات. لەوەوبەر چەند جارێك شێخ جەواد بێدەری چوو بۆ ئەوەی بە هەرشێوەیەك بێت ئەو چەکانە بێنێت، کە بۆمان نێردرابوو، بەڵام بەشێکی کەمی ئەو چەکانە ئەگەیشتە دەست هێزی پێشمەرگە، لەبەر سەختی ڕێگاوبان و پێدانی هەندێك لەو چەکانە کە خۆی چەند پارچە چەکێك بوو بە سەرۆك عەشیرەتەکان، تاکو یاریمەتیمان بدەن ئاسانکاری ڕێگامان بۆ بکەن. کاك عەلی عەسکەری کرا بە فەرماندەی ئەو هێزەی کە لەلایەن سەرکردایەتییەوە دەسنیشان کرا بۆ هێنانی ئەو چەکانە. پێش ئێمە شێخ حسێن بابا شێخ و دکتۆر خالید بەڕێ کەتبوون بەرەو ئێران و داوایان لە هەندێك لە کاربەدەستانی ئەوسای ئێران کردبوو کە ئۆتومبێلیان بۆ تەرخان بکەن، تاکو بگەنە ناوچەی لۆلان، دوای ئەوە بە چەند ڕۆژێك شەهید عەلی عەسکەری نامەیەکی بە پەلەی دامێ، وتی: دەبێت هەر ئیستا ئەم نامەیە بگەیەننە (شێخ جەواد بێدەری) کە فەرماندەی هەرێم بوو لە چەمی ڕەزان، بۆ ئەوەی هەردوو هێزەکەی دەشتی کۆیە و چەمی ڕەزان بهێنێت و هەر هێزەی هێسترێکی بۆ بکڕێت و لەگەڵ

خۆیاندا بیهێنن، وتی دەبێت ١٩٧٨/٥/١ هێزەکە بگاتە سەرکردایەتی، لەبەر ئەوەی مەجالمان نەماوە ئێران دەرمان دەکات. حکومەتی عیراق ئێرانی ئاگادار کردبۆوە کە دەبێت ئەو هێزانە لە ناوچەکانی خۆی دوور بخاتەوە، ئەوە بوو ئێوارەی رۆژی ١٩٧٨/٥/١ کاك شێخ جەواد بێدەری هەردوو هێزەکەی دەشتی کۆیە و چەمی ڕەزانی هێنایە سەرکردایەتی لە گوندی نۆکان، عومەر حمەئەمین کانی وەتمانی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: شەوێك چووینە گوندی خڕێنە بۆ بەیانی خەڵکی گوندەکە خواردنێکی زۆریان بۆ هێناین، سەعات (٢)ی پاش نیوەڕۆ لەولای ئێمەوە کۆپتەر کەوتە دابەزینی هێزی عەسکەری، (قادر ئاغا) لەوبەر ئاوەکە بوو، کاك عەلی عەسکەری پێی گوت هێزەکەی خۆت بەرە سەر ئەو شاخەی بەرامبەرت. دوای ماوەیەك هێلیکۆپتەر کەوتە بۆردومانکردن و تۆپباران دەستی پێکرد شەڕ دروست بوو، لەو شەڕەدا هێزێکی زۆری عەسکەری بەشداربوو، چەند کوژراو و بریندارێکان هەبوو، چەند پارچە چەکێك و دوربینێك دەسکەوتی ئێمە بوو، لە کاتی شەڕەکەدا کاك عەلی عەسکەری لە جێگەیەك بوو فڕۆکەش ئەو شوێنەی بۆردومان دەکرد.

( شێخ جەواد و چەتۆی کەریمە سوری کۆیە) بە ئار بی جی تەقەیان لە کۆپتەرەکان دەکرد. لە ئەنجامی ئەم شەڕەدا دوژمن شکا و گەڕایەوە دواوە، چەند پێشمەرگەیەکمان لێ شەهید بوو

**لەگەڵ ( ٨) بریندار.[٢]**

**یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێزێکی گەورەی سازدا کە نزیکەی (١٠٠٠) پێشمەرگە ئەبوو لە چەکدار و بێ چەك لە خەڵکی ناوچەکانی سەرانسەری کوردستانی عیراق، هەر لە خانەقینەوە تا زاخۆ، لەگەڵ زۆرایەتی ئەندامانی (ك،س،و) ژمارەیەکی زۆر لە فەرماندەی هەرێم و کەرت و مەفرەزەکان و کادرە سیاسییەکان، بڕیار درا ئەو هێزە گەورەیە ببێتە سێ بەش. بەشی دووەمی هێزەکە نزیکە ی (٥٠٠) پێشمەرگە ئەبوون، لەوانە نزیکەی (١٥٠) کەسیان بێ چەك بوون، ئەو لێپرسراوانەی ئەبوو لەگەڵ هێزەکە بن: عەلی عەسکەری "فەرماندەی هێزی پێشمەرگە"، تایەری عەلی والی "ئەندامی مەکتەبی سیاسی و مەکتەبی عەسکەری ی ن ك"، سەید کاکە "فەرماندەی هێزی ٨ی هەولێر"، تالیب رۆستەم "فەرماندەی هێزی ٦ی قەلادزێ"، شێخ جەواد بێدەری "یاریدەدەری فەرماندەی هێزی چەمی ڕەزان" ئەم هێزە ئەبوایە لە ١٩٧٨/٤/٢١ لە ناوچەی قەڵادزێوە بکەوێتەڕێ و لە سەرەتای مانگی مایس دا لەگەڵ بەشی یەکەمی هێزەکە لە برادۆست یەك بگرنەوە.[٣]**

**عەلی ئەحمەد عەلی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: لە گەشتەکەماندا گەیشتینە تورکیا، شەهید عەلی عەسکەری بانگی کاك ئەحمەد سەلیمی کرد، کە بەرپرسی مالییەی هێزی پێشمەرگە بوو، وتی:**

وەرە وێنەمان بگرە، کە هەموومانی کۆکردەوە، تاوەکو وێنەکان بگرن، وتی ڕۆژێك دادێت کە سەرکەوتن بە دەست بهێنین و بزانین چ قارەمانێکمان لەگەڵدا بووە، تاوەکو پاداشتیان بدەینەوە، بەتایبەتی قارەمانێکی وەك (شێخ جەواد بێدەری).(٤)

لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: لە کۆتایی کارەساتی هەکاری دا، فەرماندەی هەرێمی شەش (تالیب ڕۆستەم) لەگەڵ زیاتر لە ١٧٠ پێشمەرگەی (ی.ن.ك) لەسەر سنور خۆیان تەسلیم بە سەربازگەیەکی عیراق کردەوە. دواتر تالیب ڕۆستەم لە سلێمانی نیشتە جێبوو.

تالیب ڕۆستەم زۆر برادەرم بوو، کاتی خۆی زۆر پێکەوە بووین و زۆر لە یەکتر دڵنیابووین، ڕۆژێك تالیب ڕۆستەم هات بۆ ماڵمان تەنها خۆی بوو، دوای هەندێ گفتوگۆکردن سەبارەت بە بارودۆخی کوردستان. کاك تالیب دەستی کرد بە گێڕانەوەی کارەساتی هەکاری و وتی: کارەساتی هەکاری کارەسات و ڕووداوێکی زۆر گەورە بوو، من و شێخ جەواد بێدەری لە ناوچەی هەکاری بەیەکەوە بووین، قیادە موەقەتە عەشیرەتەکانی کوردستانی تورکیا کە زۆربەیان چەکدارن، لێیان هاندابووین و هێرشیان کردە سەر هێزەکانمان. قیادە موەقەتە بە خەڵکی ئەو ناوچەیەیان وتبوو کە ئێمە پیاوی رژێمی عیراقین و خوا ناپەرستین و کافرین بۆ تالانی چوینەتە ناوچەکەیان. خەڵکی ئەو

ناوچانەش کە زۆر دواکەوتوون بڕوایان پێکردبوون. ئێمەش بە برسێتی و تینوێتی ڕوومان کردبووە ئەو ناوچەیە، بەڵام خەڵکی ئەو گوندانە نەك نان و ئاوییان نەداینێ و یارمەتییان نەداین، بەڵکو بە ئاگر و ئاسن وەڵامیان داینەوە. ئەو خەڵکە زۆر خراپ تێگەیەندرا بوون، ئێمەش نە نان و نە ئاومان دەس نەئەکەوت، برسێتی زۆری بۆ هێنابووین، پێشمەرگەمان هەبوو کە هەشت ڕۆژ بوو هیچی نەخوارد بوو. پەرێشان بووین و وزەمان تێدا نەمابوو لەو شاخ و دۆڵانە گژوگیامان ئەخوارد، هەر هەمووومان توشی سکچوون و دەیان نەخۆشی و ئیش و ئازار ببووین. ژمارەیەك پێشمەرگەمان توشی نەخۆشی و ڕشانەوە بوون و مـردن. هێزی ڕۆیشتنمان نەمابوو، توشی خورانی لەش و دەیان جۆر نەخۆشی پێست ببوین، هەروەها پێڵاو و جل و بەرگمان بە بەرەوە نەمابوو. هۆکاری گەڕانەوەی من و ئەو پێشمەرگانەی تر تەنها لەبەر ماندوێتی و برسێتی و نەخۆشی و نەشارەزایی ناوچەکە بوو، هیچ چارەیەکی ترمان نەبوو، بۆیە خۆمان گەیاندە لای سەربازگە و ڕەبایەکانی سوپای عیراق و خۆمان دا بە دەستەوە.

جارێکی تر لالۆ پێنجوێنی لە گفتوگۆیەکیدا لەگەڵ تالیب ڕۆستەم دەڵێت: دوای ڕووداوەکە و چاکبونەوەی، لەگەڵ تالیب ڕۆستەم سەردانی یەکتریمان دەکرد. ڕۆژێك لای زانکۆی سلێمانی بەدەم ڕێگاوە باسی شەهید دکتۆر خالید سەعیدی بۆ ئەکردم. پاشان

نامەیەکی دوو ئەندامی مەکتەبی سیاسی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستانی پیشان دام کە پێش جیا بوونەوەکەیان لە یەکێتی بۆ تالیب ڕۆستەمیان ناردبوو. نامەکەم خوێندەوە و نوسرابوو "کاک (....) داوای لە بزوتنەوە کردووە کەسێك بنێرێت لەناو شار شێخ جەواد بکوژێت، کۆمەڵەش کەسێك دەنێرێت کە تالیب رۆستەم بکوژێت، کاک (.....) دەڵێت ئەگەر کەسم دەست نەکەوت تالیب رۆستەم بکوژێت ئەوا خۆم دەڕۆم ئەیکوژم، ( شێخ جەواد بێدەری سەر بە باڵی بزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بوو، ئامر هەرێم بوو لای یەکێتی، لە کارەساتەکەی هەکاری ئەویش لەگەڵ تالیب ڕۆستەم تەسلیم بە ڕژێمی عیراق بووەوە.[٥]

برایم جەلالیش لە بیرەوەرییەکانیدا دەڵێت: پاش ئەوەی تالیب رۆستەم و شێخ جەواد بێدەری و (١٧٣) پێشمەرگە و بە (١٥٠) چەکەوە لە ناچاری و لەبەر هێرش و پەلاماری قیادە موەقەتە و عەشیرەتە کوردەکانی ئەو ناوچەیە به ناچاری ڕووە و سنوری عیراق دەڕۆن و خۆیان تەسلیم بە حکومەتی عیراق دەکەنەوە.[٦]

سەرچاوەکان:


١-عەمید شێخ محەمەد شێخ جەواد بێدەری.

٢- پیاونامە (گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە) چاپی دووەم /ساڵی ٢٠١٢، لاپەرە ٣٣٤، بیرەوەرییەکانی عومەر حمەئەمین عزیز کانی وەتمانی.

٣- لە کەناری دانوبەوە بۆ خڕی ناوزەنگ (دیوی ناوەوەی روداوەکانی کوردستانی عیراق (١٩٧٥ /١٩٧٨) نەوشیروان مستەفا ئەمین. لاپەڕە ٢٦٩

٤- پیاونامە (گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەرییە) چاپی دووەم /ساڵی ٢٠١٢، لاپەرە ٢٧٨، بیرەوەرییەکانی عەلی ئەحمەد عەلی.

٥- نیو سەدە بۆ نیشتمان، بیرەوەری (لالۆ عەبدولڕەحمان پێنجوێنی) چاپی یەکەم ٢٠١٢، لاپەڕە ٣٢٠ بۆ ٣٢١ - ٣٣٠ بۆ ٣٣١

٦- چەپکێك لە مێژووی کۆمەڵە، برایم جەلال، چاپی دووەم ٢٠١٢ - لاپەڕە ٢١٨.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# بەرهەمی خەباتی ئایینەدەی کوردایەتی

**شالاو عەلی عەسکەری**

سەرەتا ئەمەوێ بە کورتی باس لە بنەماڵە و باوانی شێخ جەواد بێدەری بکەم، لە باوکەوە شێخ جەواد بێدەری یەکێکە لە بنەماڵەی شێخەکانی قەلاسێوکە و گوندی بێدەر، دایکیشی لە شێخەکانی سەرگەڵووە، دایکی شێخ جەواد و دایکی شەهید عەلی عەسکەری ئامۆزای یەکترن، ئامینەخانی دایکی لە نەوەی شێخ ئەحمەدی سەرداری سەرگەڵووە، لە باوکیشەوە ئێمە دووبارە ئەچینەوە سەر یەك بەرە باب و خزمایەتی زۆر نزیکمان هەیە، هاوکات هاوسەرە گەورەکەی شێخ جەواد "حەپسەخان" ئامۆزای منە.

ناسینی من بۆ شێخ جەواد، وەك دەڵێن هەر کە فامم کردۆتەوە ناسیومە و بینیوومە، وەك باسم کرد ئێمە خزمی نزیکی یەکترین، شێخ جەواد یەکێك بووە لە کەسە هەرە نزیکەکانی باوکم، ڕاستە ئەو بە تەمەن لە باوکم مناڵتر بووە، بەلام جیاوازییان لە تەمەندا زۆر نەبوو.

شێخ جەواد لە شۆڕشی ئەیلولدا یەکێك بووە لەو پێشمەرگانەی کە لەو شۆڕشەدا بەشداربووە. خۆشەویستی ئەو بۆ باوکم زۆر کەس دەیگێڕێتەوە، تەنانەت زۆرجار لەناو بنەماڵەی خۆماندا باسدەکرێت کە لە شەڕێکدا دەکەونە کەمینەوە، لەو شوێنەی تەقەی لێوەدەکرێت شێخ جەواد خۆی دەداتە پێش باوکم و ئەو شوێنەی ئاڕاستەی گوولەکانی لێوەدێت، ئەویش بۆئەوەی هیچ گوولەیەك بەر باوکم نەکەوێت و بەر خۆی بکەوێت، ئاخر ئەمە لووتکەی خۆشەویستی و دڵسۆزی و وەفایە بۆ کەسێك کە هەتبێت.

ساڵانی دواتریش و لە تەمەنی گەورەییدا، ساڵی ١٩٧٦ لە پێشمەرگایەتییدا شێخ جەوادم بینی و زیاتر بەیەکتر ئاشنابووین، ئێمە ساڵی ١٩٧٦ کە چووینە دەرەوە، سەرەتا چووینە قەڵادزێ، لەوێشەوە چووینە "خاسی" بۆ ماڵی هۆمەر ئاغا، نزیکەی دوو شەوێك لەوێ بووین، دوای ئەوە کاك شێخ جەواد و خەلیل بێدەری و کوڕەکانی خوالێخۆشبوو محەمەدی مەلا شەریف و قادری برای "بەڕەحمەت بن زۆربەیان نەماون"هاتن بەدواماندا ئێمەیان برد بۆ "مارەدوو" لە تەمەنی گەورەیی و کە فامم کردبێتەوە، لەوێ کاك شێخ جەوادم بینی لە خزمەتی پێشمەرگایەتی.

ئەوەبوو ئێمەیان برد و چووینە "مارەدوو"، لەوێ لە ماڵی "کوێخا

قادر" بووین، لەوێوە "کوێخا محەمەدی مەلا شەریف" هات بەدواماندا و ئێمەی برد بۆ "دۆڵێنیّ" و ئەو سنورە کە ناوچەیەکی ئارام و ئازاد بوو لەژێر کۆنترۆڵی حکومەتی عیراقیدا نەبوو، دواتر ئەوان گەڕانەوە بۆلای باوکم.

جارێکی تر کە شێخ جەوادم بینییەوە هەمان ساڵ "١٩٧٦" بوو، مانگی "نۆ"ی ئەو ساڵە بوو، هاتینەوە چووینە گوندەکانی بناری قەندیل و لەویّماینەوە هەتا ئەوکاتەی رۆیشتین بەرەو سوریا، لەبەرئەوەی لە هاوڕیّ نزیکەکانی باوکم و خزمان دەمانبیستەوە و باسدەکرا، شێخ جەواد بێدەری یەکێك بوو لەو فەرماندانەی کە لە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشدا ناسراو بوو، ناوبانگێکی باشی هەبوو، چەندجارێك ئەرکی حزبی گەورەی پیّ سپێردرابوو، بۆنموونە: هێنانی چەك بۆ شۆڕش. ئەوەبوو ئەوجارەی بڕیاردرابوو هەندیّ دۆشکە و چەك بێنن لە سنوری تورکیاوە، چەکەکانیان هێنایە خاکی کوردستانیشەوە، بەڵام ئەوەبوو لە کەمینێکی قیادەی موەقەتەدا "کاك حەسەن خۆشناو" و چەند پێشمەرگەیەك شەهید دەبن و هەندیّ لە پێشمەرگەکانیش بە برینداری رزگاریان ببوو.

هەروەها ئەرکی هێنانی یەکەم جیهازی رادیۆی دەنگی گەلی کوردستان لە ئەستۆی شێخ جەواد بێدەری سپێردرا، ئەو جیهازە ئەگەر هەڵە نەبم بە هاوکاری "سەباح حەیدەری"خەڵکی کۆیەیە و

لەگەڵ شەهید دکتۆر خالیددا خاڵۆزا و پورزان، هەروەها "کاك تەڵعەت گلی" کە خەڵکی کەرکوکە، ڕۆڵی سەرەکییان هەبوو لە هێنان و گەیاندنی جیهازەکەدا، ئەوان هێنایان و گەیاندیانە شوێنی مەبەست، بەڵام ئێستگەکە تا دوای کارەساتی هەکاری نەکەوتە کار.

شێخ جەواد بێدەری لە شۆڕشی نوێدا رۆڵێکی زۆری هەبوو، لە جەولەی هەکاریشدا بەرپرسیارێتی دەستەیەکی گەورەی پێ سپێردرابوو، ئەو یەکێك بوو لە فەرماندەکانی ڕەتڵی دووەم. وە لە هەکاریشدا وەکو زۆربەی پێشمەرگە و سەرکردەکانی تر تیایدا بەشداربووە، کاك شێخ جەواد یەکێك بووە لەو کەسانەی کە شەهید عەلی عەسکەری متمانەی پێی هەبووە و پشتی پێ بەستوون، یەکێکی تر لەوانە کاك عەزیز کافرۆشی و حەسەن سلێمان هەمەوەندی بووە، ئەو متمانەیەش لە ئەنجامی ئەزموونی ژیانیان بووە بەیەکەوە، بە نیسبەت شەهید عەلی عەسکەرییەوە جێی بڕوا و متمانە بوونە، لە شۆڕشی ئەیلوول و شۆڕشی نوێدا کۆڵەکەی باوەڕ و متمانەی ئەو بوون، شێخ جەواد تەنها لەو بوارەدا کاری نەکردووە، لە بواری تەنزیمیشدا کاری کردووە و یەکێك بووە لەو کەسانەی باوکم ئەرکی پێ سپاردوون و ناردوونی بۆ کاری ڕێکخستن، بۆیە هەر پێشمەرگە نەبووە، بەڵکو لە بواری ڕێکخستنیشدا رۆڵی هەبووە و کاری کردووە، لە هەکاریدا لە

ئەنجامی شەڕ و فشارەکان دائەبڕێن لە یەکتری، بەشێکیان دەکەونەوە سنوری عیراق و ناوچەیەکی عەسکەری، ئەو و تالیب رۆستەم کە ئەندامی سەرکردایەتی کۆمەڵە بوو لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە و کادری ئەوکات بڕیاری تەسلیمبوونەوە دەدەن، لەبەرئەوەی شێخ جەواد یەکێك بووە لە فەرماندە ناسراوەکان لەو سەردەمەدا لە خۆی دەترسا کە دەستبەجێ بێتەوە ناو شۆڕش، گومانی ئەوەی هەبوو بیکوژن، چونکە برادەرانی کۆمەڵە "تالیب رۆستەم"یان ئیغتیال کرد، بۆیە لەوکاتەدا شێخ جەواد بێدەری متمانەی بە هەندێ لە برادەرانی خۆمان نەمابوو، فعلەن لەدوای کارەساتی هەکاری حەملەیەکی تەسفییە کردن لەناو شۆڕشدا دەستپێکرد، بەتایبەتیش ئەوانەی بزوتنەوە بوون و لەگەڵ بزوتنەوەی سۆشیالیستی کوردستان بوون، ئەمەوێ ئەوەش بڵێم کارەساتی هەکاری تائێستا کەس واقیع و راستی رووداوەکانی وەك خۆی نەگێڕاوەتەوە، هەریەکە و لە بۆچوونی خۆیەوە شتەکانی گێڕاوەتەوە، من بۆخۆم لەبەرئەوەی باوکم و ژمارەیەك کەسی وەکو دکتۆر خالید و ئاراسی خاڵۆزامان و شێخ حسێن بابەشێخ و سولاقە و دەیانی تر لەو کارەساتەدا شەهید بوون، هەندێ بەدواداچوونم کردووە و هەندێ زانیارییم دەستکەوتووە، بەهەموو شێوەیەك تەسلیمبوونەوەی ئەو پێشمەرگە و کادرانەی ئەو وەختە

حاڵەتێکی ناچاری بووە، چونکە تا بۆخۆت لە وەزعەکەدا نەبیت وەکو ئەوە وایە یەکێك لە دەرەوە بێت زریان و بەفر و کڕێوە بێت و خۆشت لەناو خانوویەکی گەرمدا تەماشای ئەوەی دەرەوە بکەیت، سەرما و بەفرەکەی دەرەوە زۆر بەلاتەوە ئاساییە، بەڵام کە لەناو بەفرەکە بیت شتێکی ترە. هەندێ برادەر لەناو ئیسراحەت دان و هاتوون قسەیان لەسەر کردووە، بۆیە بەبۆچوونی من هیچ گومانم نە لە دڵسۆزی تالیب رۆستەم و نە لە شێخ جەواد و نە لە هەر کادرێکی تر هەبووە کە لەوکاتەدا تەسلیم بوونەتەوە. بۆنموونە خەڵکیان تێدایە لەو زەمانەدا لەگەڵیان تەسلیم بوونەتەوە ئێستا ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتییە، بەڵام لەوکاتەشدا تەسلیم بۆتەوە، بۆیە حاڵەتێکی نەخوازراوی ناچاری بووە بەهەموو مانایەك کەبۆخۆم بڕوام پێیەتی، بەڵام زوو نەهاتنە دەرەوەی شێخ جەواد هۆکاری ئەوەبوو برادەرانی کۆمەڵە لەناوەوە بەسەرپەرشتی مام جەلال دەستیان کرد بە تەصفییە کردنی خەڵکانی بزوتنەوە بۆ تەقویە کردن و بەهێزکردنی کۆمەڵە، بۆیە ئەو متمانەی بەهەندێ لە برادەران نەماوە، من بۆخۆم ساڵی ١٩٨٢ بوو، چووم بە نهێنی لە گوندی بێدەر بینیم، شەوێك بەیەکەوە ماینەوە قسەمان زۆرکرد، بەردەوام پەیوەندی شەخسی هەبوو بە خەڵکانی وەك ئێمە، هەتا ئەو حاڵەتی تەصفییە کردنەی ناو یەکێتی ڕەوییەوە و نەما، یەکێتی بە عەقڵییەتێکی کەمێ تازەتر و

بیرکردنەوەیەکی نویٚ و گۆڕانکاری لە بیرکردنەوەیاندا، هەر کە شێخ جەواد زانیتی بیر و بۆچوونەکان گۆڕاون دەستبەجیٚ پەیوەندی کردەوە بە شۆڕشەوە و هاتەوە دەریٚ بۆناو شۆڕش، کە هاتیشە دەرەوە یەکسەر بەرپرسیاریٚتییان پیٚدا، بەلاٚم داخەکەم کاك شێخ جەواد لە یەکەم هەڵمەتەکانی ئەنفالدا لە گوندی گۆپتەپە لەگەڵ مەحمودی کوڕە گەورەیدا شەهید بوون، شێخ جەواد بێدەری یەکێکە لە بەردە سەرەکییەکانی بناغەی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نویٚ، سەرکردە و ناوبانگی هەبوو.

شێخ جەواد بێدەری وەکو هەریەك لە شەهید عەلی عەسکەری و هەموو ئەوانەی لە سنورەکەدا بوون جێی باوەڕ و متمانەی خەڵکی سنورەکە بوو، هەر یەکێك لەم پیاوانە لەناو خەڵکی سنورەکە و کەسوکاری خۆیاندا وەکو قدوە و پێشەوا وابوون، کاتیٚ ئەمان چوونە دەرەوە و بوون بە پێشمەرگە، بوون بە مامۆستا و ڕەمزێك بۆ چەندین گەنج و خەڵکی سنورەکە. بۆنموونە: شەهید عەلی عەسکەری ببوو بە رەمزێك بۆ گەنجان و خەڵکی سنورەکە و خزمانی خۆی لە هەموو ناوچەکە، شێخ جەوادیش لە گوندی بێدەر و خزمەکانی لە ناوچەکەدا رابەرێك بووە کە هاندەر بووە بۆ کۆمەڵێك گەنج و خزمی خۆی. بەتایبەتی شێخ جەواد بێدەری و عەزیز کافرۆشی و حەسەن سلێمان کادری فەلاحی "جوتیاران" بوون، لە سنوری قەلاٚسێوکە و شوان و شێخ بزێنی و ناوچەی

چەمچەماڵ خەڵکانی ناسراو و جێی متمانە بوون، بەدرێژایی شۆڕشی کورد لەسەرەتای شەستەکانەوە دەموچاوی ناسراو بوون لەناوچەکەدا و جێی متمانەی خەڵکیش بوون. تۆ تەماشا بکەن بزانن گوندی بێدەر و ئەو سێ چوار گوندەی دەور و بەری چەند شەهیدیان هەیە، بۆنموونە گوندەکانی تەکباسان و بێدەر و کۆزەبۆرە بزانن چەند شەهیدیان لەناو شۆڕشدا هەیە؟ لەبەرئەوەی کە مرۆڤێك لەناو کۆمەڵگەدا هەڵئەکەوێ دەبنە پێشەوا و رابەر بۆ خەڵکی چواردەوریان، دەبنە پێشەنگ بۆ گەنجانی دوای خۆیان و دوای رێچکەی ئەوان بکەون. لێرەدا شتێك هەیە ئەمەوێ باسی بکەم، زۆربەی ئەو خەڵکانەی کە لەسەرەتای شۆڕشدا بوون و بەتەمەن گەورەتر بوون دەبینی زۆربەیان لە دەوری بزوتنەوەی سۆشیالیست کۆ ببوونەوە، بەڵام گەنجەکان بەهۆی ئەوەی لە قۆناغی ئەواندا تەنزیمێکی تر پەرەی سەندووە کە کۆمەڵە بوون بۆیە دەبینین گەنجەکانمان زۆربەیان روویان لە کۆمەڵە کردووە، تەنانەت لەناو خزمانی خۆماندا زۆربەیان روویان لەو رێکخستنە کردووە کە کۆمەڵە بوون، بەڵام لەناو هەمان حیزبدا، لەبەرئەوە دەتوانم بڵێم ئەمانە پێشەنگی کاروانی پێشمەرگایەتی بوون، نموونەی خەڵك بوون بۆ چاولێکەری ئەوان و خۆشەویستی نیشتمان و پێشمەرگایەتی.

زەمانی پێشمەرگایەتی ئەو سەردەمە لە ساڵی ١٩٧٦ تا

ناوەڕاستی ١٩٧٩ش زەمانێك بووە پێشمەرگایەتی زۆر جیاواز بووە، ئەمانە کادری ناو خەڵك بوون، خەڵکێکی جیاواز نەبوون لە میلەتەکەی خۆمان، هیچ شتێکی نامۆشیان پی ْنەبوو، هەتا ڕێبازەکەشیان ڕێبازێکی گونجاو بووە لەگەڵ داب و نەریت و کەلتوری میلەتی خۆمان، خەڵکانێك بوون هەر لەناو میلەتەکەدا بوون، لەبەرئەوە خۆشەویستی خەڵك بۆئەوان زۆربووە، ئێستا بچۆ لەناوچەی چەمچەماڵ جیلی تازە ڕەنگە نەزانن شێخ جەواد کێیە، نەزانن عەزیز کافرۆشی کێیە، بەڵام لە جیلە بەتەمەنەکاندا بچۆ پرسیار بکە لەهەزار کەس ڕەنگە یەك دوانێك هەبن نەیان ناسن، یان بۆچوونیان جیاوازبێت، ئەمانە پێشەوا بوون لەناوچەی خۆیاندا، خەڵکێك بوون نموونە بوون کاتێك ئەوان دەستیان بە شۆڕش کردۆتەوە، خەڵکانێك هەبوون هەر بە شێتیان ئەزانین، شێخ جەواد بێدەری هەموو ماڵ و منداڵەکەی حکومەتی عیراق گرتنی، هەرچی مەسڵەحەتی شەخسی و بژێوی ژیانی خۆیان هەبوو بەجێهێشت و چوون بوون بە پێشمەرگە و هەوڵدان بۆ دروستکردنی کوردستانێکی ئازاد. ئەوان ڕابەر و پێشەوا بوون لەم کارەدا، ئەوان کە بوون بە پێشمەرگە هیچ بەرژەوەندییەك نەبوو، بەڵام ئێستا بەرژەوەندی هەیە، خەڵك هەیە داوای پلە و پۆست دەکات، خەڵکیش هەیە شەڕ لەسەر بازرگانی و دەسەڵات دەکات، بەڵام ئەو زەمانە کەس شەڕی لەسەر ئەمانە ناکرد، ئەوان

شەڕیان لەسەر ئەوە ئەکرد کێ زووتر و زیاتر خەبات بکات و کێ زووتر شەهید بێت، بیر و باوەڕەکان لەئێستادا گۆڕاون، ئەمەی ئێستا قەت ناتوانێ هەمان بیر و باوەڕی جاران بێت، مەرحەلە و قۆناغەکانیش جیاوازن، ئەوان کاتێك شۆڕشیان کرد لە نەمانی کورد بۆ هەڵسانەوەی کورد بوو، فیعلەن ئەوان بوون بە هۆکاری ئەوەی کە کورد هەستێتەوە، زۆربەشیان لە ئەنجامی ئەو شۆڕشەی دەستیان پێدا بوو شەهید بوون، ئەمەی ئێستا زەمەنێکی دەوڵەتدارییە، راستە هەر وەختە و پیاوی خۆی ئەوێ، ئەوانە خەڵکی ئازا و بەغیرەت بوون و بەرژەوەندی شەخسییان نەبوو، کە چوونە ئەو شاخە گیانی خۆیان بەختکرد بۆ هەڵسانەوەی میلەتەکەیان و کردیشیان، ئەوانە خەڵکی بەغیرەت و لەخۆبردوو بوون، هەندێ کار بە خەڵکی لەخۆبردوو ئەکرێ، بەرژەوەندی هەموو ماڵ و مناڵ و کەسوکاریان وەلا نا، ئەوان ماڵ و مناڵی خۆشیان کردە قوربانی شۆڕشەکە. بۆنمونە کاك شەوکەتی حاجی موشیر و کاك رەسوڵ مامەند هەردووکیان هاوسەرەکانیان لەناو بەندینخانە منداڵیان بوو، هەردوکیشیان منداڵەکانیان ناونا "ئەسیر"، ئەو پیاوانە کە چوونە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی هیچ پێشبینییەکی باشیان بۆ ژیانی خۆیان نەئەکرد، ئەمەی ئێستا بارودۆخ و بابەتەکان گۆڕاون، ئەمەی ئێستا کاتی دەوڵەتدارییە، ئەمەی ئێستا راستە بەرهەمی خەباتی

ئەوانە، بەلاّم سەردەمەکان جیاوازن قەت ئەمان ناتوانن ببنە ئەوان و ئاستی ئەو لەخۆبردووییەی جیلی پێش خۆیان کە دووبارە شۆڕیان هەڵگیرساندەوە، ئەمجۆرە باسانە گرنگن، چونکە دەبنە دیکۆمێنتێکی مێژوویی بۆئەوەی خەڵکی بزانیّ خەڵکانێك بە لەخۆبردوویی و سەرشێتانە بۆ میلەتەکەی خۆی لە قۆناغێکدا تێکۆشاوە هەتاکو خەڵك گەیشتووەتە ئەم ئامانجەی کە ئێستا هەیە.

شێخ جەوادیش یەکێك بوو لەو پیاوە لەخۆبردوو و سەرشێتانەی سەرەتای شۆڕش دەستیان بە خەبات کرد و هەموو بەرژەوەندی خۆیان و مالّ و منالّ و کەس وکاریان خستە ژێر پێوە لەبەر خاتری گەیاندنی میللەتەکەیان بە کەناری ئارامی و سەربەرزبن لەم پێناوەشدا، هەمووشیان تیاچوون و شەهیدبوون.

# شەهید شێخ جەواد
# پێشمەرگەیەکی ئاشنا بە چەك

**عەلی بچکۆڵ**

شێخ جەواد بێدەری پیاوێکی ناسراو بوو، گەنجێکی ڕووخۆش و کۆمەڵایەتی بوو، من سەرەتا کە ناسیم بەهۆی پێشمەرگایەتییەوە ناسیم، کاك جەواد لەگەڵ ماڵی شەهید عەلی عەسکەری نزیك بوون بە حوکمی شێخایەتی و خزمایەتی، کە هاتە دەرەوە بۆ پێشمەرگایەتی، دواتر چووە لای شەهید عەلی عەسکەری و لە هێزەکەی ئەو بوو، یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کە دیار و گورج و گۆڵ و ڕووخۆش و بە هەڵمەتیش بوو، هەندێ پێشمەرگە هەیە ئەوەندە بە تاقەت و ڕووخۆشە زوو خەڵك ئاشنای ئەبێت، شێخ جەواد یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی بە زوویی بە پێشمەرگەکانی هاوڕێی و لای خەڵکی گوندەکانیش ئاشنا بوو، وە کەسایەتییەکی ناسراو بووە.

من لەسەرەتای شۆڕشی ئەیلوول ئەوکاتانەی هات بۆ پێشمەرگایەتی بە دیاریکراوی نازانم چۆن و کەی، ئەو ماوەیە

ئاشنایەتییەکی باشمان لەگەڵ شێخ جەواد پەیداکرد، چونکە لەگەڵ ماڵی کاك عەلی عەسکەری و لەگەڵ خەڵکی عەسکەر تێکەڵبوون، ئێمەش وەکو پێشمەرگە یەکمان ناسی و هەر بەو رووخۆشی و گورج و گۆڵییەی زوو پێی ئاشنا بووین. کاك جەواد ئەوکاتانەی کە بەرپرسیارێتیشی نەبوو هەمیشە وەکو کادرێك وەکو سەرلقێك ناسراو و بەرچاو بوو، هەموو کەسێك کە ئەیبینی بە حوکمی ئازایەتییەکەی و زمان شیرینییەکەی و قیافە جوان و گورج و گۆڵ و رووخۆشییەکەی لەهەر شوێنێك بوایە ئەو شوێنێکی دیاری هەبوو. بۆنموونە لەهەر مەجلیسێك بوایە دەبوو رووی تێ بکەیت و گوێت لێ بگرتایە، شێخ جەواد یەکێك بوو لە پیاوە ئازاکانی شۆڕشی ئەیلوول هەمیشە لایەکی پتەوی گرتبوو لە پاراستنی کاك عەلی عەسکەری. شێخ جەواد یەکێك بووە لە کادرە دیارەکانی شۆڕشی ئەیلوول لە ناوچەکەدا، لەهەر شوێنێك شەڕ و تەپوتۆزێك هەبوو بێ خۆی گەیاندۆتێ. لەکوێ پێویستی کردبێ گوێی بە مەسئولییەت نەداوە، بە خۆی و هەیبەت و قیافە و جوانییەکەی و گورج و گۆڵییەکەیەوە دەچووە سنورەی شەڕەکە و بەشداری کردووە و رۆڵی خۆی بینیووە.

شێخ جەواد پیاوێکی قسەخۆش و قسەزان بوو، پیاوێك بوو شکڵ و دەموچاوی جوان بوو، بەهەیبەت و کەڵەگەت بوو، تاقم و تفەنگی دەبەست لێی دەهات، خەڵکی پێی سەرسام بوون و لێی

کۆدەبوونەوە. لە ڕووی کۆمەڵایەتیشەوە ئەوەندەی من شێخ جەوادم بینیبێ لەهەر شوێنێك بووبێت ڕێزی لێ گیراوە، لەهەر شوێنێك بووبێ وەك کادرێکی لێهاتوو ناسراوە و کاری کردووە، هەرگیز نەمبیستووە لەکەیەکی بەدواوە بووبێت و ناشیرینی بکات، لەوە زیاتر پێشمەرگە بووە، پێشمەرگەیەکی بەهەڵمەت و قسەخۆش و ڕووگەش بووە، خەڵکی دەوریان لێداوە، لەهەر شوێنێك بوەستایە کۆمەڵێك خەڵك لە دەوری کۆبوونەتەوە و گوێیان لە قسەی گرتووە.

شەهید عەلی عەسکەری متمانە و بڕوایەکی زۆری پێ هەبووە، ئەوەش بە پلەی یەکەم دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خزمی یەکتربوون، دووەم شت بنەماڵەی شێخ جەواد هەر لە سەرەتای شۆڕشەوە بەشدارییان کردووە لە شۆڕشەکانی گەلی کورددا و بەپێی توانای خۆیان هاوکاری شۆڕشیان کردووە، هەمیشە لەناو شۆڕش و خەتی کوردایەتی بوون، هەروەها ئەم بنەماڵەیە ناوبانگێکی خراپیان نەبووە، تاکو کاك عەلی عەسکەری لێیان بەگومان بێت، وەکو ئازایەتی و پیاوێکی وریا، کاك عەلی عەسکەری زۆر پێویستی بەو بوو، فعلەن جێگەی متمانە و بڕوا بوو، نەك تەنها لای کاك عەلی، بەڵکو جێی متمانەی پێشمەرگە و خەڵکی بوون، متمانەی پێدەکرا سەری خۆتی بدەیتێ، ڕۆژێك لە ڕۆژان لەکەیەکی پێوە نەبووە، قەت ڕوویان لای دوژمن نەبووە،

هەموو ئەمانە وایکرد کە هەم کاك عەلی خزمێکی خۆشەویستی بێتە دەوری خۆی، هەم شێخ جەوادیش بۆ پاراستنی سەرکردەیەکی کاریزمای وەکو کاك عەلی لەگەڵیدا بێت، کە بەڕاستی سەرکردەیەکی کاریزمای سەردەمەکەی خۆی بوو، کاك عەلی عەسکەری ئەو سەرکردەیە بوو کە ماڵی مەلا مستەفا ڕاونرابوون و دەنگ هەبوو لەسەر سنور دەچنە ئەودیو، بەڵام ئەوە کاك عەلی و هاوڕێکانی بوون چوون بەدەمیانەوە و باری راستکردنەوە و مەلا مستەفای پاراست و ڕێزی لێگرتن، بەهەمانشێوە مەلا مستەفاش زۆر ریزی لە کاك عەلی دەگرت، ئەم گرنگی و ئەهمییەتەی کاك عەلی بۆ پیاوێکی وەکو شێخ جەواد گرنگ بوو، لەهەر ڕوویەکەوە تەماشای کاك عەلییت بکردایە پێویست بوو حیمایەتی بکەیت و بیپارێزیت، چونکە کەم نەبوون، کاك عەلی کوڕی پیاوێکی دەوڵەمەندی خاوەن زەوی بوو، بەڵام وازی لە هەمووی هێنا و بوو بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، بوو بە سەرکردەیەکی لێهاتوو لە کەرکوکدا، تەنانەت عەلی عەسکەری دەربکەوتایە ئەوانەی رقیان لە کوردایەتی بوو نەیان ئەوێرا لەبەرامبەریدا رابوەستن، بۆنموونە لەناو کەرکوکدا پیاوێکی کاسبیان گرتبوو پۆلیسی حکومەتی عیراق لێیان دابوو عەزێتیان دەبوو، کاك عەلی خۆی و مەفرەزەکەی چوون کابرایان لەناو مەرکەزەکە دەرهێنا و تێریشیان لەو هێزە ئەمنییە دابوو،

ئەمانە هەر بە عەلی عەسکەری دەکرا، لەبەرئەوە شێخ جەوادیش درکی بە گەورەیی ئەم پیاوە کردبوو، بۆیە قیروسیای لە مەسئولییەت کردبوو، دەنا بیویستایە هەموو دەم سەرلق دەبوو، مەبەستی بوایە هەموو دەم دەبوو بە ئامر بەتالیۆن، بەلاّم ئەو دۆستایەتی و وەفادارییەی بەرامبەر بە کاك عەلی عەسکەری لەلا گرنگتر بوو، ئەویش لەبەر کوردایەتی و خەبات و ماندووبوونی، نەك تەنها لەبەرئەوەی خزمی بوو، کاك عەلی سەرکردەیەکی دیاری شۆڕشی کوردایەتی بوو لەو سەردەمەدا، بۆیە شێخ جەواد درکی ئەو گرنگییە کردبوو، لەو سەردەمەدا شۆڕش پێویستی بە پیاوانی وەك ئەمان بوو، شێخ جەواد بێدەری پیاوێکی بەسەنگ و بەڕێز و خۆشەویستی ناو خەڵك بووە، کادرێکی بنچینەیی بووە، بەو مانایەی دەور و کاریگەری هەبوو لە ڕاکێشانی خەڵك بۆ ناو شۆڕش و ئەو حیزبەی کاری تیاکردووە.

ئەمانە لە نموونەی ئەو کادرانە بوون کە لەهەر شوێنێك بووبن ڕۆڵ و کاریگەری خۆیان هەبووە، خەڵکیان هێناوەتە ناو شۆڕش، دڵی خەڵکیان ڕاگرتووە، خەڵکیان هانداوە بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشدا، خۆیان پێش خەڵك چوونەتە ناو سەنگەرەوە تاکو خەڵکی چاویان لێ بکەن، ئەو جۆرە کادرانە ئێستا دەگمەنن، کادری ئێستا ژیانێکی خۆش و دەستکەوت و خۆشگوزەرانی و پارە و چەکی باشی هەیە، شتی باشتریشی دەستدەکەوێ، ئەوسا

چی هەبوو؟ مانگانە پارەی چایەکمان دەست ناکەوت، ئەسپیٚ لە گیرفانمان زیاتر بوو وەك لە پارە، بەلاٚم سەرکردە و پیٚشمەرگەی ئەوکات بە دلٚ کوردایەتییان ئەکرد، بەڕاستی کادری کوردایەتی بوون.
هەموو شۆڕشیٚك کە سەردەکەویٚ بە سەرکردە و کادری باش سەردەکەویٚ، راستە خەلٚك هۆکاری سەرکەوتنی هەموو شۆڕشیٚکە، بەلاٚم ئەگەر سەرکردەی باشیش نەبیٚت سەرکەوتن بەدی نایات، بۆیە بە نەمانی ئەو کەسانە کەلیٚنیٚکی گەورە دروستبووە، بۆ نموونە بە نەمانی شیٚخ جەواد بیٚدەری تائیٚستا قەلاٚسیٚوکە بیٚ پشتە، نەمانی هەریەك لە غەریب عەسکەری و کاك عەلی عەسکەری سنورەکەی ویٚران کردووە، شۆڕشیان بیٚ پشت و پەنا کردووە، ئەو کادرانە بوون ئەم رۆژانەیان دروست کرد.
من و کاك شیٚخ جەواد لە ژیانی پیٚشمەرگایەتی ریٚك نەکەوتووە لە یەك یەکەی پیٚشمەرگایەتی بین، چونکە ئەو لەگەلٚ کاك عەلی بوو، دەمیٚك لە ناوچەی خەبات بوون، دەمیٚك لە سنوری سەرکردایەتی و دەمیٚك لە ناوچەیەکی تر بوون، منیش زیاتر لە سنوری قەلاٚسیٚوکە بووم، ریٚك نەکەوتووە لە سەنگەریٚکدا بەیەکەوە بین، بەلاٚم زۆرجار ریٚکەوتووە لە شویٚنیٚك لە مالٚیٚك دابنیشین و بۆخۆمان قسەی خۆشمان کردووە و دلٚمان بە یەکتر خۆشبووە، شیٚخ جەواد لە بنەمالٚەکەیەوە ئەوەی بۆمابۆوە کە بڕوای تەواوی

به رزگاری نیشتمان هەبێت، بڕوای تەواوی بەوە هەبوو کە پێشمەرگە بێت لەپێناوی ئازادکردنی گەلەکەیدا، هەرگیز دوودڵ نەبوو لەوەی لەپێناوی پێشمەرگایەتییدا شەهید بێت یان برسی و ماندوو بێت، یان لەدوای خۆی منداڵ و خێزانەکەی سەرگەردان بن، بەقەناعەتەوە هاتبووە پێشەوە، کە هەرگیز دوودڵیم لەو پیاوەدا نەبینیووە لەوە زیاتر هەمیشە بە گەشیی، هەمیشە بە حەماسەت و بە پێکەنین و خەندە و هیواوە کاری دەکرد، لە هەر مەجلیسێکدا دابنیشتایە هەمیشە ئەو مەجلیسە گەش و خۆش بوو، هەمیشە خەڵکی چێژیان لە قسە و مەجلیسی بینیووە.

بە نەمان و شەهیدبوونی شێخ جەواد و پیاوانی وەك ئەو شۆڕشیش کەلێنێکی تیا دروست بوو، وەك چۆن دیوارێك خشتێکی لیٚ دەربهێنیت کەلێنێك دروست دەکات، ئەوانیش لەناو شۆڕشدا ئاوابوون، لەبەرئەوەی ئەو پیاوانە خەڵکی ئەساسی بوون، لەناو خەڵکدا دیار و بەرچاو و گەورە بوون، کادری لێهاتوو و بە توانا و زانا و دانا بوون، لەناو خەڵکدا بوون و خەڵك تەماشای دەکردن و چاوی لێدەکردن، خەڵکی پشتیان پێدەبەستن، بۆیە نەمان و شەهیدبوونی شێخ جەواد یان غەریب عەسکەری و بێستوون عەسکەری و عەبدوڵا مەجید، هەر یەکێك لەمانە بەردێك بوونە لە دیواری شۆڕشدا، جا ئەگەر ژمارەی بەردە دەرهێنراوەکان هەتا زۆربن کاریگەرییەکەی زیاتر دەبێت، نەمانی

ئەم پیاوانە وایکردووە کادری گەندەڵ و بۆگەن و ناپێگەیشتوو بێتە پێشەوە و لەجیاتی ئەوەی شۆڕشەکە بەرەو سەرکەوتن بەرن، بەداخەوە شۆڕشی ئەیلوول رووخا و ئەمەی ئێستاش ئەوە حاڵێتی کە هەیە.

شەهیدبوونی کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و شێخ حسێن بابە شێخ و شێخ جەواد بێدەری کەلێنێکی گەورەن بەدرێژایی مێژووی کورد لە بیر ناچن، بۆیە نەمانی ئەم پیاوانە کارەساتە، کاریگەرییان ئەوەندە هەبووە کە قەت لە بیر ناچن.

نەمانی ئەوان ئەم رۆژگارەی دروستکردووە کە ئێستا ئاوڕ لە جوتیار نادەنەوە، ئاوڕ لە کوڕە شەهید نادەنەوە، ئاوڕ لە ماڵە شەهید و دێهاتە وێرانەکانمان نادەنەوە، ئاوڕ لەو ماڵە جوتیارانە نادەنەوە کە لێفەکەی خۆیان ئەدا بەسەر پێشمەرگەدا، لەکاتێکدا دەبوو ئێمە درێژەپێدەری ئەوان بین و خزمەتی خەڵکی بکەین.

بەڵام بەداخەوە نەمانتوانی وابکەین، لەبەرئەوە نەمانتوانی، چونکە ئەو کادر و سەرکردە باشانە نەمان، کادر و خەڵکی تر هاتوونەتە پێشەوە کە ئەو بڕوایەی خەڵکانی پێش خۆیان نەبووە، بۆیە جێگەیان دیارە کە هەتا بڵێی جێگەیان پڕنابێتەوە، روحیان شاد، هیوادارم ئاوڕ لە مێژووی خەبات و قوربانیدانیان بدرێتەوە.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری قاڵبووی ناو دوو شۆڕش و پیاوی ڕۆژە سەختەکان بوو

**شێخ سەعید بێدەری**

**دیارە کاک شێخ جەواد بە حوکمی کەسایەتی و خزمایەتی کە خەڵکی گوندێك بووینە، من لەتەمەنی هەرزەکاریمەوە وەك هەر مرۆڤێك بیرم کردۆتەوە، کاک شێخ جەوادم بینیووە، هەر پێشمەرگە بووە، پیاوێکی دیار و بەر چاو بوو، پیاوێك بوو لە ڕووی بالاْ و قیافەوە پیاوێکی لێهاتوو بوو، قسەزان بوو، لەڕووی کۆمەلاْیەتییەوە پیاوێك بوو سەرنجی خەڵك و چوار دەورەکەی ڕائەکێشا، ئەو کاتانەی کە دەهاتەوە بۆ بێدەر لەگەڵ براکانیدا کە هەموو لەناو شۆڕشدا بوون کاک شێخ محەمەد، کاک شێخ عوسمان، کاک شێخ مەهدی، لەو کات و سەردەمەدا ئەوەی من بزانم و بیرم بێت لە مام جەلال و کاک علی عەسکەرییەوە نزیك بوون، کاک شێخ جەواد ئەو کات بەرپرسێکی عەسکەری بوو ئەرك و بەرپرسیارێتییەکانی ئەبینی، پیاوێکی لەبەرچاو و بوێر و قارەمان بوو، فەرماندەیەکی بەتوانا بوو، لە ناوچەی قەلاْسێوکەدا،**

ڕەنگە زۆر کەس لەوکاتەدا لەگەڵ کاك شێخ جەواد پێشمەرگە بووبێتن و ئەو شایەتییە بدەن کە پێشمەرگە و کەسایەتییەکی چەند بەتوانا و لێهاتوبوو، یەکێك لەو شتانەی کە بەڵگەیە لەسەر بەهێزی کاك شێخ جەواد، ئەو نزیکی و پێکەوەیەی بووە لەگەڵ مام جەلال و کاك علی عەسکەری، چونکە بەردەوام کەسانی بەهێز و ڕۆشنبیر و لێهاتوو شایستە و بەتوانا و زیرەکیان لە چواردەوری خۆیان کۆکردۆتەوە، لەبەرئەوەی بۆ ناو خەڵك و ئەو کاتانەی ڕووبەڕووی کاری سەبازی دەبوونەوە، بۆ ئەو ڕۆژ و کاتە سەختانە دەبوو پیاوێکی لێهاتوو و بەدەست و بردیان لەگەڵ بووایە، بەتایبەت کاك عەلی عەسکەری کەزۆر لێوەی نزیك بوو، زۆر متمانەی پێی هەبوو.

هەموو کات  کاك شێخ جەواد دەهاتەوە گوندی بێدەر، لەگەڵ گەنجەکان زۆر تێکەڵ بوو، تەوقەی لەگەڵ دەکردین و دەستی دەکردە ملمان، بەشێوەیەکی گشتی ئەوەندە سەرنجڕاکێش بووین لای کاك شێخ جەواد، پیاوێکی گەورە و بەهێز و خۆشەویست بوو لای ئێمە، لەوکاتانەدا بەرپرسێك نەبوو کە لەو ئاستەی ئەودا بێت و بەو شێوەیە بێتە ناو گەنجانەوە و قسەیان بۆ بکات و تێکەڵیان بێت، بیرمە کاك شێخ جەواد بانگی ئەکردین لەبن دارتوویەکدا، یان لەسێبەری دیوارێکدا باسی پێشمەرگایەتیو شۆڕشو کوردایەتی بۆ ئەکردین، باسی نەوەی ئایندەی بۆ ئەکردین،

ئەیوت ئێوە نەوەی ئایندەی ئەم وڵاتەن، سبەینێ گەورە ئەبن و ئەبن بە پێشمەرگە، من بۆخۆم یەکێك بووم لەو گەنجانەی ئەموت ئەبێ ڕۆژێك بێت ببم بە پێشمەرگە و وەکو کاك شێخ جەواد چەك بکەمە شانم؟ ئەو هەموو کات جەمەدانییەکی جوانی لەسەردابوو، قیافەیەکی جوانی پێشمەرگایەتی هەبوو، بیرم دێ ئەوکات کلاشینکۆفێکی (بەحری) پێبوو، دیمەنێکی زۆر جوانی پێ بەخشیبوو، لەبەرچاومان زۆر جوان‌و شیرین بوو، تەبیعەت‌و سیفەتی جوان‌و خۆشی وایکردبوو ئەوکاتانەی دەهاتەوە بۆ (بێدەر) زۆربەی گەنجەکان لەدەوری کۆدەبووینەوە، جاری واهەبوو فیشەکی پێ ئەداین یان تفەنگەکەی بۆئەگرتین تەقەمان پێ ئەکرد، یەعنی هەموو ئەو مامەڵانەی وایکردبوو کە زۆر لێوەی نزیك بین‌و لێی دانەبڕێین، ئەو لەباڵی مەکتەبی سیاسی بوو، وەکو لێپرسراوی بەشی عەسکەری هەر لەو سەردەمانەدا چەندین پیاو، بۆ نموونە شەهید شێخ عومەر بێدەری لەگەڵ ئەو بووە تا کاتی شەهیدبوونی، کاك حاجی ساڵحمان هەبووە کە لای ئەو بووە و سەردەستە بووە، کاك شێخ عەبدولا پیاوێك بووە دیاربووە، هەروەها براکانی پێشمەرگە بوونە و لە کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتییدا لەگەڵی بوونە و هەموو ئەوانە پیاوی لێهاتوو و بەتوانابوون بۆ ئەرکی قورس‌و کاری پێشمەرگایەتی، لەگوندی بێدەردا هەر لەناو کەسوکارەکەی خۆی‌و خزماندا زیاتر لە پانزە

پێشمەرگەی بەتوانا، سەرەتای کارکردنیان بەهۆی کاك شێخ جەوادەوە بووە، ئەو هانیداون‌و بیری نیشتمانپەروەری‌و کوردایەتی لەلا زیندوو کردوونەتەوە و هۆکار بووە بۆئەوەی ببین بە پێشمەرگە، پێشەنگمان بووە و فێری کردوین ئەو رێگە و رێبازە بگرین.
کاك شێخ جەواد لە شۆڕشی ئەیلوولدا پێشمەرگە بووە و بەشدارییەکی بەرچاوی لەو شۆڕشە هەبووە.
لەساڵی ١٩٧٦دا هیچ کوردێك، هیچ شۆڕشگێڕێك لەو بڕوایەدا نەبوون کە جارێکی تر شۆڕشی گەلی کورد دروست ببێتەوە و خەباتی چەکداری دەستپێبکاتەوە، کاك شێخ جەواد بوێرانە لەگەڵ خزمەکانیدا دووبارە دەستیاندایەوە چەك و پەنایان بردەوە بەر شاخەکان، لەماوەیەکی کەمدا ئەمان جارێکی تر لە گوندی بێدەر دەرکەوتنەوە، کاك شێخ جەواد خۆی جارێکی تر هاتەوە بۆ گوندی بێدەر، وەکو بزوتنەوەی سۆشیالیست خۆی ناساند و وتی دەبێت جارێکی تر کاربکەن بۆ شۆڕش و هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش، هانیداین کەکاری شۆڕش بکەین، ئەو ئەیوت "ئێوە خەڵکی ئەم گوندەن پێویستە لەم هەلومەرج‌و قۆناغە سەختەی هاتۆتە ڕێمان پشت و پەنای ئێمە و شۆڕش بن".
من بۆخۆم وەکو گەنجێك دەیان نامەم بۆ ئەبرد بۆ ناحیەی ئاغجەلەر، نامەم بۆ ئەبرد بۆ کەرکوك، ئەوکات کاك شێخ محەمەد

و كاك شێخ جەلال بێدەری لەخانەقا بوون لە کەرکووك، ئەوکات کۆمەڵێك گەنج بووین کە نامەمان بۆ کەرکوك ئەبرد، جگە لە من، كاك شێخ هادی برازای و شێخ حەسەن و ئازادی شێخ ستار و چەندین گەنجی تر هەبوون کە لە ڕێکخستندا کاریان دەکرد، ئێمە بەناوی بزوتنەوەی سۆشیالیستەوە لەسەر دەستی کاك شێخ جەواد کارمان ئەکرد، بۆ نموونە شانەیەکی بۆ کاك شێخ عوسمانی برای دروستکردبوو بەناوی (شانەی دارەگەورە)وە، یەکێکی تر لەوانە محەمەدی حاجی ئەورەحمانی بێدەر بوو چەکی هەڵگرتبوو، دواتر پێشکەشی شۆڕشی کرد، ئەوانەی کاری ڕێکخستنیان ئەکرد زۆربوون، لەوانە شەهید حەمەغەریب بێدەری و شێخ جەعفەر بێدەری  و ئەحمەدی كاك حەمەدەمین و شێخ جەلال بوون، هەموو ئەو پیاوانە لەسەر دەستی كاك شێخ جەواد کاری ڕێکخستنیان ئەکرد و دواتر بوونە پێشمەرگە، ئەو وەکو کەسایەتی متمانەیەکی زۆری بە ئێمە هەبوو، ئێمەش متمانەمان بەو هەبوو، ئێمە متمانەمان بەخودی کەسایەتی كاك شێخ جەواد هەبوو، هەروەها خەڵکیش لەوکاتەدا تینوی شۆڕش و خەبات بوون، بەتایبەتی کە ئەو شۆڕشەش لەسەر دەستی كاك عەلی عەسکەری و كاك شێخ جەواد بێدەری بوو، پەیوەندیمان لە ڕێگەی كاك شێخ جەوادەوە، بە پلەی یەکەم متمانە بوو لەسەر بنچینەی کەسایەتی، پاشان ئەو کەسێکی بەئەزموون و

پێشمەرگەیەکی ماندوو و ئەزمونێکی دوور و درێژی لە بواری شۆڕشدا هەبوو، بیرمە جارێکیان وتی "ڕۆژێك دێ ئێمە شەهید ئەبین، هیچ کات وا بیرنەکەنەوە بەشەهیدبوونی ئێمە ناوی ئێوە ئاشکرا ببێت، بەڵکو لەئاست ناوی هەریەکێك لەئێوە ژمارە و ڕەمز دانراوە و لەو ڕووەوە ترستان نەبێت، ئێوە کار بکەن خەمتان نەبێت". لەیادمە جارێکیان کۆبوونەوەمان هەبوو لە شاخی سۆبرایم (سەید برایم) لەسەر کانییەك و لەژێر سێبەری دارهەنارەکاندا، یەك دوو برادەری تری لەگەڵدا بوو، ئێمە وەکو پێویست نەمان ئەناسیتن، یەکێکیان ئەحمەدی ناوبوو خەڵکی عەلی بەیان بوو، ئەوی تریشیان پێموابێ ناوی زەردە بوو، لەو کۆبوونەوەیەدا کاك شێخ جەواد بێدەری ژمارەیەك ڕاگەیەندراوی پێداین کە چاپکرابوو، باس لەوە کرا ئەو ڕاگەیەندراوانە چۆن بگاتە کەرکوك، بەتایبەتی لەوکاتەدا زۆر پێویست بوو، خەڵکی کەرکوك زۆر تینوی شۆڕش و کاری ڕێکخستن بوون، ئەو ڕۆژە نزیکەی ٧٠-٨٠ لاپەڕە ڕاگەیەندراوی هێنابوو، وتی لە شاخی ژیلوان لە ئەشکەوتێکدا چاپکراوە، ئەمانەوێت بگاتە کەرکوك، وتی ڕاگەیەندراوەکان لە نایلۆن بپێچن و بیکەنە ناو مەنجەڵە ماستەوە، بەڵام هەوڵدەن مەنجەڵەکە لەژێرەوە بێت بۆ ئەوەی ئەگەر پشکنینیش هەبوو نەدۆزرێتەوە، بڕیاروابوو نوسراوەکان بدرێنە دەستی شێخ جەلالی حاجی شێخ ساڵح و کوردەی خدر شیرین کە

ئەوکات لە شاری کەرکوك کاری ڕێکخستنیان بۆ باڵی سۆشیالیست ئەکرد، بەیانی زوو بوو کاك سەلام هات، کە ئۆتۆمبێلێکی شۆڤرلێتی ئەوکاتی پێ بوو، سەرکەوتین و مەنجەڵە ماستەکەمان کردە ژێرەوە، هەندێ مەنجەڵی ترمان بە چواردەوریدا دانا، کاك سەلام کە بینی دەستکاری مەنجەڵەکانمان کردووە، تووڕە بوو هاواری کرد "ئەوە بۆچی دەستکاری ئەو مەنجەلانەتان کردووە؟"، وتی ئەگەر وائەکەن دابەزنە خوارەوە، بۆچی ئەو ماستە ئەکەنە ژێرەوە؟ ئێمەش وتمان بۆئەوەی گەرم نەبێت، بەهەرحاڵ دڵیمان رازیکرد و کەوتینە ڕێ، گەیشتینە کەرکوك و چووینە ماڵی شێخ جەلالی حاجی شێخ ساڵح، کوردەشی لێ بوو، ئێمە یەکەمینجار بوو (کوردە) ببینین، دواتر لە پێشمەرگایەتییدا شەهیدبوو، نوسراوەکانمان لە مەنجەڵە ماستەکە دەرهێنا هیچیان لێ نەهاتبوو. بەیانی زوو کاتی مەلا بانگدان، هەر چوارمان سیکۆتینمان برد و هەر شوێنێکمان پێ باش بوایە هەڵمان ئەواسی و لە دیوار و دەرگا و کۆڵەکەی دوکانەکانمان ئەدا، دواتریش ئەچووین بۆ کرێکاری و ئیشکردن، ئێوارە لەوسەرەوە گەڕاینەوە، بینیمان ئەمن و سەربازانی رژێم سەر کۆلان و شەقامەکانیان گرتبوو، ئەوەی جلی کوردی لەبەردابوایە و جلوبەرگی پوختە بوایە، ئەیاندایە پێش خۆیان و بە ئۆتۆمبێل ئەیانبرد، ئێمە کە هاتینەوە بە جلی کرێکارییەوە

بووین، کەس ڕێگەی پێ نەگرتین، خۆی سەرچاوەی کارەکەش ئێمە بووین کە ئەو بلاٌوکراوانەمان هەڵواسی بوو، نوسراوەکان بەزمانی کوردی و عەرەبی و تورکمانی بوون، تیایدا مەبەست و ئامانجەکانی شۆڕشی نوێ ڕوونکرابوونەوە و داوا لەخەڵکی کرابوو کە پشت و پەنامان بن و هاوکاربن لە سەرخستنی شۆڕشەکەدا، لەوکاتەدا ئێمە گەنجی ئازا و لێهاتوومان هەبوو، هەروەها خەڵکیش تینوی شۆڕش بوون، گەنجەکان بە لێشاو پەیوەندییان ئەکرد بە شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە.

لێرەدا ئەمەوێ باسی شتێك بکەم، ئەویش گوندی بێدەرە وەکو پەناگەیەك بۆ هێزی پێشمەرگە، بێدەر بەو پێیەی تاساڵی ١٩٨٠ ڕێگەی ئۆتۆمبێلی نەبوو، جار جارە تراکتۆر دەهات ئەویش زۆر بە زەحمەت دەهات لە کاتی زستان و باران بارینیدا هەر نەدەهات. شوێنێك بوو چەپ بوو، پشتیشی شاخی کێوەچەرمەڵە بوو، حەشارگەیەکی باش بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و شۆڕش، هەر مەفرەزەیەکی پێشمەرگە بهاتایەتە سنورەکە دەهاتنە بێدەر، یەکەم لەبەر ئەوەبوو بەهۆی کاك شێخ جەوادەوە، متمانەیان بەخەڵکی بێدەر هەبوو، لەلایەکی تریشەوە سەختی و لەباری شوێنەکە بوو کە حەشارگەی زۆری هەبوو بۆ مانەوە و خۆحەشاردان، دەیان جار من و شێخ هادی و شێخ حەسەن و برادەرانی تر، نان و

خواردنمان بۆ مەفرەزەکانی پێشمەرگە بردووە لە سنورەکەدا، هەموو ئەمانەش بە سەرپەرشتی کاک شێخ عوسمان بێدەری بوو، چونکە ئەو لێپرسراوی شانەمان بوو، کارەکان هەموو ئەو ڕێکیدەخستن و ئەیبردن بەڕێوە. پاشان ئێمە زیاتر ئەرکی ناو شارمان پێ سپێردرا، ئەویش لە ڕێگەی شەهید شێخ جەلالی حاجی شێخ سالْحی بێدەر و شەهید کوردەوە، شەهید کوردە ناوی تۆفیق بوو خەڵکی (تورکە) بوو، کادر و پێشمەرگەیەکی لێهاتوو بوو. پێش کارەساتی هەکاری و ساڵی ١٩٧٨، من و شێخ حەسەنە سوور، خولیای پێشمەرگایەتیمان هەبوو، بڕیارماندا چەك هەڵبگرین و ببینە پێشمەرگە، کاك شێخ جەواد وتی هەفتەی ئایندە ئەچینە گوندی (کاولان)ی بەری کۆیە، لەماڵی شێخ محەمەد حەبیب ئەبین، وەرنە ئەوێ و هەردووکتان وەکو پێشمەرگە وەرئەگرین و لە گەڵ خۆمان بن، ئێمە چووینە (کاولان) تەبعەن خزمایەتییمان لەگەڵیان هەیە، لەوێ ماینەوە، ئێوارانێك دەوری سەعات نۆ هاتن و یەکتریمان بینی، بردمانی بۆ لای کاك عەلی عەسکەری و پێی وت ئەم کوڕانە خزمی خۆمن و ئەیانەوێت لەگەڵ ئێمە بن و ببن بە پێشمەرگە.

کاك عەلی عەسکەری ڕوویکردە کاك شێخ جەواد و وتی: "ئەتەوێ هەموو کەسوکارەکەی خۆت بکەیتە سوتەمەنی و لەناو بچن؟ ئاخر ئەمانە گەنجن هێشتا توانای پێشمەرگایەتییان نییە، ئەمانە

تەحەمولی پێشمەرگایەتی ناکەن، زۆر منالْن خۆ تووکێك بە دەموچاویانەوە نییە".
کاك شێخ جەواد وتی: ئەمانە دەمێکە لەگەڵ منن و کاری زۆریان کردووە. بەهەرحاڵ قەناعەتیان پێمان کرد کە بگەڕێینەوە بۆ گوندی بێدەر، چونکە وتیان منداڵن، ئێمە هەر ڕۆژەی لە شوێنیکین، ئەمڕۆ لێرەین سبەینێ دەچین بۆ شوێنێ بۆ پشتی قەڵادزێ (دە دینار)یان دا پێمان، کاك شێخ جەواد وتی بڕۆنەوە ماوەیەکی تر خۆم دێم بە شوێنتانا دەتانکەم بە پێشمەرگە، ئەملاو لای ماچ کردین و خوا حافیزیمان لێیان کردو ئامۆژگاری کردین بەردەوام بین لە کاری ڕێکخستن. دوای ئەوە کارەساتی هەکاری روویدا، تەبعەن ئەو کارەساتە بە پلانی دوژمنانی گەلی کورد روویدا، ئەو کارەساتە کاریگەرییەکی زۆری هەبوو لەسەر شۆڕشی نوێی گەلەکەمان.
دووبارە ئەمەوێ باسی رۆڵی کاك شێخ جەواد بکەم کە پیاوێکی چەند قارەمان و بەهێز و کۆمەڵایەتی و بەتوانا بووە، لە کوردەواری خۆماندا دەیان گرفتی کۆمەڵایەتی روودەدات، بەڵام لە تەواوی ئەو گرفت و کێشە کۆمەڵایەتییانەدا، رۆڵی ئیجابی هەبوو لە چارەسەرکردنی کێشەکاندا و خەڵکی روویان لێدەکرد.
کاك شێخ جەواد پیاوێکی کۆمەڵایەتی دیاربوو، بیرۆکەی بەهێزی هەبوو، هەر کۆڕو مەجلیسێك کاك شێخ جەوادی تیادا بوایە

خەڵکی گوێیان لێ ئەگرت و بە قسەیان ئەکرد، راوێژەکانی زۆر جوان بوون، بەردەوام ئەیوت "هەموو کێشە و گرفتێك لە کۆتاییەکەی هەر ئەبێ چارەسەربکرێت و خاوەن کێشەکان بچنەوە سەر بەڕەی یەکتری دابنیشتن و رێك بکەون"، ئەیوت "باشترین تۆڵە بۆ بنەماڵە و پیاوی جوامێر لێخۆشبوونە لە بەرامبەرەکەی"، بۆیە لەهەر کۆڕ و مەجلیسێکدا ئەگەر کاك شێخ جەوادی لێ بوایە، خەڵکی روویان دەکردە دەمی و گوێیان لەو دەگرت، لەهەموو رووەکانەوە کەم وکوڕی نەبوو، لەڕووی شان و شەوکەت و جەستەییەوە، پیاوێکی لێهاتوو و رێکوپێك بوو، لەڕووی بوێرییەوە بوێر بوو، بۆنموونە ئەگەر کەسێکی سنورەکە دژ بە شۆڕش و کوردایەتی بوایە، کاك شێخ جەواد ئاگاداری بکردایەتەوە و مەرجی بۆ دابنایە، ئەو کەسە جێبەجێی ئەکرد. لەبەرئەوەی کاك شێخ جەواد پیاوەتی لەدەست ئەهات، ئەوکات هەر کەسێکیش لە رێچکەی راستی کۆمەڵایەتی لای بدایە و لاساری بکردایە، دەیتوانی لێپرسینەوەی لە بەرامبەردا بکات و رایبگرێت.

دوای کارەساتی هەکاری کاك شێخ جەواد لەناحیەی ئاغجەلەر دوکانێکی دانا بۆئەوەی بژێوی خۆی و خێزانەکەی پێ دابین بکات، لەبەرئەوەی ئامادە نەبوو بچێتە ناو رژێمەوە وەکو زۆرێك لە خەڵکی تر پەیوەندی بەرژێمەوە بکات و ببێتە چەکداری رژێم، لە

پاڵ دوکانەکەشیدا بەنهێنی کاری ڕێکخستنی ئەنجام ئەدا.
جارێکی تر کاك شێخ جەوادم بینییەوە ساڵی ١٩٨٢بوو، کاك شالأوی عەلی عەسکەری هاتبوو بۆ بێدەر، کاك شالأو نامەیەکی مام جەلالی بۆ هێنابوو، تیایدا داوای کردبوو کار بکات.
هەر لەو سالأنەدا و پێش پرۆسەی ئەنفال، کاك شێخ جەواد نامەیەکی  مام جەلالی پێگەیشتبوو، کەتیایدا مام جەلال داوای لێ کردبوو لەگەڵ ماڵی (حاجی کاکەولأ چنارتووی)دا، ژمارەیەك چەك لە حکومەتی عیراق وەربگرن و بە زووترین کات خۆیان بگەیەننە هێزی پێشمەرگە، هاوکات چی ڕێکخستن و کەسوکارتان هەیە با دووبارە پەیوەندی بکەنەوە بە شۆڕشەوە، دوای بیست و چوار سەعات لە دەستکەوتنی چەکەکان لە حکومەتی عیراق، دەستبەجێ پەیوەندییان کردەوە بە هێزی پێشمەرگە و شۆڕشەوە. بەماڵ و منداڵەوە هاتنە دەرەوە، سەرەتا هاتنە گوندی بێدەر لەوێ میوانداریيان پێکردین، هەر لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ خزم و کەس و کار پەیوەندییان پێوە کردوو بوونە پێشمەرگە هێزێکی دروست کرد و لە ناوچەی قەلأسێوکە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سکرتارییەتی مام جەلالەوە هەبوو، دواتر تیپی ٢٩ی کەڵکەسماق دروستکرا. کاك شێخ هاوڕێی کاکە حەمەی مامە ڕەزا کرا بە فەرماندەی تیپ، کاك شێخ جەواد پەیوەندی کرد بە تیپی ٢٩ی کەڵکەسماقەوە  دیارە لەو ماوەیەدا کاك شێخ جەواد بەهۆی

خەبات و شۆرش و ئەزموونی پێشتری پێشمەرگایەتییەوە، کەسایەتییەکی بەهێز بوو، ڕۆڵێکی بەرچاوی هەبوو لە شۆرش و پێشمەرگایەتی و کوردایەتییدا، دەیان کەس لەو ماوەیەدا لە خزم و کەسوکار و دۆستەکانی پەیوەندییان پێوە کردەوە، دووبارە بوونەوە بە پێشمەرگە، هەر لەو ماوەیەدا بەشداری چەندین شەڕ و نەبەردییان کرد، وەکو شەڕی ئاغجەلەر، کەلکەسماق، تەق تەق، شیوەسوور، لێدانی کەرکوك، سەرکردایەتی.

دواجار کاك شێخ جەوادم لەساڵی ١٩٨٨دا بینی، کۆتایی بە پڕۆسەی ئەنفالی سێ هاتبوو، حکومەت بەنیاز بوو قۆناغی ئەنفالی چوار دەست پێبکات بۆ سنوری قەلاسێوکە و شێخ بزێنی، من ئەوکات وەکو لێپرسراوی هێزی پشتگیری سنورەکە دووسەد و پەنجا و یەك چەکم وەرگرتبوو و دابەشم کردبوو بەسەر خەڵکیدا، لەگەڵ کاك شێخ جەعفەری ئامۆزام چووینە لای کاك شێخ جەواد کە پێشتر لەشەڕی شاناخسێ بەچەکی کیمیایی بریندار ببوو، هێشتا برینەکانی چاك نەببوەوە، وتی من ئەزانم کیمیایی چۆنە و چۆن نییە، حکومەت نیازی وایە چەکی کیمیایی بەکاربهێنێت، وتی ئێمە ئەزمونێکی باشمان هەیە لە خەباتی پارتیزانی، خۆمان و کەسوکارمان لەشاخی (کێوەچەرمەڵە) کە دەکەوێتە سنوری بێدەرەوە کۆئەبینەوە، تا دوا دڵۆپی خوێنمان بەرگری ئەکەین.

کاك شێخ جەواد ماڵی لە گۆپتەپە بوو، ویستی بچێت ماڵ و

منداڵەکانی بهێنێت و بۆ شەوەکەی بگەڕێتەوە بۆ لای ئێمە لە بێدەر، دیاربوو ئەو رۆژە شەش فڕۆکەی رژێمی عیراق گۆپتەپەیان بۆردومانکرد. خەڵکی سنورەکە ئاوارە بوون و هەریەکە و بەلایەکدا ئەرۆیشتن، لە ڕێگەی ئەو خەڵکانەوە ئەوکات زانیمان کیمیایی لە گوندی گۆپتەپە دراوە، بەڵام نەماندەزانی کە کاک شێخ جەواد بەر چەکی کیمیایی کەوتووە و شەهیدبووە، تا دووسێ رۆژ دواتر، پاشان زانیمان نزیکەی سێ سەد کەس لە گۆپتەپە شەهید بووە و کاک شێخ جەوادیش دیارنەبوو، ئەوکات زانیمان کە ئەویش لەگەڵ چەندین کەسی تری گوندەکە و پێشمەرگەی تر شەهید بووە.

مێژووی کاک شێخ جەواد بێدەری، مێژوویەکە پڕ لە خەبات و سەروەری و تێکۆشان و بەرگریکردن بووە، لەناو ریزەکانی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان و لە شۆڕشی ئەیلولیشدا پێشمەرگەیەکی دیار و قارەمان بووە، لە باڵی مەکتەبی سیاسیش پیاوێکی بەرچاو بووە، لە بواری کۆمەڵایەتییشدا بەهەمانشێوە پیاوێکی بەرچاو بووە، ناتوانرێت بە سەعاتێك و دووان وەسفی قارەمانێتی و جوامێری و بوێری ئەو پیاوە بکرێت، من لێرەدا ئەو هەقە بەخۆم نادەم لە باسی کاک شێخ جەوادا هەقی خۆی پێبدەم و وەکو خۆی باسی بکەم، روحی شاد.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# لە تەنگانەدا ڕۆژ بەڕۆژ هیمەتی بەرزتربوو

**دارا کوێخا عەبدوڵا**

**ماوەیەکی زۆر ئەو کات لە نۆکان بووین، پێش ئەوەی ئەو گەشتە دەست پێبکەین بچین چەك و تەقەمەنی بۆ شۆڕش دابین بکەین و پێش ڕووداوی کارەساتی هەکاری، کاك شێخ جەوادم ئەناسی، لەهەموو ئیش و کارەکانیدا شەهید عەلی عەسکەری پشتی پێدەبەست، شێخ جەواد پیاوێکی ڕاستگۆ بوو، دەستپاك و لێهاتوو بوو، بەهەڵوێستبوو، بۆ هەر شوێنێکیان ناردبێت ئامادەیی تیابووە و بەڕاستی کورد پەروەر و بە هیمەت بوو، کاك شێخ جەواد لە سەردەمێکدا بووەتە پێشمەرگە کەم کەس دەیتوانی ببێتە پێشمەرگە، بەتایبەتی ئەوانەی ماڵ و منداڵیان هەبوو، چونکە لەلایەن کەسوکارەکانیان بەتوندترین شێوە ڕوبەڕووی فشار و ئەشکەنجە و ئازار ئەبوونەوە، کاك شێخ جەواد لەو سەردەمەدا بووە بە پێشمەرگە چووە دەرەوە، من دەمەوێ زۆر بەڕاشکاوانە ئەوە بڵێم کە ژمارەیەك بیرەوەری کاك شێخ جەواد**

بێدەریم لایە، هەر لەو کاتەوەی کە سەرکردایەتی لە نۆکان بوو تا ئەو کاتەی توشی کارەساتی هەکاری بووین و دواتر گەڕاینەوە بۆ ناو شۆڕش.

وەکو هێزی پێشمەرگەی کوردستان لەوکاتەدا لە نۆکان بووین بڕیار درا بچین چەك و تەقەمەنی بۆ شۆڕش بهێنین، ئەوکات مام جەلالیش هەر لە نۆکان بوو، لەوکاتەدا بارەگامان لە (گۆڕەشێر)بوو، من ئەو کات بەرپرسی دارایی و ئیدارەی هەرێمی پشتدەر بووم، لەوکاتەدا بارودۆخێکی خراپ بۆ هێزی پێشمەرگە هاتبووە پێشەوە، ئێران ئاگاداری کردینەوە کەبارەگاکانمان لەسەر سنوور لابەرین، بیانویان ئەوە بوو کە نەتەوە یەکگرتووەکان دێن و ناوچەکە دەپشکنن گوایە هێزی پێشمەرگە دروست بۆتەوە، ئەوەش لەسەر شکات و سکاڵای حکومەتی عیراق بوو، کە سکاڵای کردبوو هێزی پێشمەرگە دووبارە دروست بۆتەوە خۆیان ڕێکخستۆتەوە و ئێمەش هیچ چارەسەرێکی ترمان نەبوو، جگە لەوەی کە دەبێت بارەگاکانمان بگوازینەوە. تەبعەن ئەو ئێوارەیە مام جەلال هاتنە لای ئێمە لە گۆڕەشێر، خواردنی چەند شەو و ڕۆژێکمان ئامادەکرد و خۆمان ئامادە کرد بۆ ڕۆیشتن، کاك شێخ جەواد بێدەری هێزەکەی لە دەشتی کۆیە و چەمی ڕەزان دەبێت، کە بڕیاردرا بارەگاکانمان بگوازینەوە، شێخ جەواد لەسەر داوای سەرکردایەتی، خۆی و هێزەکەی هاتنەوە بۆ سەرکردایەتی

له گوندی نۆکان هاوکات چەند ولاٚخێکی بارمان کڕیبوو تاکو کەل و پەلەکانمانی پیٚ بگوازینەوە، کەوتینە ڕیٚ بەرە و قەندیل، ئەو ئێوارەیە کەوتینە ڕیٚ بەرەو ناوچەی قەندیل. لەوکاتەدا بەفر و بارانێکی زۆر باریبوو، بارودۆخەکە زۆر ناهەموار و زۆر ناخۆش و کەش و هەوا سارد بوو، هەر لە ڕێگادا چەند ولاٚخێکی باریمان هەڵدێراو کەل و پەلەکانمان لەکیس چوو، سەرەڕای ئەو سەرما و سۆڵە زۆرەی لەوکاتەدا هەبوو، تۆپبارانی حکومەتی ئێرانیشمان لەسەر بوو، ئەویش بۆئەوە بوو فشاری زیاتر بخەنە سەر ئێمە و لەسنوری خۆیان دەرمان بکەن. دواتر چووینە ناوچەی (گوێزیلە)، کە گەیشتینە گوێزیلە کاتی بەیانی زوو بوو، هەر ئەو بەیانییە فڕۆکەی حکومەتی عیراق گەیشتە سەرمان بە ئاسماندا دەسوڕانەوە، دووبارە حکومەتی ئێران ئاگاداری کردینەوە کە نابێت لەوێش بمێنن و پێویست بوو شوێنەکە بەجێبهێڵن، بۆیە بەناچاری بەرەو قەندیل لە دیوی ئێران ڕۆیشتن، ئێمە رەتلێك بووین لەگەڵ مام جەلال دا، ئێمە وەکو هەرێمی پشتدەر پاسەوانی مام جەلال بووین، مام جەلال کۆبوونەوەیەکی بە بەرپرسە سەربازییەکان کرد، هەموویانی کۆکردەوە، من بۆ خۆم یەکێك بووم لەوانەی تیایدا بەشدار بووم، کاك شێخ جەواد بێدەریش فەرماندەی هەرێمی دووی چەمی ڕەزان بوو، لە ڕووی کەش و هەواوە بارودۆخەکە زۆر خراپ بوو، دەبوو لە ڕێگەی کێلەشین و

حاجی ئۆمەرانەوە بڕۆیشتینایە، مام جەلال کۆبوونەکەی بۆ ئەوە کرد، ئەو هێزەی کە مابوو نەڕوات، لەبەرئەوەی وەك وتم بارودۆخی کەش و هەوا زۆر خراپ بوو بەردەوام بەفر و باران بوو، مام جەلال پێی وابوو ئەگەر بڕۆین زیانی تیا ئەکەین و ڕەنگە هێزەکە لەناو بچێت، بەڵام دیار بوو کاك عەلی عەسکەری پێی باش بوو ئێمەش بڕۆین، هۆکارەکەشی ئەوە بوو کاك دکتور خالید ڕۆیشتووە و ناکرێت ئێمە بەتەنیا جێیان بێڵین و بگەڕێینەوە.

دەرئەنجام ئەوەبوو کاك عەلی عەسکەری رازی نەبوو کە بگەڕێینەوە و سووربوو لەسەر ئەوەی کە هەر دەبێت بڕۆین، لەبەرئەوەی کاك دکتۆر خالید رۆیشتووە، زۆر خەمی کاك دکتۆر خالیدی بوو، کاك عەلی عەسکەری بەپێوە راوەستابوو، گاڵۆکێکی بەدەستەوە بوو، لە تووڕەییدا رایوەشاند کێشای بە بەردێکدا گاڵۆکەکەی شکا، بەڵام مام جەلال بەڕاستی حەزی نەئەکرد بڕۆین، چونکە کەشوهەوا زۆر سارد و سەرما بوو، ئەیزانی هێزەکەمان تیایا ئەچێتو بەرگەی ئەو سەرما و سۆڵەیە ناگرێت، لەوکاتەشدا لە قەندیل بەفرێکی زۆر باری بوو بەتایبەتی بەدیوی ئێراندا، مرۆڤ خواردنو پێداویستی زۆر باشی نەبوایە بەرگەی ئەو سەرما و سۆڵەیەی ناگرت، ئێمەش خواردنی پێویستمان پێ نەبوو.

کاك شێخ جەواد بێدەری، یەکێك بوو لە لێپرسراوانی ئەو ڕەتڵەی بەرەو ناوچەی هەکاری دەڕۆیشتین، بەڕاستی پێشمەرگەیەکی ئازا

و فەرماندەیەکی دڵسۆز بوو بۆ پێشمەرگەکانی، هەمیشە لە خەمی هاوڕێکانی دا بوو، بە هیمەت و وره بەرز و زۆر دڵخۆش بوو بە دروستبوونەوەی شۆڕش، هەرگیز گیانی خۆپەرستی تێدا نەبوو، پێشمەرگەیەکی هێزەکەی خۆی و هێزێکی تری وەك یەك تەماشا دەکرد، جیاوازی نەدەکرد، ئەگەر لەتێ نانی پێ بووایە بە تەنیا نەیدەخوارد. هەرچۆنێك بوو کەوتینەڕێ، ئامانجی چونەکەشمان ئەوەبوو کە چەك بۆ هێزی پێشمەرگە پەیدا بکەین، چونکە لەوکاتەدا حکومەتی عیراق دەیویست گوندەکانی کوردستان چۆڵ و وێران بکات، میللەتی کورد لەوکاتەدا لەژێر هەڕەشەی لەناوبردندا بوو، بۆیە زۆر گرنگ بوو لەوکاتەدا چەك بۆ هێزی پێشمەرگە پەیدا بکەین.

یەکێك لەو پێشمەرگانەی کە لەگەڵمان بوو، حاجی شێخە بوو، پێشمەرگەیەکی ئازاو لێهاتوو بوو، شارەزای ناوچەکەش بوو، ئەوەندە بەفر باری بوو، چەند خاکەنازێکی بچوکمان پێبوو ڕێگاکەمان پێ چاك دەکرد و ڕێگەی خۆمان لەناو بەفرەکەدا دەکردەوە، بۆ بەیانییەکەی کە رۆژ بووەوە گەیشتینە ناوچەی (لاجانەکۆن)، دواتر ئەو رۆژە بۆ ئێوارەکەی لەنێوان خانە و حاجی ئۆمەراندا پەڕیتینەوە کە ئاوێك هەیە لەنێوانیان، دوای پەڕینەوەمان بەرەو ناوچەی کێلەشین رۆیشتین، کە چوینە ئەو ناوچەیە پێشمەرگە زۆر ماندوو ببوو، نان و خواردن نەبوو،

کەشوهەواکەش زۆر سارد بوو، بەردەوام بەفر ئەباری، ئەو شەوە هەر لەوێدا ماینەوە. شەو کاك عەلی عەسکەری و کاك ملازم تایەر و کاك شێخ جەواد بێدەری بەسەر پێشمەرگەدا ئەگەڕان تاکو پێشمەرگە لەسەر بەفرەکە نەخەون و ئەوەندەی تر پەکیان نەکەوێت. سەرەڕای ئەو ساردی و سەرماییە ورەی پێشمەرگە ئەوەندە بەرز و خۆڕاگر بوو بەهیچ شێوەیەك پێشمەرگەیەك ئامادەیی تیا نەبوو تەسلیم بە ئێران یان سوپای ڕژێمی عیراق بێتەوە، شەو لە سەرمادا پێشمەرگەکان باوەشمان کردبوو بەیەکدا و سەرمان نابووە یەکەوە بەهەڵمی دەمان خۆمان گەرم کردەوە. بۆ بەیانی هەستاین دەستمان کرد بە ڕۆیشتن، تەماشامان کرد هەندێ پێشمەرگە ناتوانن بڕۆن، پێشمەرگەکانی تر هاوکاریان کردن. بیرمە پێشمەرگەیەك نەیئەتوانی هەستێت، پرسیمان ئەوە بۆچی هەڵناسێت وتیان دەست و قاچی لە ئیش کەوتووە، کاك شێخ جەواد بێدەری لەگەڵ یەك دوو پێشمەرگەی تردا خستمانە ناو بە تانییەوە و بردمانە خوارەوە، کەوتینەڕێ، لە ڕێگا لە دۆڵێکدا توشی خێمەیەك بووین، کاتێ چوینە خێمەکە تەمەشامان کرد ئەشیاو کەل و پەل و ئارد و شەکر و پەرەمێز و ژمارەیەك کەل و پەلی تری تیایە، شێخ جەواد بێدەری و سێ چوار پێشمەرگەی تر رۆیشتن بۆ ناو خێمەکە ئەو ئاردەی کە هەبوو کرا بە حەڵواو درا بە پێشمەرگەکان، هەریەکە و بەشی خۆی بەرکەوت،

بۆ ئەوکاتە خواردنێکی باش بوو، کەمێك برسێتی و ماندوێتی پێشمەرگەی ڕەواندەوە، دواتر بەرەو ناوچەی برادۆست کەوتینەڕێ، تەبعەن حاجی محەمەدی لۆلان کە دۆستی یەکێتی و مام جەلال بوون، نان و خواردنێکی زۆریان کۆکردبۆوە و یەك دوو پوشە خورمایان نارد بۆمان، لەوکاتەدا هاوکارییەکی زۆر باش بوو بۆ ئێمە. ئەو شەوە بە ڕێگاوە بووین تا بەیانی، بەیانییەکەی گەیشتینە برادۆست، کە خۆرهەڵات تەماشامان کرد سوپایەکی زۆری ڕژێمی عیراق لە سنورەکەن، کەوتنە جموجۆڵ و تۆپباران کردن، ئێمە وەکو هێزی پێشمەرگە کەوتینە قۆڵێکەوە کە ئەگەر ڕزگارمان ببێت بەرەو لای هێزەکەی دکتۆر خالید بچین. سوپا هێرشی بۆ کردین و فڕۆکەش بۆردومانی ئەکردین، ئەوە بوو کاك تایەر و عەبەی مەلا و ژمارەیەك پێشمەرگەی تر لە شوێنێکدابوون، فڕۆکە بۆردومانی کردبوون، کاك تایەر و ژمارەیەکیان بریندار ببوون. دواتر ئێمە بەرگریمان کرد و شێخ جەواد بێدەری و ژمارەیەك پێشمەرگەی زۆر ئازا و لێهاتوومان دەستیانکرد بە شەڕکردن، هێزەکەی حکومەتی عیراق شکا و ئێمەش ژمارەیەك دەستکەوتی چەك و تەقەمەنیمان هەبوو، ئەو ڕۆژە تا ئێوارە شەڕمان کرد و دواتر چووینە ناو خاکی تورکیاوە.

لە تورکیا ژمارەیەك برادەری خۆمان کە پەیوەندییان بە ڕێکخستنەکانی خۆمانەوە هەبوو، پەیوەندیشان لەگەڵ خەڵکی

سنورەکە باش بوو، رێنیشاندەرمان بوون بۆ مانەوە و خۆراك پەیداکردن، ماوەیەك بەوشێوەیە لەویٚ ماینەوە تا چووینە ناوچەی هەکاری.

لە هەکاری لە شیو و دۆڵێکدا ماینەوە چاوەڕوانی برادەرانی خۆمانمان ئەکرد کە لە سوریاوە بێنە لامان، تاکو چەك و تەقەمەنییەکانمان پیٚ بگەیەنن.

ئێوارانێکیان دانیشتبووین، پیاوێکی بەتەمەن هاتە لامان، بە کاك عەلی عەسکەری وت چوار دەورتان گیراوە، ئێمەش دەستبەجیٚ کەوتینە خۆمان‌و ئەو شوێنانەی کە بەرز و گرنگ بوو گرتمان، خۆمان بۆ هەر حاڵەتێکی چاوەڕوانکراو ئامادەکرد، دەمەو ئێوارە هێشتا رۆژی مابوو، بوو بە تەقە و شەڕ، دواتر زانیمان کە ئەو هێزەی چواردەوری گرتووین قیادەی موەقەتەن (پارتی).

ئەوان ئەیانزانی ئەو هێزە ئێمەین، چونکە پێشتر کاك عەلی عەسکەری نامەی بۆ ژمارەیەك لە کەسایەتییەکانی بنەماڵەی بارزانی ناردبوو، ئاگاداریانی کردبۆوە کە دەیانەوێت چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە بەدەست بخەن، لەڕاستییدا ئێمە بۆ شەڕ نەچووبووین، تەنها ئەوەبوو ئێمە ئەمانویست چەك بۆ هێزی پێشمەرگە پەیدا بکەین، باشترین بەڵگەش ئەوەبوو هێزەکەی ئێمە زیاتر لەنیوەی بیٚ چەك بووین، مام جەلال قسەی لەگەڵدا کردبوون، کاك عەلی عەسکەری نامەی بۆ ناردبوون کە ئێمە ئەچین

بۆ پەیداکردنی چەك و تەقەمەنی بۆ هێزی پێشمەرگە، ئێستاش هەموو نوسراو و بەڵگەکان ماون کە سەلمێنەری ئەوەن ئێمە بۆ شەڕ نەچووبووین. ئیتر کە شەڕ دەستیپێکرد، ئێمە دامەزراین و خۆمان ئامادەکرد، شەڕ دەستیپێکرد، بیرمە یەکەمین شەهیدمان لەو شەڕەدا کاك شەعبان بوو، فڕۆکەی تورکیش بۆردومانی ئەکردین، لەهەموو لایەکەوە فشارمان لەسەربوو، خواردن و ئاومان لێ گیرایەوە، سەرەڕای فڕۆکەی تورکی، قیادەی موەقەتەش عەشائیرەکانی سنورەکەیان لە ئێمە هاندابوو کە بەگژماندا بچنەوە و لەناومان بەرن.

لەوکاتەدا هێزەکەمان هەموو ماندوو ببوون لە برسێتی و سەرما و بێ فیشەکییدا، رەتڵ دروستبوو تا بکەوینەڕێ، نیازمان وابوو بەرەو عیراق بگەڕێینەوە بۆئەوەی خۆمان لەو شەڕە لابدەین کە توشمان بووە.

ئەوەبوو کەوتینەڕێ، چووینە سەر ئەو چەمەی کە هەبوو، لەوێ پێشمەرگە هەموو کەوتنە ئاوخواردنەوە، چووینە ئەو شوێنەی کە یەکەم رۆژ توشی شەڕ بووین لێی. کاتێك گەیشتینە ئەو شوێنە، چەند فیشەکێك بەرەو روومان تەقێندرا، دیاربوو کەوتبووینە کەمینێکەوە، بەهۆی کەمینەکەوە رەتڵەکە بوو بەدوو بەشەوە، ئێمە هەر چۆنێك بێت کەوتینە دەستە چەپەوە و بەرەو عەمادییە چووین.

بەیانی کاتی خۆرهەڵات تەماشامانکرد، ڕەتڵی پێشەوە هەموو لەگەڵ ئێمەن، کاك شێخ جەواد بێدەری و قادر ئاغا و جەمالی عەلی باپیر و کاکە حەمەی سۆشیالیست بوو، هەموو بەیەکەوە بووین، پاشان کەوتینەڕێ، من لە شاخێك کە بەفری زۆر لێ باری بوو، قاچم هەڵخزا و کەوتمە شیوێکەوە، کاك جەمالی عەلی باپیر لەسەرم وەستا هەتا من بە قۆناغە تفەنگێك ڕێگەم خۆشکرد و گەڕامە سەرەوە، دواتر لە شوێنێك کە تەختاییەك بوو کۆبووینەوە، تەماشامانکرد نە کاك عەلی عەسکەری دیارە نە کاك دکتۆر خالید لەگەڵمانە، دیاربوو ئەوانیش لە هێزەکەمان دابڕابوون و ببوون بە دوو بەشەوە.

کاتێك کە گردبووینەوە، کۆڵەپشت و نوسراوەکانی فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان لای کاك شێخ جەواد بێدەری دەبێت، لەبەر ئەوەی فەرماندەی هەرێم بوو، فەرماندەیەکی بە توانا و بە هیمەت بوو ئامادە نەبوو نهێنییەکانی شۆڕش بدرکێنێ، ئێ فەرماندەی هەرێمیش لێپرسراوێتییەکی گەورە بوو، هەموو کەسێ توانای وەرگرتنی ئەو لێپرسراوێتییەی نەبوو. تەبعەن بە دابڕانی ئەوان لە ئێمە زۆر کاریگەر بووین و زۆرمان پێ ناخۆش بوو، بۆ پاراستنی هێزەکەمان چوینە سەر شاخێك بۆئەوەی کۆنترۆڵمان هەبێت بەسەر ناوچەکەدا، کە چووینە سەر شاخەکە ڕەبایەی حکومەتی عیراقمان لێوە دیاربوو،

شوێنەکە سنوری نێوان تورکیا و عیراق بوو، تەنها یەك گوند مابوو لەنێوانمان ناوی سپینداره بوو، لەوکاتەدا بەهۆی برسێتی و سەرماوە بەشێك لە پێشمەرگەکان هەموو پێیەکانیان بەفر سوتاندبووی، تەسلیم بە قیادەی موەقەتە بوونەوە، پێشمەرگە هێز و توانای لێ بڕابوو، ئەوەی کە ئەجولاً و ئەیتوانی رێگە بکات، ئەوە ئازایەتی بوو، دیارە هەموو پێشمەرگەکان ئازا و لێهاتوو بوون.

لێرەدا ئەمەوێ باسی جوامێری و چاکەی کاك شێخ جەواد بێدەری بکەم، ئەو ئەمانەتانەی کاك عەلی عەسکەری فەرماندەی گشتی هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لابوو، زۆر بەباشی لەناو کۆڵە پشتەکەیدا پاراستبووی، مۆری مەکتەبی عەسکەری و نوسراو و نهێنییەکانی شۆڕشی تێدابوو. کاك شێخ جەواد پاراستبوونی، لەوێ بەکۆی دەنگ بڕیاردرا کە کۆڵە پشتەکە بکرێتەوە و نوسراوەکان لەناو بەرین، ئەوەش لەبەرئەوە بوو کە بڕیارماندا بوو بەشێوەیەکی کاتی تەسلیم بە حکومەتی عیراق ببینەوە، نەوەکو دواتر قسەیەك بێتە سەر کاك شێخ جەواد، من ئەمە بۆیە باس ئەکەم، چونکە کاك شێخ جەواد بێدەری هەڵوێستێکی جوامێرانەی هەبوو، تەواوی کەلوپەل و نوسراوەکانی شۆڕی بەباشی پاراستبوو، مۆر و نوسراوەکان تەسلیمی کاك محەمەدی حاجی مەحمود کرا، ئەوانی تر هەمووی

لەناو بران، ئێمەش بڕیارماندا بەشێوەیەکی کاتی تەسلیمی حکومەتی عیراق ببینەوە و دواتر هەرکەسە و بەپێی دەرفەت و توانای خۆی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە بکاتەوە.

ئەمەویێت لێرەدا باس لەوەش بکەم، روبەڕوبوونەوەی خەڵکی عەشایەری ناوچەکە و سەرۆك عەشیرەتەکان، بە پلانی قیادەی موەقەتە بوو، هانیان دابوون پەلاماری ئێمە بدەن و لەناومان بەرن، چونکە قیادەی موەقەتە ئەو هێزە نەبوون بتوانن بەگژ ئێمەدا بچنەوە و رێگریمان لێ بکەن، ئەوان بە هاوکاری میتی تورکی و هێزی ئێران و عەشایەرەکانی ناوچەکە پەلاماری ئێمەیاندا، ئەوە یەکەمینجار نەبوو ئەو کارە نامرۆڤانەیە بکەن، بەڵکو پێشتریش ئیبراهیم عەزۆ و ژمارەیەك پێشمەرگەی تریان شەهید کردبوو، ئەوان تەنها ئامانجیان ئەوەبوو چەك و تەقەمەنی نەگاتە هێزی پێشمەرگە و لەناویان بەرن.

ئەو هێزەی بەیەکەوە بووین "سەد و حەفتا و حەوت" کەس بووین، شێخ جەواد بێدەری و تالیب ڕۆستەم بووین، محەمەدی حاجی مەحمود خۆیو شەش پێشمەرگە بوون، وتی من خۆم رادەستی تورکیا و قیادەی موەقەتە و ئێران و عیراق ناکەمەوە، ئەچمەوە بەرەو لای هێزەکەی مام جەلال، ئیتر لە رێگەدا چیمان بەسەردێت با بێت، پێشی وابوو ئەو هەموو هێزە بەیەکەوە دەرناچین، ئیتر بڕیاردرا تەسلیمی حکومەتی عیراق ببینەوە و

بەپێی دەرفەت هەرکەسە و پەیوەندی بکاتەوە بەهێزی پێشمەرگەوە.
لێرەدا بۆ مێژوو ئەیگێڕمەوە، ئەو پێشمەرگانەی ئێمە کە لە برسێتی و بێ چەکییدا تەسلیم بەقیادەی موەقەتە بوونەوە، بەزۆر لەلایەن قیادەی موەقەتەوە دەنێردران بەرە و رەبییەکانی حکومەتی عیراق تا تەسلیم بەوان ببنەوە، دەیان ناردن بەرەو رەبییەکانی عیراق دەیانوت ئەو کەسەی نەچێت لەدواوە بەر گوللەی ئەدەین، وایان ئەزانی ئەو کارە بکەن جارێکی تر پێشمەرگە دروست نابێتەوە و ئیتر لەناو ئەچێت.
دوای تەسلیمبوونەوەمان، دوای هەفتەیەك مانەوە لە هەیئەی خاسەی کەرکوك ئازادکراین و چووینەوە ناو کەسوکاری خۆمان.
دوای ئازادکردنمان هەریەکەمان بە ماوەیەك دووبارە پەیوەندییمان کردەوە بەهێزی پێشمەرگەوە، من دوای ئەوە کاك شێخ جەوادم بینییەوە، وتم کاك شێخ جەواد بەرنامەمان چییە؟ وتی ئامادەکاری کراوە و قسە لەگەڵ برادەران کراوە، بەزووترین کات پەیوەندی ئەکەینەوە بەهێزی پێشمەرگەوە، بەڵام هەرکەسە و بە ماوەیەك پەیوەندی ئەکردەوە، ئەویش بەهۆی نەخۆشی و ماندوێتییەوە کە توشی ببوین و دوای چاکبوونەوە، هەموو پەیوەندییمان کردەوە بەهێزی پێشمەرگەوە.
وەکو مێژوو باسی ئەکەم، کاك شێخ جەواد بێدەری فەرماندەی

هەرێمێکی بەتوانا بوو، پیاوێکی ئازاو لێهاتوو و جوامێر بوو، پیاوێك بوو ماندوێتی نازانی، رۆژێك لە رۆژان بۆڵەبۆڵ و نارەزایی دەربڕی، لە هەموو ئەو رۆژانەی کە بەیەکەوە بووین لەو ناڕەحەتییانەدا، رۆژ بە رۆژ هیمەتی بەرزتر دەبوو.

# شێخ جەواد خۆشەویست و
# متمانەپێکراوی عەلی عەسکەری بوو

**سەبیحە شێخ جەلال**
**هاوسەری شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری**

سەرەتا دەمەوێ باسی ئەوە بکەم ئێمە وەکو بنەماڵەی عەلی عەسکەری لەگەڵ شەهید شێخ جەواد بێدەری خزمین، دایکی شێخ جەواد بێدەری ئامۆزای باوکی منە و ئامۆزای دایکی عەلی عەسکەرییە، شێخ جەواد کوڕێکی زۆر بەعیزەت و قارەمان و شەڕکەر و ئازا و چاونەترس بوو، لەبواری کوردایەتییدا پێشمەرگەیەکی دڵسۆز بوو،

عەلی عەسکەری زۆری خۆشدەویست و متمانەی زۆری پێبوو، دەیگوت شێخ جەواد ئەوەندەی خۆش دەوێم هەموو جارێ لە شەڕدا خۆی دەدا بەسەرمندا و دەهاتە پێش من بۆئەوەی گوللە بەر من نەکەوێت، ئەوەش نیشانەی خۆشەویستیو دڵسوزی بێوێنەی شێخ جەواد بووە بۆ عەلی عەسکەری.

لەبارەی شێخ جەوادەوە، عەلی عەسکەری دەیگوت "شێخ جەواد

کوڕێکی ئازایە، زۆری خۆشدەوێم، خیانەتم لێناکات"، عەلی عەسکەری بڕوایەکی زۆری بە شێخ جەواد هەبوو، دەیگوت ئەگەر گوللە ڕووبەڕووم بێت شێخ جەواد خۆی دەداتە بەری بۆئەوەی بەر من نەکەوێت.

ئەوەندەی من ئاگاداربم شەهید شێخ جەواد بێدەری لەساڵی ١٩٦٣ەوە وەکو پێشمەرگە و هاوڕێ لەگەڵ شەهید عەسکەری بووە تا ڕۆژی شەهیدبوونی.

لەگەڵ هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەشمان، شەهید عەلی عەسکەری ئاگاداری ژمارەیەك کەسی کردەوە کە پەیوەندی پێوەبکەن، پێی ڕاگەیاندبوون کە شۆڕشێکی نوێ هەڵگیرساوەتەوە، بۆ ئەو مەبەستەش ئاگاداری شێخ جەواد بێدەری کردەوە کە پەیوەندی پێوەبکەن. شێخ جەواد بێدەری دەستبەجێ دوای ئەوەی ئەو پەیامەی پێدەگات، پێش شەهید حەمەغەفور پەیوەندی دەکات بە شەهید عەلی عەسکەرییەوە کە ئەوکات لە ناوچەی هەڵەدن و شەدەڵە بوو.

من بۆخۆم زۆر ئاگاداری وردەکاری ژیانی پێشمەرگایەتییان نیم بەیەکەوە، لەبەرئەوەی ئەوان بەردەوام لە گەڕان و دەرچوون بوونە بۆ گوند و شار و شارۆچکەکانی کوردستان و خەریکی کاری ڕێکخستن و پێشمەرگایەتی بوونە، من ئاگاداری تەواوی وردەکاری ژیانیان نییم، بەڵام بەدڵنیاییەوە بەهۆی ئەوەی بە یەکەوەبوونە

یادگاریو بیرەوەری زۆر زۆریان هەیە.
شەهید عەلی عەسکەری متمانە و بڕوایەکی زۆر زۆری بە شێخ جەواد بێدەری هەبوو، بەدەر لەوەی لەگەڵ عەلی عەسکەری خزم بوون، عەلی عەسکەری پێی وابوو کە شێخ جەواد بێدەری مرۆڤێکی پاك و راستگۆ و خاوەن بەڵێن و متمانەیە، هەر کارێکی پیێ بسپێردرایە دڵسۆزانە ئەنجامی دەدا و کەمتەرخەمی ناکرد.
لەڕووی شێوە و شکڵەوە، شەهید شێخ جەواد، کوڕێکی بالأبەرزی جوانو لێوەشاوە بوو، لەش سووكو بەهیمەت بوو، نەك هەر ئیشوکاری پێشمەرگایەتی، بەڵکو ئیشوکاری تریشی بە باشی لەدەست ئەڕۆی، لەڕووی پەیوەندی کۆمەلأیەتیشەوە، شێخ جەواد پەیوەندییەکی کۆمەلأیەتی زۆر باشی لەگەڵ چواردەورەکەی هەبوو.
بەشێوەیەکی گشتی، شێخ جەواد کوڕێکی قسە خۆشی کۆڕ و مەجلیس خۆش بوو، ئەو پیاوە هەتا بڵێی خزم دۆست و لەخۆبردوو بوو، نموونەیەکتان بۆ دەگێڕمەوە، دوای شەهیدبوونی عەلی عەسکەری، لە سالأنی هەشتاکان ماوەیەك لە سنوری ئاغجەلەر بووین، کاتێك بە میوانی دەچووینە ماڵیان، شەهید شێخ جەواد وەکو دڵسۆزی و وەفایەك بۆ خانەوادەی شەهید عەلی عەسکەری، دەچووینە هەر ماڵێك لەناو گیرفانی خۆیدا شەکری کلۆی هەڵدەگرت، دەیزانی من چای شیرین ناخۆمەوە، بۆئەوەی

پەکم لە شەکری کلۆ نەکەویت، شێخ جەواد بەبێ ئەوەی من ئاگاداربم شەکری کلۆی لەگەڵ خۆی هەڵدەگرت، هەموو جار لە گیرفانیدا شەکری کلۆی دەردەهێنا و پێی دەگوتم "باجی خەمت نەبێ شەکرم بۆ هەڵگرتووی"، ئەمەم بۆئەوە گێڕایەوە کە نموونەیەکی بچوکە بۆ دڵسۆزی و خزمدۆستی شێخ جەواد. شێخ جەواد خۆی و دایکی لە دڵسۆزییان بۆ شەهید عەلی عەسکەری ئەو ماوەیە ماڵ بەماڵ و شار بە شار لەگەڵمان دەگەڕان ئاگایان لێمان بوو، هەموو ئەو کارانەی دەیانکرد لە خۆشەویستییان بوو بۆ شەهید عەلی عەسکەری.

شێخ جەواد لە کارەساتی هەکاریدا لەگەڵ عەلی عەسکەریدا دەبێت و رزگاری دەبێت، کوڵە پشت و نوسراوەکانی شەهید عەلی عەسکەری لای شێخ جەواد بوو، بۆئەوەی نەکەوێتە دەستی کەس لەناوی بردبوو، چونکە دڵنیابوو کە ناتوانێت لە گەڕانەوەیدا بیپارێزێت و هەڵیان بگرێت.

لەدوای شەهیدبوونی عەلی عەسکەریش، دوای چەند ساڵێك شێخ جەوادمان نەبینیووە تا سەرەتای ساڵانی هەشتا، لە پرسەی کەسێکدا بینیمەوە، دەستمکرد بەگلەیی و وەکو خزمایەتی ڕووبەڕووی قسەیەکی زۆرمکردەوە، بەڵام شێخ جەواد سوێندی خوارد کە بەهۆی شەهیدبوونی عەلی عەسکەرییەوە دڵی ڕێگەی نەداوە بێتە ماڵمان و بمان بینێت، لای چەند کەسێکی تریش

**ئەوەی باسکردبوو کە لەدوای شەهیدبوونی عەلی عەسکەری دڵی ڕێگەی نەداوە خانەوادە و خێزانەکەی ببینێتەوە.**

## شەهید شێخ جەواد بێدەری
## گەواهییەك بۆ مێژوو

**شێخ مەحمودی شەدەڵە**

شەهید شێخ جەواد کەسایەتییەکی دیاری ناو شۆڕش بوو، توانیبووی جێگەی خۆی بکاتەوە و پیاوێکی دیار و بەتوانا بوو، وەکو خزمایەتی ئێمە خزمی یەکین. یەکەمجار کە بینیم لە ساڵی ١٩٦٤ بوو، ئەوکات من تەمەنم دە ساڵان بوو، بە بیرم دێ ئەو وەختە ماڵمان لە کانی توو بوو، لەوکاتەی ناکۆکی کەوتە نێوان باڵی مەکتەبی سیاسی و پارتی، شەهید شێخ جەواد لەگەڵ کاکە حەمەی مامە سەلام بوو، بەرپرسیارێتی هەبوو، کاکە حەمەی مامە سەلامیش سەرلقی ناوچەی شوان و شێخ بزێنی بوو. ئەوەی بە بیرم بێ ئەوکات ئەو پێشمەرگانەی کە هاتن، کاکە حەمەی مامە سەلام و شەهید شێخ جەواد بێدەری و تۆفیق جاف بوون، ئەوە یەکەمجار بوو شەهید شێخ جەواد ببینم. ئیتر ئەوەبوو ئەو درێژەی بە خەبات و پێشمەرگایەتیدا و پیاوێکی بەتوانا و لێهاتوو بووە و بەرپرسیارێتییەکانی بڕیووە، هەم لە شۆڕشی

ئەیلول و هەم لەشۆڕشی نوێدا. دواتر ئەوەبوو لە ساڵی ١٩٧٥دا شۆڕشی ئەیلول هەرەسی هێنا، ئێمە لەگەڵ شەهید شێخ جەواد لە سنوری گۆپتەپە و عەسکەر و قەڵاسێوکە بەیەکەوە بووین، ئیشوکارمان هەبوو لەوکاتەدا زیاتر یەکتریمان ئەبینی و ڕۆژانە بەیەکەوە بووین.

بە بیرم دێ لە ١٩٧٦/٨/١١ کاکە حەمەی مامەسەلام کە ئامۆزای شەهید عەلی عەسکەرییە، لەلای کاک عەلی عەسکەرییەوە نامەیەکی هێنابوو بۆ خزمان، لەناو هەمووواندا بەتایبەتی داوای لە شێخ جەواد کردبوو بچێتە دەرەوە. لەوکاتەدا شەهید شێخ جەواد هەڵوێستێکی زۆر مەردانەی هەبوو، یەك و دووی لێ نەکرد و بێ دوو دڵی، بێ گوێدانە ئەوەی کە خێزانەکەی چی لێ بەسەردێت، بەبێ ئەوەی بیر لەوە بکاتەوە کە ئەنجامی ئەوە چی ئەبێ دەستەبەجێ بڕیاریدا و وتی من لە بەیانییەوە ئامادەم ئەچمە دەرەوە.

دواتر کە چوونە دەرەوە، هەر لە ناوچەی شەدەڵە و مێرگەپان چوونە دەرەوە، چوونە ناوچەی ژیلوان و لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری بوو. بە بۆچوونی خۆم پێموایە لەو سەردەمەدا لەناو شۆڕشی نوێدا ئەگەر دە کەسی بەتوانا و دیار هەبووبێت، ئەوا یەکێکیان شەهید شێخ جەواد بێدەری بووە، بەڵام بۆیە ڕێزبەندی بۆ دانانێم ڕەنگە بڵێن ئەوە تەعەصوبی خزمایەتی پێوە دیارە،

بەڵگەشم بۆ قسەکانم ئەوەیە، شەهید شێخ جەواد توانیوێتی لە ساڵی ١٩٧٧دا ببێتە فەرماندەی هەرێم، کە یەکێك لە هەرێمە زۆر هەستیار و کاریگەر و فشار لەسەرەکانی سنوری کەرکوك بووە، ئەو متمانە و پلەیە لەلایەن شۆڕشەوە گەورە بوو. ئێستا زۆر کەس لەوانەی جێگری سکرتێری گشتی یان مەکتەبی سیاسیین ئەوکاتە هیچیان ئەو پلەیەیان نەبووە، ئەو توانیوێتی لە ماوەی ساڵێکدا ئەو پلە و متمانەیە وەربگرێت، چونکە زۆر پشتیان پێی دەبەست، لەکاتی دەوام و پێشمەرگایەتییدا هەرشتێك گران‌و قورس‌و بووبێت بەویان سپاردووە، ئەویش بەبێ دوودڵی کارەکانی جێبەجێکردووە، پیاوێکی بەتوانا بووە چەند جارێك چووەتە سنوری ئێران و تورکیا و سوریا چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلی راگەیاندن و جیهازی رادیۆی هێناوە، بەوهۆیەشەوە بریندار بووە، بەشێوەیەکی گشتی ڕۆڵێکی باڵای هەبووە.

لە کۆتایی مانگی دووی ساڵی ١٩٧٨دا، شەهید شێخ جەواد هاتە شەدەڵە، لەوکاتەدا زۆر باران و سەرما بوو، دوای نان خواردن‌و پشوودان، پێی گوتین کاك عەلی عەسکەری نامەی ناردووە، هێزەکەی هەرێمی دوو بچێتەوە بۆ سەرکردایەتی، داوای بڕێك پارەشی کرد و بۆمان دابینکرد، هەر ئەو شەوە ڕۆیشت. بەڵام هەمان کات ئیخبارییان لەسەر بوو هێزێکی حکومەتی عیراق بەدوایانەوە بوون، کە چووبوونە مێرگەپان پێشمەرگەکان زۆر

مانوو بووبوون، بەهۆی ئەوەی لە دەشتی کۆیەوە پەڕیبوونەوە بۆ چەمی ڕەزان و بەرە و شاخی پیرەمەگرون و دواتر هاتبوونە شەدەڵە و مێرگەپان، ئەوەش زۆر ماندووی کردبوون. پێشمەرگەکان زۆر جەختیان لەسەر ئەوە کردبۆوە کە پێویستە پشوو بدەن، شەهید شێخ جەواد وتبووی ئەبێ بڕۆین، ئەوکاتە پێشمەرگە سڵی لەهەموو شتێك ئەکردەوە. ئەوەبوو لەقزلەر–یش تێپەڕ ببوون و لەوێ تووشی شەڕێك هاتبوون.

شەڕەکە ڕۆژێکی خایاند بوو، بە سەرکەوتوویی کۆتاییان پێ هێنابوو. بەشێوەیەکی گشتی شەهید شێخ جەواد پیاوێکی بەهێز و بەتوانای سەربازی بوو، لەڕووی جەستەییشەوە ماندوو نابوو، بۆنموونە ئەگەر پێشمەرگەیەك شەهید یان بریندار بوایە، یەکەم کەس خۆی هەڵی ئەگرتو بە شانی خۆی ئەی گواستەوە تا ئەگەیشتنە شوێنێکی ئەمینو دوور لە شەڕ، قەت ماندوێتی و هیلاکی نەئەزانی، ئەم توانا جەستەییە باشەی لەگەڵ ئازایەتیو ورە بەرزییەکەی بوونە شتێکی نامۆ لەو کەسەدا کە پیاو بە ئاسانی ناتوانێ پێناسەی بکات.

لە ئەنفالی یەك و لەساڵی ١٩٨٨دا، شەڕێکی زۆر گەورە سنوری ئێمەی گرتەوە "دۆڵی جافایەتی" ئەو وەختە داوایانکرد شێخ جەواد لەگەڵ هێزێکدا بچێت بۆ ناوچەی سەرکردایەتی و سەرگەڵوو، لەوکاتەدا "چوار سەد" پێشمەرگە لەگەڵ کاك قادری

حاجی عەلی لە زێویێ بوون، کاك قادر خۆی چەندجارێك گێڕاویەتییەوە و ئەڵێ "کە ئێمە هاتین بەفر ئەوەندە زۆر باری بوو، نەمان ئەزانی چۆن لێی دەرباز بین و بچینە مێرگەپان‌و سنوری مەڵبەندی دووی ئەوکاتە، کاك شێخ جەواد هات پێی وتین ئەمە شتێکی زۆر ئاسانە، من لەگەڵ هێزەکەمدا پێش ئەکەوم‌و ئێوەش بەدواماندا وەرن، ئەگەر کەسێکیش پەکی کەوت‌و نەیتوانی دەربچێت با بگەڕێتەوە بۆ زێویێ. کە گەیشتینە سەرشاخەکە ئەو جلوبەرگ و یاتاخەی کە پێیان بوو شێخ جەواد هەمووی پێ بەستبوون، خۆی یەکەم کەس لە بەفرەکەیدا و پێشمەرگەکانیشی بەدوایدا ڕۆیشتن، بەشێوەیەکی زۆر باش ڕێگەکەیان کردەوە، پاشان پێشمەرگەکانی ئێمەش ڕۆیشتن. کاتێکیش کە چووینە مێرگەپان بەهۆی شەڕرو ئەنفالەوە ناوچەکە چۆڵکرابوو، خانووی چۆڵی زۆر لێ بوو، ئەچووینە هەر ماڵێك تەماشامان ئەکرد کەتری لەسەر ئاگرە و چا ئامادەیە و سۆبەی داری بۆ داگیرساندبووین، ئێمە هەر ئەوەندەمان لەسەر بوو خۆمان گەرم بکەینەوە و نان بخۆین، شەهید شێخ جەواد لەهەموو ماڵە چۆڵەکان ئەمەی کردبوو بۆئەوەی کە هێزەکە گەیشتنە ئەوێ پشوو بدەن‌و نان بخۆن".

کاك قادری حاجی عەلی باسی لەوەشکرد و وتی "ئێمە لەشاخی هەرزنەڕێ وە ڕۆیشتین بۆ هەڵەدن‌و لەوێشەوە چوینە بەرگەڵوو.

**که چوینه بەرگەڵوو، کاك ملازم عومەر پێی وتین ئنسیحابە ئەبێ بڕۆین بۆ ناوچەی گەلاڵە و شینکایەتی. تەماشای شێخ جەوادم کرد سەرەڕای ئەو هەموو ماندوێتییە زۆرە، زۆر بەلایەوە ئاسایی بوو، بەبێ ئەوەی بڵێ ماندوو بووین یان قسەیەك بکات، وتی ئەرکی من لەکوێیە پێم بسپێرن با جێبەجێی بکەم".**

**بەداخەوە لە گوندی شاناخسێ ی سەر سنوری نێوان "عیراق-ئێران" کە زۆربەی بارەگاکان لەوێ بوون، یەکێك لەوانە بارەگای کاك شێخ عەبدولکەریم حاجی بوو، کە ئەوکات ئەندامی سەرکردایەتی یەکێتی بوو، کاك شێخ جەواد و ئەنوەر شوانی لەوێ بریندار بوون و شێخ عەزیزی شێخ یوسف شەهید بوو، هەندێ لەو پێشمەرگانەی کە ماون ئێستاش کاریگەری چەکی کیمیاییان لەسەر ماوە.**

**ئەوەبوو بۆ چارەسەر چوونە ئێران و لەوێ چارەسەری پزیشکییان وەرئەگرت. دوای مانگێك لە قەندیلەوە گەڕایەوە، بۆئەوەی بێتەوە بۆ سنوری قەڵاسێوکە و لای هێزەکەی خۆی و دووبارە دەست بکەنەوە بە خەبات، بەڵام بەداخەوە لەکاتی کیمیابارانەکەی گۆپتەپەدا بەرکەوت و شەهید بوو، زۆرێك لە خزمەکانیشی لە گۆپتەپە بە چەکی کیمیایی شەهید بوون.**

**شەهید شێخ جەواد کەسایەتییەکی دیاربوو، بۆیە بە شەهیدبوونی ئێستاش جێگەی دیارە، چونکە هەر لە سەرەتای**

تەمەنییەوە تا ئەو ڕۆژەی شەهید بوو، خزمەتێکی گەورەی بە خاکی کوردستان کرد، بەبێ ئەوەی بیر لە هیچ جۆرە دەستکەوتێکی شەخسی و تایبەتی بکاتەوە.
لێرەدا ئەمەوێ باس لەوە بکەم، ئەوەندەی لە ناخی شەهید شێخ جەواد تێگەیشتبووم، پێشمەرگە و هاوڕێکانی بۆیە خۆشیان ئەویست، چونکە ئیشە قورس و گرانەکانی بۆخۆی هەڵدەبژارد و خۆی ئەنجامی ئەدا. تەبیعەتی پێشمەرگە وایە کە بەردەوام بەرپرسێکی هەبێ لە شەڕدا لە پێشەوە بێت، یەکێك بریندار و شەهید بێت خۆی هەڵی بگرێ، لەبەرئەوەش بوو یەك بەیەکی پێشمەرگەکانی لەگەڵیدا ئاسوودە بوون و لێی ڕازی بوون، بەروحێکی برایانە و خۆشەویستییەوە مامەڵەیان لەگەڵ یەکتر دەکرد. پیاوێکیش بوو لەگەڵ شەڕی براکوژی و دەست لە خوێنی یەکتر سوورکردن نەبوو، زۆر بەوە ناڕەحەت بوو پێی خۆش نەبوو، هەروەها پیاوێکی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، مەعنەویاتێکی هەبوو ئەگەر سوور بیزانیایە لەپاش دوو سەعاتی تر ئەکوژرێ، ئەگەر پێشمەرگەیەك پرسیاری لێ بکردایە ئەیگوت هیچ نییە و دڵی ئەدانەوە و ورەیانی بەرز ئەکردەوە. جگە لەمانەش ئەزمونێکی زۆر باشی لە کاری سەربازی هەبوو، لەبەرئەوەی هەر لە تەمەنی گەنجییەوە ببووە پێشمەرگە و پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیبوو، هۆکاری ئەو ورە بەرزی و

مەعنەویات‌و خۆنەسەپاندن‌و هەڵسوکەوتانەی وایکردبوو کە ئەو پیاوە زیاتر خۆشەویستتر بێت، لای هاوڕێ‌و خزمەکانی‌و لای هێزی پێشمەرگەش.

من ئاگاداری ئەوەم، ئەو ماوەیەی پێش کارەساتی هەکاری، شەهید عەلی عەسکەری لە سەدا حەفتای ئیشەکانی متمانەی بە شەهید شێخ جەواد بوو، جگە لەوەی شێخ جەواد خۆشەویستییەکی زۆری بۆ کاك عەلی عەسکەری هەبوو، کاك عەلییش متمانەی زۆری پێی هەبوو، هەر ئیشێکی پێ بسپاردایە، شێخ جەواد زۆر بە باشی ئەیتوانی کارەکانی بۆ جێبەجێ بکات، دەیان جار شێخ جەوادی ناردووە بۆ سنوری ئێران‌و تورکیاو لەوێوە بۆ گەرمیان، شەهید شێخ جەواد تەبیعەت‌و سروشتێکی هەبوو هەرگیز بێ تاقەت‌و ماندوو نابوو، وەکو پێشتر باسم کرد، لەوکاتەدا لەناو بەرپرسانی یەکێتییدا لە زاخۆوە هەتا خانەقین ئەگەر دە کەس متمانەیان هەبوو بێت، شەهید شێخ جەواد یەکێك بووە لەو دە کەسە، زۆر بە باشی توانیوێتی کارەکانی جێبەجێ بکات بەبێ ئەوەی سڵی لێ بکاتەوە یان ماندووی بکات.

پێموابێ بۆ دواجار مانگی دوانزەی ساڵی ١٩٨٧ بوو، شەهید شێخ جەوادم لە شەدەڵە بینی، ئەو ماوەیە واجبیان لێرە بوو، لە شوێنێك بوو پێیان ئەوت "قوڕە پوشینە" لە کۆتایی پیرەمەگرون، دوای واجبەکەی هاتە شەدەڵە و سەری لێداین، بەیەکەوە

دانیشتین و نوکتەو قسەی خۆشی بۆ کردین. دواتر بۆ پشوودان چووەوە سنوری قەڵاسێوکە، ئەوەبوو دوای چەند مانگێك لە ١٩٨٨/٥/٣دا لە گوندی گۆپتەپە لەگەڵ کۆمەڵێ خزم و کەس و کاریدا شەهید بوو.

ئەو دانیشتن و بینینەی کۆتاجار لەکاتێکدا بوو یەکێتی گەشەی باشی کردبوو، شەهید شێخ جەواد زۆر دڵی بەوە خۆش بوو، بە بۆچوونی ئەو سەرکەوتن نزیك بوو، لەبەرئەوە مەعنەویاتێکی باشی هەبوو، ئەو هێزەی یەکێتی هەیبوو لەوکاتەدا هێزێکی بەتوانا و تۆکمە بوو لە ڕووی سەربازییەوە، شێخ جەوادیش بەهیوا و ئاوات بوو ئەو ڕۆژە ببینێ، هەستی ئەکرد ئاسۆی ڕوون نزیکە، کە دائەنیشتین ئەیگوت تازە هێزی دوژمن لە هەقمان نایات و سەرکەوتنمان مسۆگەرەو لەو ڕووەوە مەعنەویاتێکی زۆر بەرزی هەبوو.

سەبارەت بە هەواڵی شەهیدبوونەکەشی، ئێمە ئەوکاتە لە ناوچەی قرناقە و پشتئاشان بووین، دێیەك لە خوار قرناقە و پشتئاشان هەیە ناوی سینە و مەمکەیە، هەندێ لەخزمان هاتبوون، ئێمەش چووینە لایان، نزیکەی دە ڕۆژێك دوای کیمیابارانکردنەکەی گۆپتەپە و عەسکەر بوو، دوای ئەوەی کە قسەمانکرد، باسیان لەوەکرد کە گۆپتەپە و عەسکەر کیمیاباران کراوە و خەڵکێکی زۆر شەهید بوونە، بەڵام ناوەکانیان نەئەزانی، دواتر زانییمان کە شێخ

جەواد بێدەری شەهید بووە، سەعیدی حەمەشوان و کوڕەکەی هەر لەوێ شەهید بووبوون، درود و سڵاوو نەمری بۆ گیانی شەهید شێخ جەواد و سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاری کوردستان.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# دووانەی شۆڕش و کوردایەتی

**شێخ هاوڕێ کاکە حەمەی مامە ڕەزا**

دوور لە خزمایەتی و کەسایەتی خۆی کە نزیکە لە بنەماڵەی ئێمە، بەتایبەتی بۆ خزمانی قەڵاسێوکە نزیکترە. شێخ جەواد کەسایەتییەکی دیاربووە لەناو پێشمەرگایەتی و شۆڕش و کوردایەتییدا، بەهۆی ئەوەی کە بەردەوام لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری دا بەیەکەوە بوونە. توانیوێتی کاری شۆڕشگێڕی و خەباتی خۆی بەسەرکەوتوویی ئەنجام بدات. بۆنموونە لە شۆڕشی ئەیلولدا شەهید شێخ جەواد لەگەڵ عەلی عەسکەری بووە و کاری پێشمەرگایەتی کردووە، پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیوە و بۆتە سەر لق ، دوای ئەوەی شۆڕشی ئەیلول لە ساڵی ١٩٧٥ کۆتایی هات. هەموو لایەك ئەزانن کە بەشێکی پێشمەرگە بەرەو ئێران ڕۆیشتن، بەشێکی گەڕانەوە بۆ ژێر دەسەڵاتی ڕژێمی عیراقی و تەسلیم بوونەوە بە حکومەت عیراقی، بۆنموونە کاك شێخ جەواد لەگەڵ ئەو هێزەی کاك عەلی عەسکەری بووە، بوونە بە

دووبەشەوە، بەشێکیان چوونە کوردستانی ڕۆژهەڵات و بەشێکیشیان لە کوردستانی خواروو ماونەتەوە و دانیشتوون.
دوای ساڵی ١٩٧٥ شۆڕشی نویێ دەستی پێکردەوە، شەهید شێخ جەواد کەسێك بووە لە یەکەم ڕۆژەوە پەیوەندی بە شۆڕشەوە کردۆتەوە. جگە لەوەی پەیوەندی بەردەوامی هەبووە لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری و ئەو بەشەی کە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بوون، یەکەمین پێشمەرگە بووە لە مەفرەزە سەرەتاییەکان. بۆنموونە شەهید شێخ جەواد لەگەڵ کاکە حەمەی مامە ڕەزا لەسەر داوای کاك عەلی عەسکەری کۆبوونەوەیان کردووە و بڕیاریانداوە مەفرەزەیەك دروستبکەن، یەکێك بووە لەو کەسایەتییانەی کە یەکەم کەس بووە لە پێشمەرگایەتی و لە مەفرەزە سەرەتاییەکان دەستبەکاربووە. کە هاتووە لەگەڵ کاکە حەمەی مامە ڕەزا قسەی کردووە و کۆبوونەوەیان کردووە و بڕیاریاندا بڕۆن، یەکێك لەوانە شێخ جەواد بووە، لەگەڵ شێخانی ساردکە وەکو شێخ قادری ساردکە و شێخ حسێن و سەیدگوڵ و ژمارەیەکی تر بەردەوام پەیوەندییان لەگەڵ شێخ جەواد هەبووە و لەڕێگەی ئەوەوە پەیوەندییان بە شۆڕشەوە هەبووە. وەکو ئەوەی لەنزیکەوە شێخ جەواد بناسم، پێشمەرگەیەکی قارەمان بووە، بەردەوام لەگەڵ شۆڕشدا بووە، بۆخۆشم لە شۆڕشی نوێدا کۆمەڵێك بیرەوەریم لەگەڵیدا هەیە بەتایبەتی ئەو بەردەوام لە ناوچەکەدا بووە، لەگەڵ

یەکێك لە کادرانی ڕێکخستنەکانی ئەو سەردەمە کە "جەبار جەمیل"ە ئێستا نەماوە، لەگەڵ شێخ جەوادا لە ناوچەی کلێسە چەندجارێك کۆبووینەوە، لەو کۆبوونەوانەدا شێخ جەواد بەردەوام بەشداری کردووە بۆ گەیاندنی هەواڵ و دەنگوباسەکان و ئیشی ڕێکخستن، لەگەڵ شێخ جەوادا کۆبوونەوەمان کردووە. لەبیرمە جارێکیان لەگەڵ "عەبدولڕەحمانی کاك مستەفای مامە ڕەزا" کە ئامۆزامە، هەردووکمان کۆبوونەوەمان لەگەڵ کرد. هەرچەندە ئەو سەردەمە خەڵك نەیئەوێرا کۆبوونەوەکان بە ئاشکرا بکات و بەردەوام بێت، ئێمە بە بیانوی ڕاوە کەو قەفەسمان هەڵئەگرت و ئەچووین بۆ ناوچەی کلێسە، شوێنێك هەبوو ناوی "هەنگەژاڵ" بوو لەوێ لەگەڵ کاك شێخ جەواد کۆبووینەوە و لەبارەی شۆڕشەوە قسەمان کرد.

جارێکی تریش نامەمان نووسی کە ئێمە ببین بە پێشمەرگە. لەگەڵ شەهید شێخ جەواد کۆبوونەوەمان کرد، لەگەڵ جەبار جەمیل کە ئێستا هیچیان نەماون "خوا لێیان خۆش بێت"، وەڵامی نامەکەمان بۆ نەهاتەوە کە کاك عەلی عەسکەری و ئەوان توشی کارەساتی هەکاری هاتن و شەهید بوون. بەڵام شەهید شێخ جەواد کە هاتەوە لە پەیوەندیدا بەردەوام بووین. لەساڵی ١٩٨٦دا شەهید شێخ جەواد بەردەوام بوو لە شۆڕش و کەرتێکی کردەوە، کە سەر بە مەڵبەندی دووی ڕێکخستنی یەکێتی نیشتمانی

کوردستان بوو. ئێمەش لەهەمان ساڵ کە گوندەکان چۆڵکران بووینەوە بە پێشمەرگە. تیپێکمان کردەوە بە ناوی تیپی ٢٩ی کەلکەسماق، لەدوای تەشکیلبوونی تیپەکەو وەرگرتنی سنوری تیپەکە، شەهید شێخ جەواد بەخۆی و کەرتەکەیەوە هاتە ناو تیپەکەی ئێمەوە و لە شۆڕش‌و خەبات و کاری پێشمەرگایەتی بەردەوام بوو تاکو ئەنفالە بەدناوەکە.

لەدوای شەڕەکانی سەرکردایەتی، کە ئێمە کشاینەوە و گەڕاینەوە بەرەو سنوری شاناخسێ، کاک شێخ جەواد بڕیاریدا لەگەڵ ئەنوەر شوانی سەردانێکی ئێران بکەن، لەگەڵ ئێمە و لەگەڵ تیپەکەدا نەگەڕانەوە، بەڵام بەداخەوە لە شاناخسێ کە کیمیایی لە هێزی پێشمەرگە درا، شەهید شێخ جەواد و ئەنوەر شوانی بەرکەوتن و بەسەختی بریندار‌بوون و نزیکەی مانگێك لە نەخۆشخانەکانی ئێران مانەوە و چارەسەریان وەرگرت، تا ئەوکاتەی گەڕانەوە دەشتی کۆیەو ناوچەی قەڵاسێوکە، بەردەوام بوو لە خەبات و پێشمەرگایەتی و تێکۆشان.

لە پێشمەرگایەتییدا کە ئێمە بەیەکەوە بووین، بۆنموونە لە سنوری پیرەمەگرون واجب‌و ئەرکمان گرتووە و لەگەڵ شەهید شێخ جەوادا بەیەکەوە بوین، هەروەها لە سنوری قەڵاسێوکە هەر بەیەکەوە بوین، بەڵام بەداخەوە لەکاتی دەستپێکردنی شاڵاوەکانی ئەنفال‌و کیمیابارانکردنی گوندی عەسکەر و گۆپتەپە کاك شێخ

جەواد لەوێ شەهید بوو. کاك شێخ جەواد هەر لە سەرەتای گەنجی و تەمەنییەوە لە خەبات و کوردایەتیدا بووە، بیروباوەڕێکی زۆر باشی هەبوو، ئەیوت کورد هەر سەرئەکەوێ و ئێمە ئەبێت خەبات بکەین لەپێناو کورد و نەتەوەکەماندا، لەپێناوی نیشتمانەکەماندا، ورەیەکی زۆر بەرزی هەبوو، توانایەکی زۆر باشی هەبوو. شێخ جەواد هەمیشە ورەی پێشمەرگە و خەڵکی بەرز ئەکردەوە. بۆنموونە لە هەکاری کە ئەو کارەساتە گەورەیەیان بەسەر هاتبوو، بەڵام هەر بێ ئومێد نەبووبوو، ڕێچکەی شۆڕشی بەرنەدا لەگەڵ ئێش و ئازاری میللەتەکەیدا بوو. بۆیە دووبارە بووەوە بە پێشمەرگە لەگەڵ یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا و بە ورە و بیروباوەڕەوە درێژەی بە خەبات و تێکۆشانداوە، بەڵام بەداخەوە ژیان بواری نەدا ئاواتەکانی بێنێتەدی و بە چاوی خۆی ئەمڕۆژە ببینێت.

ئەمەوێ ئاماژە بەوەش بکەم، شەهید شێخ جەواد لە ئەرك و بەرپرسیارێتییدا کەسێکی بەتوانا و ئیدارییەکی باش بوو، بە باشی توانیوێتی ئیدارەی پێشمەرگە و هێزەکەی خۆی بدات، توانیوێتی قەناعەت بە خەڵك و دەوروبەرەکەی بکات کە کەسێکی بەتوانایە. بەهۆی ئەوەی ماوەیەکی زۆر پێشمەرگە بووە، شارەزاییەکی زۆر باشی هەبوو لە پێشمەرگایەتی و خەبات و تێکۆشاندا هەموو ناوچەکانی کوردستان بە باشی شارەزا بوو.

دواجار کە شەهید شێخ جەوادم بینی، وەکو باسمکرد پێشتر لە شاناخسێ بەر چەکی کیمیایی کەوتو بۆ چارەسەر چووە ئێران. لەپاش گەڕانەوەی لە ئێران لەگوندی گۆپتەپە بینیمو بەیەکەوە دانیشتین. جارێکی تریش لە گوندی قزڵوو لەگەڵ کاکە حەمەی مامە ڕەزا "کە باوکمە" لەگەڵیدا دانیشتین بۆ ڕێکخستنەوەی پێشمەرگەکان قسەمان کرد کە ئەوکات پرۆسەکانی ئەنفال دەستی پێکردبوو. دواهەمینجار هەر لە گۆپتەپە پێموابێ لە ماڵی خۆیان یان لە ماڵی ئومێدی کاك عەبدولقادر بوو بەیەکەوە دانیشتین.

بەگشتی شەهید شێخ جەواد بۆچوونی دەربارەی شۆڕش و ئایندەی شۆڕش زۆر باش بوو، زۆر بە ورە بوو، کەسێك نەبوو بڕوخێت و بڕوات دابنیشێت و بڵێ ئێمە واو وامان لێ دێ، ئەو ئەیگوت خۆمان تەرخانکردووە بۆ پێشمەرگایەتی، ئێمەش نامێنین‌و نەوەکانی ئێمەش نامێنن، بەلاّم ئەبێ لە خەبات‌و قوربانیدان‌و پێشمەرگایەتی بەردەوام بین.

# شێخ جەواد بێدەری
# سەنگەرێکی شۆڕشگێڕانە

**سالار حەمە رەزا رەشید قەرەچەتانی**

من لە ١٩٧٦/٩/٥ بووم بە پێشمەرگە، ئەوکاتە پۆلیس بووم لە ناحیەی سەنگەسەر، چواردە چەکم بردە ناو شۆڕش، ئەو کەسانەی کە پێشوازییان لێکردم، یەکەم کەس کاک عەلی عەسکەری کە هاتە لام، دەستمی بەرزکردەوە و وتی بە گۆڕی شەهیدان، کوردستان ڕزگاری ئەبێ مادام ئەم گەنجە ئەم هەموو چەکەی بۆ هێناوین، ئەوکات تەمەنم ٢١ساڵبوو.

مانگی ١١ی ١٩٧٧ من کاک شێخ جەوادم ناسی، ئەویش کاتێك بوو کاك عەلی عەسکەری هاتە ناوچەی سەرکردایەتی، هاتە لای ئێمە لە گۆڕەشێر، ئێمە دەعوەتێکمان کرد لە گۆڕەشێر، لەوێ بۆیەکەمجار کاك شێخ جەوادم ناسی، فەرماندەیەکی ئازا و گورجوگۆڵ دیار بوو، خەلیل بێدەریشی لەگەڵ بوو دەعوەتییەکە کاك تالیب رۆستەم بۆیکردن. دوای ئەوە ئێمە رۆیشتین بۆ بادینان، لەسەرەتای بەهاری ١٩٧٧ بوو، سێ مەفرەزە بووین.

ئامانج لەو جەولانەش بۆ ئەوەبوو کە خەڵکی ئاشنابن بەوەی شۆڕش دروستبووەتەوە و شۆڕش هەیە و شۆڕشێکی نوێ بەرپابووە بە سەرپەرشتی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی و ئەم پیاوە ناودارانە سەرپەرشتییان دەکرد، هەموو ئەمانە لە ناوچەی بادینان پێشتر باش ناسرابوون، تاکو خەڵك قەناعەت بکا کە ئەم شۆڕشە ڕاستە. ئەوەی بە چاوی خۆم بینیبێتم و ئەقڵم پێی شکابێت پێموابوو ئەوکاتە خەڵك زۆر زۆرباش ئەهات بەدەم شۆڕشەوە، چونکە خەڵك تاڕادەیەك لە شۆڕشی مەلا مستەفا و پارتی کە توشی شکست بوو، ناڕەحەتی و بێزار بوو، خەڵك ئاواتەخواز بوو شۆڕشێك دروست بێت دوور بێت لەو سەرکردایەتییە. هەر لەو جەولانەی بادینان لە مێرگەسوور لە ماڵی کاك فاخیر مێرگەسووری داوەتکراین، لە سەربانەکە جێگەیان داخستبوو، من و کاك شێخ جەواد و کاك شەعبان گێچینەیی و کاك سیروان و کاك حەمەسوور هەموومان لەسەر یەك سفرە نانمان خوارد بەیەکەوە. لەزۆربەی دێهاتەکانی تر وەکو گوندی مەڕان و زێتە و زۆر شوێنی تر ڕێکەوتووە کە بەیەکەوە بین.

ئەم پیاوە "شێخ جەواد" پیاوێکی هەتا بڵێی ڕەوشت بەرز، هەتا بڵێی پیاوێکی بەدەستوبرد، هەتا بڵێی پیاوێکی ئازا و قسەخۆش و پیاوی وا بە ئەدەب و گفتخۆش کەمبوو، مەگەر کاك عەلی

عەسکەری خۆی. لەو جەولەیەی بادینان نزیکەی سیٚ چوار مانگ بەیەکەوە بووین. ئاخر شویٚن کە چوین گوندیٚك ناوی زیٚتە بوو، گوندی زیٚتە پیاویٚکی لیٚ بوو، ناوی کاك بەکرخان بوو، سەرۆك عەشیرەت بوو، گوندی زیٚتە گوندیٚکی گەورە بوو، خەڵکیٚکی زۆر رۆشنبیری تیابوو، ئیٚمە لە ماڵیٚك بووین، پیاوی ماڵەکە مامۆستا محەمەدی ناوبوو.

شەش رۆژ لەویٚ ماینەوە، بەڵام بە شەو ئەچووین لە ماڵی کاك بەکرخان ئەخەوتین و لەویٚ حەرەسیاتمان ئەگرت. شەویٚك وتمان بەیانی ئەڕۆین و ئەگەڕیٚینەوە بۆ ناوچەی سۆران، بە کاك بەکرخانمان وت: ئەتوانی خەڵکی گوندەگەمان بۆ کۆبکەیتەوە و کۆبوونەوەیەکیان پیٚ بکەین، خەڵگی گوندەکەی بۆ کۆکردینەوە، کۆبونەوەکە رۆژی ١٩٧٧/٤/٢٤ بوو، کۆبونەوەکە لە سەعات ١٠ی بەیانی دەستی پیٚکرد، سەعات ١١:٢٠ کۆتایی هات.

دوای ئەوە چوار پیٚنج کەسی لە پیاوەکانی بانگکرد، وتی بڕۆن لە فلاٚنە ئەشکەوت ٥٠٠ بڕنەوم داناوە، ٥٠ بڕنەوی جوانم بۆ بیٚنن، ئەوەبوو پەنجا بڕنەوی پیٚداین و لە ولاٚخیان بارکرد هەتا سەر چەمی حاجی ئۆمەران و سنوری باڵەکایەتی کە ئەوکات حاجی شیٚخەی لیٚ بوو، لە ڕیٚگەی حاجی شیٚخەوە چەکەکانمان ڕەوانەکرد بۆ قەلاٚدزیٚ و پشتدەر. ئیٚمە تا ئەوکاتە لەگەڵ کاك شیٚخ جەواد و ئەوان بەیەکەوە بووین.

جارێکیان ژمارەیەك چەك لە سوریا ئامادەکرا بوو بۆ هێزی پێشمەرگە، هەندێکیشیان گەیشتبوو، لە وەجبەی یەکەمدا ئێمە چووین، ئەو جەولەیە بوو کە کاك برایم عەزۆ شەهید کرا، بەڵام وەجبەی دواتر من لەگەڵیان نەبووم، بەڵام وەجبەی یەکەمی چەکەکان کە ئێمە چووین هێنامان ٢٥٠ کلاشینکۆف و هەندێ کەلوپەلی سەربازی و جیهاز بوو، وەجبەی دووەم کاك حەسەن خۆشناو و جەماعەتێك چوون چەکی تر بێنن، ئەوەبوو توشی شەڕ بووبون و کاك حەسەن خۆشناو شەهید بوو و کاك شێخ جەواد بریندار بوو، ژمارەیەکی تریشیان شەهید بوون، ئەو چەك و تەقەمەنییەی کە هێنابووشیان دەستی بەسەردا گیرا.

جارێکی تریش کە لەگەڵ کاك شێخ جەواد بەیەکەوە بووین، لەو جەولەیەی کارەساتی هەکاری بوو. ئەوکاتەی لە ناوچە جیاجیاکانەوە پێشمەرگە هاتن تاکو هێزەکان تەشکیل بکرێن بۆ ئەو جەولەیەی کە بچین چەك و تەقەمەنی بهێنین لە سوریاوە، کاك عەلی عەسکەری زووتر هات، کاك شێخ جەوادیشی لەگەڵ بوو، تەقریبەن لە سەرەتای مانگی چوارەوە هاتن، لە گۆڕەشێر و نۆکان و شێنێ مانەوە، هەتا تەشکیلاتی ڕەتڵەکان کرا، ڕەتڵی یەکەم بەمشێوەیە تەشکیلات کرا کە ئەمەی خوارەوە ناوی هەندێ لە کەسە دیارەکانیان بوون:

١- کاك دکتۆر خالید سەعید

٢- كاك حسێن بابه شێخ

٣- كاك ڕەووف بەگ

٤- كاك حامیدی حاجی غالی

٥- كاك خوله كەشكۆڵ

٦- محەمەدی حاجی مەحمود

٧- تایەری حاجی عەزیز

٨- عوسمانی قاله منەوەر

٩- كاك عەلی شیعه

١٠ - كاك نەبەز

١١- كاك ئازاد هەورامی

١٢-كاك جەلالی حەمەی محه

له ١٩٧٨/٤/١٧ ڕەتڵی یەك تەشكیلكرا و ڕەوانەكران بەرەو بناری قەندیل، بەڵام بەرۆیشتی ئەو رەتڵە و نزیكبونەوەیان له زێته و لێوژه، حكومەتی عیراقی دەستی گرتبوو بەسەر وڵاخەكان و ئەو تەقەمەنی و خۆراك و پێداویستیانەی باركرابوون، بەڵام ڕەتڵەكه هەر رۆیشتبوون و كەلوپەلەكانیان بەجێ هێشتبوو.

رەتڵی دووەمیش به سەركردایەتی كاك عەلی عەسكەری تەشكیل كرا، له ١٩٧٨/٤/٢٧ له گۆڕەشێر سەعات ٣:٣٠ی پاشنیوەڕۆ بەڕێكەوتن، واته لەنێوان ڕەتڵەكان بەینمان هەبوو، كەسه دیارەكانی ڕەتڵەكەش بریتی بوون له:

١–کاك عەلی عەسکەری

٢–کاك ملازم تایەری عەلی والی

٣–کاك شێخ جەواد بێدەری

٤–کاك ملازم عومەر

٥–کاك تالیب ڕۆستەم

٦–کاك قادری مەمەند ئاغا

٧–کاك حاجی مەحمود گەورەدێ

٨–کاك عەبدوڵا سوور

٩–کاك شەعبان گێچینەیی

١٠–کاك سەید کاکە

١١–کاك بەکری حاجی سەفەر

لەگەڵ چەند فەرماندەیەکی عەسکەری تر، ئەمە ڕەتڵی دووەم بوون. ئەوکاتەی کە بەڕێ کەوتن بەفر ئەباری، لە دۆڵە کۆکەوە بە سیلسیلەی قەندیلدا ڕۆیشتین، هەتا چووینە ناوچەی خانێ و شنۆ و حاجی ئۆمەران. لەوێ بەفر زۆر باری بوو، ڕێمان لێ هەڵە بوو، چل و هەشت سەعات ڕۆیشتین تەماشامان کرد هەمان ئەو شوێنەیە کە لێی بووینە. سەرما و سۆڵە و ڕەشەبایەکی زۆر زۆر بوو، نەتئەزانی روو ئەکەیتە کوێ. دوای ئەو ٤٨ سەعاتە شەو بەسەردا هاتەوە، جەماعەت زۆریان برسی بوو، هیچیشمان پێ نەبوو، کاك ئەنوەری مەجید سوڵتان و نزیکەی بیست و پێنج

پێشمەرگەیان نارد تاکو لەو گوندانەی دەوروبەر خواردن پەیدا بکەن. کە رۆیشتن، کەوتبونە کەمینی عەسکەری ئێرانییەوە لەنێوان خانێ و شنۆدا، هەموویان گیران، ئەوکات شوێنەکانی ئێمەیان بۆ مەعلوم بووبوو، ئیتر بوو بە تۆپباران و شەڕ، کاک عەلی وتی: بە ئاڕاستەی شاخەکەدا بڕۆن، شاخەکە کێلەشین بوو، بەسەر شاخەکەدا سەرکەوتین، بەڵام بەفر و رەشەباکەی بێ ئەندازە بوو، شەو لەسەر شاخەکە هەر پێنج شەش کەسێك بەیەکەوە بە چیچکانەوە دانیشتین و پشتمان دا بەیەکەوە تا بەیانی، بەشکو سبەینێ ڕێگەیەك بدۆزینەوە پیایدا بڕۆین. بەیانی هەندێ پێشمەرگە قاچیان بە بەفرەکەوە بەستبووی، کاک عەلی پیاوێکی بەهێز بوو باڵی پێشمەرگەکانی ڕائەکێشا و دەری ئەهێنان، بەڵام نزیکەی ١٢-١٣ کەسمان لێ ڕەق بووەوە ئەو شەوە، دوانیان باوك و کوڕ بوون خەڵکی قەڵادزێ بوون، یەکێکیان ناوی محەمەد بوو خەڵکی گوندی زێوێ بوو.

دواتر هاتینە سەر بەرزییەك لەسەر شاخی کێلەشین، لە دۆڵێکدا سەوزاییەك دیار بوو خێمەشی لێ هەڵدرابوو، چەند کەسێك چووینە خوارەوە کە من بۆخۆم یەکێك بووم لەوانە، کاک شێخ جەواد بێدەری ، کاک غەریب هەڵەدنی، کاک شەعبان گێچینەیی، حەمە رەسوڵی حاجی عەلی باوزێ، کاک ئەنوەر چاوشین بووین، واتە حەوت یا هەشت کەس بووین چوینە خوارەوە. کە چووینە

خوارەوە ژمارەیەك پیاوی لێ بوو لەناو خێمەکەدا، ئێمەیان بینی ڕایان کرد، پێشمان لێگرتن و گرتمانن، دکتۆری بەیتەری بوون هاتبوون ئاژەڵ دەرمان بکەن، پێمانوتن کە پێشمەرگەین و برسیمانە و هیچمان پێ نییە، چوینە ژێر خێمەکە، تەماشامان کرد، مەنجەڵ و ئارد و ڕۆن و شەکریان پێبوو، جا من بۆیە ئەڵێم کاك شێخ جەواد بێدەری یەکێك بووە لە پیاوە هەرە بەدەست و بردەکان و پیاوێکی گورجوگۆڵ بوو، سێ چوار فیشەکمان تەقاند، بۆئەوەی هێزەکە بێنە خوارەوە. تائەوان هاتنە خوارەوە، کاك شێخ جەواد و برادەران پەرەمێزیان داگیرساند و سێ مەنجەڵی زۆر گەورەی حەڵوایان دروستکرد. کە هێزەکە هاتن، پێشمەرگە هەبوو لە برساندا دەستی دەکردە ناو مەنجەڵە حەڵواکەوە و دەستی دەسوتا، کاك عەلی توڕە بوو، وتی ڕیزبن تاکو بەشی هەمووتان بدرێ. وتی ئادەی شێخ جەواد چۆنت دروستکردووە ئاوا لێیان بەش بکە. کەوچکێکی گەورەی لێ بوو، کاك شێخ جەواد هەر نەفەرێك نایلۆنێکیان بۆ دائەناو کەوچکێك حەڵوای بۆ ئەکردە سەری، مێوژیشی لێ بوو، هەر پێشمەرگەیە و چنگێك مێوژیان داپێی، ئەم حەڵوایە بەشی سێ تا چوار ڕۆژی ڕێگەی کردین و تاقەتی پێداین. حەڵواکە نەبووایە هەر هەمووومان لە کێلەشین لەسەرمادا رەق ئەبووینەوە و لەبرسیشدا ئەمردین. بەڕاستی کاك شێخ جەواد ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەوەی بە هانای هێزەکەوە

هات لە ئامادەکردنی ئەو خواردنەدا. دوای خواردنەکە دووبارە چووینەوە سەر شاخ و ڕۆیشتین بەرەو ناوچەی لۆلان. چوینە لۆلان سەعات سێی شەو چووینە ناو دێی لۆلان، پیاوێکی لێ بوو ناوی ڕەشید بەگی لۆلان بوو، کوڕەکەی ناوی حاجی محەمەد بوو، ئەوکاتە ئەندامی مەجلیسی تەشریعی و تەنفیزی بوو لە حکومەتی عیراقی. کاك عەلی عەسکەری سێ چوار کەسی نارد بەدوایدا و حاجی محەمەد هاتە لامان و بەجیا لە شوێنێك قسەیان لەگەڵ کرد، وتی: بچنە ناوچەی جۆرجێ کە هەر لە پشتی لۆلانەوەیە لە سنوری تورکیا و عیراق، لە ناوچەی جۆرجێ ناوچەیەکیان بۆ دەستنیشانکردین بەیانی بە ئیسراحەت خواردنتان بۆ ئەهێنین و دووسێ رۆژ لەوێ ئیسراحەت بکەن و خواحافیزتان بێت، ئێمە چووینە ئەوێ. بەڵام هێزەکەمان زۆر هێلاك و برسی بووین، ژمارەشمان زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە ئەبووین، نزیکەی چوارسەد پێشمەرگەمان چەکدار بووین، ئەوی تر هەموو بێ چەك بوون. دوای پشوویەکی کورت لەپڕ ڕەتڵێ کۆپتەر هاتن پێیان ئەوت حەماڵ ژمارەیان ١٣-١٤ کۆپتەر ئەبوو، بەسەر هێزەکەدا سوڕایەوە و دەستیان کرد بە بۆردوومان، ژمارەیەك پێشمەرگە لەوێ شەهید بوون، یەکێ لەوانە عەبەی مەلای گۆرانیبێژ لەوێ شەهید بوو، ساروخی بەرکەوتبوو، لەوێ حەوت هەشت پێشمەرگە شەهید بوون، هاوکات هێرشی پیادەی

عەسکەریش دەستی پێکرد، شەڕ بەردەوام بوو تا سەعات چواری ئێوارە، سەعات چوار کاك عەلی عەسکەری بانگی کاك تالیب رۆستەم و کاك شەعبان گێچینەیی و کاك شێخ جەواد و فەرماندەی کەرتەکانی کرد وتی: ئێمە دەورمان گیراوە، ئەبێ شەڕی مان و نەمان بکەین یان ئەبێ تەسلیم بینەوە. ئیتر ئەوەبوو ئەو ئێوارەیە پێشمەرگە هێرشی برد تا وایلێهات هێزی عەسکەری عیراق لەلایەکەوە شکا، لەو شەڕەدا شەست و پێنج چەکمان گرت، نزیکەی ٤٠-٥٠ سەربازی عیراقی مەیتەکانیان بەجێ مابوو، بەڵام هێزی عەسکەری لەهەموو بەرزایی و شوێنەکان ئامادەباشی تەواویان کردبوو، ئیتر شەو داهات لەو شوێنە پاشەکشەمان کرد، بەیانی کاتێ دنیا روناك بۆوە، تەماشا ئەکەین چواردەورمان هێزی عەسکەری و ڕەبایە و هێزێکی زۆرە، بەشێوەیەك تێکەڵی یەکتر بووبووین، لەوێش پاشەکشەمان کرد بەرە و کوێستانەکانی پشتی جۆرجێ، کە چووینە سەر شاخەکە و ویستمان شۆڕبینەوە بەرەو سنوری تورکیا سەعات دەوروبەری حەوتی بەیانی بوو، شەڕ کۆتایی پێهاتبوو، بەڵام ژمارەیەك بریندار و تەرمی شەهیدمان پێ بوو، شەهیدەکانمان هەر لەوێ بەجێ هێشت. دواتر بەرەو ناوچەی گەوەڕ و ماسیڕۆ و کانی ماسی، چوینە شوێنێك کە پێی ئەڵێن موسەلەسەکە "سێگۆشەی سنوور"، واتا سنوری عیراق_ئێران_تورکیا، شوێنێك بوو ئەیڕوانی بەدیوی

هەکاریدا، بەڕێکەوتین بەرەو تورکیا و چوینە ناو خاکی تورکیاوە. یەکەم گوند کە چووینە ناوی گوندی گەلیشمان بوو، ئەم گوندە سەر بە ماسیڕۆ بوو، لەوێوە چوینە ناوچەی مەلایان سەر بەناوچەی شەمزینان بوو، لەویٚ نزیکەی هەفتەیەك ماینەوە، دوای هەفتەکە چوینە ناوچەی گەڤەری سەر بە هەکاری، لەوێش چەند رۆژێك ماینەوە، خواردنمان پیٚ نەبوو، کاك عەلی عەسکەری وتی: خەبەرێکی خۆشتان بدەمیٚ، جەماعەتی پەکەکە نوێنەریان ناردووە بۆلامان یەکێکیان ناوی سەلاٚح بیوکی بوو، وتی ئەمانە خواردنیان بۆ هێناوین و بەم زووانە دابەشی ئەکەین بەسەرتاندا، خواردنەکان موعەلەباتی فاسۆلیا و نۆك و ئەو شتانە بوو، دوای ئەوەی خواردنەکانیان پێداین، چەند رۆژێك بەوە ئیدارەمان کرد، ئینجا چوینە ناوچەی زێوە، لەویٚ کاك عەلی عەسکەری وتی: لێرەوە نزیکە بۆ ناو سوریا، هێزەکانمان لێرەوە دێن و ئەو چەك و تفاقەی بۆمان ئەنێرن، ئێمەش لێرەوە پەیتاپەیتا ڕەوانەی ئەکەین. تەوزیعیان کردین بەسەر لوتکە و قووتە بەرزەکان، هێزەکە دابەشی سەر لووتکەکان بووین، ئەو شەوە بەفرێکی زۆر باری، بۆ بەیانی بوو بە تەمومژێك چاو چاوی نەئەبینی، سەعات پێنجی بەیانی کاك شەعبان گێچینەیی و کاك شێخ جەواد و مامۆستا تالیب و کاك عەلی عەسکەری بووین، کاك شەعبان وتی دوو سیٚ پەڕە سیغارم پێیە لەگەڵ کەمێك توتندا، جگەرەیەك ئەپێچینەوە

به هەردووکمان ئەیکێشین، سیغارەکەی پێچایەوە و نەفەسێکی لێدا، لەوکاتەیا بە قەناس پێکایان و فیشەکێك بەر سەری کەوت، منیش یەکسەر بە کاك شێخ جەوادم وت کاك شەعبان شەهید بوو، وتی ئێ خۆ تەقە نەبووە جارێ یەك فیشەك تەقیووە؟ وتم وەڵاّ بەر کاك شەعبان کەوتووە، دوای ئەوە هەردووکمان چوینە لای کاك عەلی و کاك تالیب رۆستەم پێمان وتن کە کاك شەعبان شەهید بووە. کاك عەلی وتی: کەس قسە نەکا با ورەی هێزەکەمان نەڕوخێ، هەر لەوێ شتێکی پیابدەن و داپۆشن. دامان پۆشی و شتەکانی گیرفانیمان دەرهێنا و خستمە گیرفانی خۆمەوە، دوای ئەوە ئیتر شەڕ دەستی پێکرد. قەسەم بەخوا سێ شەو و سێ رۆژ بە بەردەوامی شەڕ بوو، پەیتا پەیتا هێرشیان ئەکرد. چەمێك لەبەردەممان بوو، شەو داهات، کاك عەلی عەسکەری وتی: شەو لەم چەمە ئەپەڕینەوە، ئەوبەری چەمەکەش شاخێك بوو، وتی بە ئاڕاستەی شاخەکە ئەڕۆین. کە پەڕیتینەوە، بۆ بەیانییەکەی دەوری سەعات چوار و پێنجی بەیانی بوو، تەبعەن جەماعەتی کاك عەلی عەسکەری پێش ئێمە ڕۆیشتن و ئێمەش بەدوای ئەواندا. ئێمە کە چوینە ئەوبەری چەمەکەوە، کاك شێخ جەواد لەوبەری چەمەکەوە وەستابوو، مامۆستا تالیب ڕۆستەم وتی: کاك شێخ جەواد بۆچی وەستاوی؟ کاك شێخ جەواد وتی: کاکم و ئەوانم لێ ونبووە نازانم بەرەو کوێوە ڕۆیشتوون. کاك تالیب رۆستەم وتی

ئینجا ئەوە خەمی بۆچییە؟، ئەوە شاخەکەیە هەر بەو ئاڕاستەیە بڕۆن کە پێشتر قسەمان لەسەری کردووە. بەڵام کە لە چەمەکە ئەپەڕیتیتەوە دوو ڕێگا هەبوو، ئێمە کاک عەلی وای پێ وتین هەر بە ئاڕاستەی شاخەکە سەرکەوین، بەڵام کە کاک عەلی و ئەوان پەڕیبوونەوە بە دەستە چەپدا لایاندابوو، ڕێگاکەی تر بە دەستە ڕاستدا بوو، ئێمەش ڕێك بەئاڕاستەی شاخەکە سەرکەوتین، بوو بەسەعات پێنج و نیو، لەسەرەوە بەرەو خوار قوەتێك هات بۆسەر ئێمە. ئێ تازە ئێمە چی بکەین؟ چارمان نەما شەڕمانکرد تا توانیمان سەربکەوینە سەر شاخەکە. کە چوینە سەر شاخەکە هیچ هەواڵێکی کاک عەلی عەسکەری و ئەوانەی لەگەڵی بوون نەبوو. دوای ئەوە دوو ڕۆژی تر لە شەڕدا بوین، پیاوێکمان بە دیل گرتبوو ناوی حسێن فەیلی بوو، ئەو حسێن فەیلییە پێشتر لە شەڕێکدا لە کونەمشکان بەدیل گرتبوومان، مام جەلال وتبووی ئەم پیاوە بووەتەوە بە یەکێتی، بیبەن بۆ سوریا لەوێ دایئەنێین تا بەتەواوەتی ئیسلاح ئەبێ، ئینجا ئەیهێنینەوە لای خۆمان. لەوێ لەسەر ئەو شاخە بەرماندا، بەڵام دواتر هەندێ لەدیلەکانمان سوێندیان خوارد وتیان حسێن فەیلی یەکێك بووە لە لیژنەی ڕەمیکردنەکان. ئەوەبوو ژمارەیەکمانیان رەمی کرد کە کاک عەلی عەسکەری و کاک حسێن بابە شێخ و کاک دکتۆر خالید و ژمارەیەك پێشمەرگەی تر بوون.

دوای ئەوە چوینە ناو شیو و دۆڵێك کە زۆر چڕ بوو، ئەو سەرکردانەی کە لەگەڵمان بوون کاك شێخ جەواد بێدەری، کاك تالیب ڕۆستەم، کاك جەمالی عەلی باپیر، کاك محەمەدی حاجی مەحمود، کاك کوێخا قادری مارەدوو، کاك کوێخا بایزی سونیَ، کاك کوێخا عادلی گڵەسپی و ژمارەیەکی تر بوون. لەویَ هێزەکە بەهۆی بێ خۆراکییەوە زۆری برسی بوو، یەك ئاوەدانییش دیار نەبوو. عەسرێکی درەنگ کاك تالیب ڕۆستەم و کاك شێخ جەواد و کاك محەمەدی حاجی مەحمود هاتینە سەر بستوویەك، تەماشامان کرد دێیەکی لیَ بوو، وتیان کەس قسە نەکات، پێشمەرگە بزانن دێیەکی لێیە ئێستا هەموو ئەچنە ناو دێیەکەوە، وەختیش زووە کەشف ئەبین. لەو قسانەبووین، پێشمەرگەکان هەستیان کرد و هاتنە نزیکەوە دێیەکەیان بینی، ئیتر خۆیان پیَ نەگیرا چوونە ناو دێیەکە، ژمارەی پێشمەرگەکانیش ١٧٩ کەس بووین، لە برساندا پەلاماری هەموو خواردنێك ئەدرا. خەڵکی دێیەکەش هاتن وتیان بەس پێمان بڵێن ئێوە چین؟ هەرچییەکن بچنە خوار دێیەکەوە خواردنتان بۆ ئەهێنین، ئەوەبوو خواردنیان بۆ دروستکردین و نانمان خوارد. ئیتر بوو بە شەو، ئەو شەوە لەگەڵ کاك غەریب هەڵەدنی و چەند پێشمەرگەیەك کەمینێکمان دانا.

شەو سەعات سیَ لەناو ئاوەکە شڵپە ئەهات وەکو ئەوە دیاربوو کە

خەڵك بپەڕێتەوە. پێمانوابوو کە قوەتێك بەرەو ئێمە بێن، چووین ماموستا تالیب رۆستەممان ئاگادارکردەوە وتمان پێئەچێ قوەتێك بێ بۆلای ئێمە. هەتا ئەوان خۆیان کۆکردەوە بەجارێك ٢٠-٣٠ ئاربیجییان پێوەناین، ئیتر بوو بە شەڕ لەو دۆڵەدا لە سەعات سێی شەو هەتا نۆی بەیانی، بەیانی کە دنیا روناك بوەوە، بینیمان چواردەورمان هەموو ڕەبایە بوو، وتیان ئەو ڕەبایانە هی حکومەتی سوریایە، ئەچین لەوێ تەسلیم ئەبین و ئەچینە سوریاوە. دوای ماوەیەك ئەگەڕێینەوە. ئەوەبوو بەرەو ڕەبایەکە رۆیشتین و هێزی قیادە موەقەتەش لەدواوە تەقەی لێ ئەکردین. تا چووینە ناو ڕەبایەکان ٣٧ کەسمان لێ بریندار بوو، کە چووینە ناو رەبایەکان بینمان هی حکومەتی عیراقییە هی سوریا نەبوو. ئیتر لێپرسینەوەی زۆریان لەگەڵ کردین، وتیان ئێوە چین و کێن وا لەم دۆڵەیا شەڕ ئەکەن؟ بۆ سەلامەتی خۆمان وتمان ئەوانەی دواوەش جەماعەتی ئێمەن، ویستومان ئەوانیش لەگەڵ ئێمە بێن، بەڵام نەهاتوونە و لەگەڵیان کردومانە بە شەڕ، نەمانوت لەگەڵ قیادە موەقەتە شەڕمان کردووە. ئیتر جیهازیان کرد بۆ دهۆك، لە دهۆکەوە هێلی کۆپتەر هات و بردیانین بۆ دهۆك. بەڵام کە چوینە رەبایەکان و زانیمان جەیشی عیراقیین هەموومان پەشیمان بووین هەر یەکەو لای خۆیەوە ئەیوت بمانزانیایە جەیشی عیراقییە خۆمان ئەکوشت. هەموو پەشیمان بووین، بەڵام تازە ئیشەکە لەوە

دەرچوو بوو فریای شتی تر بکەوین. ئێمە هەموو قۆناغە سەختەکانمان بڕی بوو، بۆیە زۆرمان پێ ناخۆشبوو تەسلیم بینەوە، بەلاّم ئەوکات کارلەکار ترازابوو، توشی ئەو واقیعە بووین. ئیتر ئەوەبوو گوازراینەوە بۆ سەربازگەی فیرقەی دهۆك لەوێ خێمەیان بۆ هەڵداین، سێ ڕۆژ لەوێ ماینەوە. دوای ئەوە قسەیان بۆ کردین و براین بۆ ئیستخباراتی کەرکوك و حەوت ڕۆژ لەوێ ماینەوە دوای ئەوە بەریان داین و هاتینەوە ناو کەسوکاری خۆمان.

دوای ئەوەی گەڕاینەوە، دوای شەش حەوت ڕۆژ حکومەت وەلاّمیان ناردبوو بە مامۆستا تالیب ڕۆستەمیان وتبوو ئەوانەی فەرماندەی عەسکەری بوونە با بێن بۆ ئیستخبارات، ئەوکاتە عەبد عەلی مودیری ئیستخباراتی سلێمانی بوو، فەرماندەی کەرتەکان چووین، کە من بۆخۆم یەکێك بووم لەوانە، ئەوانی تریش بریتیی بوون لە کاك شێخ جەواد و کوێخا قادری مارەدوو و کاك کوێخا بایزی سونێ و کاك حەمە ڕەسوڵی حاجی عەلی باوزێ و کاك غەریب هەڵەدنی، ئەوانەی کە چووین بۆ ئیستخباراتی سلێمانی حەوت یان هەشت کەس بووین. عەبد عەلی مودیری ئیستخبارات وتی ئێوە ئەزانن ئێوەمان بۆچی بانگکردووە؟ وتمان نەوەلاّ. وتی ئەگەر ئێمە هەندێ ئەرك بدەین بەسەر ئێوەدا بۆمان جێبەجێ ئەکەن. وتمان ئێمە چەند ساڵە لەو شاخەین خەبات و کوردایەتی

ئەکەین، بەگەورەیی خوا لێرە ڕەمیمان بکەن یەك ئیش ناکەین. زۆر هەوڵیاندا و زەختیان لە مامۆستا تالیب کرد کە ئەبێ بەرپرسیارێتی وەربگرن. وتیان ئەتانکەین بە بەرپرس و لێپرسراوی مەفرەزە خاسەکان و چیتان ئەوێ بۆتان ئەکەین، یەکی خانوویەك و سەیارەیەك و بڕێك پارەتان ئەدەینێ بۆ ژیانی خۆتان، چەکی باشتان ئەدەینێ بەس سەرپەرشتییان بکەن. لە کۆتاییدا مامۆستا تالیب هەستا و وتی: ئەگەر وازمان لێدێنن دابنیشین ئەوا وازمان لێ بێنن، ئەگەر وازیشمان لێ ناهێنن ئەوا هەرکەسەمان لە ماڵی خۆمان خۆمان ئەکوژین، سەریشمان ببڕن هیچتان بۆ ناکەین، زۆر هەوڵیاندا، بەڵام ئێمە نەچووینە ژێر باری قسەکانیان، ئیتر ئیزنیان داین و گەڕاینەوە.

بەڵام لەگەڵ هەموو ئەو گەڕان و پێشمەرگایەتییەدا کە کاك شێخ جەوادم ناسیووە، پیاوی وەکو کاك شێخ جەواد ئازا و رەوشت بەرز و بەئەمەك و شۆڕشگێڕم نەبینیووە، پیاوێك بوو بەقەدەر هەموو دنیا قەناعەتی بەم شۆڕشە نوێیە هەبوو. بڕواناکەم لە کاك شێخ جەواد بێدەری وره بەرزتر لەو هێزەدا هەبووبێت. بەداخەوە لە کیمیبارانی گۆپەتەپەدا شەهید بوو، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی، روحی شاد.

## کورتە باسێك دەربارەی:
## شەهید شێخ جەواد بێدەری و خێزانەکەی

**حەپسە عەبدولقادر عەبدولاّ**
**هاوسەری شەهید شێخ جەواد بێدەری**

شێخ جەواد بێدەری خەڵکی گوندی بێدەرە سەر بە ناحیەی ئاغجەلەر، کوڕی شێخ ئەحمەدی شێخ فەتاحە، دایکی ناوی ئامینەخانە کچی شێخ عومەری شێخ مەعروفە، کوڕێکی قسەخۆش و کۆمەلأیەتی بوو، بنەماڵەیەکی کوردپەروەر و ئاینپەروەر و پێگەیەکی کۆمەلأیەتی بەرزیان هەبوو لەناوچەکەدا.

لە ساڵی ١٩٦٤ هاوسەرگیریم لەگەڵیدا کرد، پێشتریش هەردوو بنەماڵەکەمان خزمایەتییان هەبووە، هەر ئەو خزمایەتییە بووە هۆکاری پێکەوەنانی ژیانی هاوسەرییمان، چونکە شێخ جەواد لەساڵی ١٩٦١ەوە بووبووە پێشمەرگە لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری مامدا، زۆر خۆشیدەویست و متمانەی زۆری پێی هەبوو، دوای ئەوەی ناکۆکی دەکەوێتە نێوان باڵی مەلا مستەفا و باڵی مەکتەبی سیاسی، مەکتەبی سیاسی جیابوونەوە و چوون بۆ

هەمەدان لە وڵاتی ئێران، شێخ جەواد و کاکە حەمەی مامە سەلام دەگەڕێنەوە ناوچەی کەرکوك بۆ ڕێکخستنەوی ئەو کەسانەی نەچووبوون بۆ هەمەدان، ئێمەش ماڵمان هەرماوەی لە شوێنێك بووین، ماوەیەك لە بێدەر، گۆپتەپە، چەمچەماڵ، کەرکوك، گوندی کاولانی دەشتی کۆیە، دوایی ڕێکەوتنێك کرا لەنێوان مەلا مستەفا و باڵی مەکتەبی سیاسی، شێخ جەواد گەڕایەوە گوندی گۆپتەپە لەوێ بارەگای دانا.

شێخ جەواد پلەکانی پێشمەرگایەتی بڕیبوو، تا بوو بە سەرلقی چوار و کاك حەمە ئاغای برایم ئاغای کانی هەنجیر جێگری بوو، تا ساڵی ١٩٧٥ بەردەوام پێشمەرگە بوو، دواتر ئەوەبوو شۆڕشی ئەیلوول هەرەسی هێنا، لە گۆپتەپە نیشتەجێبووین تا ساڵی ١٩٧٦.

لەسەرەتای دروستبوونی شۆڕشی نوێ دا لە ساڵی ١٩٧٦ شەهید عەلی عەسکەری پەیوەندی کرد بە هەندێ کەسەوە بۆ ئەوەی خۆیان ئامادە بکەن و ببنەوە بە پێشمەرگە یەکێ لەو کەسانە شێخ جەواد بێدەری بوو، کە کاکە حەمەی مامە سەلام نامەی شەهید عەلی عەسکەری بۆ هێنابوو بۆ شێخ جەواد بێدەری بچێتە دەرەوە، شێخ جەوادیش بێ دوو دڵی و بێ ئەوەی بزانێت ئێمە (خێزان و منداڵەکان)ی چی بەسەر دێت و دەستبەجێ بڕیار دەدات، بڕوات بۆ کاری پێشمەرگایەتی، ئەوەبوو ڕۆیشت و چوون بۆ شەدەڵە و

مێرگەپان و شاخی ژیلوان، پەیوەندی کرد بە شەهید عەلی عەسکەرییەوە، کاک خەلیل بێدەریشی لەگەڵ بوو. ئەوان بوون بە پێشمەرگە و کەوتنە گەڕان دێ بە دێ بۆ خۆناساندنیان و هۆشیارکردنەوەی خەڵك لە پێویستی دروستبوونەوەی شۆڕش و پێشمەرگایەتی، دیارە لەو سەردەمەدا کاری پێشمەرگایەتی زۆر سەخت و گران بوو، چونکە پێشمەرگە بە ڕۆژ نەیدەتوانی بێتە ناودێوە تەنها بە شەو دەهاتنە ناو دێ و کۆبوونەوەیان بە خەڵك دەکرد و هەندێ نان و چایان پەیدا دەکرد و دەگەڕانەوە بۆ شوێنی خۆشاردنەوەیان لە شاخەکان. ئێمەش ماڵمان لە گوندی گۆپتەپە بوو حکومەتی عیراقی (بەعس) زۆر بەوردی چاودێری ناوچەکەی دەکرد، لەبەرئەوە هەستی ئەوەیان کرد جموجۆڵی شۆڕش و پێشمەرگایەتی دەستی پێکردووە بۆیە زۆر بەتایبەتی چاودێری ئەو خێزان و ماڵانەیان دەکرد کە کەس و کاریان ببوون بە پێشمەرگە و کاری ڕێکخستنیان بۆ شۆڕش دەکرد.

ئیتر ئەوەبوو مانگی نۆی ساڵی ١٩٧٦ حکومەتی عیراق هێزێکی زۆری هێنا بۆ ناوچەکە و لە گوندی گۆپتەپە ئێمەیان گرت، خۆم و سێیان لە منداڵەکانم (مەحمود پێشمەرگە بوو لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا شەهید بوو، محەمەد و هێرۆ و دایکی شێخ جەوادیشم لەگەڵ بوو (ئامینە عومەر مەعروف) سەرەتا بردیانین بۆ ناحیەی ئاغجەلەر، دواتر بۆ مەرکەزی پۆلیسی چەمچەماڵ لەوێ (١٥) ڕۆژ

بەندکراین، دواتر براین بۆ پاریزگای سلێمانی لەوێش (١٥) ڕۆژ بەندکراین. لەو ماوەیەدا کە لە سلێمانی بووین کۆمەڵێ خێزان و منداڵی تریان هێنا بۆ لامان، ئەوانیش بە هۆکاری ئەوەی کەسوکاریان پێشمەرگە بوو گیرابوون لەوانەی کە بیرم بێت هێنایانن، دایکی خەلیل بێدەری و براکانی، خێزان و منداڵەکانی کاک ڕەسول مامەند و کاک شەوکەتی حاجی مشیر و کاک بکری حاجی سەفەر و کاک عەلی ئاغای قەلاّدزێ و کاک محەمەدی حاجی مەحمود و کوێخا ڕەسوڵی بێتواتە و کاک حامیدی حاجی غالی و شەهید حەمە غەفور و هتد. خێزان و منداڵی پێشمەرگەی ترمان زۆر لەگەڵ بوو.

لە سەرەتادا لە ژوورێکدا بووین زۆر بچوك بوو زیاتر لە ٦٠ بۆ ٧٠ کەسی تێدا بوو، ژیانێکی زۆر ناخۆش و خراپ و کولەمەرگیمان هەبوو، پاش ئەوەی زۆرترین کەسوکاری پێشمەرگەیان گرت، پاشان ئێمەیان برد بۆ پارێزگای ناسریە، لەوێ کردیانینە هۆڵێکی (قاعە)ی گەورە، دەیان وت ئەم شوێنە شوێنی بەخێوکرنی حوشترە، سەری هۆڵەکە بە چینکۆ گیرابوو، زۆر گەرم بوو، حاڵمان زۆر خراپ بوو، یەکسەر لەوێ ئەوانەی تەمەنیان لەسەروو (١٥) ساڵییەوە بوو لە ئێمەیان جیاکردەوە و بردیانن بۆ شوێنێکی تر. ئەوەی بیرم بێت کاک حاجی مشیری باوکی کاک شەوکەتیان لای ئێمە هێشتەوە، لەبەر ئەوەی پیاوێکی بە تەمەن بوو بۆ ئەوەی

ئاگای لە ژن و منداڵەکان بێت ئەگەر ئیشێ یان پێویستییەکی ناو زیندانمان هەبووایە بە کاك مشیرمان دەوت ئەویش بە پاسەوانەکانی دەوت.
بۆ ماوەی ٣ مانگ خۆشۆردنیش نەبوو، ڕشك و ئەسپێ بێزاری کردبووین، ئەو نان و ئاوەی پێمان دەدرا زۆر پیس بوو، پڕبوو لە کرم، لەبەرئەوەی هیچ چاودێرییەك لەسەر زیندانییەکانی ڕژێمی بەعس نەبوو، کەسێ نەبوو بەرگریمان لێ بکات، بۆیە جەلادەکانی زیندان هەڵسوکەوتییان زۆر خراپ بوو لەگەڵماندا، دەیانجار خواردنی بەسەرچوویان پێدەداین، یاخود لەڕێی سەرنجەوە (دەرزی) ژەهرییان دەکردە ناو میوەوە (میوەکانیش کامەیان خراپ بوو ئەوەیان بۆ ئەهێناین) بە تایبەت پرتەقاڵ .
ئێمە کە گیراین هیچمان دادگایی نەکراین، تاکو بڵێین بە ڕێگای یاسایی گیراوین یان حوکم دراوین. هۆکاری دەستگیرکردنمان ئەوە بوو کە هاوسەرەکانمان پێشمەرگە بوون و ڕۆڵێکی دیاریان هەبوو لەناو شۆڕشدا. داواکاریی حکومەت تەنیا ئەوە بوو هاوسەر و کەسوکارەکانمان واز لە شۆڕش بێنن و بێنە ناو حکومەتەوە (ڕژێمی بەعس)، کە بە شێخ جەواد دەڵێن حکومەت مەرجی ئەوەیە واز لە پێشمەرگایەتی بێنن و بێنە ناو حکومەتەوە یەکسەر دایك و خێزان و منداڵەکانت ئازاد دەکرێن، شێخ جەواد دەڵێت ئەگەر لە یەك کاتدا هەموویان لە سێدارە بدەن، من

دەسبەرداری پێشمەرگایەتی و شۆڕش نابم و وازناهێنم و نایەمە ناو حکومەتی بەعس، مەگەر بە مردوویی لاشەکەم بەرنە ناو حکومەت، بۆیە حکومەت لەو ماوەیەی کە ئێمە لە زیندان بووین نائومێد بووین لەوەی کەسوکارمان بێنە ناو حکومەتەوە، بۆیە کەسمانیان ئازاد نەدەکرد. لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ ١٩٧٨ کە ماوەی دووساڵ زیاتر ئێمە زیندانی کراین، یەك دوو جار خزموکەسوکارمان توانیبوویان هەواڵمان بپرسن، ئەو ماوەیەی کە ئێمە لە زیندان بووین جموجۆڵی شۆڕش زیادی کردبوو خەڵکێکی زۆریش پەیوەندییان بە شۆڕشی نوێوە کردبوو و ببوون بە پێشمەرگە، ڕۆژ بە ڕۆژیش ژیانمان ناخۆشتر دەبوو، زیاتر گوشارییان دەخستە سەرمان بۆ ئەوەی کەسوکارمان ئەو وەزعە ناخۆشەی ئێمە ببیستنەوە و واز بێنن و بگەڕێنەوە ناو حکومەت، بەڵام هیچ سوودی نەبوو کەسیان وازیان لە پێشمەرگایەتی نەهێنا و نەگەڕانەوە، لەو ماوەیەی کە لە زیندان بووین هیچ هەواڵێکی شێخ جەوادمان نەدەزانی. دواتر دوای ئازاد بوونمان بە لێبوردنی گشتی "عفو عام" ئینجا خۆی بۆی باسکردین کە چی بەسەر هاتووە و چەند جارێك چونەتە سوریا بۆ هێنانی چەك و تەقەمەنی و کەل و پەل بۆ شۆڕش، تەنانەت جارێکیان لە سەفەرەکەیاندا توشی شەڕ دەبن، ملازم حەسەن خۆشناو و چەند پێشمەرگەیەك شەهید دەبن و شێخ جەوادیش بریندار دەبێت و دەچێتە سوریا.

جارێکیتریش چووبوون بۆ تورکیا بۆ هێنانی جیهازێکی ئیزگەی رادیۆ، جیهازەکەیان هێنا و ئەوە بوو بۆ یەکەمجار بوو ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانیان دامەزراند لە نۆکان، ئیتر بەو شێوەیە بەردەوام بوو لە خەباتی پێشمەرگایەتی تا دواجار هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان دەڕۆن بۆ تورکیا و سوریا بۆ هێنانی کەل و پەل و چەك بۆ شۆڕش، لە ڕێگادا توشی کارەساتی هەکاری دەبن، لەوێ بەشێکی زۆری هێزەکە شەهید دەبن و بەشێکیان بە دیل دەگیرێن لە ناویاندا "مامم" شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و شێخ حسێن بابە شێخ شەهید دەکرێن، ئەو مێژووەش لە بەڵگە نامەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا ئیدانە کراوە و ئاماژە بە خیانەتەکانی ئەو شەڕە کراوە.

بەشێکی تری هێزەکە پاش چەندین ڕۆژ و شەو شەڕ و پێکدادان و نەبوونی تەقەمەنی و برسێتی و سەرما، نائومێد بوونیان لەوەی هیچ شتێکیان پێ بگات و حکومەتی عیراقیش چوار دەوریان دەگرێت و بە دیل دەگیرێت و ڕەوانەی ئەمنی عامەی بەغدا دەکرێت، دواتر ڕەوانەی ئەمنی کەرکوك دەکرێن و لەوکاتەدا بەر لێبوردنی گشتی دەکەون و دەگەڕێنەوە ناو کەس و کارییان، ئێمەش بە ماوەیەکی کەم دوای کارەساتی هەکاری ئازاد کراین و گەڕاینەوە ناحیەی ئاغجەلەر.

کارەساتی هەکاری مێژووەکەی لە زۆر شوێن ئاماژەی پێکراوە، لەوانە لە کتێبی (پیاونامە – گوڵبژێرێکی ژیاننامەی شەهیدی نەمر عەلی عسکەرییە) و کتێبی (ڕۆژمێری پێشمەرگەیەك – چاپی ١٩٩٩ – محەمەدی حاجی مەحمود) و کتێبی (کارەساتی هەکاری – نەوشیروان مستەفا)

دواتر لە ساڵی ١٩٧٩ لە ناحیەی ئاغجەلەر نیشتەجێبووین، "خێزانی دووەمی "فەهیمەخان"ی گواستەوە و دوای ماوەیەکی کەم پەیوەندی کردەوە بە شۆڕش و کاری ڕێکخستنی ناو شاری پێ سپێردرابوو، کە لە ڕێی کاك شێخ عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی شەدەڵە بوو. دوو سێ جار چوو بۆ سەرگەڵوو مام جەلالی بینیووە و پێی وتبوو وەکو ڕێکخستن جارێ لەناو شاردا بمێنەوە تا کاتێکی دیاریکراو، تا ئەو کاتەی بڕیار ئەدرێت بچێتەوە شاخ، بەڵام ئەوکاتەی کە لەناو شاردا ئیشی ڕێکخستنی دەکرد حکومەت هەستی پێکرد بوو، چەندجارێك بانگ کرا بۆ دائیرەی ئەمن و لێپرسینەوەی لەگەڵ دەکرا و دەبوایە ناو بە ناو سەردانی دائیرەی ئەمن بکات، تاکو لەژێر چاودێری حکومەتدا بێت، بەڵام شێخ جەواد بەردەوام بوو لە جێبەجێکردنی کاری ڕێکخستن و کۆڵی نەدەدا بۆ حکومەتی بەعس. ئەوەندەی من ئاگاداربووم هەندێك کات شەوان کارەبا دەبڕا لە ئاغجەلەر بە پلانی شێخ جەواد بێدەری و شەهید حەمە غەریبی برازای بوو شۆرتی

کارەبایان دروست دەکرد (تەلیان هەڵدەدایە سەر وایەری کارەباکان) تاوەکو بتوانن لە تاریکی شەودا ئەو نوسراو و بەیاننامانەی کە لە شاخەوە بۆیان دەهات هەڵیان دەواسی لەسەر دیوارەکان و جار جارەش شەوان دەچوو بۆ گوندەکان بۆ کۆبونەوە و بینینی ئەو مەفرەزە پێشمەرگانەی لە ناوچەکەدابوون، بە زۆری دەچوو بۆ بێدەر (زێدی باو و باپیرانی خۆی) ساڵی (١٩٨٢) شەوێ چوو بۆ بێدەر بۆ بینینی کاک شالاو عەلی عەسکەری (ئامۆزام) شێخ جەعفەری حاجی شێخ ئەبوبەکری بێدەریشی لەگەڵ بوو. دواتر مامۆستا لەتیفی برام و مەلا عوسمان خەڵکی گوندی گەڕگەڕ بوو، لە لایەن دائیرەی ئەمنی ئاغجەلەرەوە دەستگیر کران و ڕەوانەی دائیرەی ئەمنی سلێمانی کران، پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر هیچ نهێنیەکی شۆڕشیان نەدرکاندبوو، دواتر بە هەوڵ و ماندوبوونێکی زۆر لە لایەن کەسوکار و خزمانەوە ئازاد کران.

دواتر فەرمانی گرتن بۆ شێخ جەواد دەرچوو بۆیە ئەویش خزم و کەسوکاری کۆکردەوە و پێی وتن کە حاڵی من ئاوهایە فەرمانی گرتنم بۆ دەرچووە و دەزانم بگیرێم بە ئاسانی ئازاد ناکرێم، چیتر ناتوانم کاری ڕێکخستنی ناوشار بکەم، بۆیە بڕیارم داوە بڕۆمەوە شاخ و خەباتی پێشمەرگایەتی دەس پێ بکەمەوە و پەیوەندیم کردووە بە مام جەلالەوە لە ڕێگەی شێخ عەبدولکەریمی

شەدەڵەوە. ئەوە بوو لە ساڵی ١٩٨٦ چوینە دەرەوە، سەرەتا ڕۆیشتین بۆ گوندی کانی بی و گەورەدێ، دواتر ڕۆیشتین بۆ گوندی بێدەر، ماوەیەك لەوێ بووین، دواتر چووینە گوندی گۆپتەپە لەوێ نیشتەجێبووین، لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ خزم و کەس و کار پەیوەندییان پێوە کردو بوونە پێشمەرگە لەگەڵیدا، هێزێکی دروست کرد لە ناوچەی سنوری قەڵاسێوکە و ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە سکرتاریەتی هەڤاڵ مام جەلالەوە هەبوو، دواتر تیپیی ٢٩ی کەلکەسماق دروست کرا، کاك شێخ هاوڕێ ی کاکە حەمەی مامە ڕەزا کرا بە فەرماندەی تیپ، شێخ جەواد پەیوەندی کرد بە تیپی کەلکەسماقەوە، بەردەوام لە کاری پێشمەرگایەتی و بەشداری چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی دەکرد، ئەوە بوو لەشەڕی سەرکردایەتی لە ناوچەی سەرگەڵو و بەرگەڵو کە حکومەتی عیراقی ناوی لێ نابوو ئەنفالی یەك، زۆرترین هێز و چەکی قورس و فڕۆکەی تێدا بە کارهێنا و چەکی کیمیایشی تێدا بەکارهێنا، ئەوەبوو هێزی پێشمەرگە پاشەکشێی کرد بەرەو سنوری عیراق – ئێران لە گوندی شاناخسێ لەویش حکومەتی عیراقی بەردەوام بە دوای هێزی پێشمەرگەوە بوو، بە چەکی کیمیای هێرشی کردبووە سەریان لەوێ شێخ جەواد بێدەری بەر چەکی کیمیای دەکەوێت و بەسەختی بریندار دەبێت و کاك ئەنوەر شوانیش لەگەڵی دەبێت و بریندار دەبێت، بۆ چارەسەر

ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران دەکرێن لە ئەصفەهان و تەبرێز، دوای ٤١ ڕۆژ لە وەرگرتنی چارەسەر، لە ڕێگای قاسمەڕەشەوە گەڕایەوە لامان، خزم و کەس و کاری زۆر سەردانیان دەکرد و دەهاتن بۆ لای بە هۆی ئەوەی بریندار بوو هەواڵیان دەپرسی.

دوای ئەوەی حکومەتی عیراقی قۆناغەکانی تری ئەنفالی دەس پێکردبوو لە ناوچەی قەرەداغ و گەرمیان، حکومەت بە شێوەیەکی زۆر دڕندانە هێرشی بۆیان برد و ناوچەکەش چۆڵ کرابوو، بەشێکی زۆری خەڵکی ناوچەکە بەر شالاّوی ئەنفال کەوتن و بەشێکیان هاتبوونە ناوچەکەمان.

دواجار لە ئێوارەی ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ کە ١٧ی ڕەمەزان بوو، بە ڕۆژوو بووین، حکومەت بە فڕۆکە هێرشی کیمیایی کردە سەر گوندی گۆپتەپە و عەسکەر، ئێمە لەوکاتەدا لەسەر زێی بچوك بووین لەگەڵ خێزان و مناڵەکانی مامۆستا لەتیفی برام، چونکە سروشتی ناوچەکە وابوو هەرکەس لەسەر زەوی خۆی خانووی دروست کردبوو، لە ناو دێی گۆپتەپە کەمترماڵی تێدا بوو بۆ ئەوەی لە کاتی هێرشی فرۆکەدا کەمترین زیانمان بەربکەوێت، ئێمە لە ڕەندی خان خانوومان دروست کرد بوو، سێ ڕەند هەن لە گۆپتەپە ئەوانیش ( شانزادە – چەمە خڕکە – ڕەندی خان) کە فڕۆکەکان هاتنە سەر ئاسمانی گۆپتەپە، تەماشای ناو دێم دەکرد، بینیم یەکێك لە بۆمبەکان بەر ماڵی باوکم (شێخ عەبدولقادر)

کەوت، لەبەر خۆمەوە وتم ئەوە بۆمبی کیمیاییە ئێستا ماڵی باوکم هەموویان لە ناوچوون، چونکە پێشتر حکومەتی عیراقی چەکی کیمیای لە ئەنفالی یەك و ئەنفالی دوودا بەکارهێنابوو، هەڕەشەی ئەوەی کردبوو لەهەر شوێنێك پێشمەرگە بەرگری بکات بە چەکی کیمیای لێی دەدات، لەگەڵ ئەوەشدا حکومەت زێی بچوکی کە لە شارۆچکەی دوکانەوە دەهاتە خوارەوە ئاوێکی زۆری بەردابۆوە بۆ ئەوەی هیچ کەس و پێشمەرگەیەك نەتوانن هاتوچۆ بکەن بۆ بەری کۆیە و خۆیان دەربازبکەن، پێشتر لەڕێی کەڵەکەوە (بەلەمی بچوك) هاتوچۆیان دەکرد و پردێکیش دروست کرابوو پێشتر بە دار و تەلی کارەبا خەڵك پیایدا دەپەڕیەوە بۆ بەری کۆیە و دەوروبەری و بە پێچەوانەشەوە، بەڵام بە هۆی زیادکردنی ئاوی زێی بچوکەوە ئەو پردەش ئاو بردی کە بەداخەوە کۆمەڵێ کەس کە لە ئەنفالی یەك لە گوندی قەمچوغە ڕزگارییان ببوو هاتبوونە گۆپتەپە ویستبویان لەو پردە بپەڕنەوە، بەڵام لەوکاتەدا پردەکە ئاو دەیبا و وابزانم هەشت کەس بوون بە داخەوە خنکان و شەهید بوون.

دواتر کەمێکی پێچوو، ئێمەش کە ماڵمان لای سەرەوەی دێیەکە بوو خۆشم ئاو بە چاوەکانمدا هاتە خوارەوە و مناڵەکانم و ئەوەی لەو ناوە بوون، هەمووی بۆنی کیمیاییەکەیان کرد و گەیشتە لای ئێمە، ئێمە سەرەتا ئاگرێکی گەورەمان کردەوە لە دەوری دانیشتین، چونکە دەیان وت لەکاتی بەکارهێنانی چەکی کیمیایدا

ئاگر بکەنەوە یا دەموچاوتان بە پەڕۆیەکی تەڕ دابپۆشن کەمتر کاریگەری دەبێت، بەھەرحاڵ ئەوەی پێمان کرا بۆ خۆپاراستن لە چەکی کیمیایی کردمان، بەڵام بەلای ئێمەوە ڕۆژی حەشر بوو، چونکە یەك پارچە گریان و ناڵەی بریندار دەھات ھەر کەسە وخەمی خۆی بوو چۆن خۆی ڕزگار بکات، چونکە دەمانزانی بۆ بەیانیەکەی (١٩٨٨/٥/٤) حکومەت بە پیادە ھێرش دەکات و دەس ناپارێزێت لە ھیچ کەسێك و ھەر کەسێك بگرێت یا دەیکوژێ یا ئەنفالی دەکات، من لەوە دڵنیا بووم کە شێخ جەواد چووبوو بۆ گوندی داڵەوای خواروو بۆ ھەندێ ئیش، بەڵام کە بیستبووی حکومەت بە چەکی کیمیایی لە گوندی گۆپتەپەی داوە، دەستبەجێ دەگەڕێتەوە بۆ گۆپتەپە بۆ ھەواڵی خێزان و منداڵ و کەسوکارەکەی، سەرەتا چوو بووە ناودێ ھەندێ کەسی دیبوو، ھەندێ قسەی بۆ کردبوون دواتر لای ئەشکەوتی دوو ڕووگە ھاتبووە خوارەوە بۆ سەر زێیەکە، سەرەتا چووبوو بۆ لای ماڵی باوکم بینیبووی زۆربەیان شەھید بوونە، ئەوەی پێی کرابوو بۆیان کردبووی، چونکە باوکم و دوو برام و ھەندێك لە منداڵەکان بریندار بووبوون و دواتر بە ڕێ دەکەوێت بۆ لای ئێمە بێتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە باران زۆر باریبوو ڕەز و باخ و دەغڵ و دان و بەرھەمی جوتیار زۆر جوان گەشەی کردبوو، گژوگیایەکی زۆر سەوز ببوو، ئەو بۆمبە کیمیایانەی لای ماڵی باوکمی دابوو،

تۆزەکەی بەسەر گژو گیایەکاندا مابۆوە  بۆنەکەشی زۆر بلاْو ببۆوە.
ئەوکاتە شێخ جەواد دەیەوێت بێتەوە بۆ لامان بە ناو هەندێ لە باقلە و گژوگیادا دێت، بەلاْم ئەو تۆزەی کە لەسەر پاقلە و گژو گیاکە نیشتبوو بەر گیانی دەکەوێت، بە داخەوە ١٠٠مەترێ لە ماڵی باوکم دوور دەکەوێتەوە، بە کاریگەری ئەو تۆزە و بۆنێکی زۆری بۆمبە کیمیاییەکە شەهید دەبێت. ئەوەی کە باسم کرد دواتر هەندێ کەسم بینی کە شێخ جەوادییان لەناو دێ و ئەشکەوتی دوو ڕووگە بینیبوو بۆیان گێڕامەوە، بەلاْم هەر بڕوامان نەدەکرد.
لە گوندی گۆپتەپە زیاتر لە ٣٥٠ کەس لە خەڵکی دێ و پێشمەرگە بەر چەکی کیمیای کەوتن و ئەنفال کران، ماڵی باوکم زۆرترین زیانی گیانییان بەرکەوت زیاتر لە ٢٠ کەس لە خانەوادەکەم شەهید بوون.
ئێمە تا درەنگانی شەو بەیەکدا دەهاتین و هات و هاوارمان بوو، کەس فریای کەس نەدەکەوت. لەوە دڵنیابووین کە شێخ جەواد ناگاتە لای ئێمە، کوڕە گەورەکەشم کە ناوی (مەحمود) بوو لامان نەبوو لە گوندی بێدەر بوو، بۆیە لەگەڵ خاتوو فەهیمە خێزانی دووەمی شێخ جەواد و محەمەدی کوڕم بڕیارماندا ئەو ناوچەیە چۆڵ بکەین و بڕۆین بەرەو ئایندەیەکی نادیار کە نازانین چۆن

بڕۆین بۆ کویێ بڕۆین، چۆن ئەوها کەس و کار و ماڵ و حاڵمان جێبهێڵین، ئەوە بوو دەوری سەعات ١٢ی شەو لەگەڵ مناڵەکان و مناڵەکانی مامۆستا لەتیفی برام کەوتینە ڕێ، یەکی هەندێ نان و جل و بەرگ و هەندێکی کەمی پێداویستیمان هەڵگرت ڕۆیشتین بەرەو ناودێ، هەر لەوکاتەدا ڕووناکی برازام لێمان دابڕا تا ئیستاش بێسەر و شوێنە و چارەنوسی نادیارە، لە ڕێگەدا توشی دەیان بریندار و پەککەوتە بووین کە هاوارییان دەکرد، بەڵام کەس توانا و دەسەڵاتی ئەوەی نەمابوو هاوکارییان بکات، نزیکەی سەعات ٣ی بەرە بەیان گەیشتینە گوندی کانی هەنجیری برایم ئاغا لەوێ کاك شێخ عەتاری کانی هەنجیر "یادی بەخێر" دواتر ئەنفال کرا، ئێمەی بینی بە کوڕەکانی وت دەی خێرا تراکتۆرێك بۆ خێزان و مناڵەکانی شێخ جەواد دەرکەن و بیانبەن بۆ شوێنێکی ئارام، دەمەو بەیانی گەیشتینە گوندی مامڵێسی چوینە ماڵی شێخ جەوادی برازای شێخ جەوادی هاوسەرم، دیار بوو ئەوانیش تازە ماڵیان چۆڵ کردبوو لەبەر ئەوەی نان و چایی بەیانی دانرابوو هێشتا گەرم بوو، ئێمەش دانیشتین و هەندێ نان و چامان خوارد، ئینجا دەرچووین لەو دێیە و بەرەو هەڵەتەکانی مامڵێسی و ئەسکەندەربەگی لەوێوە بەرەو ئەشکەوتەکانی گوندی بێدەر، سەرەتا چووینە ئەشکەوتی کەردز لە بێدەر، لەوێوە بۆ چەمی ئیڵنجاخ و تەوەکەڵ، دوای حەوت ڕۆژ و شەو نائومێد

بوونمان لەوەی جارێکیتر ناگەڕێینەوە بۆ زێدی خۆمان، بۆیە بە ناچاری شەوێ دەمەو بەیانی چووینە ناو شارۆچکەی تەکییەی "سەر بە قەزای چەمچەماڵ"، هەر سێ چوارێکمان خۆمان کرد بە ماڵێکدا لەبەر ئەوەی ئێمە زۆر بووین نەمان دەتوانی بەیەکەوە بچینە ماڵێك، کە چووینە ماڵەکانەوە خاوەن ماڵەکان زانییان خەڵکی ئاوارەین و لە ترسا چوینەتە ماڵیانەوە یەکسەر نان و چایان بۆ ئامادە کردین، ڕێزێکی زۆریان لێگرتین، وتیان بچنە حەمام خۆتان بشۆن، چونکە بۆنی کیمیاییمان لێ دەهات. دوای پشوودانێکی کەم و هەڵاتنی رۆژ، لەو ماڵانە جوابمان نارد بۆ کەس و کار و خزمان کە ئێمە لەناو تەکیەین، ئیتر کەس و کار و خزمان هاتن بردیانین و دابەشیان کردین بەسەر ماڵەکاندا، چونکە لەوکاتەدا حکومەت چاودێری خەڵکی دەکرد، هەندێکمان چووین بۆ چەمچەماڵ و هەندێکی بۆ سلێمانی و بەوجۆرە خۆمان دەشاردەوە لە دائیرەی ئەمنی حکومەت، ئینجا خزمان پێیان وتین کە شێخ جەواد شەهید بووە، بۆیە بۆ ئێمە و مناڵەکان کارەساتێکی زۆر جەرگ بڕ و ناخۆش بوو، چونکە شێخ جەواد و مەحمودی کوڕە گەورەم تیا چووبوون، لەوکاتەشدا حاڵ و گوزەرانمان زۆر خراپ بوو، لەبەر ئەوەی هەرچیمان هەبوو بە جێمان هێشتبوو، لەگەڵ ئەو هەموو کارەسات و نەهامەتی و خراپییەی باری گوزەرانمان بەردەوام لە لایەن دائیرەی ئەمنەوە

چاودێری دەکراین، تەنانەت نەقیب عەبدولا ناوێك كە ئەوكات مستەشار بوو، دووجار مەفرەزەی تەواری ناردە سەرمان لە گەڕەكی پیریادییەكان لە كۆمەڵگای شۆڕش داوای ئەو چەكانەی دەكرد كە كاتی خۆی شێخ جەواد لە حكومەتەوە بردبوونی بۆ ناو شۆڕش. دەبوایە چەند هەفتە جارێك شوێنی نیشتە جێبوونمان بگۆڕین، محەمەدی كوڕیشم كە پێشمەرگە بوو، هاتبۆوە بۆ ناو شار، هەر ڕۆژەی لە شوێنێ خۆی دەشاردەوە، تا دواجار لە ڕێی هەندێ خزمەوە چوو بۆ سلێمانی لەوێوە بۆ شاری ڕانییە لەوێ ماوەیەك مایەوە تاوەكو حكومەت توندوتیژی كەم كردەوە، ئینجا حكومەت زەوی دا بە كەسوكاری ئەنفالكراوان لە ئۆردوگا زۆرەملێكان، بۆ ئەوەی كۆیان بكاتەوە و بە ئاسانی لە ڕێگای دام و دەزگا جاسوسییەكانی خۆیەوە چاودێریمان بكات كەچی دەكەین، هەر لەو سەردەمەشدا چەندین ڕەشبگیری دەكرد و چەندین كەسی بێتاوانی دەگرت و لە ناوی دەبردن. جارێكیان لە مانگی ١٩٨٨/٩ منیش گیرام، بەڵام لە ڕێگای عیمران ناوێكەوە كە زانیتی خێزانی شێخ جەواد بێدەریم و پێشتریش لە ناحیەی ئاغجەلەر دراوسێش بووین، بە دزییەوە لەو پاسەی كە ئامادەكرابوون زیندانییەكانیان تێدەكرد، دایگرتم و وتی بڕۆ خێرا لەم ناوە مەمێنە خۆت بشارەوە، پاش وەرگرتنی زەوییەكەمان لە ئۆردوگای زۆرەملێی شۆڕش لە پیرادییەكان، بە هاوكاری خزمان

خانوویەکی سادە و ساکارمان دروست کرد تێیدا نیشتە جێبووین .

بەکورتییەکەی شێخ جەواد پیاوێکی جوامێر و ئازا و چاونەترس بوو، پیاوێکی قسە خۆش و هەمیشە دەم بە پێکەنین و ڕوخۆش بوو، زۆر بە خەمی خزمایەتیەوە بوو ، پەیوەندی زۆر پتەوی لەگەڵ خزماندا هەبوو، هەمیشە پرس و ڕاوێژییان پێ دەکرد، لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری مامدا پەیوەندییەکی زۆر پتەوییان هەبوو، زۆر متمانەیان بە یەکتر هەبوو ئەگێڕنەوە جارێکیان لە شەڕێکدا چووبووە بەردەم شەهید عەلی عەسکەری پێی وتبوو ئەو فیشەکانەی بۆ تۆ دێت با بەر من بکەوێت، واتا خۆشەویستییان ئەوەندە زۆر بوو ئامادەبوو خۆی بە کوشت بدات لە پێناویدا. روحیان شاد و خوای گەورە بە بەهەشتیان شاد بکات.

# شێخ جەواد بێدەری
# بزوێنەری شۆڕشی نوێی کوردی

**عەبدولکەریم حاجی**

من ئەمەوێ لەوەوە دەست پێبکەم کە یەکەمین جار شێخ جەواد بێدەریم بینی ساڵی ١٩٦٣ بوو، لە هەڵەدن یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی لەگەڵ شەهید عەلی عەسکەری دا بوو، شەهید عەلی عەسکەری ئەوکات تازە بووبووە فەرماندەی هێزی خەبات، بەڵام پێشتریش شێخ جەواد هەر پێشمەرگە بووە لە بنکەی گەڵناغاج، ئەوکاتەی من بینیم گەنجێکی بەخۆو تەندروستییەکی باشی هەبوو، بەڵام بەردەوام وریا و ڕوخۆش و قسەخۆشبوو، بەهۆی خزمایەتیشەوە زیاتر تێکەڵاوییمان هەبوو، چونکە "حەپسەخان"ی خێزانی ئەکاتە پورزای من و برازای شەهید عەلی عەسکەری. شێخ جەواد هەر لە سەرەتای شۆڕشی ئەیلوولەوە پێشمەرگە بووە، هەتا ساڵی ١٩٧٥ کە ئەوکات بەهۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلولەوە چوبووینە ئێران، ساڵی ١٩٧٥ من و شێخ جەواد و ژمارەیەکی زۆر لە پێشمەرگە هاتینەوە دیوی کوردستانی عیراق، من نەفی کرام بۆ باشوری عیراق، شێخ

جەوادیش لە سنوری قەلاٌسیٚوکە مایەوە و خەریکی کاروکەسابەتی خۆی بوو، لە دروستبوونەوەی شۆڕشدا شەهید شیٚخ جەواد یەکیٚك بووە لە ریٚکخستنە هەرە سەرەتاییەکانی بزوتنەوەی سۆسیالیستی ئەوکاتە، لە دەستپیٚکردنەوەی شۆڕشیشدا یەکیٚك بووە لە پیٚشمەرگەکانی سەرەتای شۆڕش، لەمانگی ١٩٧٦/٨ پەیوەندی کردۆتەوە بە مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە، بووە بە یەکیٚك لە پیٚشمەرگە چالاكو وریاکانی یەکیٚتی لەگەلٚ شەهید عەلی عەسکەری بوو، کە ئەوکات شەهید عەلی عەسکەری فەرماندەی گشتی هیٚزی پیٚشمەرگەی کوردستان بووە.

شەهید شیٚخ جەواد بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی کردووە، لەکۆتایی سالٚی ١٩٧٧دا لەپاش شەهیدبوونی کۆمەلٚیٚك پیٚشمەرگە و مەسئولەکانی دەشتی کۆیە، شیٚخ جەواد بیٚدەری پلەی فەرماندەی هەریٚمی ئەدریٚتیٚ و ئەچیٚتە ناوچەی دەشتی کۆیە.

شیٚخ جەواد یەکیٚك بووە لەو بەرپرسانەی کە چوون بۆ هیٚنانی چەك بۆ شۆڕش لەناوچەی هەکاری، بەلاٌم بەداخەوە لەپاش کارەساتی هەکاری، ئەوەبوو بەناچاری تەسلیم بەعیراق بوونەوە و ماوەیەك دابڕان. دوای گەڕانەوەی هاتەوە لە سنوری قەلاٌسیٚوکە دانیشت، بەلاٌم هەر لە مانگی یەکەمی دوای گەڕانەوەیاندا شیٚخ

جەواد پەیوەندی کردۆتەوە بە هێزی پێشمەرگەوە. ئەو پەیوەندی تەنزیمی لەگەڵ شۆڕشدا مایەوە تا ئێمە بووینە پێشمەرگە لەساڵی ١٩٨١. یەکێك لەو کەسانەی کە ئاگاداری پەیوەندییەکە بوو و نامە و نامەگۆڕینەوە هەبوو لەنێوانماندا من بووم. ئەوکاتە من ئەندام مەڵبەندی دووی "ی.ن.ك" بووم لە بەرگەڵوو. لە ساڵی ١٩٨٤ لە مفەوەزاتی نێوان هێزی پێشمەرگەی کوردستان و حکومەتی عیراق، من بۆخۆم دووسێ جار شەهید شێخ جەوادم بینی، بینینەکان بە ئاگاداری بەڕێز مام جەلال بوو کە من پرسم پێیکرد، مام جەلال وتی: ئەوان وەکو تەنزیم جارێ لەناو شار بابمێننەوە تا کاتێکی دیاریکراو. پەیوەندییەکانمان لەچوارچێوەی کاری ڕێکخستن و کارکردن بۆ شۆڕش بەردەوامی هەبوو تا ئەوکاتەی ئیتر بڕیاردرا بێتەوە دەرێ بۆ شاخ. هاتنەکەی لەکاتێکی زۆر ناڕەحەت و سەغڵەتیدا بوو، ئەوکات دەیان پێشمەرگە و کادری ئێمە ئەڕۆیشتن بۆ ئێران و بۆ وڵاتانی ئەوروپا، لەوکاتەدا بڕیاردرا کاك شێخ جەواد پەیوەندی بکاتەوە بەهێزی پێشمەرگەی کوردستانەوە، لەوکاتەدابوو کە ئێمە چەندی پێمان بکرێ هێزەکانمان تۆکمە بکەینەوە و خەڵکی بەئەزموون و گەنج بێنە ناو هێزەکەوە. ئەوەبوو شێخ جەواد و خزمە نزیکەکانی کە ١٨ کەس بوون هاتنە دەرەوە بۆ شاخ. لەگەڵ خۆشیان ژمارەیەکی زۆر چەك و تەقەمەنی و کەلوپەلیان هێنابوو،

پەیوەندییان کرد بە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە. لەپاش دروستکردنی تیپی ٢٩ی کەلکەسماق، شێخ جەواد بووە یەکێك لە ئامر کەرتە هەرە چالاکەکانی تیپی ٢٩ی کەلکەسماق، کە ئەوکاتە کاك شێخ هاوڕێ سەرتیپیان بوو، شەهید حەمەسەعیدی سێکانیانی جێگری تیپیان بوو. لە هەموو چالاکییەکانی تیپی ٢٩ی کەلکەسماقدا بەشداریکردووە، بەتایبەتی لەو چالاکییانەی کە لە کاتی ئەنفالی یەکدا لەنێوان مانگی یەك بۆ سێ ی ١٩٨٨ و ئەو داستانانەی کە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بەرگری لەناوچەی سەرگەڵوو و مەرگە و ئەو ناوچانە ئەکرد، جەبهەکەی ئەوان لەشوێنێك بوو پێیان ئەوت "کەلێری بیرێ" لەنێوان هەڵەدن و دۆڵی شەدەڵە و مێرگەپاندا. لەو ماوەیەدا چەندین جار لەلایەن رژێمەوە هێرشیان کراوەتە سەر تەنانەت بە کیمیاییش لێیاندرا، وە یەکێك لەو کەسانەی کە بەکیمیایی بریندار بوو شێخ جەواد بێدەری بوو.

من ئەمەوێ یادگارێکی خۆشی کاك شێخ جەواد و تیپی ٢٩ی کەلکەسماق بگێڕمەوە. یەکێك بوون لەو هێزانەی کە لە یەکێك لە هێرشەکاندا یەکەمجار کە دیل گیرا، ئەوان ئەفسەرێك و نائیب زابتێك و چواردە دیلیان گرت لەپشتی هەڵەدن بەدیوی مێرگەپاندا. لەوکاتەدا بەفرێکی زۆر باری بوو، بەو چەکانەی کە گرتبوویان بە قۆناغی تفەنگەکانیان و ئەو شوێنەی دەستی پێ

ئەگــری کە داری وشکــی تیایە باش ئاگــر ئەگــرێ بەوە چایــان لێنابوو. ئەو هێزە بەو شێوەیە مانەوە، تا ئەو کاتەی هەموو هێزەکە بڕیاری پاشەکشێ درا و چووینە شاناخسێ، لەوێ کۆبوونەوە بە هێزەکە کرا، بڕیاردرا ئەو هێزانەی سنوری ناوچە دەشتاییەکان بنێردرێنەوە بۆ سنورەکانی خۆیان، بەتایبەتی ئەمان کە سنوری چالاکییەکانیان ناوچەی قەلاّسیۆکە و بەری کەلکەسماق بوو، شێخ جەواد یەکێك بوو لەو کەسانەی کە لە کۆبونەوەکە بەشداربوو. ئەوەبوو لەشانەخسێ وە چوونە قاسمەڕەش و دواتر بەرەو بناری قەندیل و پاشان لە سنوری مەڵبەندی سێ وە بەناوچەی خۆشناوەتی و دەشتی کۆیەدا گەڕانەوە ناوچەی قەلاّسیۆکە، هێزەکەیان لەوێ مایەوە تا دەستپێکردنی شالاّوەکانی ئەنفالی قەلاّسیۆکە، بەلاّم بەداخەوە لە شالاّوەکانی ئەنفالی سنورەکەدا خۆی و ژمارەیەك لە کەسوکارەکەی و خێزان و منالّەکانی لە گوندی گۆپتەپە بەر چەکی کیمیایی کەوتن، شێخ جەواد خۆی شەهید بوو، ژمارەیەکیش لە کەسوکارەکەی بەر شالاّوی ئەنفال کەوتن. بەمەش مێژوویەکی پڕ لەسەروەرییان بۆ خۆی و ناوبانگی پێشمەرگایەتی بەجێهێشت و بووە یەکێك لەو شەهیدە سەربەرزانەی لە کوردایەتییدا هەمیشە ئەبێ ئاماژەی پێ
بکرێت. لەلایەکی ترەوە، بەبۆنەی ئەوەی کە شێخ جەواد خەڵکی

بێدەرە، ئەبێ ئێمە مێژووی گوندی بێدەریش لەبەرچاو بگرین، بێدەر گوندێکی بچوکە لە قەڵاسێوکە، بەڵام سەرەڕای بچوکی خۆی ژمارەیەکی زۆر لە تێکۆشەر و فەرماندە و کادر و پێشمەرگە و پیاوی کوردایەتی لێ پەیدا بووە، بەداخەوە بەشێکی زۆریان شەهید بوون و چوونە کاروانی پڕ سەروەری شەهیدان.

کۆتاجار کە من شەهید شێخ جەوادم بینی لە شاناخسێ بوو، لەپاش ئەو هێرشە کیمیاییەی کە کرایە سەر هێزی پێشمەرگە. لەوکاتەدا هێزەکان کۆئەکرانەوە، شێخ جەواد بەهۆی ئەوەی غازی خەردەلی بەرکەوتبوو تەندروستی باش نەبوو، بەڵام لەتوانای نەخستبوو، هێزەکەیان لەوێ ٥٠–٦٠ کەسێکیان مابوونەوە کە کۆکرابوونەوە، لەوێ ئەملاولای شێخ جەوادم ماچ کرد و خواحافیزیمان لەیەکتر کرد، ئەوەبوو بەڕێکران بۆ بناری قەندیل، ئەوە دواهەمین یەکتربینینمان بوو.

لەو کاتەی کە قەڵاسێوکە بەر چەکی کیمیایی کەوت، من و چەند پێشمەرگەیەکی کەم لەشاناخسێ وە چووبووینە سنوری ماوەت بۆ ئەرکێکی شۆڕش و دانانی مقەڕێکی پارتیزانی لە دۆڵی شێخ محەمەد بە فەرمانی شەخسی کاک نەوشیروان، ئێمە لەوکاتەدا لە ١٩٨٨/٥/٣ هەواڵی ئەوەمانزانی کە قەڵاسێوکە بەرچەکی کیمیایی کەوتووە و خەڵکەکەی ئەنفالکراون، بەڵام بەدیاریکراوی تا هاتنی ئەو تاکە تاکەی خەڵکەی کە ڕزگاریان بووبوو ئێمە وردەکاری و

تەواوی ڕوداوەکانمـان نەئەزانی کە چی بووە و چۆن بـووە و کـێ بەر چەکی کیمیایی کەوتووە.
بەدڵنیاییەوە شەهید شێخ جەواد و ئەوانەشی لەگەڵیدا بوون، جگە لە خەسارەی ڕوحی بۆخۆیان و خێزان و کەسوکاریان، خەسارەی ئەوان زۆر مەزن و گەورە بوو، ئەو خەسارەتەی ئەوان بەقەدەر شانازی و سەربەرزییەکانە کە ئێستا ئێمە باسی ئەکەین.

# شێخ جەواد بێدەری
# پیاوی ڕۆژە سەختەکان

**عەلی وەسمان سالّح بابەکر (ئاسۆ)**

**لە ١٩٧٧/١١/٢٠ بووم بە پێشمەرگە، لەکەرتی دوو لە هەرێمی چواری دۆڵێ. لەگەڵ هاتنی شێخ جەواد بۆ گەشتەکەی هەکاری ناسیم، پێشتر ئەمناسی لە پێشمەرگایەتی، بەلاّم ئەو ناسینە نەبوو کە لە نزیکەوە بیناسم، کە هەموو هێزەکان هاتنە سەرکردایەتی و هەموو لە دەوری کاك عەلی عەسکەری کۆبوونەوە، لەبەرئەوەی کاك عەلی بەرپرسی ڕەتڵی دوو بوو، کاك شێخ جەواد بێدەری فەرماندەی هەرێمی دووی چەمی ڕەزان بوو، سنوری پارێزگای کەرکوك و سلێمانی و گەرمیان لەو ڕەتڵەدا کۆببوونەوە، ئێمەش ئەو ڕۆژانە ئەرکی ترمان ئەبینی لە بارەگای سەرکردایەتی لە نۆکان و ناوزەنگ. لەو شوێنانە کە بەرنامە دانرا بۆ ڕۆیشتنی هێزەکان بەرەو سوریا، لەوێ بەخزمەتی شێخ جەواد گەیشتم، بڕنەوێکی دارشوشەی پێ بوو، زۆر حەزم لە بڕنەوەکەی بوو، زۆرم بڕنەوەکە خۆش ئەویست، شتێکی زۆر جوان و نایاب بوو، کە**

شەهید شێخ جەواد ئەو بڕنەوەی پێ بوو، ڕەنگە بتوانم تاکە چەکی جوان بوو لەو هێزەدا و لەو سنورەدا کە بە شەهید شێخ جەواد بوو. لە ڕۆیشتندا زۆربەی کاتەکان ئێمە لە نزیك کاك عەلی عەسکەری بووین، تا گەیشتینە ئەو ناوچەیەی پێی ئەڵێن ناوچەی سێ سنور، شەڕ لەگەڵ قیادەی موەقەتە دەستی پێکرد، شێخ جەواد دەورێکی زۆر سەرەکی هەبوو، پیاوێکی زۆر قارەمان بوو، زۆر خۆڕاگر و بە ورە و مەعنەوییەت بوو، هەر جەبهەیەك هەر قۆڵێك شەهید شێخ جەوادی تیابوایە لەسەدا سەد سەرکەوتنی بەدەست ئەهێنا.

ورەی پێشمەرگە زۆر لەوە بەهێزتر بوو، هەتا لە دۆڵی خرێنێ شەڕێکی گەورە ڕوویدا کە چواردە شەهید و حەڤدە برینداری لێکەوتەوە، شەهیدەکان هەشتیان لە دەستەکەی کاك تایەری عەلی والی بوون، لەو شەڕەدا سیانزە هێلی کۆپتەرمان لەسەربوو. یەکێك لە بریندارەکان ملازم ئەنوەر بوو کە زۆر هیلاك بوو، شەهیدەکانیش یەکێکیان کاکە عەبەی مەلای گۆرانی بێژ بوو، وائەزانم ئەم دەقەیەیە کاك عەلی و شەهید شێخ جەواد وەستابوون، لە ماڵی حاجی محەمەدی لۆلان، سەرۆك عەشیرەتی لۆلان بوو، زۆر دۆستی هەڤاڵ مام جەلال بوو، زۆر دۆستی کاك عەلیش بوو، شەو گەیشتینە ئەوێ، نان و خواردنێکی زۆر و ئاژەڵێکی زۆری ئامادەکرد بوو بۆ هێزەکە، کە لە دۆڵی شێنێ و لۆلان بمێنێتەوە

تاسیٚ رۆژ ئەو هیٚزە پشوو بدات و هیٚزەکە خزمەت بکات، چونکە هیٚزەکە زۆر برسی بوو دەمیٚك بوو بەڕیٚگاوە بوو، هەتا لە کیٚلەشین زۆر نایەتەوە یادم سیٚ بۆ چوار پیٚشمەرگەمان لیٚ ڕەق بووەوە، یەکیٚکیان خەڵکی زیٚویٚ ی پیرەمەگرون بوو، ئەوە لە یادم دیٚ هاتینە خواریٚ لە دەشتاییەکدا خیٚمەیەکی تەعاونی ئیٚران هەڵدرابوو، کە مەڕیان ئەهیٚنا بۆ کویٚستانەکان، برنج و ئارد و ڕۆنیٚکی زۆری لیٚ بوو لەگەڵ شەکر، هەموویان کرد بە حەڵوا، کاك عەلی عەسکەری و کاك شیٚخ جەواد دابەشیان کرد، هەریەکە و دوو یان سیٚ کەوچکیان ئەدا بە پیٚشمەرگە، ئەمە کۆتایی مانگی پیٚنجی ساڵی ١٩٧٨ بوو، لەو سنورە کە تازە دار چرۆی کردبوو، بەفریٚکی زۆر باریبوو، زۆر سارد بوو، ئەو رۆژە وائەزانم ئیٚستایە، شەهید شیٚخ جەواد و کاك عەلی بەدیار مەنجەڵەکەوە راوەستابوون بە کەوچك حەڵوایان دابەش ئەکرد. من قاچم بەفر بردبووی وەزعم زۆر خراپ بوو، کاك عەلی وتی: شیٚخ جەواد کەوچکیٚك زیاد بدە بە عەلی وەسمان، لەبەرئەوەبوو باوکمی زۆر خۆش ئەویست، کاك عەلی دۆستی باوکیشم بوو، ئەیناسین، هەمان کات دارحەیزەرانەکەی خۆیشی پیٚدام وتی ئیٚوارە لەهەر شویٚنیٚك پشووماندا شیٚخ جەواد بیرم بیٚنەوە چایی لیٚ ئەنیٚین، تلٚپە چاییەکە لە قاچی ئەنیٚین، هەردوو قاچم ئاوسابوو نەمئەتوانی بڕۆم، کە لە شاخەکە بەجیٚمام نەمئەتوانی بڕۆم، مامە خوولەی شەدەڵە پیٚی

وتم: عەلی نەڕۆی ئەتکوژم، بەخوا یەك سەللەت لێئەدەم ئەتکوژم بەزیندوێتی بەجێت ناهێڵم، بەهەر شێوەیەك بیٚ وەرە خواریٚ، بەهەر وەزعێك بوو هاتمە خواریٚ، هاتم لەخواریٚ، کاك عەلی عەسکەری و جەماعەت چاییەکەیان لیٚ نابوو، وتی شێخ جەواد ئەو تلّپەی بۆ بگوشە و بۆی لە قاچی بنیٚ، تلّپەکەیان بۆ لێدام، بۆیان بەستم و گۆرەوییەکەیان بۆ لەپێکردمەوە و لەسەر بەردێك دانیشتم، کاك عەلی بە شێخ جەوادی وت ڕەسمێکی بگرە کە گەیشتینە سوریا ئەیکەین بە پۆستەر و بلاّوی ئەکەینەوە، ئەڵێین ئێمە ئاوامان لیٚ بەسەرهاتووە، تووشی ئەو وەزعە بووینە.

جارێکی تر هەر لەو ڕێگایە بووین، هیچ خواردن نەمابوو، شەهید شێخ جەواد نازانم لەکویٚ گیرفانی پڕکرد بوو لە ساوەری وشك، تەقریبی نیو کیلۆ ساوەری هاڕاو ئەبوو، شوێنەکە شاخێك بوو، بەفر بوو، ئەڕۆیشتین لە دیوی کوردستانی باکور بووین، نزیکی سوریا ببووینەوە، زۆر هیلاك بووین، شێخ جەواد لەسەر شاخەکە لە کەلێنێك ڕاوەستابوو پڕ دەستی کردبوو لە وردە ساوەر، ئەیوت هەر برادەرە و بە دوو پەنجە چەندی بۆ هەڵگیرا بیبات و بیخوات، خواردنی ژەمێك ئەوەندەبوو، هەموو بەسەرە هەریەکەو بەدوو پەنجەی دەستمان ساوەرمان لەناو مشتی دەرئەهێنا، ئەوە خواردنی ژەمێکمان بوو رۆژێکمان پیٚ بەڕیٚ ئەکرد، ئەوەندە خواردن کەمبوو وەخت بوو لە برساندا بمرین.

ڕۆژێکی تر کاك عەلی عەسکەری کۆبوونەوەیەکی پێکردین بۆ بەرزکردنەوەی ورە و مەعنەوییەت، شێخ جەوادیش وتی ئەم بڕنەوەی شانم کە لە خۆم خۆشتر ئەویٚ، بیفرۆشم ناهێڵم بیٚ خواردن بن تا ئەتانگەیەنینەوە جێی خۆمان و لای مام جەلال. سەرکردەی ئەوکاتە وەکو هی ئێستا نەبوو، بەخوا ئەو کاك عەلی و شێخ جەوادە ڕۆژی سەد جار بەقوربانی یەك پێشمەرگە ئەبوون، پێشمەرگە کە هیلاك ئەبوو، یان بریندار ئەبوو، هەر بەخەمییەوە بوون. بڕوابکەن نە بەنوسین نەبەقسەی سەعات و دووان کۆتایی نایات، دڵسۆزی ئەوکاتە بۆ پێشمەرگە بێسنور بوو، من بینیومە شەهید غەریب هەڵەدنی پاروی لەناو دەمی خۆی دەرهێناوەتەوە داوێتی بە پێشمەرگە. دڵسۆزی کاك عەلی بەهەمان شێوە، شێخ جەواد زیاتر لەهەموویان بەخەم و دڵسۆز بوو، گرنگییەکەی لەوەیابوو ئەوەیان نەئەخوێندەوە کە ئەمە سەر بەکام هەرێمە یان کام تیپە یاخود کام دەستەیەیە، پێشمەرگەیەکی شارەزوور و گەرمیان و بادینان بەیەك چاو تەماشا ئەکراو خەم و دڵسۆزی بۆی وەکو یەك بوو جیاوازییان ناکرد، خۆشەویستی و موحیبەت و دڵسۆزییان بۆ پێشمەرگە هەبوو. قەناعەت و بڕوابکەن، ژمارەیەك پێشمەرگە بریندارببوون لەسەر بەفرەکە کەوتبوون کاك عەلی و شێخ جەواد سەدجاریان وتووە بەقوربانی ئەو پێلاوانەتان بین بەقوربانی ئەو ڕوحەتان بین، کاکە هەستن لەگەڵمان وەرن دوایی

کۆپتەر لەناومان ئەبات. بۆخۆی دەستی ئەگرتی لە باوەشی ئەکردی، خۆشەویستی ئەوکاتەی سەرکردە و فەرماندە لەرادەبەدەر بوو، ئەو مام جەلالە لە قەندیل بووین، زۆرم برسیبوو، یەك کولیچەی پێ بوو، کردی بەچوار پارچەوە، ئێمە دووسێ کەس بووین لەدوورەوە وەستابووین، کردی بەچوار پارچەوە و بەسەرماندا دابەشی کرد، خۆشەویستی و سەرکردایەتی ئەوکاتە بێوێنە بوو، ئەو پێشمەرگانە لەگەڵ ئەوەی لە کەسوکار دوور بوون، لەگەڵ ئەو هەموو ماندوێتیی و بێ پارەییە، سات لەدوای سات خۆشەویستی یەکێتی و بەرپرسانی لەلا زیاتر ئەبوو، لەبەرئەوەی ئەوەندە دڵسۆز و ڕاستگۆ و بێجیاوازی بوون، قەمسەڵەی خۆیان دائەنا لەبەری پێشمەرگەیان ئەکرد، بەتانییەکەی خۆیان ئەدا بە پێشمەرگە، خۆشەویستی ئەوکاتی بەرپرس بۆ پێشمەرگە وایکردبوو کە پێشمەرگەش روح و گیانی خۆی ئەکرد بەقوربانی بەرپرس و سەرکردایەتییەکەی، گوێم لێبووە شەهید شێخ جەواد لە خەمدا بە پێشمەرگەی وتووە تۆ پێش مەکەوە منداڵی و تازە بوویتەتە پێشمەرگە، پێشمەرگەکە سوێندنی خوارد وتی جارێکی تر وام پێ بڵێیت خۆم ئەکوژم، ئەوەندە دڵسۆزی هەبوو، ئەیوت نابێ پێمبڵێی پێش مەکەوە، من بۆیە هاتووم روح و گیانی خۆم بکەم بەقوربانی یەکێتی و کورد، یەعنی پێشمەرگە ئەوەندە دڵسۆز بوو، ئەوەندە خۆشەویست بوو،

ئەوەندەیان خۆش ئەویستی کە قەت باوەڕناکرێ.
قارەمانێتی شەهید شێخ جەواد قەت لەبەرچاو ون نابێ، لە شەڕەکاندا دەورێکی سەرەکی هەبوو، فەرماندەیەکی قارەمان، هەردەم لەپێشی پێشمەرگەوە بووە، قەت نەیهێشتووە پێشمەرگە پێشی بکەوێ، وره و توانای شێخ جەواد وەکو کێوی پیرەمەگروون وابوو، بەردەوام لەپێشی پێشەوە بوو، ئەیوت هەرشتێ ببێت با بۆمن بێ، پیاوێکی گورج و گۆڵ، پیاوێکی بەتوانا، پیاوێکی بە تەحەمول، پیاوێك راستگۆ و شۆڕشگێڕ، هەتا مەدحی بکەی تەواو نابێت، ئێستا بالأکەییم لەبەرچاوە کە فیشەکدانەکەی بەستبوو ڕێکو پێك ڕائەوەستا، جوانی و قارەمانی و دڵسۆزی ئەم پیاوە هەتا باسی بکەی کەمە، کاك عەلی عەسکەریش ڕەنگی دابوەوە بەسەر هەموویاندا، پیاوی وا قارەمان و شۆڕشگێڕ، پیاوی وا دڵسۆز دروست نابنەوە، ئەو پیاوانە دروست نابنەوە.
شەهید شێخ جەواد بەکورتی لەهەموو شەڕەکاندا پیاوی یەکەم بووە، لە رۆیشتنا شەو و رۆژ کە رۆیشتووین لە شاخی بەفراوی و دارستان و پڕ مەترسی، ئەم پیاوە نەیهێشتووە کەس پێشی بکەوێ، هەتا ئێوارەیەکیان ئەپەڕیتینەوە، شەهید جەمالی عەلی باپیر و شەهید شێخ جەواد چل کەسیان هەڵبژارد، وتیان ئێمە ئەڕۆین لەپێشەوە ئەو بەرزاییە ئەگرین وانەبێت قیادەی موەقەتە

پێشمان لێ ئەگرێ. یەك دوو دێ لەخوارەوە بوون، خەڵكی عەشایەری ئەو ناوچەیە هەموو چەكداربوون و سەر بەقیادەی موەقەتە بوون، لەدێیەكەوە تەقەیان لێئەكردین، جەمالی عەلی باپیر وتی شێخ جەواد من و تۆ و ژمارەیەك پێشمەرگە لەپێشەوە ئەڕۆین ئەو بەرزاییە ئەگرین، محەمەدی حاجی مەحمودیش لەدوای ئێمە بێت و نەهێڵێت هیچ پێشمەرگەیەك بەجێ بمێنێت. كاتەكەی درەنگ بوو نزیكەی دوو سەعاتێكی رۆژ مابوو، ئەوان رۆیشتن بەرزییەكەیان گرت، بە "دە" دەقە دوای ئەوان هێزێكی قیادەی موەقەتە گەیشتنە ئەوێ و تەقەیان لێكردین، بەلاّم بەرپەرچ درانەوە و هێزەكەیان پاشەكشێی كرد. قارەمانێتی شێخ جەواد وابوو بەردەوام ئەبوایە لەپێشەوە بوایە، كەمین یان دەستەی هجوم بوایە ئەو دەبوو لەپێشەوە بوایە، لە ورە و مەعنەویەتیشدا پیاوێك بوو لە لوتكەدا، جیاوازی نەئەكرد، رەنگە خەڵك هەبووبێت تەنها خەمی مەفرەزە و تیپەكەی خۆی بووبێت، بەلاّم شێخ جەواد جیاوازی نەئەكرد لەنێوان پێشمەرگەی هێزەكەی خۆی یان هی كەسێكی تر. یەك دیناری لە گیرفاندا بوایە بۆ پێشمەرگەی خەرج ئەكرد، دڵسۆزی ئەو پیاوە ئاوابوو.

دوای ڕوودانی كارەساتی هەكاریش، ئێمە لەگەڵ شەهید شێخ جەواد و كاكە حەمەی حاجی مەحمود و تالیب رۆستەم، واتە ئەو سێ فەرماندەیە لە كاك عەلی دابڕاین، شەو بوو شەڕ دەستی

پێکردبوو، کاك عەلی و دکتۆر خالید بە دۆڵێکدا رۆیشتبوون، ئێمەش بە دۆڵێکدا، بەیانی کە جیهازیان کرد، شەهید جەمال وتی کاك عەلی لەکوێن، کە وەلأمیان دایەوە دیاربوو ئەوان کەوتبوونە ئەو دیوی شاخێك، بەلأم ئێمە شەڕێکی زۆر قورسمان لەسەرە زەحمەتە دەرچین، ئێوە چۆن مەجالتان ئەبێ بەرەو عیراق یان بەرەو سەرکردایەتی هەوڵدەن رزگارتان ببێ، تازە ئێمە نادۆزنەوە هەر چواردەورمان گیراوە و شەڕێکی زۆر قورسمان لەسەرە، ئەوکات کاك محەمەدی حاجی مەحمود و کاك شێخ جەواد و تالیب رۆستەم و هەندێ ئامر مەفرەزە و ئامر کەرتی تریشمان لەگەڵ بوو، بریاردرا بەرەو عیراق بگەرێینەوە هەتا سنوری عیراق بەیەکەوە بووین، لە ڕێگەش چەندینجار کەوتینە کەمین و شەڕی دەستەویەخەوە، ئەو سێ برادەرە فەرماندەی هێزەکەیان ئەکرد، هەرسێکیان پیاوانێکی زۆر قارەمان و عەسکەری و شارەزا و دڵسۆز و شۆڕشگێڕ بوون، ئاخرجار کە هاتینە سەرسنور، هەرسێکیان کۆبوونەوەیەکیان لەگەڵ هێزەکە کرد کە ١٧٩ کەس بووین، وتیان کاکە ئێمە هیچ مەجالمان نەماوە، ڕێگە و دەروازەی روناکمان نەماوە، تەنها یەك ڕێگە ماوە ئەویش دۆڵێکە، دۆڵەکەش دوو دۆشکەی قیادەی موەقەتەی لێیە، نزیکەی ٣٠٠ چەکداریان کۆکردۆتەوە لەو دۆڵەدا، لەو دیویشەوە زێی بادینانە پردێکی لێیە، لەسەر پردەکە دوو سریەی عەسکەری لێیە، ئێمە بەم دۆڵەدا

ئەڕۆین، بەڵام لەسەدا نەوەد هیچمان دەرناچین، کێ توانای هەیە و کێ ئەتوانێت بێت، بەڵام دەرچوون و رزگاربوونمان زۆر زەحمەتە، ئەوەی لێرەش دەربچێ لە زێی بادینان ئەستەمە رزگاری بێ، حەل و چارەسەر چییە؟ وتیان حەل ئەوەیە ئەم هێزە تەسلیم بێتەوە، بەڵام مەوقیف نەدۆڕێنێت، هەرکەس تەسلیم بووەوە دوای ماوەیەك پەیوەندی بە ناوچە و سەرکردایەتی خۆیەوە بکات. نزیکەی ١٧٩ کەس بڕیارماندا تەسلیم ببینەوە. شەهید جەمالی عەلی باپیر وتی کاکە لەسەدا هەزار من لێم ڕوونە حکومەتی عێراق لە سێدارەم ئەدات، خۆی و دوو پێشمەرگە مانەوە، محەمەدی حاجی مەحمودیش خۆی و چوار کەس مانەوە، هەشت بۆ نۆ کەسبوون، لەوکاتەدا شەهید غەریب هەڵەدنی کلاشینکۆفێکی یەك لاقی پێ بوو بە حەوت مەخزەنەوە دای بە کوڕێك ناوی محەمەد بوو خەڵکی گەڕەدێی سەرەوە بوو.

ئیتر هێزەکە تەسلیم بووینەوە، بەڵام پێشتر شەهید شێخ جەواد و تالیب رۆستەم وتیان برادەران، یەك کەس مەوقیف نادۆڕێنێت، یەك قسە ناکەن، ناوی یەك شەهید و پێشمەرگە ناڵێن، دوای گەڕانەوەمان بۆ شوێنەکانی خۆمان، ئەوەی لە تاقەت و توانایدا هەیە و دڵسۆزی تیاماوە ئەتوانێت پەیوەندی بە کەرت و تیپەکانی خۆیەوە بکات، ئەوەبوو دواتریش زۆرینەمان پەیوەندیمان بە کەرت و تیپ و هێزەکانی خۆمان کردەوە.

دواتر هەریەکەمان بە شێوازی جیاجیا پەیوەندیمان کردەوە بە شۆڕشەوە و بەردەوامبووین لە خەباتی چەکداری.

سەبارەت بە بیستنی شەهیدبوونی شێخ جەواد، ئەوەبوو لە پرۆسەی ئەنفالدا حکومەتی عیراق سنوری قەلاَسیۆکەی کیمیابارانکرد، شێخ جەوادیش لە گۆپتەپە شەهید بوو، کە هەواڵەکەم بیست، زۆر نیگەران و خەمبار بووم، هەموو ئەو وێنەو دیمەنەنانەی کە پێشتر بەیەکەوە بووین، ئەهاتەوە پێش چاوم و یادەوەرییەکانی لەلام هەموو زیندو ئەبوونەوە. خەمی ئەوکاتە زۆر بوو بۆ پێشمەرگە، پێشمەرگەیەك شەهید ببوایە ساڵێك ڕیشت نەئەتاشی، بێتاقەتی و خەمباری ماوەیەکی زۆر بەری نەئەدای.

شەهیدبونیان گەورەترین کەلێنی لەناو شۆڕش و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروستکرد، فەرماندەی ئەوکاتە وا بە ئاسانی دروست نەئەبوو، زۆر بە زەحمەت دروست ئەبوو، ئەوکاتە فەرماندە ئەبوایە دەست و دەم و داوێن پاك بوایە و خۆی بە خزمەتکاری خەڵکی کوردستان بزانیایە، عایلەی هەموو خەڵکی بە خوشك و دایکی خۆی بزانیایە، دروستبوون و سەرکەوتن و دەرکەوتنی فەرماندەکان زۆر بەزەحمەت بوو، تیاچوون و شەهیدبوونیشیان زۆر قورس و گران بوو، تەنانەت ئەگەر فەرماندەیەك تەسلیمیش بوایەتەوە بە گەورەترین خەسارە و ماڵوێرانی بۆ یەکێتی حیساب ئەکرا.

ئەوکاتە قەلاّسێوکە گەورەترین خەسارەی لێکەوت کە شێخ جەواد بێدەری شەهید بوو، چونکە دەیان برادەر و کەس و خۆشەویست لە خۆشی ئەو و بەهۆی ئەوەوە پێشمەرگە بوون، لەخۆشی ئەو لەو تیپ و هەرێم و کەرتە ئەبوون. پیاوی وەکو کاك عەلی و شێخ جەواد نموونە بوون، زۆر بەزەحمەت دروست ئەبوون، زۆر بەزەحمەت هەڵئەکەوتن، کە هەڵئەکەوتن پیاوانێك بوون خۆشەویستی و دڵسۆزی و خۆڕاگری ئەم پیاوانە لەبن نەهاتوو بوو. بڕوابکەن پێشمەرگە روح و گیانی خۆی ئەکرد بەقوربانیان، ئەوەندە خۆشەویست و موقەدەس و پیرۆز بوون، بە چاوی خۆم بینیومە شێخ جەواد دانیشتووە خەڵك لەپشتەوە چووە شانی ماچ کردووە، ئەیوت کاکە بۆ وائەکەن؟ ئەیانوت زۆرمان خۆشەوێی، سەرکردەی ئەوکاتە ئاوابوو، خۆ وەکو سەرکردەی ئێستا نەبوو خەڵکی لە ترسا لێیان نزیك ببنەوە، لە خۆشەویستی و دڵسۆزی سەرکردە بوو پێشمەرگەش ئاوای ئەکرد، کاتێك پێشمەرگە هیلاك و ماندوو بوونایە سەرکردەکان خۆیان حەرەسیاتیان ئەگرت. بڕوابکەن جارێکیان لە ڕێگە بووین زۆر ماندوبووین، ژمارەیەك پێشمەرگە لە ماندوێتییدا لە ڕێگە خەویان لێکەوتبوو، شێخ جەواد مەفرەزە مەفرەزە ئەگەڕایەوە و سەری لیّ ئەداین و هانی ئەداین تاکو لە ڕێگە تاقەت و ورەی ڕۆیشتمان هەبێت. ئەو خۆشەویستییەی پێشمەرگە هی دڵسۆزی سەرکردەکان و

بەدەمەوە هاتنیان بوو بۆ پێشمەرگە، ئەوکات شێخ جەواد فەرماندەی هەرێمی دووی چەمی ڕەزان بوو.

سەری ڕێز و نەوازش بۆ روحی پاکی شەهید شێخ جەواد و هەموو هاوڕێ و دۆست و سەرکردەکانی یەکێتی بەتایبەتی ئەوانەی لە کارەساتی هەکاری شەهید بوون، ڕێز و حورمەتیشم بۆ هەموو ئەوانەی کە ماون و لە خەبات و شۆڕش بەردەوامن.

هیوادارم بنەماڵە و کەسوکاری ڕێبازەکەی شەهید شێخ جەواد ون نەکەن و بەردەوام بن لە خەباتکردن.

# شێخ جەواد بێدەری
# قارەمان و شۆڕەسواری شۆڕشی نوێ

**ئەحمەد عەسکەری**

لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوودا، لە گەرمەی شەڕ و پێکدادانەکانی شۆڕی کورد ناسراو بە شۆڕشی ئەیلوول، شەهید عەلی عەسکەری وەك شۆڕەسوارێك لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستاندا دەرکەوت، دواتر بە سوپاسالاری ئەو هێزە ناسرا، ژمارەیەك پێشمەرگە و لاوی کورد، لە خزم و هاوەڵانی هاوسەنگەری ئەو جوامێرە بوون، یەکێك لەو گیان لەسەردەستانە شەهید شێخ جەواد بێدەری بوو، لە زۆربەی ڕوبەڕووبوونەوە و نەبەردییەکاندا بەشدار بوو، سێبەرئاسا لە هاوەڵێتی دوور ناکەوتەوە.

شەهید شێخ جەواد بێدەری، سەر بە بنەماڵەی شێخانی قەڵاسیۆکەیە، لەو بنەماڵە بەڕێزە دەیان شەهیدی قارەمان و پێشمەرگەی گیان لەسەردەست هەڵکەوتووە. لە شۆڕشی کۆن و نوێدا دەوری کاریگەریان هەبووە، لە سەرەتای لاوییەوە بۆتە

پێشمەرگە و دواتر لە دوولەتبوونەکەی شۆڕشی ئەیلوول کەوتۆتە بەرەی مەکتەبی سیاسی. هەرچەندە شەهید هاوتەمەنی بەندە نەبووە، کە ئەو بۆتە پێشمەرگە بەندە خوێندکاری سەرەتایی بووم، بەڵام هۆشی ئەوەم هەبوو پێشمەرگەم خۆش بویٚ و ڕقم لە دوژمن بێت، بە سەرکەوتنەکانیان خۆشحاڵ بم و بە شکست و شەهیدبوونیان دڵگران بم، ئازا و ناودارەکانیانم زیاتر خۆش دەویست، ناوبانگی ئازایەتی و گیانبازییان بۆ من دڵخۆشکەر بوو، ڕێکوپێکی جلوبەرگ و چەکەکانیان لە پاڵ ناوبانگییان بۆمن پێوەر بوو بۆ زیاتر خۆشویستنیان. زیادەڕۆیی نیە ئەگەر بڵێم حەزم ئەکرد زوو گەورە بم و منیش ببم بە پێشمەرگە. ناسیاویی بەندە بۆ شەهید شێخ جەواد دەگەڕێتەوە بۆ ئەو سەردەمە، یەکێك بوو لەو پێشمەرگە ئازایانەی کە خۆشەویستی زۆرم بۆی هەبوو، هەتا لە شۆڕشی نوێدا لە پێشمەرگایەتییدا یەکمان گرتەوە، کاتێك ئەو فەرماندەی کەرت بوو لە تیپی ٢٩ کەلکەسماق، ئەو خۆشەویستییە زیاتر بوو. کاتێك شۆڕشی نویٚ بە ڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦دا دەستی پێکرد و شەهیدی هەمیشە زیندوو عەلی عەسکەری سەرقافڵەی ئەو دەسپێکە بوو، تەنها چەند نامەیەکی بەس بوو بۆ هەڤاڵ و خزم و برادەرانی تا بە سەدان کەس وەڵامی ئەرێنی ئەو نامانە بدەنەوە، مامە خوولەی شەدەڵە "مەحمود ئەحمەد" لە سەرەتاوە یاوەرێتی

ئەكرد، لەبەرەوپیرییەوە چوونی ئەو نامانە شەهید شێخ جەواد بێدەری، خوالێخۆشبوو خەلیل بێدەری، خوالێخۆشبوو کاکە حەمەی مامە سەلام، لە پۆلی یەکەمی چوونە دەرەوە بوون بە هاوکاری و ڕێنوێنی کاکە حەمەی مامە ڕەزا ڕابەری بزوتنەوەی حەقە و داواکاری شەهید عەلی عەسکەری، ئەم بەڕێزانەش بە چەکی خۆیان یان بەو چەکانەی کاکە حەمەی مامە ڕەزا بۆی دابین کردبوون، لە هەمان سەردەمدا پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، ناوەکان:

١- دوو برای شەهید (ئەبوبەکر سێکانیانی، جەمال سێکانیانی).
٢- کوڕ و باوک (محەمەد ئەحمەد ڕەشید، ئەحمەد ڕەشید ئەحمەد).
٣- ڕەشید ئەحمەد.
٤- شەهید سەلام حەمە شوان.
٥- خوالێخۆشبوو قادر سمێڵ ناسراو بە (مام شێرکۆ).
٦- خوالێخۆشبوو (حەمە عەبدوڵا کەلکەسماقی).

ئەمانە ئەوانە بوون کە بەندە زانیارییم لەسەریان هەبوو لە کاتی چوونە دەرەوەیان، ئەمانە و سەدانی تریش لە خۆشەویستی پێشمەرگە و سەرکردەکانی شۆڕش چەکی شەرەف و بوێری و مەردایەتییان کردە شان.

شەهید شێخ جەواد بێدەری وەك پێشمەرگەیەكی دیاری شـۆڕش، خاوەن ئەزمونێكی باشی شەڕی پێشمەرگانە و كەسایەتییەكی ناوچەكە و كەسێكی نزیكی كاك عەلی عەسكەری، یەكێك بوو لە پێشمەرگەكانی ڕەتڵی یەكەمی ساڵی ١٩٧٦. بەبێ هیچ دوودڵی و دڵەڕاوكێیەك، بەبێ گوێدانە سەختی خەبات و زەبر و زەنگی ڕژێمی ڕەفتارفاشستی بەعس، لەبەیكی (لبیك) بۆ شۆڕش و پەیامە پیرۆزەكەی وت. ئەوەی لەو ڕۆژانەدا ئەبوو بە پێشمەرگە، سەرباری قورسی ژیان و ئەركی پێشمەرگانە، ماڵ و منداڵی، دایك و باوكی، زیندانی ئەكران لە زیندانەكانی خوارووی عیراق.

شەهید شێخ جەواد یەكێك بوو لەو پێشمەرگە دێرینانەی ئەوێ ڕۆژێ لە شۆڕشی نوێدا بەو ئەزموونەی لە شەڕی پێشمەرگانەدا هەیبوو، بەشداری لە دەیان شەڕی قارەمانانەی پێشمەرگەدا كردبوو، هەمیشە جێگەی باوەڕ و متمانەی شەهیدی سەركردە عەلی عەسكەری بوو. لە هەموو شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەكاندا هاوشانی بوو، سەد حەیف و مەخابن لە دوای پیلانە گڵاوەكەی هەكاری و شەهید بوونی سەركردەكان، یەكێك ئەبێت لەوانەی بە ناچاری ڕادەستی ڕژێمی عیراق دەكرێنەوە و دەخرێنە ژێر چاودێریكردنی وردی دامودەزگاكانی ڕژێم.

شەهید شێخ جەواد، لەساڵی ١٩٨٦دا جارێكی تر پەیوەندی كردەوە بە ڕیزەكانی شۆڕشەوە، بەو ئەزموونە زۆرەی كە لە شەڕی

پێشمەرگانەدا هەیبوو، لە تیپی ٢٩ی کەلکەسماق ئەبێت بە فەرماندەی کەرت، لە دەیان چالاکی ئەو تیپەدا بەشداری ئەکات، بەلاّم بەداخەوە لەکاتی جێبەجێکردنی ئەرکی پێشمەرگانەدا لە گوندی گۆپتەپەی شەهید بە چەکی کیمیایی لەگەڵ دەیان پێشمەرگە و هاولاّتی دەگەنە کاروانە مەزنەکەی شەهیدانی کورد و کوردستان.

روحیان شاد و هەمیشە یاد و یادەوەرییان زیندووە.

# شێخ جەواد بێدەری
# هەڵۆکەی شەڕی چۆخماخ

**مامە خولە**

لەسەرەتای ساڵی ١٩٧٦ جارێکیان لەگەڵ کاک عەلی عەسکەری و ئەو هێزەی لەگەڵیدا بوو لە تەنگی مادێنە بووین، شەوێکیان ئێشکگربووم، گوێم لە دەنگێك بوو، هاوارم لێی کرد وتم کێی خۆت بناسێنە کوڕای؟ شێخ جەواد وەڵامی دایەوە وتی خۆمانین تەقە مەکەن. کە هاتن بینیمان شێخ جەواد و خەلیل بێدەری بوون. لەوێ ماوەیەك بەیەکەوە بووین، دواتر وردە وردە چوینە ژیلوان.

شێخ جەواد پیاوێکی چاك و ئازا و ڕەشید و قارەمان بوو، کاك عەلی ئەوەنە متمانەی پێی هەبوو هەر لە سەرەتاکانی دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکانەوە وەڵامی بۆ نارد کە بێتە شاخ. سەرەتا کەس پلە و پۆستی نەبوو وەکو ئێستا، ژمارەی پێشمەرگە زۆر کەمبوو، سەرەتا کاك شێخ جەواد لێپرسراوی ئەو دەستەیە بوو کە لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری بوون. کە چوینە تەنگی مادێنە، من و کاك عەلی عەسکەری و سێ کەسی تر بووین،

ژمارەمان زۆرکەم بوو، ئینجا وردە وردە کەسانی تر دەهاتن، دواتریش تایەری عەلی والی هات، کاکە حەمەی مامەڕەزاش ژمارەیەك خەڵکی مامەڕەزایی نارد وەکو بەکر سێکانیانی و سەلام و مام ئەحمەد و حەمە سێو. وردە وردە ژمارەمان زیادی کرد، دواتر چوینە گەلاڵە و ئەو سنورە، لەوێ لەناو خەڵکدا هەواڵی ئەوەمان ئەدا بە خەڵکی ئەو گوندانە کە شۆڕش دووبارە دەستی پێکردۆتەوە و هانی خەڵکمان ئەدا کە بێنە ناو شۆڕشەوە، کاك عەلی پەیوەندی بە خەڵکەوە کرد، خەڵکی هەموو هاتن بەدەم داواکاری کاك عەلییەوە، هەموو زۆریان پێخۆش بوو کە دووبارە شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە.

کاك شێخ جەوادیش یەکێك بوو لەو کەسانەی بەردەوام لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری لە هاندان و کۆبوونەوە لەگەڵ خەڵکی بەردەوام بوو، یەکێك بوو لەو کەسانەی کە جێی متمانە بوو و خۆشەویست بوو لای خەڵکی.

دوای ئەوەی چەندین شوێن و ناوچە گەڕاین و خۆمان لە هەموو ناوچەکان ئاشکراکرد و خەڵکمان بانگ ئەکرد بۆئەوەی بێنە ناو شۆڕشەوە یان پشتگیری شۆڕش بکەن، ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد و شۆڕش گڕوتینێکی باشی بەخۆوە بینی. کاك عەلی تەکلیفی لە کاك شێخ جەواد کرد کە بگەڕێتەوە بۆ ناوچەی قەلاسێوکە. ئەوەبوو هاتەوە بۆ سنوری قەلاسێوکە و بەرپرسیارێتی ئەو

سنورەی گرتەئەستۆ، چونکە پیاوێکی زۆر ئازا و بە هیمەت و خۆنەویست بوو.

کاک شێخ جەواد پەیوەندی لەگەڵ کاک عەلی عەسکەری زۆر زۆر باشبوو، پیاوی تەنگانە بوو، زۆر وریا و چاپوك بوو، پیاوی وەکو کاک جەواد زۆر کەمبوو. زۆرجار کە لە شوێنێك لامان ئەدا بۆ پشوودان، کاک جەواد چایی لێ ئەنا، بە پێشمەرگەکانی ئەوت ئێوە پشوو بدەن و بخەون، پیاوێك نەبوو خۆی بەگەورە بزانێت، ئازا و ڕەشید بوو لەهەموو ڕوویەکەوە، مرۆڤ ناتوانێت باسی بکات و هەقی خۆی پێبدات، پیاوێکی ئەوەندە لێهاتوو و قارەمان بوو، ئینکاری لەوە ناکرێ کە چ قارەمانێك بوو.

جارێکیان کاک شێخ جەواد بێدەری لە گەڕانەوەیدا لە قزلەرەوە بۆ چۆخماخ، لە چۆخماخ توشی شەڕێك بووبوون، شەڕێکی باشیان کردبوو، ئەو هێزەی کە جاشەکان ڕێگرییان لێکردبوون شکابوون و هەموویانی ڕاونابوو، هەڵیانی بڕیبوو بە دیوی قزلەردا و شەڕێکی زۆر قارەمانانەیان کردبوو.

لە گەڕانەوەیدا بۆ سنوری قەڵاسێوکە، کاک شێخ جەواد توانی بووی خەڵکێکی زۆر بهێنێتە ناو شۆڕشەوە و خەڵکێکی زۆر پشتگیرییان کردبوو و بە دەمییەوە هاتبوون، کەسێکی زۆر بەتواناو جێی متمانەبوو، بۆیە خەڵکی زوو بەدەمییەوە ئەهاتن.

دوای ئەوەی سەرکردایەتی شـۆڕش چەند شوێنێکی رزگارکــرد،

ئێمە لەگەڵ کاك عەلی لە دۆڵی مێرگەپانەوە چوین بۆ بەری کلێسە. کاك عەلی وەڵامی نارد بۆ کاك  شێخ جەواد بێتە لامان، پاش ماوەیەك کاك جەواد بێدەری بەرەو پیرمان هات، دواتر پەڕینەوە چووینە زەرزی، شەوێك لەوێ ماینەوە، پاشان چووینە چەمی ڕەزان، لە کلێسە کاك شێخ جەواد بانگی خەڵکەکەی کرد کە بەدەممانەوە بێن، خەڵکەکە وتیان ناتانناسین، کاك جەواد وتی پێشمەرگەین، ئینجا هاتن بەرەو پیرمان و پەڕاندمانیانەوە.

لەوکاتەدا کە ئەچوینە هەر گوند و ئاواییەك، خەڵکی زۆر بە باشی بە پیرمانەوە ئەهاتن و ئەیانوت مادام ئەتانەوێ دووبارە شۆڕش دەستپێبکەنەوە ئێمە هەموو ئامادەین لەگەڵتان بین و هاوکارییتان بکەین، خەڵك زۆر خۆشحاڵبوون. بەدرێژایی ئەو ماوەیەی لە ڕێگە بووین هەر شەوە و لە شوێنێك کۆبونەوەمان لەگەڵ خەڵگی گوندێك ئەکرد، کاك عەلیمان ناونا مەلا عوسمان بۆئەوەی نەیناسنەوە لە ترسی ئیخباری و بۆئەوەی لە هەندێ شوێن ئاشکرا نەبین کە ئێمە کێین و کێمان لەگەڵدایە، چونکە بەردەوام جەیش و هێزی حکومەتی عیراقی بەدوامانەوە بوون و بە شوێنماندا ئەگەڕان، سەرەتای شۆڕش بوو، مەترسی زۆر بوو. لە هەموو ئەو ماوانەدا کاك شێخ جەوادمان لەگەڵدا بوو، پیاوێکی ئازا و ڕەشید و قارەمان بوو، توانایەکی زۆرباشی هەبوو، ئەگەر شەوێك مەترسیمان لەسەر بوایە ئەیتوانی تا بەیانی نەخەوێت،

ئیراده و توانای زۆر زۆر بوو ، ورده ورده شۆڕش فراوان بوو، تا گەیشتە ئەوەی مەفرەزە و هەرێم دروستکرا.
کاك شێخ جەواد کە بوو بە فەرماندەی هەرێم، ورده ورده ژمارەی پێشمەرگە زیادی کرد، دواتر مام جەلال هاتەوە و هەموو چوون بەرەو پیرییەوە. هەر لەو ماوەیەدا بەمەبەستی هێنانی چەك و هاوکاری بۆ شۆڕش چوینە سنوری تورکیاوە، ئەو جەولەیە لە ساڵی ١٩٧٧ کاك شێخ جەوادمان لەگەڵدا بوو، کاك جەواد لەگەڵ ملازم حەسەن خۆشناو چوون چەك بهێنن. چەکەکان لە سوریاوە هاتبووە تورکیا، ئێمەش چووین لە تورکیاوە بیانهێنینە ناوچەکانی خۆمان. ئەوەبوو کاك ملازم حەسەن خۆشناو و ژمارەیەك لە پێشمەرگەکان شەهید بوون و هەندێکیشان بریندار بوون، کاك جەوادیش نەناسرابۆوە بۆیە دەربازی ببوو.
ساڵی پێشووتریش کاك شێخ جەواد لەگەڵ کاك عەبدولقادر هەڵەدنی چوون لە تورکیاوە ژمارەیەك چەك و جیهازی ئیزگەی ڕادیۆی دەنگی گەلی کوردستانیان هێنایەوە بۆ نۆکان، ئەوکات سەرکردایەتی لە نۆکان بوو. چەك و جیهازەکان پێشتر لە سوریاوە هێنرابوون بۆ سنوری تورکیا.
ساڵی دواتر کە دەکاتە ١٩٧٨، ئەوەبوو لە نۆکانەوە چووینە دۆڵە کۆکە، دووسێ شەو و ڕۆژ پێشمەرگە هیچیان دەست نەکەوتبوو بیخۆن، بەفرێکی زۆر باریبوو، بەو بارودۆخە خراپەوە گەیشتینە

سنور، له نێوان خانه و حاجی ئۆمەران بلاجکتۆر دانرابوو، بۆئەوەی کەس نەتوانێت بپەڕێتەوە، ماوەیەك ئەبوایە لەسەر سك بڕۆی بۆئەوەی بپەڕیتەوە بۆ بەری خانه و ئاشکرا نەبیت، بەهەر وەزعێك بوو پەڕیتینەوە، چوینه دلاوان. لەویٚ کاك عەلی بۆماوەیەکی کەم پشویدا و خەوت، لەوکاتەدا کوێخا قادر هات هەواڵی کاك عەلی پرسی، وتمان خەوتووە، وتی هەڵی بسێنن وا جەیش هات، جەیشێکی زۆری ئێران له خوارمانەوە بوون، دوای ئەوەی کاك عەلی هەستا، بانگی جەمالی عەلی باپیری کرد، وتی جەمال تۆ بچۆ ئەو لوتکەیه بگرە، هەرچەنده بەفرێکی زۆریشی پێوە بوو، ئێمەش لەگەڵ کاك عەلی و کاك جەواد و ژمارەیەك پێشمەرگە سەرکەوتین بۆسەر شاخ، بەفرێکی زۆر باریبوو. لەو مەترسییه رزگارمان بوو. بۆ بەیانیەکەی بەڕێکەوتین بۆ کێلەشین پشتی شنۆ، باران و بەفرێکی زۆر ئەباری، هەرچەنده بەهار بوو، بەلاٌم کەشوهەوا زۆر خراپ بوو، ئەمانویست بگەینه کێلەشین، شاخێك بوو زۆر سەخت بوو، پێشمەرگە له برسان و له سەرمادا نەیان ئەتوانی سەربکەون هەموو ئەژنۆی شکابوو، شێخ جەواد بەتەنها سەرکەوته سەر شاخەکە، هاواری کرد وتی لەو دیوی شاخەکەوە دێیەکی لێیە، پێشمەرگە لەتاوی برسێتی هەموو تاویدا و سەرکەوتن، که چووین تەماشامانکرد له دامێنی شاخەکە ڕەشماڵێکی لیٚ بوو، دواتر بۆمان دەرکەوت ئەوە تیمی تەعاونی

ئێرانن، چوینە خوارەوە لەناو ڕەشماڵەکە ئارد و شەکر و ڕۆنی لێ بوو، پێشمەرگە ئەوەندەی برسیبوو تاویان ئەدا بەمشت ئاردیان ئەخوارد. کاک ئەحمەدێکمان لەگەڵ بوو بەرپرسی دارایی بوو، وتی ئەمسەر و سەری ڕەشماڵەکەم بۆ بگرن تاکو بتوانین شتێکی لێ ئامادە بکەین، لەگەڵ کاک جەواد چووین دوو فەردە ئارد و دوو فەردە شەکر و دوو تەنەکە رۆنمان هێنا و تێکەڵمان کرد و کردمان بە حەڵوا، هەر یەکی دووسی کەوچکی بەرکەوت، تینێکی باشی دایەوە بە پێشمەرگە. کاک جەواد لەوێش ورەی زۆر بەرز بوو، مقاوەمەی زۆرباش بوو، پێیم وت کاک جەواد خەمی تۆم بووە کە برسیت بێت و پەکت بکەوێ و نەتوانی بڕۆی، بەڵام تۆ لە ئێمە باشتری.

دواتر ئەوەبوو لە هەکاری توشی ئەو کارەساتە گەورەیە بووین کە برادەرانی تر بە دوور و درێژی باسیان لێوە کردووە. دوای کارەساتەکە من لەگەڵ کاک جەواد بووم کە لە کاک عەلی دابڕاین، ئەو ڕووداوە پیلانێگی گەورە بوو دژی ئێمە کرا. دوای ڕووداوەکە ئەو پێشمەرگانەی رزگارمان ببوو، بۆئەوەی تیانەچین و دواتر پەیوەندی بکەینەوە بە شۆڕشەوە، بڕیارماندا تەسلیمی حکومەتی عیراقی ببینەوە، محەمەدی حاجی مەحمود و جەمالی عەلی باپیر و چەند پێشمەرگەیەکی کەم نەبێت خۆیان تەسلیم نەکردەوە.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# سونبولی پێشمەرگە و قەڵاکەی کەرکوك

**خەلیل بێدەری**

**ئێمە لەگەڵ شێخ جەواد بێدەری ڕاستە خەڵکی یەك گوندین و خزم و کەسی یەك بووین، من لەساڵی ١٩٧٦دا شێخ جەواد بێدەرییم ناسی، چونکە ئەوکات لە کەرکوك و چەمچەماڵ بووم، ئەو لەدەرەوە بوو، لەساڵی ١٩٧٦ ناسییم، پێش ئەوەش لە ئێران جارێکی تر بینیبووم، بەڵام بەتەواوەتی کە پەیوەندیمان هەبووبێت لە مانگی حەوتی ساڵی ١٩٧٦ بوو. ئەوەش ئەوکاتە بوو کە هاتەوە بێدەر لە ماڵی کاك شێخ مەهدی برای، نیوەڕۆ لە ماڵی ئەوان بوو، ئێوارەکەیشی لای من بوو، هەندێ قسەمان کرد، چونکە بەتەمای ئەوەبووین چۆن بچینە دەرەوە و هەندێ چەکیشمان پەیدا کردبوو، ئەوکات دوای شکستەکەی شۆڕشی ئەیلول بوو، خەڵکی کوردستان زۆر نائومێد بووبوون، ئەگەر ئەو مەفرەزە سەرەتاییانەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان نەبوایە بەتەواوەتیخەڵکەکەی تیایا ئەچوون، کورد بەتەواوەتی ئیبادە**

ببوو بەدەست ئەمن و ئیستخبارات و موختار و خەڵکی خراپی ئەوکاتەوە، خەڵکی شۆڕشگێڕ هەموو لە بارودۆخێکی خراپدا بوون.

لە ١٩٧٦/٧/٢٩دا شێخ جەواد بێدەری هاتە بێدەر نیوەڕۆ میوانی من بوو، بەس تەنها کاک شێخ مەهدی برای شێخ جەواد ئاگاداری باس و نییەتی ئێمە بوو، کەسی تر بەو شتەی نەئەزانی. ئیتر نازانم کاک شێخ جەواد لەکوێ کاک عەلی عەسکەری بینی بوو، چونکە کاک عەلی سەرۆکی شارەوانی روفاعی بوو، بەلاّم من ئاگادار نەبووم کە کاک عەلی بە ئیجازە هاتبووەوە سلێمانی، ئیجازەی دە پانزە ڕۆژێکی بۆ کرابوو، هاتبۆوە بۆ سلێمانی. کاک شێخ جەواد نامەیەکی کاک عەلی پێ بوو بۆ من.

من و شێخ جەواد بێدەری یەکەم پێشمەرگەی ناوچەی کەرکوکین لەساڵی ١٩٧٦دا، ئەو مێژووەی من باسی ئەکەم ١٩٧٦/٧/٣٠ە. ئیتر ئێمە ڕۆیشتین، نەمان ئەزانی ڕوو بکەینە کوێ، چەك نەبوو، مقەڕ نەبوو، سەرکردایەتی نەبوو، هیچ ئیمکانییەتێك نەبوو، دوو بەدوو کەوتینەڕێ ئەو شەوە بەڕێوە بووین هەتا چووینە چەمی کۆڕەمەر لەم دیو گوندی بۆڵقامیشەوە، لەوێ کەمێك پشوماندا و خەوتین، بۆ سبەینێ لە زێیەکە پەڕینەوە چوینە کانی سوور، بۆ ئێوارەکەی چووینە گوندی ساردتکە لای ماڵی شێخ قادری ساردتکە، لەوێ کاك شێخ قادر دەمانچەیەکی پێماندا، من خۆشم

دەمانچەیەکی چواردەخۆرم پێ بوو، ئیتر ڕۆیشتین بۆ شەو چووینە شەدەڵە بۆ ماڵی کاك حەمەی مامەسەلام کە ئامۆزای کاك عەلی عەسکەرییە. کە چووینە ئەوێ، وتی: بڕنەوێکم بۆتان داناوە، بڕنەوەکەی لە بن ڕەبایەکەی شاخی دابان شاردبۆوە نەمانتوانی دەستمان بکەوێ، کاك حەمەی مامەسەلام شوێنی کاك عەلی عەسکەری ئەزانی، وتی: دەرچووە لەشاخی ژیلوانە. ئێمە سەعات ١٢ی شەو چوینە ماڵی کاك عەبدولقادر باوکی کاك غەریب هەڵەدنی، لەوێش غەریب هەڵەدنی لەگەڵمان هات چوینە تەنگی مادێنە، کە چوینە ئەوێ کاك عەلی عەسکەری و کاك مەحمود شەدەڵەیی بوون، کاك سەلاح چاوشین و کاك سالار عەزیزیش لەوێ بوون، دوو کەسی تریشیان لەگەڵ بوو یەکێکیان محەمەد و ئەوی تریان عەبدولای ناوبوو، بەلام بێ چەك بوون، کاك سەلاح چاوشین چەکێکی پێ بوو، کاك سالار عەزیزیش دەمانچەیەکی پێ بوو. هیچی تریان پێ نەبوو، لە ماڵی کاك عەبدولقادرەوە لە هەڵەدن شەوی تەشتێ نانەڕەقمان بۆ ئەهات، خۆشمان دوو کەتریمان لابوو چاییمان لێ ئەنا. هیچیشمان پێ نەبوو بیدەین بەخۆماندا، کەسیش نەهات تا ئاگادارمان بێ.

ئیتر بەمشێوەیە من و شێخ جەواد بێدەری پەیوەندیمان کردەوە بە شۆڕشی نوێوەو بەردەوامبووین و درێژەمان بە خەبات و شۆڕشدا.

# له بیرەوەریی شێخ جەواد بێدەرییدا

**غەمبار جۆلاّ**
**(عەبدولاّ عەلی رەزا)**

**هەرچی بنوسم هێشتا هەر کەمە**
**لە دووری جەواد دڵم پڕ غەمە**

**شێخ جەواد پیاوێکی هەتا بڵێی بەڕێز و خۆشەویست بوو، هەمیشە دەم بەخەندە و پێکەنین بوو، پیاوێك بوو رێزی بچوك و گەورەی دەگرت، ئەوەندەی من ئاگادار بووم بەگشتی خەڵکی زۆر خۆشیان دەویست و رێزیان لێی دەگرت و بە قسەیان دەکرد.**

**لەڕووی شێوە و روخسارەوە پیاوێکی بالاّبەرز و قیافە جوان بوو، هەمیشە لەکاتی خۆیدا نوێژەکانی دەکرد و بە رۆژوو دەبوو، پابەندییەکی باشی بە بنەماکانی ئاینی ئیسلامەوە هەبوو، گەلێ ئاشتی خواز و دژی شەڕ و ئاژاوە و ناکۆکی بوو، هەمیشە چواردەورەکەی هان ئەدا بۆ پێکەوەژیان و تەبایی، هەمیشە دڵشاد**

بوو کەیفی بە نوکتە و پەندی پێشینان دەهات، بیروباوەڕێکی نیشتمانیی تۆکەمەی هەبوو زۆر ئاواتی سەربەخۆیی کوردان بوو، هەمیشە لە کۆڕ و کۆبوونەوەکانیدا باسی رزگاری کوردستان و بە ئەنجام گەیشتنی شۆڕشی دەکرد.

شێخ جەواد بێدەری دۆستی مام جەلال بوو، هاوکات یەکەم باوەڕپێکراوی شەهید عەلی عەسکەری بوو، بەداخەوە ئاواتی سەربەخۆیی بە چاوەکانی خۆی نەبینی و زوو شەهید بوو، دروود لە گیانی پاکی.

# شەهید شێخ جەواد
# پیاوێکی پڕ لە سۆز و گەورەیی

**شێخ عوسمان بێدەریی**

شێخ جەواد کەسێکی چالاك لێهاتوو بوو، پێش ساڵی ١٩٦١ و شەڕی دەربەندی بازیان سەرباز بوو، بەڵام کە شەڕی دەربەند ساڵی ١٩٦١ دەستپێکرد، دەستبەجێ گەڕایەوە و بوو بە پێشمەرگە و بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی کرد. بە بیرم دێ کە هاتەوە چووە چەمی ڕەزان، لەبەرئەوەی ناوچەیەکی سەخت و دژوار بوو حکومەت نەیدەتوانی بەئاسانی بچێت بۆی. جارێکیان لەساڵی ١٩٦٢ نان و خواردنمان بۆ بردن. ئەوکات من لە کەرکوك ئەمخوێند، دواتر منیش فەرمانی گرتنم بۆ دەرچوو بەهۆی کاری ڕێکخستن و بەهۆی ئەوەی کە شێخ جەوادی برام پێشمەرگە بوو.

ئەوەندەی من ئاگاداری ژیانی بووم هەمیشە نوێژەکانی دەکرد و لە مانگی رەمەزان بەڕۆژوو ئەبوو، زۆر بە هیمەت و خۆڕاگر بوو، فەرماندەیەکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، قەت خۆی بە گەورە و لێپرسراو نەدەزانی بەرامبەر بە پێشمەرگە، هەمیشە خۆی بە

خزمەتكاری پێشمەرگە و خەڵك دەزانی، ئاخر گەورەیی شێخ جەواد لەوەدا بوو، بۆیە هەمیشە ڕێزیان لێی دەگرت و خۆشیان دەویست، لەهەر جێگە و شوێنێك بوایە خەڵكی گوێیان لێدەگرت و هەر كارێكیان پێ بسپاردایە جێبەجێی دەكرد، بۆیە هەر زوو پلەكانی پێشمەرگایەتی بڕیبوو، تاكو دڵنیا نەبوایە لە شوێنی حەوانەوە و خواردنی هاوڕێكانی نە دائەنیشت و نە نانی ئەخوارد.

جارێكیان بەبیرم دێ لەچەمی ڕەزان لە بافڵەكە حەیوانیان سەر بڕی بوو، مام جەلال وتی شێخ جەواد من چێشت لێ ئەنێم تۆ دابەشی بكە. جارجار ئەهاتنەوە بۆ گوندی بێدەر. ئەوكات مام جەلال فەرماندەی هێز بوو لە چەمی ڕەزان، كاك عەلی عەسكەری فەرماندەی هێزی خەبات بوو لە سنوری سۆران، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد سكرتێری حیزب بوو، سەركردایەتی پارتی لە ئاوەكورتێ بوو، من ساڵی ١٩٦٣ بووم بە پێشمەرگە. چەمی ڕەزان چۆڵكرا و ناكۆكی كەوتە نێوان مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد و مەلا مستەفاوە، ئیبراهیم ئەحمەد سكرتێری حزب بوو، ماڵی لە ئاوەكورتێ بوو، ئێمە چووینە شەدەڵە لە مێرگەپان شوێنێك بوو پێیان ئەوت كارێزی شێخ جەلال، چووینە شاخی دابان، دواتر چووینە هەڵەدن، ئەوان هێزیان هێنایە دابان، چووینە چالاَوی ئەوبەر هەڵەدنەوە، هێزیان هێنایە ئەوێ. بەیانییەكی زوو لە چالاَوی

بەرامبەر هەڵەدن، ئێمە دەستەی کاك عەلی عەسکەری بووین، گومانمان هەبوو کە دەورمان بگرن و لێمان بدەن، بۆیە چووین شاخەکەمان لێگرتن، ئیتر تەقەکردن دەستی پێکرد، دواتر مەلاکەی چالاومان نارد بە قورئانەوە بچێت بۆلای هێزەکانی پارتی تاکو قەناعەتیان پێ بکات شەڕی براکوژی نەکەین و برای یەکین و بۆچی یەکتر بکوژین. ئەوەبوو کشانەوە، ئێمەش بە شاخەکەی چالاودا سەرکەوتین و دواتر چووینە هەواری یاخییان، هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سنوری ئێران ڕۆیشتین بۆئەوەی توشی شەڕی براکوژی نەبین.

هەنگاو بە هەنگاو بەرەو سنور ئەڕۆیشتین تاکو سنورەکانیان بۆ چۆڵ بکەین و توشی براکوژی نەبین. ئەمە بۆچوونی هەموو ئەو سەرکردانە بوو کە مەلا مستەفا دژیان وەستابۆوە. بەرەو دۆڵی سەفرە و زەنوون چوین، ئەوکات من زۆر بەتاقەت و بەهێز بووم، بیرمە مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی ماندوو بووبوو، چەکەکەی ئەویشم هەڵگرت. لە شوێنێك لاماندا پێیان ئەوت هەواری کوڕکوڕ، لەپشت کانی توو، دواتر چوینە دیوی ماوەت دێیەك هەبوو ناوی بەرگورد بوو، لەوێ چوینە خوارێ لە پێشمانەوە تەقە دەستی پێکرد، هێزەکەی مام جەلال توشی شەڕبوون ئەوان لەپێشەوە بوون.

دوای ئەوە چووین مانگێك لە سەقز بووین، ئەوکات محەمەد ڕەزا شا لەسەر حوکم بوو، یەکێك بوو لە هاوپەیمانەکانی ئەمریکا،

پاشان چووینە هەمەدان. نزیکەی ساڵ و نیوێك لە هەمەدان مابنەوە.

دوای ئەو ماوەیە، ڕێکەوتنێك کرا لەگەڵ مەلا مستەفادا، کاك عەلی عەسکەری بەهێزێکی سێ سەد کەسییەوە بە پێشمەرگایەتی چوینەوە سنورەکانی خۆمان.

شێخ جەوادی برام ئەوکاتە سەر لقی چوار بوو، بارەگامان لە گۆپتەپە بوو، سنوری شێخ بزێنیش لە سنوری چالاکی ئێمەدا بوو. حەمە ئاغای برایم ئاغای کانی هەنجیری سەرزێش جێگری شێخ جەوادی برام بوو، خەڵکی سنوری قەڵاسیوکە و ناوچەکە بەشێکی زۆری لەگەڵ ئێمە بوون.

بەهۆی ناکۆکییەکانەوە بەمشێوەیە بەردەوام بووین تا ساڵی ١٩٧٣. دواتر لەبەر نەبوونی پشتیوانی و بوونی شەڕی ناوخۆ کە نەماندەویست ئەو شەڕە بکەین هێزەکانمان بەشێوەیەکی کاتی چوینەوە ماڵ.

بەڵام لە ساڵی ١٩٧٤دا لە کەرکوك لە ماڵ کاکە حوسێنی سەید، کاك عەلی عەسکەری وەفدێکی مەلا مستەفایان بینیبوو، ڕێکەوتنێکیان کردبوو، دووبارە کاك عەلی عەسکەری چووەوە شاخ. شێخ جەوادی براشم لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری چوونەوە شاخ. لەوکاتەدا ژمارەیەکی زۆر لە بێدەرییەکان پێشمەرگە بوون، لەوانە: شێخ عەبدوڵای شێخ عەبدولڕەحمان و حاجی شێخ ساڵح

بەردەوام لەگەڵمان بوون. بەوشێوەیە بەردەوام بووین تا ساڵی ١٩٧٦، لەو ساڵەدا کە شۆڕشی نوێ هەڵگیرسا بوو، ئێمە ژمارەیەك فەرماندە و پێشمەرگە بووین لەسەرەتای راگەیاندنی شۆڕشی نوێ دەستمان بە گەڕان و هاندانی خەڵکی ئەکرد تاکو لە شۆڕشەکەدا لەگەڵمان بن. بەهۆی ئەوەی ئێمە لە شاخ بووین، حکومەتی ئەوکات دایکم و حەپسەخانی خێزانی شێخ جەوادی برام و منداڵەکانی دەستگیر کرد و ڕەوانەی پارێزگای ناسریە کران. ئەوکات هەر کەسێك لەناو شۆڕش بوایە، حکومەت خێزان و منداڵەکانی دەستگیر دەکردن.

ساڵی ١٩٧٨ من بە فەرمانی کاك عەلی عەسکەری وەکو ڕێکخستن گەڕامەوە بۆ ناوچەی قەڵاسێوکە. شێخ جەواد و کاك عەلی عەسکەری لەو هێزانە بوون کە بە مەبەستی هێنانی چەك و تەقەمەنی بۆ شۆڕش روویانکردە سوریا، بەڵام ئەوەبوو لە ڕێگە توشی کارەساتی هەکاری بوون و هێزەکە پەرتەوازە بوون.

من ئەوکات لە گوندی بێدەر لەلایەن حکومەتی عیراقییەوە دەستگیرکرام و حوکم درام. فەرمانی لەسێدارەدانم بۆ دەرچوو، بەڵام بەهۆی پەرتەوازەبوونی هێزەکانی یەکێتییەوە، شێخ جەوادی برام بە دەستبەسەری گەڕێنرایەوە، بەهۆی ئەوەوە ئێمە لە بەشی سێدارەوە بەردراین و گەڕاینەوە بۆناو کەسوکارمان.

شێخ جەوادی برام لە ژیانی پێشمەرگایەتیدا بە ژیانێکی زۆر

سەخت و دژواردا تێپەڕیووە، چەندین جار لە مەرگ گەڕاوەتەوە، چەند جارێکیش بریندار بووە، بۆنمونە لە قەرەسرد و دۆڵی شەهیدان و لە شەڕی سێوسێنان بریندار بووە، دووجار چەکی کیمیایی بەرکەوتووە، ئەوەبوو جاری دووەمیان شەهید بوو.

شێخ جەواد بەردەوام لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری بوو، زۆر متمانەیان بەیەکتر هەبوو، پرس و ڕاوێژی پێدەکرد.

شێخ جەوادی برام هەتا بڵێی مرۆڤدۆست و پیاوانە و خەڵك خۆشی ئەویست و جێی متمانە بوو لای خەڵك. تەنانەت لە سنوری ناوشوانەوە تا ئەگاتە ماوەت خەڵکی ڕێزیان لێی دەگرت و متمانەیان پێی هەبوو. کەسێکی لێهاتوو و لێزان بوو، خۆشەویستی ناو خەڵك بوو.

شێخ جەواد لەپێناو کورد و خاکی کوردستان ژیا و تێکۆشان و تەمەنی بۆ شۆڕش و بەرگریکردن تەرخان کردبوو، هەر لەو پێناوەشدا ژیانی خۆی دانا و شەهید بوو.

ئێمە دوای ئازادبوونمان لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندیمان کردەوە بە ڕێکخستن و بەردەوام بووین لە جێبەجێکردنی ئیش و کاری ڕێکخستن.

دواتر ئەوەبوو سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بڕیاریدا شێخ جەوادی برام بچێتەوە شاخ لە ڕێگەی کاك شێخ عەبدولکەریم حاجی کاکە حەمەی شەدەڵەوە. پێشتریش لە گوندی

بێدەر ساڵی ١٩٨٢ لەگەڵ کاك شالاُو عەلی عەسکەری دانیشتن و کۆبوونەوەی کرد، بە نهێنی شەو دەهاتن و دەگەڕانەوە، چەند جارێکیش چوو بۆ سەرگەڵوو بۆیە لە ساڵی ١٩٨٦ شێخ جەوادی برام و کوڕ و برازاکانی لەگەڵ کۆمەڵێ خزم و کەسوکار پەیوەندییان کردەوە بە شۆڕشەوە و بوونەوە بە پێشمەرگە و بەردەوامبوون تا ڕۆژی شەهیدبوونی کۆڵی نەدا، تا لە ١٩٨٨/٥/٣ بە چەکی کیمیایی شەهید بوو، کوڕە گەورەکەیشی بەناوی "مەحمود"کە پێشمەرگە بوو لەگەڵ برازاکانیدا ئەنفال کران، کە بریتی بوون لە شەهید حەمە سەعید فەرماندەی مەفرەزە و شەهید حامید کادری کۆمەڵە.

# کۆچی شەهید شێخ جەواد بێدەری
# کەلێنێکە جێگای پڕنابێتەوە

**حەسەن شێخ مەجید**

من لەدایکبووی ساڵی ١٩٦٩م، بەڵام لەتەمەنی سیانزە ساڵی و لە ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندیم کردووە بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە، لەگەڵ کاک عوسمان ئەسکەندەربەگیی لەڕێگەی خوالێخۆشبوو مەلا وەیسییەوە، ئەوکات بەرپرسی ڕێکخستنی چەند گوندێك بوو، ئەو زەمانە وابوو نەتدەهێشت خەڵکی بزانن کە پەیوەندییت بە ڕێکخستنەوە هەیە، دەنا دوایی بۆت دەبوو بە کێشە، لە دەرەوەی گوندەکان لەو دەشت و شاخە کۆبوونەوەمان دەکرد. هەر لەو سەردەمانەدا یەك دووجار ناردوومیانە بۆ ناو قەزای چەمچەماڵ، بەهۆی ئەوەی تەمەنم کەم بوو، شك و گومانم لەسەر نەبوو، نامە و هەواڵم ئەبرد و ئەهێنا بۆ هێزی پێشمەرگە و ڕێکخستنەکان. جارێکیان ژمارەیەك پێشمەرگە ئەوەی بیرم مابێت شەهید مامۆستا جمهوریان لەگەڵ بوو، وتیان دەبێ بچیتە چەمچەماڵ بۆ زانیارییەك، چوومە چەمچەماڵ ئەو

زانیارییانەی پێویست بوو وەکو خۆی گەیاندمەوە بە ڕێکخستنەکان.
ئەوکات لێپرسینەوە و ئیجرائاتی زۆر هەبوو، بەڵام بە حوکمی تەمەنەکەم کە کەمبوو کەس لێی نەدەپرسیمەوە.
ئێمە ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندیمان کرد بەهێزی پێشمەرگەوە لە ڕێگەی "حاکم ڕێبوار گۆپتەپەیی" کە بڕیاروابوو بکرێتە جێگری کەرت، دواتر "کاك شێخ جەواد بێدەری" کە هاتە دەرەوە، خەڵکی زۆر دڵخۆش و دڵگەشبوون کە ئەم پیاوە ناودارە هاتۆتە دەرەوە و دووبارە دەیویست لە خەبات و قوربانیدان بەردەوام بێت.
کاك شێخ جەواد ئەو ماوەیەی لەناو شاریش بوو، کە ماڵی لە ئاغجەلەر بوو هەر پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخستنەکان بەردەوامبوو، هاوکاری ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوو.
ئیتر ئەوەبوو کە هاتە دەرەوە، کرا بە ئامر کەرت لە تیپی ٢٩ی کەلکەسماق. پێش ئەم قۆناغەش کە لە پێشمەرگایەتی بەیەکەوە بووین، باوکم هەمووجار باسی کاك شێخ جەواد و خزمانی بێدەری بۆ دەکردین و باسی کەسایەتی و پیاوەتی ئەوانی بۆ دەکردین، کاك شێخ جەواد لەناو بێدەر و ناوچەکە کەسێکی دیار و بەرچاو و گوێلێگیرا و پیاوێکی بەحورمەت و ناودار بوو.
وەکو وتم پێشتر لە ڕێگەی باوکم و خزمانەوە ئەو پیاوەم ناسیبوو، ئێمە گوندەکانیشمان هاوسنورە و لە یەکترییەوە

نزیکین، تەنانەت هاتوچۆی بەردەوام لەنێوان خەڵك و خزمانی ئەم دوو گوندە هەبووە، بەهۆی ئەم نزیکایەتییەوە بیستبووم کە ئەم پیاوە چۆنە و چ کەسایەتی و کاریگەرییەکی هەیە.

ئەمەوێ بگەڕێمەوە سەر ئەو باس و کاتانەی کە لە پێشمەرگایەتی بەیەکەوە بووین. ئەوەبوو کاك شێخ جەواد کرا بە لێپرسراوی کەرتی ٣ی تیپی ٢٩ی کەلکەسماق، من و کاك عوسمان ئەسکەندەربەگیی (عوسمانە خڕە) و خاڵە بەکرم پەیوەندییمان کرد بە کەرتەکەی کاك شێخ جەوادەوە.

لە شەڕی تەوەکەڵ و گرتنی مقەڕ فەوجی تەوەکەڵ و ڕەبایەکانی تەوەکەڵ بەشداریمانکرد، ئەو شەڕە لەوکاتەدا چالاکییەکی زۆر گەورە بوو، کاك شێخ جەواد هەمیشە هێز و ورە بوو بۆ هێزی پێشمەرگە، تەنانەت ڕۆڵی کەمتر نەبوو لە کاك شێخ هاوڕێ کە لێپرسراوی تیپەکەمان بوو و جێدەستی دیار بوو، ئەو پیاوە دنیای بینیبوو، ئەزمونێکی زۆری پێشمەرگایەتی هەبوو، یەکێکیش بوو لە بەشداربووان و ڕزگاربووانی کارەساتی هەکاری، پیاوێکی شارەزا و لێهاتوو بوو، کە دەستەی هجوم جیادەکرایەوە بۆ گرتنی ڕەبایەیەك، لەبەر ئەو گڕوتین و ورە بەرزییەی کاك شێخ جەواد هەمووان شەڕمان دەکرد بۆئەوەی بەشداربین، پێمان ناخۆشبوو لە دەستەی هجووم نەبووینایە، هەمیشە ورە بەرز و بە هیمەت بوو، حەزت ئەکرد هەمیشە لێوەی نزیك بیت، لە دانیشتن

و مەجلیسدا هەمیشە سوودمەند ئەبووی لە قسەکانی، پیاوێك بوو عەسکەری و سیاسیش بوو، دنیا دیتە بوو.

ماوەیەك بارەگا و مقەڕمان لە چەمی سوورقاوشان بوو، ئەگەر مۆڵەت بوویتایە و دوو رۆژ لە ماڵەوە بوویتایە، بڕوا بکە حەزت ئەکرد زوو بڕۆیتەوە بۆ دەوام و بچیتەوە خزمەتی، واتە ئەوەندە مەجلیسی خۆش و بە سوود بوو، ئەوەندە بەڕێز بوو، زۆر زۆر تێکەڵبوو لەگەڵمان، بەحریێك بوو بۆخۆی لەهەموو ڕوویەکەوە شارەزا و کارامە بوو، لەگەڵ پێشمەرگەیەکی ئاسایی و سەرتیپەکەیدا یەك هەڵسوکەوت و یەك مامەڵەی هەبوو، لێپرسراویی بەڕاستی قابیلی کاك شێخ جەواد بێدەریی بوو، هەرگیز بە قسە ناتوانی باسی گەورەیی ئەم پیاوە بکرێت.

خزمانی بێدەر و هەموو خەڵکی سنورەکە کاك شێخ جەوادیان باش دەناسی و ڕێزێکی زۆریان لێ دەنا، کە دەچوینە گوندێك ئەمانویست دابەشبین بەسەر ماڵەکاندا، دۆست و ناسیاوی هەبوو، ڕێگەیان نەئەدا دابەشبین بەسەر ماڵاندا، لەبەر ڕێز و خۆشەویستی کاك شێخ جەواد هەموو کەرتەکەشیان دەعوەت دەکرد، بۆنمونە جارێکیان چووینە گوندێك لە دەوروبەری سورقاوشان دۆستێکی کاك شێخ جەواد سوێندنی خواردکە هیچ پێشمەرگەیەك بەسەر ماڵەکاندا دابەش نابێت و هەموومانی لە ماڵی خۆی دەعوەتکرد، ئەمە خۆشەویستی و ڕێز بوو بۆ کاك

شێخ جەواد. ئەگەر بێینە سەرباسی شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانیی کوردستان تا کاتی پڕۆسەی ئەنفالکردن، زۆر بەرپرسی عەسکەری هەبوون زۆرێکیان تەنها سەرکردەی عەسکەری بوون، بەڵام کاك شێخ جەواد سەرکردەیەکی عەسکەری و سیاسی و هاوکات کۆمەڵایەتی بوو، ئەم سیفەتانە لە سەرکردەدا زۆر کەمبوو، دەگمەن بوون ئەو سەرکردانەی وەهابوون، ئەم خاسییەتانەش بۆ ئەو قۆناغەی شۆڕش زۆر گرنگ و پێویست بوو، ڕۆڵێکی باشیان هەبوو لە سەرخستن و بەرەوپێشبردنی شۆڕشەکەدا.

جارێکیان بە جەولەیەك چووین بەرەو سنورەکانی ئێران، لە ڕێگەدا کە لامان ئەدا بۆ پشوودان ئەم پیاوە ئامۆژگاری پێشمەرگەی ئەکرد و قسەی بۆ ئەکردن و هانی ئەدان کە خۆڕاگر و بەڕەوشت و جیٚ متمانەی خەڵك بن، سەرکردەیەکی شارەزا و لێهاتوو بوو.

لە شەڕی بەرگریکردن لە سەرکردایەتی بەشداربووین و چووینە گوندی شاناخسیٚ ی سنوری نێوان عیراق–ئێران، کاك شێخ جەواد گوولەیەك لە سکی دابوو، هی ئەوکاتەی کارەساتی هەکاری بوو هێشتا لە گیانیدا مابوو، بەنیاز بوو لەویٚ دەربهێنێت، ئەو لەویٚ مایەوە، دوای ئەوە ئێمە ئەوێمان بەجێهێشت، حکومەتی عیراقی کیمیایی لە شاناخسیٚ دا، کاك

شێخ جەواد بەسەختی بەرکەوتبوو، دواتر بۆ چارەسەر وەرگرتن چووە ئێران.

دواتر دوای ماوەیەك ئێمەش چووینە ئێران، لە ئێران کاك شێخ جەوادمان بینییەوە کە لەوێ خەریکی وەرگرتنی چارەسەری پزیشکی بوو، چونکە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوو، دوای ماوەیەك گەڕاینەوە بۆ سنورەکانی خۆمان و لە ناوچەی قەلاسیوکە بەردەوامبووین لەسەر خەباتی چەکداریی. ئەوەبوو لە سەرەتای دەستپێکردنی قۆناغی چواری ئەنفالدا کە لە ١٩٨٨/٥/٣ گوندی گۆپتەپە و عەسکەر بەر چەکی کیمیایی کەوتن، بەداخەوە کاك شێخ جەواد بێدەری لەوێ شەهید بوو.

بەڕاستی کارەساتێکی گەورە بوو کە تەنها خەسارەتێك نەبوو بۆ خێزانەکەی و خزمەکانی، بەڵکو زیانێکی گەورە بوو بۆ وڵات و شۆڕشێك، کە ئەو پیاوێکی دیار و گەورە بوو، ئەگەر لە ژیاندا بمایە، ئێستا نوێنەری خەڵکی سنوری ئێمە و گەورە و سەرداری ناوچەکە دەبوو، هەموو خەڵکی گوێیان لێدەگرت، بەڕاستی شەهیدبوونی کاك شێخ جەواد زیان و خەسارەتێك بوو کە هەرگیز جێگەی پڕنابێتەوە.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# پێشمەرگەیەکی خاکی

**عوسمان غەفوور حسێن ( عوسمانە خڕە)**

ئێمە لەگەڵ کاک شێخ جەواد بێدەری لەڕووی بنەماڵە و دۆستایەتی زۆر تێکەڵین، پێشتریش باوباپیرانمان تێکەڵی و دۆستایەتییەکی زۆریان هەبووە، بنەماڵەکەشیان تێکۆشەر و کوردپەروەر بوون.

لەساڵی ١٩٨٧ ئەوکاتەی کاک شێخ جەواد چووە تیپی ٢٩ی کەلکەسماق، من پێشمەرگە بووم لە تیپی ٢٣ی سورداش، پێش ئەوەی لە پێشمەرگایەتی بیبینم، پێشتریش بە حوکمی تێکەڵیمان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بینی بووم.

کاک شێخ جەواد هاتە لای کاک عومەری برام، وەکو کەسایەتی و خزمایەتی داوای لێکرد کە دووسێ کەسمان لەگەڵیدا بین. کاک عومەر وتی ئێمە هەموومان لە خزمەتتدداین، ئەوەبوو من و بەکری فەقێ عەلی و محەمەد کۆزەبۆرەیی و جوتیار، خۆمان گواستەوە بۆ کەرتی٣ لە تیپی ٢٩ی کەلکەسماق. بەڕاستی هەر ئەو

خۆشەویستییە بوو، مام جەلال دوو قەناسی بەدیاری بۆ کاک شێخ جەواد و حاجی کاکەوڵای چنارتوو نارد، ئێمە قەناسەکانمان لە سەرکردایەتییەوە هێنا ، بۆیە ئەو پیاوە هەروا سادە نەبوو، کەسایەتی و بەناوبانگ بوو.

لە شەڕی تەوەکەڵ بەیەکەوە بووین، کە بریتی بوو لە هێرشکردنە سەر فەوجی ٧٢ی خەفیفە، ژمارەیەك رەبایەمان گرت، هەڵبەت چەند تیپێکی تریش لەگەڵمان بەشداربوون، لە جەولەشدا لە دەشتی کۆیە و ناوچەی شێخ بزێنی و قەڵاسێوکە و سورقاوشان هەمیشە بەیەکەوە بووین.

کاک شێخ جەواد سیفەتێکی هەبوو، کە فەرماندە بوو جیاوازی لەنێوان کوڕەکەی و کەسێکی تر نەدەکرد، بۆیە لای پێشمەرگە زۆر خۆشەویست بوو، ئێمە وەك مامێك و وەك فەرماندە پابەندبووین پێوەی و هەموو کات وەك مامێکی خۆمان تەماشامان دەکرد.

کاک شێخ جەواد پیاوێکی بەتوانا و لەش سووك بوو، سەرەڕای ئەوەی بە تەمەن لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام بڕوا بکەن هیچ کات لە دوای ئێمەوە نەبووە، زۆر بەتوانا بوو، لەگەڵ ئەوەشدا دوو خێزان و ماڵ و منداڵی هەبوو، بەڵام قەت بیری لەوە نەکردۆتەوە کە بڵێ من دوو خێزان و منداڵەکانم بەجێهێشتووە، لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە ئەگەر ئەم سەردەمەی ئێستابوایە ئەگەر کاک شێخ

جەواد بێدەری بۆ نموونە بچوایەتە هەر ماڵێك و داوای لێبکردایە دەنگ بە یەکێتی بدەن، هیچ کەس قسەی نەدەشکاند، هەر ئەو خۆشەویستییە بووە کە خەڵك هەبووە هەموو پێشمەرگەکانی دەعوەت کردووە، خەڵکی زۆر خۆشیان دەویست و ڕێزیان لێدەگرت.

ئێستا گوندی بێدەر ژمارەیەك فەرماندەی سەربازیی قارەمانیان هەیە، ئەگەر خەڵك باسی شەهید و ئازایەتی بکەن، بێدەر و خەڵکی بێدەر بەنموونە دەهێننەوە، لەبەرئەوەی بێدەر کۆمەڵێك فەرماندەی وەکو کاك شێخ جەواد، کاك حەمەغەریب، کاك حەمەسەعید، شەهید شێخ تالیب، شەهید حسێن، شەهید حەسەن، شەهید جەلالیان هەبووە، گومانی تیانییە ئەم خزمانە بەهۆی کاك شێخ جەوادەوە خۆشەویستی شۆڕش و نیشتمانیان لە دڵدا چەسپیووە و چوونەتە ناو شۆڕش، ئازایەتی و قارەمانێتی بێدەرییەکان خەڵك بەنموونە باسیان دەکات.

کاك حەمەغەریب "بەڕەحمەت بێ" فەرماندەیەك بوو بڕوابکەن لە ئازایەتی و هەڵمەت بردندا هیچی لە مامەڕیشە کەمتر نەبوو، ئەو پیاوانە هەموو خزم و کەسوکاری کاك شێخ جەواد بێدەری بوون، هەر ئەوەش وایکردووە کە ئاوا بە ڕەوشت و ئازا و خەباتکاربن. ڕۆڵی هەبووە لە دروستبوونی ئەو فەرماندانە و هەندێکیشیان شەهید بوون، لەبەرئەوە کاك شێخ جەواد هەم لەناو خەڵکی

بەگشتی، هەم لەناو کەسوکارەکەی و گوندی بێدەردا، وەکو برا گەورەیەك تەماشایان دەکرد و ڕێزیان لێدەگرت و بە قسەیان دەکرد.

من خۆم زۆر لێوەی نزیك بوومە، بڕوا بکەن بچوایەتە ناو هەر مەجلیس و لەهەر کێشەیەکدا قسەی بکردایە، کەسمان نەماندەتوانی قسەی بشکێنین، ئەوەندە پیاوێکی خۆشەویست و بەڕێز بوو.

ئەوەی ناسیبێتی و لێوەی نزیکبووایە هەمووکات حیسابی براگەورەی بۆ دەکرد و بەقسەی دەکرد، زۆر خۆشەویست و قسەخۆشبوو، لەگەڵ گەنجدا گەنج و لەگەڵ پیردا پیر بوو، مامەڵەی لەگەڵ هەموو تەمەنێکدا دەکرد و لەگەڵ هەمووان خۆی دەگونجاند، ڕۆژێکیان کوێخا نەریمانی کەڵەشێرە وتی کاك شێخ جەواد هەمووتان میوانی منن، واتا خەڵکی ناودار و خانەدان ڕێزی تایبەتییان لێدەگرت، ئێمە لە جەولەکاندا دەچووینە هەر شوێنێك، دەچووینە هەر گوندێك، لەهەموو ناوچەکان لە خۆشەویستی کاك شێخ جەواد ڕێزی تایبەتییان لێدەگرتین، زۆرجار لە کۆبوونەوەدا دەیگوت، برادەران ئێمە پێشمەرگەین، هاتووینەتە دەرەوە بۆ شەهید بوون، نەك خۆمان بەسەر خەڵدا فەرز بکەین، ئێمە کە هاتووینەتە دەرەوە بۆ شەهیدبوون لەپێناو میللەتەکەماندا هاتووینەتە دەرەوە، دەبێ ئەوەندە لای خەڵك ڕێز

و تەقدیرمان هەبێت، ئەوەندە خۆشەویست بین خەڵك لێمان بێزار نەبێت، لە حاڵەتێکیشدا کەسێك، جوتیارێکی ماندوو، ئەگەر هەڵەیەکیشی بەرامبەرتان کرد دەبێ تەحەموول بکەن و ئێوە هەڵە نەکەن. ئێستاش خۆم کە فەرماندەیەکم لەسەر هەمان قوتابخانە و هەمان بیر و بۆچوون و تێڕوانینی کاك شێخ جەواد دەڕۆم و پەیڕەوی دەکەم، بەتایبەت لەگەڵ هاوڕێ و هەڤاڵە پێشمەرگەکانم لەژێر هەمان بیر و بۆچوونی ئەوم، ئێستا لەگەڵ خەڵکی و ئەو کەسانەی کە کێشەیەکی هەیە، لێبوردنم هەیە و ئاسایی وەری دەگرین، واتا ئەو قوتابخانەیەی کاك شێخ جەواد بووە کە فێری ئارامی و ددان بەخۆداگرتنی کردووین، فێری ئەوەی کردووین کە مامەڵە و وتە و کردەوەکانمان لەگەڵ خەڵکی و تەنانەت ئەوانەی هەڵەشمان بەرامبەر دەکەن جوان بێت.

دواجار کە بینیم پێش شەهیدبوونەکەی هەمان ئەو ڕۆژە بوو کە تیایدا شەهید بوو ١٩٨٨/٥/٣، تاقی بەیانییەکەی لە گوندی گۆپتەپە لەماڵی کاك شێخ جەواد بووین، من و کاك شێخ حەسەنی گەڕاو، ئەوکاتە هێزێکی زۆری پێشمەرگە لەو سنوورە بوون، وەك تیپی ٥١ و ٥٧. چونکە پرۆسەی ئەنفال لە سنوری قەرەداغ و گەرمیان دەستی پێکردبوو، بۆیە هەموو هێزەکان هاتبوونە سنووری ئێمە. داوامان لە کاك شێخ جەواد کرد مۆڵەتمان پێبدات بۆ ماوەی دوو ڕۆژ تاوەکو سەردانی ماڵەوە بکەین و پشوویەك

بدەین و بێینەوە، مۆڵەتی پێدáین، وتی کە گەڕانەوە وەرنە گوندی کانی هەنجیری ئیبراهیم ئاغا لەوێ یەکتر دەبینینەوە، لەگەڵ کاك شێخ حەسەنی شێخ مەجید خواحافیزیمان لێیی کرد و ڕۆیشتین.

نیوەڕۆ چووینە ماڵی ئێمە لە گوندی ئەسکەندەربەگی، دوای نیوەڕۆ لەگەڵ کاك شێخ حەسەن چووینە شوێنێك لە پشتی گوندی تەکباسان لای ماڵی حاجی ئەحمەدی گەڕاو، لەوێ تووشی دایکم بووین "بەڕەحمەت بیّ"، وتی ئەوە چی ئەکەن لێرە؟ ئەڵێن حکومەت هێزێکی زۆری هێناوە بۆ ئەم سنوورە، ئێمەش قەناعەتمان وابوو وتمان ئینجا حکومەت ماوە تاکو هێز بهێنێت، پێمانوابوو کە پێشمەرگە زۆر بەهێزە حکومەتی بەعس لە هەقمان نایات.

هەر ئەو ڕۆژە دەوری عەسر لە ناوکەلی گەڕاو هێلیکۆپتەر لە مەکینەیەکی دابوو، سایەقەکەی خەڵکی گوندی" سەیدان"ی ناوچەی شوان بوو، کاك شێخ مەجید و جەلیلی ئامۆزام بردبوویان بۆ گۆپتەپە بۆ نەخۆشخانە، لە دوای عەسر و نزیك ڕۆژئاوا فڕۆکەی بەعس هات گۆپتەپەی بۆردوومان کرد و کیمیایی لێدا، ئێمە ئەوکاتە گەیشتبووینە گوڵمکەوە، لەوکاتەدا بوو جەلیلی خوشکەزام و مەجیدی پورزام هاتنەوە و وتیان خەڵکی هیچیان نەماون و گۆپتەپە وێران کرا، من ئەو شەوە بەتەنها گەڕامەوە بۆ ئەسکەندەربەگی، لەوێ بیستم وتیان کاك شێخ جەواد شەهید

بووه. بیرمان نەچێت کاک شێخ جەواد لە شاناخسێ و لەسەرکردایەتی بە چەکی کیمیایی بریندار بووبوو. شەهیدبوونی شێخ جەواد خەم و ئازارێکی زۆر بوو، چونکە بەڕاستی پیاوێکی تێکۆشەر و قارەمان و فەرماندەیەکی بەتوانا بوو.

ئەگەر کاک شێخ جەواد لەدوای پرۆسەی ئەنفالکردن بمایە رۆڵی زۆر باشی دەبوو لە گردبوونەوەی پێشمەرگە و خەڵکە دڵسۆزەکەی سنورەکە، بەتایبەتی بۆ دوای قۆناغی پرۆسەی ئەنفال، چونکە شارەزاییەکی باشی لە خەباتی پارتیزانی هەبوو، ئەزمونێکی زۆری پێشمەرگایەتی هەبوو، شەهیدبوونی کارەساتێك بوو هەم لە کورد هەم لە شوڕش کەوت، لەبەرئەوەی فەرماندەیەکی زۆر لێهاتوو بوو.

کە شۆڕشی چەکداری هەڵگیرسایەوە لەناو گوندی بێدەر هەڵگیرسایەوە، لەهەموو سنوری قەڵاسێوکە و شوان و شێخ بزێنی لەوانەیە دە کەسی تیا نەبێت کە پێشمەرگە بووبێتن، بەڵام هەر لەناو گوندی بێدەر سێ پێشمەرگەی ئەوکاتی هەکارییان هەبووە، ئەوان هەر زوو پەیوەندییان کردووە بە شۆڕش و خەباتی چەکدارییەوە، ئەوەش کاریگەری قوتابخانە نەتەوەییەکەی کاک شێخ جەواد بێدەری بوو، کە خزم و کەس و خەڵکێکی زۆر بوون بە پێشمەرگە، مێژووی خەباتی کاک شێخ جەواد بە کتێبێك و دووان نانوسرێتەوە، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# خەمخۆرێکی ڕاستەقینەی نیشتمان

**ڕەسوڵ ڕەشید سەعید**
**(ڕەسوڵی کاکەڕەش کانی توویی)**

من لە ١٩٧٦/٤/٢٤ لە گوندی "کانی توو" مەفرەزەیەکی پێشمەرگەم ڕێکخست کە ژمارەیان ١١ کەس بوو. لە ١٩٧٦/٨/٢٣ هەواڵم بۆهات وتیان کاک عەلی عەسکەری هاتۆتە دەرێ، هەمان ڕۆژ چوومە خزمەتییان لە "سیلەمێرگ"، ئەو کۆمەڵێ چەکداری لەگەڵ بوو، پێشوازییمان لێکرد و پەیوەندییم بە کاک عەلییەوە کرد، ئەوەندەی بیرم مابێت ئەوان بریتیی بوون لە: کاک عەلی عەسکەری، شێخ جەواد بێدەری، خەلیل بێدەری، مامەخوولەی شەدەڵە، ملازم تاهیر، سالار عەزیز، محەمەدی حاجی مەحمود، قادر هەڵەدنی، کۆمەڵێکی تر کە ئێستا بیرم نەماون. واتە من لە ١٩٧٦/٨/٢٣ پەیوەندیم کردووە بە شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەرییەوە، هەر ئەو ڕۆژە بۆیەکەمجار کاک شێخ جەوادم بینی.

ئیتـر لـەو ڕۆژە بەدواوە چەنـدین جار بەیەکەوە بووین لە گەڕان و

بەسەرکردنەوە و شەڕەکاندا. ئەوەبوو یەکەمجار چووینە "هەنجیرلوو"، شەوێك لە ئەشکەوتی "هەنجیرلوو" ماینەوە، بۆ سبەی نیوەڕۆکەی هاتینە "یاخییانە"، دواتر چووینە "خوڕخوڕە"، ئینجا چووینە "هەوارەبەرزە"، لەوێشەوە بەڕێکەوتین بۆ گوندی "کانی توو" کە ڕۆژی ١٩٧٦/٨/٢٦ بوو. ئەوەبوو دوو شەو لە گوندی "کانی توو" ماینەوە، لەو ماوەیەدا لەگەڵ کاك شێخ جەواد بووینە برادەر و دۆست و هاوڕێ. من بۆ ماوەیەکی دوور و درێژ لەگەڵ مەفرەزەکەی کاك عەلی عەسکەری بووم، دوای ئەو دوو شەوە بەڕێکەوتین بۆ گوندی "گەلاڵە"، ئەم گەڕانانە بە گوندەکاندا سەرەتای دەستپێکردنەوەی شۆڕشی نوێ بوو، کاك عەلی عەسکەری دەیویست بە کوردستاندا بگەڕێین و خەڵکی گوندەکانی کوردستان ئاگادار بکاتەوە کە دووبارە شۆڕش هەڵگیرساوەتەوە. لەو گەڕانانەدا دەچووینە هەر گوندێك خەڵکی گوندەکان زۆر بەدڵخۆشییەوە بە پیرمانەوە دەهاتن، خەڵکی ئامادەییان هەبوو بەسەر و بە ماڵ لەگەڵ شۆڕشدا بن، زۆریان پێخۆشبوو، هەربۆیە ئامادەییان هەبوو کە بە سەروماڵ لەگەڵماندا بن، لەهەموو ئەو ماوانەدا کە بەیەکەوە بووین لەگەڵ کاك شێخ جەواد وەکو برا وابووین، بەڕاستی دەچووینە هەر گوند و شوێنێك شێخ جەواد زۆر خۆشەویست بوو لایان و ڕێزێکی زۆریان لێدەگرت، ئەوەندە بەڕێز بوو لای خەڵك، خەڵکی

بەپیرییەوە دەهات، خەڵك هەبوو نەیبینیی بوو، بەڵام کاتێ دەیانبینی بەپیرییەوە دەچوون و خۆشیان دەویست، بچوینایەتە هەر شوێنێك لە خۆشەویستی کاك شێخ جەواد هەموو لە دەورمان کۆدەبوونەوە، پیاوێکی زۆر رووخۆش بوو، زۆر بەڕێز بوو بۆیە خەڵکی بەڕاستی خۆشیان دەویست، ئەو ماوەیە کاك شێخ جەواد بەرپرسی هێزەکەی کاك عەلی بوو، لەدوای ئەو من بەرپرسیارێتییم هەبوو لەناو هێزەکەدا.

لە ١٩٧٦/١١/٢١ لە گوندی گەورەدێی جافایەتی بووین، هەواڵمان بۆ هات وتیان کاك ئارام شەهید بووە، وا هەواڵەکەمان پێگەیشت وتیان سێ سەرکردەی کۆمەڵە شەهید بووە، کە بریتی بوون لە کاك ئەنوەر، کاك شەهاب، کاك جەعفەر. بەڕاستی زۆر پێی نارەحەت بووین و کاریگەری زۆری لێکردین، کاك عەلی لەگەڵ کاك سالار عەزیز کۆبوونەوەیەکی کرد و وتیان لە تۆڵەی ئەمانە چی بکەین؟ وتیان مەفرەزەیەکی پێشمەرگە دەنێرین بۆ سلێمانی بۆئەوەی لە تۆڵەی شەهیدکردنی ئەماندا شتێك بکەن. مەفرەزەیەکمان لە شەش کەس تەشکیل کرد، من کلاشینکۆفێکی مزەلی رەقەم ١٠م پێبوو، کاك عەلی لێی وەرگرتم دای بە یەکێك لە پێشمەرگەکانی مەفرەزەکە و رووی کردە مەفرەزە شەش کەسییەك و پێی وتن: دەچنەوە سلێمانی و لەوێ لە تۆڵەی شەهیدکردنی ئەم سەرکردانە چالاکییەك ئەنجام بدەن، مەفرەزەکە کەوتنە ڕێ و

دەستیان کرد بە وتنەوەی سرودی ئەی ڕەقیب، بەشێوەیەك دەیانوت پیاوی دەگریاند، ئێمە لە "کانی پەڵك" لە خوار گەورەدێ لێیان جیابووینەوە، کە مەفرەزەکە کەوتنەڕێ بەرەو سلێمانی، ئێمەش چووین بەرەو "مالوومە"، ئەوەبوو مەفرەزەکە لە پارێزگاری سلێمانییان دابوو، یەکێك بوو لە چالاکییە گەورەکانی ناو شار.

پێش کارەساتی هەکاری لە "کانی توو" بارەگامان هەبوو، لە ١٩٧٧/١/٢ کاك عەلی عەسکەری هات بۆ ئەوێ، حەمەی مامە سەلامی لەگەڵدا بوو، بانگی کردین و وتی کاك شێخ جەواد و ڕەسوڵی کاکەرەش دەچنە ناوچەی قەڵاسێوکە و دۆڵی بازیان بۆ لای کاك عەزیز کافرۆشی "عەزە لاڵ" لە دۆڵی بازیان و جەولەیەکی لەگەڵ دەکەیت بۆ ئاگادارکردنەوەی خەڵکی لە دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان. من چوومە دۆڵی بازیان ماوەیەك لەوێ مامەوە. لە ١٩٧٧/١/٢ بەڕێکەوتین چووینە دەشتی کۆیە، کاك شێخ جەواد بێدەری چووە ناوچەی قەڵاسێوکە، منیش وەکو وتم چوومە دۆڵی بازیان.

کاك شێخ جەواد بێدەری ماوەیەکی دوورودرێژ بە بەرپرسیارێتی لە سنوری قەڵاسێوکە ماوەتەوە. بەرپرسیارێتی ئەوکاتە هی مەفرەزە سەرەتاییەکان بوو، ماوەیەك وەکو ئامر کەرت لەوێ بوو،

ماوەیەکی زۆر لەوێ مانەوە، لەو ماوەیەدا زۆر ئاگاداری ئیشوکاری یەکتر نەبووین، چونکە دنیا وەکو ئێستا نەبوو بتوانین پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەین، من ماوەی زیاتر لە هەفتەیەك لە دۆڵی بازیان مامەوە، دواتر گەڕامەوە بۆ گوندی کانی توو، دواتر لە ١٩٧٧/٦/٢٥ لە قەندیل من چووم بۆ ماڵی کاك عەلی عەسکەری لە "کوێستانی بامێن" خێزان و منداڵەکانی کاك عەلی ئەوکات لەوێ بوون. ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٦ کاك عەلی عەسکەری خۆیشی گەیشتە ئەوێ، کاکە حەمەی مامە سەلامی لەگەڵ بوو، ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٧ کاك شێخ جەوادیش بە مەفرەزەیەکەوە هاتە ئەوێ، ئەو ڕۆژە کاك شێخ جەوادم لەوێ بینییەوە کە لە ناوچەی قەلاسێوکەوە هاتبۆوە، دواتر لەگەڵ کاك عەلی بە قەندیلدا ڕۆیشتین، چووینە "کیفارە". لە "کیفارە" ماڵی بایز ئاغا و سوارئاغا و ئاکۆ لەوێ بوون، دەوری سی ماڵێك دەبوون، زیاتر لە هەفتەیەك لەوێماینەوە، هەر ئەو ماوەیەی لەوێ بووین، ڕۆژی ١٩٧٧/٦/٢٩ لەگەڵ سوارئاغا و بایزئاغا جەولەیەکمان کرد بەو گوندانەی ئەو دەوروبەرەدا، دوو شەو لە "دۆڵی باڵەییان" ماینەوە، لە گەڕانەوەماندا بە قەندیلدا هاتینەوە، یادی بەخێربێ لەگەڵ کاك شێخ جەواد پێکەوە بووین، بایزئاغا بانگی کرد و وتی شێخ جەواد؟ شێخ جەوادیش وەڵامی دایەوە. بایز ئاغا وتی: بچنە ئەو تاوڵەی، قەندیل سەدان تاوڵی "ڕەشماڵ"ی لێبوو، لە

نزیکمانەوە تاوڵێکی گەورە هەڵدرا بوو، وتی شێخ جەواد خۆت و دوانزە کەس بچنە ناو ئەو تاوڵە، لەگەڵ شێخ جەواد چووینە ناو تاوڵەکە، پیاوێکی بەتەمەن بە پیرمانەوە هات، شێخ جەواد وتی مام حاجی گیسکێکمان بۆ بکڕە، مام حاجیش وتی: کوڕم لە مێژە گیسکێکم بۆ سەربڕیون، ئەو ڕۆژەمان زۆر بەخۆشی بەڕێکرد و بۆ ئێوارە گەڕاینەوە کیفارە، لەوێ ماوەیەكماینەوە. کاك عەلی بەنیازبوو منداڵەکانی بەڕێبکات بۆ سوریا، کوڕێك هەبوو ناوی "کەریمی مام ئەحمەد" بوو، ئەو بیان بات بۆ سوریا، ئەو شەوە ماڵ و منداڵی بەڕێکرد، بۆ بەیانییەکەی هەواڵمان بۆ هات کە حکومەتی عیراقی هەڵیان کوتاوەتە سەر ماڵی بایز ئاغا، هەر ئەو بەیانییە زوو کاك عەلی عەسکەری و شێخ جەواد و من گەڕاینەوە بۆ کیفارە، کاتێ هاتین بینیمان جەیشی عیراقی بە قەندیلدا بڵاوبوونەتەوە، ماڵەکانی بایز ئاغا و سوار ئاغا و کوێخا برایم چۆڵیان کردبوو، رایان کردبوو بۆ ئەو شیو و دۆڵانە، چووینە ناو تاوڵ و دەوارەکان، تەشتێ ئاردی لێبوو، مەلا بەختیار وتی: کێ دەتوانێ ئەم ئاردە بکات بە نان بۆ پێشمەرگە؟ من و کاك شێخ جەواد و جەمالی برای بەکر سێکانیانی دەستمان کرد بە نانکردن، تەشتە هەویرەکەمان هەموو کرد بە نان بۆ ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵمان بوون کە هەندێکیان لە شاخی قەندیل جێگیر ببوون.

دوای دوو ڕۆژ گەڕاینەوە بۆ "شێخ ئایشێ"، کیفارە چۆڵ بوو، لە

کیفارەوە لەگەڵ کاک عەلی و شێخ جەواد سەرکەوتین بۆ سەر "گۆمی کرمان" لەسەر قەندیل، هەفتەیەك لەسەر گۆمی کرمان ماینەوە، ئەو ماوەیە کاك عەلی لەوێوە نامەی دەنووسی بۆ حاجی ئۆمەران و دۆڵی باڵەییان و ئەو ناوچانەی کە دەیویست ئاگاداری دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕش بن، دوای ئەوە گەڕاینەوە بۆ خوارووی قەندیل، کاك عەلی عەسکەری هەندێ مەفرەزە هەبوون بەسەریکردنەوە و لە هەواڵی دەپرسین.

ئەوەبوو ئێمە لە ١٩٧٧/٧/٢٥ لە "شێخ ئایشێ"وە بەڕێکەوتین بۆسەر سنوور بۆ پێشوازی لە مام جەلال، ئەوەندەی بیرم مابێت بریتی بووین لە: کاك عەلی عەسکەری، شێخ جەواد بێدەری، من- مام ڕەسوڵ"، مامە خوولە، بەڕێکەوتین بۆ ناوچەی بادینان بۆسەر سنوری تورکیا، پێموابێ لە ١٩٧٧/٧/٢٨ گەیشتینە لای مام جەلال، کە گەیشتین ئەوانەی لەوێ بوون: مام جەلال، کاك نەوشیروان، دکتۆر خالید، سەعدی گچکە، بوون. ماوەیەك لەوێ ماینەوە مام جەلال وتی: وەجبەیەك چەکمان بۆ هاتووە دەبێ بچن بیانهێنن. چەکەکان لە سوریاوە گەیشتبوونە ناو گوندەکانی تورکیا.

من و کاك شێخ جەواد و سەلامی حەمە شوان و بەکر سێکانیانی و ملازم حەسەن خۆشناو، سێ چوار ولاخ و بارگیرمان برد و چووین ئەو چەکانە بێنین، چەکەکان هێنرابوونە گوندێك بەناوی

"بەردەڕەشە". چووین چەکەکانمان هێنا، ژمارەیان نزیکەی پەنجا چەکێك دەبوو، چەکەکان کلاشینکۆف و قازیفە بوون، بیرمە بەکر سێکانیانی وتی ئەو قازیفەیە بۆ منە بەمە لە قشڵەی سورداش دەدەم.

لە ١٩٧٧/١٠/١٣ دیسانەوە مام جەلال بانگی کاك عەلی کرد و وتی وەجبەیەکی تر چەکمان بۆ هاتووە دەبێ بیان هێنین، ئەوجارەش چووین کە بریتیی بووین لە: کاك شێخ جەواد، من، سەلامەی حەمە شوان و بیست و پێنج کەس بووین لەگەڵ ملازم حەسەن خۆشناو رۆیشتین، چووینە گوندەکانی تورکیا، دووبارە چووینە گوندی بەردەڕەشە، دە دۆشکەمان بۆ هاتبوو، شەو لەوێ ماینەوە، هەر ئەو شەوە دۆشکەکانمان بارکرد و خۆمان ئامادەکرد زوو گەڕاینەوە کە یانزە ولاخمان بارکردبوو، ولاخەکان بارەکانیان زۆر قورس بوون، زۆر باشیش نەبەسترابوون، لە شوێنێك بارەکانمان خستن، بەیانی زوو بارمان کردنەوە لە هەورازێك بە زۆر بە شان سەرمان دەخستن، گەیشتینە سەروو هەورازەکە کەوتینە تەختاییەك دووبارە بارمان کردنەوە و کەوتینە ڕێ، کاك شێخ جەواد لە پشتی منەوە بوو، من و سەلامی حەمە شوان لە پێشەوە دەڕۆیشتین، ملازم حەسەن خۆشناو کەمین بوو لە پێشەوە رۆیشتبوون، گەیشتینە دۆڵێك لەوێ لە لایەن قیادەی موەقەتەوە کەمینیان بۆ دانابووین، هەر ئەوەندەمانزانی لێیان

داین، ئێمه بیست و پێنج کەس بووین یانزه ولاٚخمان پێبوو، (دە) دۆشکەمان هێنابوو، ملازم حەسەن خۆشناو سەرپەرشتی دەکردین، کە لێیان داین بوو بە شەڕ هەتا سەعات بوو بە سێ ی دوای نیوەڕۆ، من بریندار بووم کەوتم، سەلامی حەمە شوانم لەگەڵ بوو، بانگیان کردین و وتیان: "خودێ بسەرێ مەلا مستەفای خۆتان نخەنە بەرێ مەلا مستەفای هەمووتان دێنە کوشتن"، هەتا ئەوکاتە نەمان ئەزانی ئەوانەی لێمان ئەدەن کێن، ئەوکاتە بۆمان دەرکەوت کە ئەوانەی لێمان ئەدەن قیادەی موەقەتەن، ناچاربووین تەسلیم بووین، هەموومانیان کۆکردەوە لە لێواری دۆڵێك دایان نایین، بەلاٚم هەموو هێسترەکانیان کوشتین، کە کۆیان کردینەوە ئەوسا زانیمان ملازم حەسەن خۆشناو و یانزه کەسمان شەهید بوونە، جگە لەوەش بریندارمان هەبوو کە یەکێکیان من بووم، دوای دوو سەعات کە دایاننابووین، جەوهەر نامیق هات ئێمە نەماندەناسی، یەکێکی تریشیان لەگەڵ بوو ناوی عەبدولاٚ ڕیشە بوو ئەبو عەنتەریان پێدەوت، جەوهەر نامیق کە هات بڕنەوێکی پێ بوو، خەنجەرێکیشی بەقەدەوە بوو، هات بە کرمانجی قسەی لەگەڵ کردین وتی کێ بریندارە، وتمان دوو بریندارمان هەیە، وتی هەر بریندارە و دوو کەسی لەگەڵ بڕوات، من کە قاچم بریندار بوو کاك شێخ جەواد لە کۆڵی کردم، جەوهەر نامیق بانگی کردم وتی تۆ لەگەڵی مەڕۆ، بەلاٚم نەشیان ئەناسی، خۆ ئەگەر بیان ناسیایە

هەر لەویَ شەهیدیان ئەکرد، منیش وتم ئەوە ئامۆزامە با لەگەڵم بێت، ئەو هەڵم نەگرێت کەسی تر هەڵم ناگرێت، ئینجا وتی بڕۆن، هەمیسان کاك شێخ جەواد لە کۆڵی کردم و رۆیشتین، بریندارەکەی تریش ناوی کەریم بوو خەڵکی پشتدەر بوو، من و بریندارەکەی تر هەر یەکی دوو کەسمان لەگەڵ بوو، بووین بە شەش کەس، کەوتینەڕێ چووینە گوندێك بەناوی "بێ تووڕ"، گەیشتینە گوندەکە هەوڵماندا نانمان بدەنێ پێیان نەداین. لە گوندەکە دەرچووین پردێکی بچکۆلەی لێبوو، یەکێك لە پیاوانی گوندەکە هاتە ئەویَ، هەندێ نانی بۆ هێنابووین، وتی ئەوە بە دزییەوە بۆم هێناون، دەنا بزانن دەمانکوژن، بە هەر وەزع و زروفێك بوو کەوتینەڕی لە گوندەکە دوورکەوتینەوە، چووینە ناو دارستانێك کاك شێخ جەواد وتی پەکمان کەوتووە چیتر پێمان هەڵناگیرێن هێزمان تیانەما، ناهەقیشی نەبوو پیاوێکی بریندار بە کۆڵەوە و بەو برسێتی و ماندوێتییە هەروا گاڵتە نییە، وتم کاك جەواد ئێمە دوو بریندارین ئێوە چوار کەسن، ئێوەش بەبۆنەی ئێمەوە با تیانەچن، ئێوە بڕۆن خوا ئاگای لێتان بێ، ئێمە لێرەین چاوەڕێی قەدەر ئەکەین، کاك شێخ جەواد وتی باشە من بە چ چاو و ڕوویەکەوە بچمەوە و چی بڵێم؟ بڵێم رەسوڵم بە برینداریی بەجێهێشتووە، بەخوا بەجێت ناهێڵم، زۆر هەوڵم لەگەڵیدا کە بەجێمان بهێڵن و بڕۆن، بێسوود بوو نەڕۆیشتن، لەو نزیکانە

ئیشغاڵێکی لێ بوو داریان دەبڕی، وتم کاک شێخ جەواد بۆناچی بۆلای ئەوانە بەشکو هاوکارییەکمان بکەن، ترسی ئەوەمان هەبوو تەسلیمی تورکیامان بکەن و ئەوانیش تەسلیمی عیراقمان بکەنەوە، کاک شێخ جەواد وتی وەڵاهی بشگیرێین هەر دەچم، خۆی چووە لایان، ئینجا کاک جەواد قسەی ئەوەندە خۆش و پیاوێکی ئەوەندە نەرم بوو قەناعەتی بەهەموو کەس دەکرد، وتبووی دوو برادەرمان لەگەڵدایە، سواری گەلآبە بوونە کەوتوونەتە خوارەوە و بریندار بوونە، دەمانەوێ هاوکاریمان بکەن، ئەوانیش وتبویان بیانهێنن، ئەوەبوو بە دووماندا هاتن چووینە لایان کە گەیشتین یەکی یەك قاپ زەیتوونی ڕەشیان بۆ دانایین، ئەوەندەمان برسی بوو زۆرمان لاخۆشبوو ئێستاش تامی ئەو زەیتوونەم لە دەمدایە، دواتر سواری سەیارەیان کردین نزیکی سەعات و نیوێك بەڕێگاوە بووین چووینە گوندێك پێشتر چووبووین شارەزا بووین وتمان لێرە دامانگرن، دایان گرتین، شێخ جەواد بردینینە ماڵێك پێشتر جارێك چووبووینە ئەو ماڵە کە زۆر ڕێزیان لێگرتین و زۆر خزمەتیان کردین، ئێمە پارەمان پێبوو، کاک شێخ جەواد وتی: وڵاخێکمان پێ بفرۆشن، ئەوان بە وڵاخیان دەوت "دەوار"، تاکو ئەو دوو بریندارەیان پێ بگوازینەوە، ئەوانیش وتیان باشە دەوارێکمان هەیە پێتانی دەفرۆشین بەڵام بە ڕووتی پێتانی ئەدەین، شێخ جەواد بە سێسەد و پەنجا دینار لێی

کرپتن، وتیشیان هەر ئەمشەویش دەبێ لێرە بڕۆن، سبەینێ جەندرمە دێتە ئێرە، ولاْخەکەیان بۆ هێنانیە دەرەوە بینیمان ئێسترێکی زەردە، پشتی لە سەرین نەرمتر بوو، وتم شێخ جەواد سواری ئەو ئێسترەم کەی دەمرم، بەلاْم ناچار بووم، پشتێنەکەیان لێکردمەوە و لە ملی ئێسترەکەیان کرد و سواری ئێسترەکەیان کردم، پشتی نەرم دەتوت دۆشەکە، کەمێ رایان کیشا و بریندارەکەی تریشیان لەگەلْ من سوار کرد، دوو بریندار سواری ئێسترێکی ڕووت، رۆیشتن بەناو دارستان و شیو و دۆلْدا، قاچە بریندارەکەم بەر دار دەکەوت وەختبوو روحم دەرچێ، ماوەیەکی باش رۆیشتین رێمان لێ هەلْە بوو، شەو بوو ناچار لاماندا، چاوەرێ بووین تا رۆژ بێتەوە، کە دایان گرتم ئاگام لە خۆم نەمابوو تا بەیانی، بەیانی شێخ جەواد وتی ئەوە ماوی؟ وتم ئارەوەلاْ، وتی: وەلاْ وامزانیووە مردووی هەست و خوستت نەمابوو، ئەو بەیانییە بەرێکەوتین بە دوو شەو و دوو رۆژ ئینجا گەیشتینە بارەگاکەی خۆمان لە "دۆلْە بۆستێ"، هەر لە دوورەوە کاك عەلی هات وتی رەسولْ ئەوە چییە؟ وتم: بریندارم. وتی ئەی شێخ جەواد ماوە؟ وتم بەلْێ وا لەدواوە دێن، هاواریکردە پێشمەرگە و وتی خۆتان ئامادە بکەن، وتم پێویست ناکا سێ شەو و سێ رۆژە لێمان دراوە، وتی دە زوو بچن بەدوای ملازم تایەردا با بگەڕێنەوە نەوەك لە رێگا لێیان بدەن، خێرا چوون

بەدوایاندا و گەڕانەوە، شێخ جەواد نەبوایە من لە ڕێگا بەجێدەمام و دەمردم، ئەو چاکەیەی لەگەڵ من کردویێتی لەگەڵ کوڕی خۆیشی نەیکردووە، شەو و ڕۆژێك بەس بە کۆڵ هەڵیگرتووم، چاکە لەوە زیاتر چیتر.

لەلایەکی ترەوە خۆشەویستی و ڕێزی کاك شێخ جەواد بێ وێنە بوو، هەر ئەو هاوکارییەی من کە ماوەی دوو شەو و دوو ڕۆژ لە شاخ و دەشت و دۆڵ و هەڵگرتن بە کۆڵ ئەوە دەسەلمێنێ کە دڵسۆز و خەمخۆری ڕاستەقینەی هاوڕێکانی بوو، ئەوە پێی ئەڵێن خۆشەویستی و بەدەمەوەهاتن و قوربانیدان بۆ هاوڕێ، لەوەزیاتر چی؟ برا لەگەڵ برای ناکات، کە وەڵاهی باوك لەگەڵ ڕۆڵەی خۆی نایکات، خۆشەویستی ئەو سەردەمەی پێشمەرگە هەموو بە ڕوح و بە گیانی یەکبوون بوو، هەموو برا و کەسوکاری ڕاستەقینەی یەکتر بوون، مرۆڤ پێی خۆشبوو بۆخۆی بمرێ بەڵام هاوڕێکەی هیچی لێ نەیات، ئەوکاتە خۆشەویستی پێشمەرگە بەڕاستی و بە دڵ و بەگیان خۆشەویستی بوو نەك تەنها بە قسە، جگە لەم دووجارە، جارێکی تریش و لەکارەساتی هەکاری لەساڵی ١٩٧٨ بەیەکەوە بووین و لەو جەولەیەشدا هەردووکمان تیایدا بەشداربووین و بەیەکەوە ڕۆیشتین و بەیەکەوە بووین، لەهەموو ئەو جەولەیەدا ئاگاداری یەکتر بووین و لە نەهامەتییەکانی ئەو جەولەیەدا بەشداربووین، شێخ جەواد زۆر بە تاقەت و بەخۆ بوو،

ورەی زۆر بەرز بوو، ئەوەی ورەشی نەبوو ئەو ورەی بەرز دەکردەوە، ئەوەی لەگەڵ شێخ جەواد بووایە ئەگەر بێتاقەتیش بووایە ئەو بێتاقەتییەی نەدەما، ئەوەندە رووخۆش و بە مەعنەویات و ورە بەرز بوو، قەت لەگەڵ شێخ جەواد وەڕس نەدەبووی، پەیوەندی لەگەڵ برادەر و هاوڕێکانی زۆر زۆر خۆشبوو، پەیوەندی لەگەڵ پێشمەرگە و خەڵکیش بەگشتی خۆشبوو، دەچووینە هەر دێیەك لە دوورەوە دەیان وت ئەوە شێخ جەواد هات، ئەوەندە خۆشەویست بوو خەڵك بە پیرییەوە دەهاتن، بەڕاستی شۆڕشی نوێ ئەگەر ئەمجۆرە پیاوانەی تیانەبوایە هەڵنەدەگیرسایەوە، ئەگەر شۆڕش خەڵکانی وەکو کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و کاك شێخ جەواد و هەموو ئەوانەی لەو سەردەمەدا رۆڵیان هەبووە تیانەبوونایە، شۆڕش هەڵنەدەگیرسایەوە، بە هەموو گوند و ناوچەیەکدا بڕۆشتنایە خەڵکی لە دوورەوە باوەشیان بۆیان دەکردەوە و بە پیرییانەوە دەهاتن، ئەو پیاوانە ئەوەندە خۆشەویست و بەڕێز بوون. هەزاران سڵاو و درووود لەگیانی پاکیان، رووحیان شاد.

# شێخ جەواد بێدەری
# هەڵۆیەکی ئاشتیخواز

**محەمەد شێخ سەلام مەعروف "محەمەد کۆزەبۆرەیی"**

من لە ١٩٧٨/٤/١ لە چەمچەماڵ دەرچووم بەرەو ناوچەی شوان تاکو ببم بە پێشمەرگە، ئەوکاتە مەفرەزەیەك هەبوو بەناوی مەفرەزەی حاکم ڕێبوار، سەر بە هەرێمی چوار بوو، جەمالی عەلی باپیر ئامر هەرێم بوو، لە سوورقاوشان پەیوەندییم بەو مەفرەزەیەوە کرد.

سەبارەت بە ناسینی کاك شێخ جەواد، ئێمە خزمین، بە حوکمی خزمایەتی هەر زوو لە تەمەنی مناڵییەوە ناو و ناوبانگییم بیستبوو، ئەو یەکێك بوو لەو پیاوانەی کە پێشمەرگەی دێرینی شۆڕشەکانی کورد بوو، کاریگەریی زۆریان هەبوو لەسەر جیلی ئێمە کە خۆشەویستیمان بۆ پێشمەرگە هەبێت. بۆ نموونە کاك شێخ جەواد یەکێك بوو لەو پێشمەرگە جوانانەی کە لە گوندەکەی خۆمان "کۆزەبۆرە" ئەمبینی ئەچوو بۆ بێدەر، من منداڵ بووم ئەوم لە نزیکەوە نەناسی، بەڵام چەند جارێك بە سواری ئەسپ

هاتوچۆی ئەکرد ئەمبینی، پیاوێکی بالآبەرز و جوان بوو، ئێمە منالٚ بووین، بەلاٚم حەزمان بە پێشمەرگایەتی و شۆڕشگێڕی ئەکرد، کە چاومان بە پیاوی وەکو کاك شێخ جەواد بێدەری ئەکەوت زیاتر پێشمەرگەمان لەلا جوانتر و خۆشەویستتر ئەبوو.

من وەکو خۆم لەگەڵیدا پێشمەرگە نەبوومە، بەلاٚم بیرمە ئەوان پێشمەرگە بوون، تەنانەت جارێك چوار هەلی کۆپتەر چوونە گوندی بێدەر، ئەوکات سالآنی ١٩٧٦-١٩٧٧ وەزعی گوندی بێدەر خراپ بوو، زەخت و فشارێکی زۆری حکومەتیان لەسەر بوو.

بەڕاستی کاك شێخ جەواد و هاوخەباتکارانی لەو سەردەمەدا، داینەمۆی شۆڕش بوون، ئەوان بزوێنەر و هەڵگیرسێنەرەوەی شۆڕشی نویٚ بوون.

ئەوکات کاك شێخ جەواد بەرپرسی ناوچەی قەلاٚسیوکە بوو، من نەمئەبینی، بەلاٚم بیرمە جارێکیان باوکم لەگەلٚ شێخ مەحمودی قەلاٚچۆغە دانیشتن، وتی: ئەمشەو شێخ جەواد لەماڵی ئێمە بووە، پرسیاری کاك عەلی عەسکەرییم لێی کردووە، وتویێتی شکوور کاك عەلی زۆر باشە و سەلامەتە.

کاك شێخ جەواد تاکە مەفرەزەی شۆڕی نویٚ بووە کە هاتووە لە ناوچەی قەلاٚسێوکە جەولەی کردووە، تاکە مەفرەزەی سەرەتایی بوونە پێش کۆمەڵەش، پێش ئەوەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی

کۆمەڵە بێن، ئەمان بە ئاشکرا لە ناوچەکەدا جەولەیان ئەکرد، داینەمۆی هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نویٚ بوون. دوای شکستی شۆڕشی ئەیلول، خەڵکی کەوتبوونە چەوساندنەوەیەکی زۆر و گەورەوە، خەڵکی شەهادەیان بەو پێشمەرگانە دەهێنا، خەڵکی حەزیان ئەکرد مناڵەکانیان ببینن نەك خۆیان، ئەوەندە گەورە و خۆشەویست بوون، ئەو سەردەمە خەڵکی شانازیی بەوەوە ئەکرد کە ژنی پێشمەرگەیەك ببینیٚ، کوڕی پێشمەرگەیەك ببینیٚ. من بەبیرم دیٚ ژن و مناڵەکانی کاك شێخ جەواد گیرابوون لە پارێزگای ناسریە بەند بوون، خەڵك شانازی بەوەوە ئەکرد حەپسەخانی خێزانی کاك شێخ جەواد ببینیٚ، لەبیرمە کە لە زیندان بەربوون بە ئیڤایەك هاتنەوە بۆ ئاغجەلەر، خەڵکی لەمبەروئەوبەری جادەکە وەستابوون پێشوازییان لیٚ ئەکردن، وائەزانم ئێستایە وا لەبەرچاومە خەڵکی چەند خۆشحاڵبوون بە بەربوونی ژن و مناڵی پێشمەرگەکان، خەڵکی ئەو پێشمەرگانەی ئەوکاتەی وەکو تروسکایی و چرایەك ئەبینی، ئەوەندە غەدریان بینی بوو پێشمەرگەیان زۆر زۆر خۆش ئەویست. بۆنموونە جارێکیان کوڕە کوردێکی موهەندیس لەگەڵ خوشکەکەیدا بە سەیارەی خۆیان چووبوونەوە بۆ کەرکوك، لە ڕێگا لە مەڕێکیان دابوو کوشتبوویان، شوانە عەرەبەکە وتبووی مەڕێك بەرامبەر بە خوێنی کوردێکە، دەستبەجیٚ کوڕە موهەندیسەکەی کوشتبوو، ئەوکاتە هەموو

کەرکوك پرسەیان بۆی ئەگێڕا، کورد ئاوا زەلیل بوو، بۆیە پێشمەرگەیان زۆر خۆش ئەویست، بەلاّم پێشمەرگەش ئەوکات بەمانای کەلیمە پێشمەرگە بوو، بەڕاستی شۆڕشگێڕ و پارتیزان و دڵسۆز و ئازا و بەجەرگ بوون، بەرگەی ئەو هێزە نابەرامبەرەی دوژمنانی ئەگرت.

بۆیە شێخ جەواد بێدەری یەکێك بووە لەو سەرکردانەی بەڕاستی هیچی کەمتر نەبووە لە کاك عەلی عەسکەری، کاك شێخ جەواد نەك تەنها لەناو گوندی بێدەر، بەڵکو لەسەر ئاستی ناوچەی قەلاّسێوکە کاریگەریی لەسەر زۆرکەس هەبوو کە ببێتە پێشمەرگە و پەیوەندی بکەن بە شۆڕشەوە، بەڵگەی ئەوەش ئێمە کە بووین بە پێشمەرگە پەیوەندییمان بەو مەفرەزانەوە کردووە، ڕێکخستنەکان زۆربەیان پەیوەندییان بەو مەفرەزانەوە کردووە، سەرەتا کۆمەڵە لە ناوچەکەدا لاواز بوو، لە سالاّنی هەشتاوە گەشەی کرد، سالاّنی حەفتاکان باڵی سۆشیالیستی زۆر بەهێز بوون و خەڵکێکی زۆر پەیوەندی پێیانەوە کرد. کاك شێخ جەواد زۆربەی کەسوکارەکەی پێشمەرگە بوون، تەنانەت لە شۆڕشی ئەیلوول و باڵی مەکتەبی سیاسییش کاك جەواد هەموو کەسوکارەکەی پێشمەرگە بوون، هەموو بنەماڵەکەی و بێدەر پێشمەرگە بوون، کاریگەرییان زۆر بوو تەنانەت لەناو بێدەریشدا براگەورە و گوێلێگیراو بوون، دەم سپی و ڕێزلێگیراوی بێدەربوون، براکانیشی وەك کاك شێخ مەهدی و

کاك شێخ عەبدول و شێخ عوسمان و ئەوانی تر هەموو پیاوی بەهێز و بەڕێز بوون لەناوچەکەدا، کۆمەڵێ پیاوی زیندوو و بەتوانا بوون.

من بۆخۆم کۆمەڵە بووم، بەلاّم سالاّنی هەشتا نامەی شەخسیم بردووە بۆ کاك شێخ جەواد لە ئاغجەلەر، داومەتە دەستی و دواتر وتی بچۆ بیدە بە دەستی حەپسەی خێزانم، نامەکە هی بەڕێز مام جەلال بوو ناردبووی، دایانە دەستی من، منیش گەیاندمە کاك شێخ جەواد بیدەری، ئەوکات دوکانێکی هەبوو لەناو ئاغجەلەر، وتی بڕۆ بیدەرە دەستی حەپسەی خێزانم، چووم نامەکەم دایە دەستی حەپسەخان، ئێستاش لەبیرمە لە ماڵی خۆیان نامەکەم دایە دەستی، ئەم نامەیەی کە من بردم ساڵی ١٩٨١ بوو.

کاك شێخ جەواد بە درێژایی سالاّنی هەشتاکان پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە مابوو، پەیوەندی نەپچڕاندبوو، هاوکاری شۆڕشی زۆر دەکرد، کاری زۆر بۆ دەکردن، من شەخسی خۆم ئەو نەبوایە ئەگیرام، لای نەقیب "غانم" کە نەقیبی ئیستخباراتی عەسکەری بوو شکاتم لێکرابوو کەشف ببووم، بەهۆی ئەوەوە نەگیرام. کاك شێخ جەواد کاریگەری هەبوو بۆ خەڵك و ناوچەکە، لەهەر شوێنێك بووبێ سەرکردە و گەورە بووە، کەسایەتی بووە، هەندێ پیاو هەیە بوونی هەیە ئازایە، بەلاّم کەسایەتی نییە، بەلاّم کاك شێخ جەواد کەسایەتی و گەورە و گوێلێگیراو بوو، مام

بێستونی عەسکەر کۆمەڵە بوو زۆر خۆشەویست بوو لەناو خەڵك و جەماوەردا، بەتایبەتی لەناو چینە هەژارەکان، بەڵام هێشتا نەیدەتوانی کاریگەریی کاك شێخ جەوادی هەبێت، شێخ جەواد ئەوەندە زمانی خۆش و شیرین و پاراو بوو لەگەڵ خەڵك، ئەوەندە پیاوێکی تێکەڵ بوو، خەڵکی ڕێزیان لێی دەگرت و خۆشیان دەویست.

ساڵی ١٩٨٧ چوومە کەرتەکەی ئەو و بوومە پێشمەرگە، کاك جەواد ئامر کەرت بوو، جەولەمان دەکرد، کاك جەواد خۆشەویستییەکی بێپایانی لەناو خەڵکدا هەبوو، بڕوا بکەن کەسوکارەکەی خۆی بەقەدەر خەڵکی خۆشیان ناویست، کاك جەواد لەناو جەماوەردا هیچی لە کاك عەلی کەمتر نەبوو. ئێمە سێجار کاك عەلی عەسکەری و کاك شێخ جەوادمان لەدەستچوو، جارێك وەك خزم، جارێك وەك قەڵاسێوکە و شێخایەتی، جارێکیش وەکو سەرکردەی یەکێتی ئەو پیاوانەمان لەدەستداوە، خەڵکی جارێك سەرکردەیەك لەدەست دەدات، ئێمە سێ جارمان لەدەستداون، بۆیە هیوادارم کوڕەکانی، خزمەکانی، برازاکانی، بتوانن ئەو جێگەیە چۆڵ نەکەن و پڕی بکەنەوە، چونکە هەموو کەسێك، هەموو تاکێك لەو بنەماڵانە دەبێ شانازی بەو ڕابردووەوە بکات، نەك ئەو ناوبانگەی بەکاربهێنن بۆخۆیان، بەڵکو هەوڵبدەن لەو ڕێگەیەوە خزمەتی خەڵکی پێ بکەن.

ساڵی ١٩٨٧ لە چەند شەڕێکدا بەیەکەوە بووین، بۆنمونە لە شەڕی تەوەکەڵ بەیەکەوە بەشداربووین، ئێمە کەمینی سەر جادەکە بووین، ئەو شەوە هەتا بەیانی سەر جادەکەمان چۆڵ نەکرد، هەتا هەرسێ گوندی تەوەکەڵەکان گیران و پاککرانەوە، ئێمە لەسەر جادەی قشلاخ شێخ وەیسی بووین، بەشێك لە کەرتەکەمان پەلاماری ڕەبایەکانی حکومەتیاندا لە گوندی تەوەکەڵ و گرتیان، بەشێکیشمان لەسەر جادەی قشلاخ–شێخ وەیسی کە دەکەوێتە پێش تەوەکەڵ کەمین بووین، کاك شێخ جەواد خۆی لە کەمینەکە لەگەڵمان بوو.

جگە لەوە، ئێمە لە سەختترین شەڕ و داستانی ئەوکات کە شەڕی بەرگریکردن بوو لە سەرکردایەتی لەوێ بووین، ئەوکاتیش کاك شێخ جەواد ئامر کەرت بوو، من شەخسی خۆم ئاگاداربووم کاك نەوشیروان مستەفا وتی شێخ جەواد با بێت بۆ ناوچەی قزلەر، وتی شێخ جەواد پیاوێکی ئازاو پیاوێکی قائیدە شوێنێکی پێ بسپێرن با سەرپەرشتی بکات، بۆیە کاك شێخ جەواد هیچی لەو سەرکردانە کەمتر نەبوو کە سەرکردایەتی و مەکتەبی سیاسیی بوون، خۆشی لە کۆتایی ساڵانی حەفتاکان سەرکردە بوو، هەروەکو چۆن کاك عەلی سەرکردە بوو کاك جەوادیش سەرکردە بوو، بەڵام بە حوکمی ئەوەی لە کاك عەلییەوە نزیك بووە هەستی بەوە نەکردووە کە بەرپرس بێ، هەمیشە کاك عەلیی بە بەرپرسی

خۆی زانیووە و وەکو پێشمەرگەیەك مامەڵەی کردووە، ئەگەرنا خۆی بەرپرسی هەموو قەلاٌسێوکە بوو، کاك شێخ جەواد بێدەری فەرماندەی هەرێمی دووی چەمی ڕەزان بوو.

لە ماوەی سالاٌنی ١٩٨٦–١٩٨٧ لەگەڵ چەند کەرت و تیپێکی تر بەشداری چەند شەر و داستانێکی هێزی پێشمەرگەمان کرد، لەوانە: گرتنی دێگەڵە، گرتنی هیران و نازەنین، گرتنی ئاغجەلەر، گرتنی تەوەکەڵ، دووجار گرتنی تەق تەق، چالاکییەکانمان زۆربوون، هەر لەو ماوەیەدا بەشداربووین لە شەڕی بەرگریکردن لە سەرکردایەتی و لەوێوە چووینە ئێران، بەداخەوە کاك شێخ جەواد لە شاناخسێ بەر چەکی کیمیایی کەوت و دواتر بۆ چارەسەر نێردرا بۆ ئێران.

من بۆخۆم سۆزدارییم بۆ هیچ خزم و برادەرێك نییە، کە شتێکی تیا نەبێت و بمەوێ بۆی زیاد بکەم، کەسێك هەرچەندە نزیکم بێ قابیلییەتی نەبێ نایڵێم. کاك جەواد تەمەنی لە ئێمە گەورەتر بوو، ئێمە کۆمەڵێك گەنج بووین بیست و چوار ساڵ و بیست و پێنج ساڵ بووین، ئێمە بەو بەفرە زۆرەدا ڕۆیشتین بەرەو ئێران، کاك جەواد قەت شکستی ناخوارد هێزەکەی بەجێبهێڵێت لە تەنگانەدا و پێشی هێزەکەی ناکەوت و بەجێی بهێڵێ، محەمەدی کوڕیمان لەگەڵ بوو ئێستاش گوێم لێ نەبوو پرسیار بکات بڵێ محەمەد چی لێهات و لە کوێیە؟ وەکو پێشمەرگەکانی تر جیای نەدەکردەوە لە

پێشمەرگەکانی تر، پارووبەك نانی زیادی پێنەئەدا، بە ویژدانەوە ئەم شایەتییە ئەدەم، لە شاناخسێ ماینەوە، من لە تەنیشتی خەوتم جێی ئاگردانێکمان پاك کردەوە، دنیا زۆر سارد بوو، من و کاك جەواد و کەسێکی تر لە شوێنی ئاگردانەکە گەرم بوو خەوتین، نەیوت با محەمەد بێت، وتم کاك جەواد بۆچی محەمەد بانگ ناکەیتە ئێرە رەنگە بەرگەی ئەم سەرمایە نەگرێت و ڕەق بێتەوە، وتی با ڕەق بێتەوە، پێشمەرگەکانی تریش گشتی وەکو محەمەدن بۆمن، خوا شاهیدە وای وت، ئەوە بە ویژدانەوە ئەگێڕمەوە، نزیکەی پەنجا کەس ئەبووین پێشمەرگەیەکی تری هێنا لە تەنیشت خۆی داینا محەمەدی کوڕی نەهێنا.

کاك جەواد توانای عەسکەری زۆر بەهێزبوو، لیاقەشی زۆر باش بوو، هەرگیز پەکی نەئەکەوت، ئێمە ئەو شەوە پێش خۆرهەڵاتن کەوتینە ڕێ هەتا بەیانی لەناو بەفردا ئەڕۆیشتین، ئەو کاك شێخ جەوادە دانەنیشت، لەبیرمە من لەگەڵ عوسمان شێخ عەبدوڵای خاڵی شێخ جەوادا بەجێماین، بەهۆی ئەوەی عوسمان خوێنی لووتی داهاتبوو، کاك جەواد چووە خوارێ دوایی هاتەوە بەدواماندا وتی ئەوە بۆ نەهاتوون؟ وتم عوسمان پەکی کەوتووە، من خۆم بوومایە لەبری کاك جەواد ناگەڕامەوە. قیافە و سەرکردایەتیکردنی شێخ جەواد وەکو ئەوەی هەیبوو زۆر زۆر بوو، بەڕاستی هیچ کەس لە بەلاش و لە خۆڕا نابێ بە سەرکردە،

ماڵی شێخ جەواد هەموویان قییافەیان هەبوو، بەڵام هەموویان توانای سەرکردایەتییان وەکو شێخ جەواد تیا نەبوو، شێخ جەواد قابیلییەتی سەرکردایەتیکردنی تیا بوو، بۆیە بووبوو بە سەرکردە، ئەگەر ئەو زرووفە تایبەتییەی لەوکاتەدا وا نەبوایە، هیچی کەمتر نەبوو لەو سەرکردایەتی و سیاسییانەی کە هەبوون، بگرە زیاتریشی تیابوو، ئێستا خەڵك هەیە قابیلییەتی نیوەی ئەوانەی تیا نییە و ئێستا سەرکردایەتی و ئەندامی مەکتەبی سیاسییە، پیاوێکی ئەوەندە بەجورئەت بوو شەرمی لە مام جەلالیش ناکرد لە ئاستی هەقدا، لەبیرمە کاك شێخ هاوڕێ سەرتیپمان بوو، کۆبوونەوەیەکمان کرد پێش ئەوەی بچین بۆ شەڕی تەوەکەڵ، کاك جەوادیان بانگ کرد قسەی بۆ کردین و سەرکردایەتی تیپەکەی کرد، مەبەستم ئەوە نییە لە کەسایەتی کاك هاوڕێ کەم بکەمەوە کوڕی کاکە حەمەی مامە ڕەزایە و پیاوێکی کەسایەتی و بەناوبانگە، بەڵام کاك شێخ جەواد زۆر بە باشی دەیتوانی قیادەی تیپەکەی بکات، بۆ مێژوو ئەیڵێم ئەو شەوە کاك جەوادیان کرد بە قیادە و سەرپەرشتیاری تیپەکە، ئەوەش لە ئەنجامی توانا و لێهاتوویی خۆی بوو.

دواجار شەهیدبوون و نەمانی خەڵکانی وەکو کاك شێخ جەواد کاریگەریی زۆریان لەسەر شۆڕش و خەباتی کوردایەتی هەبوو، بە شەهیدبوونی ئەو جۆرە پیاوانە ئەنجامەکانی شۆڕش دوادەکەون،

ئەوانە موڵکی گشتی بوون، سەرکردەی گەلێك بوون، ڕابەرایەتی گەلێکیان دەکرد، کاك شێخ جەواد نوێنەرایەتی و سەرکردایەتی حزبێکی دەکرد، ئەم پیاوانە بە گران دروست دەبنەوە، دوای دەیان ساڵ ئێستاش جێگەیان بە بۆشی ماوەتەوە، ئێستاش جێگەیان دیارە کە چۆڵە. کە کاك جەواد شەهید بووە زۆر زۆر کاریگەری لەسەر خەڵك هەبووە، لەبەر ئەوەی کەسایەتییەکی گەورە بوو، سوڵح خواز و ئاشتی خواز بوو، من لەگەڵیدا چوومەتە سوڵحی عەشایەرییەوە تەنها بە قسە سوڵحی کردووە نەك بە پارە، ئەم کەسایەتییانە بە ئاسانی دروست نابنەوە، لەدوای ئەوان زۆر کەسی خوێندەوار و عەسکەرییمان هەبووە، بەڵام هیچیان نەیانتوانیووە جێگەی ئەوان پڕبکەنەوە، بە ئاسانیش پڕنابێتەوە، ئەو پیاوانە عەسکەری و کۆمەڵایەتی و سیاسییش بوون، پیاوی ڕۆژی تەنگانە بوون، جا پیاوت بۆ دەرناکەوێت تا نەکەویتە تەنگانەوە، تا نەکەویتە ئەوپەڕی سەغڵەتییەوە نازانی مرۆڤ چۆنە. من بۆخۆم کە پێشمەرگایەتی زۆرم کردووە، سەرکردەی زۆرم بینیووە، پیاوی بە ورەم زۆر بینیووە، بەڵام ئەو سەرکردانەی زۆر بە توانا و ئازان زوو شەهید دەبن، چونکە خۆیان ناپارێزن. جیاوازی ئەوان ئەوەبوو بۆ خێزان و مناڵەکانی خۆیان کاریان نەدەکرد، بۆ گەلەکەیان کاریان کرد و تێئەکۆشان، ئەو پیاوانە

موڵکی خێزان و بنەماڵەکانیان نەبوون، بەڵکو موڵکی گەل بوون، چونکە بۆ گەل تێکۆشان.

بەداخەوە لە ١٩٨٨/٥/٣ لە گوندی گۆپتەپە شەهید بوو، کوڕە گەورەکەیشی کە ناوی "مەحمود" بوو پێشمەرگە بوو ئەویش بەر پڕۆسەی شالاّوی ئەنفال کەوت. دروود لە گیانی پاکیان.

# شەهید شێخ جەواد
# کۆڵنەدەر و خەمخۆری میلەتێك

**سالار بۆگـدی**

من پێش ئەوەی لەناو شۆڕشدا کاك شێخ جەواد بناسم، پێشتر ئاشنایەتییم هەبووە و ناسیومە، لەبەرئەوەی خاڵوانم خەڵکی گۆپتەپەن کە دەکاتە ماڵی "قادری حەمە ساڵح داود" پیاوێکی بەناوبانگ بوو، بەوهۆیەوە ئێمە هاتوچۆمان ئەکرد بۆ گۆپتەپە، ئەوەبوو لەو ڕێگەیەوە کاك شێخ جەوادم ئەناسی.

لەناو شۆڕشیشدا کە کاك شێخ جەوادم بینی سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ بوو، ئەو لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری ساڵی ١٩٧٦ چووبوونە دەرەوە بۆ کاری پێشمەرگایەتی و دووبارە هەڵگیرساندنەوەی شۆڕشی نوێ، من لە سەرەتای ساڵی ١٩٧٧ەوە تێکەڵی بووم، ئەو بەرپرسمان بوو، بیرمە یەکەمجار لەناو شۆڕشدا لە گوندی "دەرەنار"ی نزیك سوورقاوشان بینیمان، مەفرەزەکەی ئێمە کاك بێستون عەسکەری بەرپرسی بوو، کاك خەلیل بێدەرییش فەرماندەی مەفرەزە بوو، ئەوکات کاك شێخ جەواد

فەرماندەی کەرتمان بوو، ئەوان شۆڕشگێڕان و ئێمەش کۆمەڵە بووین، ئەوکات زۆر دانومان پێکەوە ناکولاً، لەبەرئەوە زۆربەی کات بەجیا جەولەمان دەکرد، لەو گوندە ماینەوە لەماڵی حاجی خدر، وەك وتم لە شۆڕشدا بۆیەکەمینجار لەو گوندە لەگەڵ کاك شێخ جەواد یەکتریمان بینیووە.

لەدوای ئەوکاتەوە بەردەوام بەیەکەوە بووین لە چەمی سورقاوشان و چەمی ڕەزان، هەرکات بیانویستایە بەیەکەوە لە سنورەکەدا جەولەمان دەکرد، کاتێکیش لە خزمەتی کاك عەلی عەسکەرییدا بوینایە ئەوە بەیەکەوە ئەچووین و بەیەکەوە ئەبووین.

جارێکیان تەتەرێك هەبوو ناوی "زەردە" بوو، نامەیەکی هێنابوو لە سەرکردایەتییەوە، نامەکەی دایە دەستی کاك شێخ جەواد، داواکرابوو کە بگەڕێینەوە بۆ سەرکردایەتی لە ناوزەنگ، ئەوکات مام جەلال تازە گەڕابۆوە، هەم بۆ پێشوازی و هەم بۆ کۆبوونەوە و پلاندانان بۆ هێنانی چەك لە تورکیاوە، کاك شێخ جەواد بانگهێشتی هەمووانی کرد و کۆبوونەوەیەکی لەگەڵ کردین، وتی: دەچین بۆ سەرکردایەتی، ئەوەبوو لە چەمی سورقاوشانەوە بەڕێکەوتین بۆ ناوزەنگ بۆ سەرکردایەتی.

کاك شێخ جەواد پیاوێکی ڕووخۆش و مەشرەفانی بوو، بەتایبەتی لەگەڵ من، لەبەرئەوەی تێکەلاّوییەکمان هەبوو. لە "ناوزەنگ" کۆبوونەوەیەکیان پێ کردین و دوای ئەوە بەڕێکەوتین،

من زۆر لە کاك جەوادەوە نزیك بووم، من گەنجێك بووم ڕەنگە توانام لەهەندێ کەس باشتربووبێت، لەبەرئەوە هەندێ ئیشیان پێ ئەکردم، هەم وەك ئەوەی لێیان نزیك بووم، هەم وەکو ئەوەی کە تاقەتێکی باشم هەبوو، لە "ناوزەنگ"ەوە چووینە "گۆڕەشێر"، لەوێشەوە بەرەو هەکاری ڕۆیشتین، ئەوەی کە وایکردووە کاك شێخ جەوادم قەت لەیاد نەچێ، ئەوەبوو کاك شێخ جەواد لە جەولەی هەکاریدا سەرپەرشتی دەکردین، ڕاستە لێپرسراوی ڕەتڵەکە کاك عەلی عەسکەری بوو، بەڵام کاك شێخ جەوادیش سەرپەرشتی هەمووانی دەکرد لەڕووی عەسکەری و ئیدارە و زەخیرە و خواردنەوە، ئەگەر دەست بکەوتایە. لەڕاستیدا هەرکەسێك بچوایەتە لای کاك شێخ جەواد بۆ خواردن، ئەوکات خواردن زۆر کەم بوو یان جار هەبوو هەر نەبوو، برادەرانی دەیانزانی من لە کاك جەوادەوە نزیکترم هەمووجار منیان دەنارد بۆلای بۆ خۆراك، کە دەچوومە لای دەیوت سالار لەوەی کە هەیە چی دەبەیت بیبە.

لەو جەولەیەی کارەساتی هەکاریدا کاك شێخ جەواد وەکو سیفەت سیفەتی ئامر هەرێم بوو، بەڵام سەرپەرشتیاری ڕەتڵەکەش بوو، هەموو ئیشوکارەکانی کاك عەلی ئەو دەیکرد، توانای ئیدارەدانی زۆر باش بوو، بۆیە کاك عەلی سەرپەرشتیکردنی هەموو ئیشوکارەکانی دابووە دەست کاك شێخ جەواد.

جارێکیان لە سنوری "ماسیڕۆ" لە شوێنێك لاماندابوو، لەوکاتەدا من حەرەس بووم، چەند کەسێك هاتن لە دوورەوە بانگیان کرد، چەند کەسێکی قیادەی موەقەتە "پارتی" بوون، هاتن کۆبوونەوەیەکیان کرد، ئەوەی بیرم مابێت بریتی بوون لە "کاك عەلی عەسکەری، شێخ حسێن بابەشێخ، کاك دکتۆر خالید"، ماوەیەکی زۆر کۆبوونەوەکە درێژەی کێشا، ئاگاداربووم لە کۆبوونەوەکەدا کاك عەلی عەسکەری ئینفیعالی دەکرد، جاروبار دەنگیان بەرز دەکردەوە، لە کۆتاییدا ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە ئێمە لە خۆمان نەترسین و دڵنیابین لێیان، هەتا ئەوکاتەی ئەو جەماعەتەی قیادە مووەقەتە هاتن، ئێمە بەشێك لە مەفرەزەکانمان دەبوون بە کەمین و بەردەوام وریا و بە ئاگا بووین، بەڵام کە ئەوان هاتن ئەمین بووینەوە لێیان و بۆچوونمان بەرامبەریان گۆڕا، دوای کۆبونەوەکەش کە هاتنە دەرەوە کاك عەلی عەسکەری و کاك حسێن بابەشێخ و دکتۆر خالید بە پێکەنین و ڕووی خۆش و بەڕێزەوە میوانەکانیان بەڕێکرد. دوای ئەوە کاك شێخ جەواد بانگی کردم یەك تەنەکە هەنگوینی پێماندا، باوەڕمان نەدەکرد، چونکە خواردنمان زۆر کەم بوو یان هەر نەبوو، هەنگوینەکە جەماعەتی قیادەی موەقەتە لەگەڵ خۆیان هێنابوویان.

هەر لە بنەڕەتدا بونیاد و پێکهاتەی مرۆڤایەتی کاك شێخ جەواد وابوو هەستێکی عاتفی هەبوو بۆ خەڵك و بەردەوام لەخەمیاندا

بوو. که دەچووینە هەر شوێنێك بۆ پشوو مەفرەزەکەی ئێمە کە کۆمەڵە بووین هەرگیز دانانیشتین و پشوومان نادا دەستبەجێ دەچووین دارمان دەهێنا و ئاگرمان دەکردەوە، ئینجا دائەنیشتین و پشوومان ئەدا، جا کاك شێخ جەواد کە ئێمەی ئەبینی به پێشمەرگەکانی دەوت: پێشمەرگایەتی دەبێت ئاوا بێت، دەبێت یەکسەر دانەنیشن و خۆتان سەرمابردوو مەکەن دوایی نەخۆش ئەکەون، کاك شێخ جەواد زۆر بە پەرۆش بوو بۆئەوەی پێشمەرگە سەرمای نەبێت.

جارێکی تریش کە چووینە هەکاری، پێشتر کاك شێخ جەواد ئامر کەرتی ئێمە بوو، بەڵام لە جەولەی هەکاری سەرپەرشتیاری ڕەتڵەکەی دەکرد لە ڕووی عەسکەری و ئیداری و دابینکردنی خۆراك و پێداویستی پێشمەرگە. کاتەکەی زۆر سەرما و برسێتی بوو، لە شوێنێك لاماندا وتیان ئاردمان بۆ هاتووە، زۆرمان پێخۆشبوو، هەر بە قوڕ و بەرد دیوارێکی شێوە تەنوریمان دروستکرد کە بتوانین نانی پێوە بدەین، کاك بێستون عەسکەری خۆی نانەوا بوو، من چوومە سەر چەم و ئاوەکە کەترییەکم پێبوو ویستم پڕی بکەم و چا بکەین، لەوکاتەدا کاك دکتۆر خاڵید بە تووڕەییەوە هاواری کرد و بانگی کردم، وتی وەرە بۆ ئێرە، وتم کاك خالید چییە؟ وتی بانگی عەلی عەسکەرییم بۆ بکەن، چووم بە کاك جەوادم وت کاك خالید بانگتان ئەکات و زۆر تووڕەیە، کاك

جەواد وتی با بێتە ئەمبەر، کاك دکتۆر خالید دووبارە بە تووڕەییەوە بانگی کرد و هاواری کرد کە کاك عەلی بە دەمییەوە بچێت، ئیتر کاك عەلی چوو بۆلای ئێمەش لەگەڵی بووین، وتی: کاك عەلی با خۆمان و کوڕی خەڵکی بە کوشت نەدەین، ئێرە ناوچەی هەکارییە کەسمان نییە، سەرما و برسێتیەکی زۆرە و بەرگەی ئەم بارودۆخە خراپە ناگرین.

دوای گفتوگۆیەکی زۆر، بڕیاری مانەوە درا، ئیتر چووینە لای کاك شێخ جەواد و هەندی ئاردمان وەرگرت و کردمانە هەویر و کولێرەمان دروست کرد، لەوکاتەدا کاك جەواد لەگەڵ کاك عەلی عەسکەری هاتنە دیارمان تەماشایان دەکردین کە کولێرەی گەرم و جوانمان دروستدەکرد، سەرو کولێرەماندا بە کاك عەلی و کاك جەواد، کاك جەواد وتی: ئەمە شتێکە قەت بیرم ناچێتەوە. زۆر زۆریان بەلاوە خۆشبوو، دوای ئەوە هەر لەو شوێنە توشی شەڕێکی گەورە بووین.

چاکەیەکی تری شێخ جەوادم قەت لە بیرناچێ بەرامبەر بە برادەرانی کۆمەڵە، دوای شەڕی کارەساتی هەکاری و بەدیلگرتنی سەرکردەکان و رزگاربوونی بەشێکمان و خۆ ڕادەستکردنمان بە حکومەتی عیراقی، ئەوەبوو بە هەلی کۆپتەر باریان کردین بەرەو موسڵیان بردین، کاك شێخ جەواد ڕووی تێکردین و وتی: بەهیچ شێوەیەك باسی کۆمەڵە نەکەن، ئەوەی باسی کۆمەڵە بکات تیایا

ئەچێت، هەر بڵێن یەکێتی بووینە. ئەم هەڵوێستە گەورەیەی کاك شێخ جەواد دەریدەخات کە لە بارودۆخێکی وەهادا بیر و خەمی برادەرانی کۆمەڵەی بوو.

دوای ئەوە جارێکی تر لە سالآنی هەشتاکان لە گوندی گۆپتەپە بینیمەوە، من لەویٚ لە ماڵێك بووم، وتیان ئەوە کاك جەواد هات. چووم بەرەو ڕووی و پێشوازییم لێی کرد و باوەشمان بەیەکدا کرد و هەواڵی یەکمان زۆر پرسی، هەردوولا زۆر دڵخۆشبووین بەو یەکتر بینینە.

لێرەدا ئەمەویٚ شتێك لەبارەی خۆڕادەستکردنەوەمان بە حکومەتی عیراقی باس بکەم، ئەو کارە چەند هۆکارێکی هەبوو، یەکێك لە هۆکارەکان ئەوەبوو ئێمە لە سنوری هەکاری هیچ دۆست و پشتیوانێکمان نەبوو، لە سنورەکەدا کەسمان نەدەناسی، ئەوانیش ئێمەیان نەدەناسی و نەیان ئەزانی ئێمە کێین و ئامانجمان چییە، هەموو خەڵکی ئەو ناوچەیە وابەستەبوون بە قیادەی موەقەتەوە، قیادەی موەقەتەش وا قسەی لەگەڵ کردبوون کە سەریان بۆ ئێمە و ماڵیان بۆ ئێوە.

یەکێکی تر لە هۆکارەکان سەرما و برسێتییەکی زۆر زۆر بوو، ماوەیەکی زۆر نان و خواردنمان پێنەمابوو، پێشمەرگە هێزی تیا نەمابوو، بۆیە کەس هیچی پیٚ ناکرا، جگە لەوە چەك و تەقەمەنیشمان پیٚ نەمابوو ئەوەندە توشی شەڕ ببووین، تەنانەت

نیوە زیاتری پێشمەرگەکانمان بێ چەك بوون، بۆیە چوار دەوریان گرتین و هیچ مەجال و دەرفەتێك نەما و فشارێکی زۆریشمان لەسەر بوو، تەنانەت ئاویشمان دەست نەدەکەوت وەختبوو لە تینواندا بخنکێین، ئاوێك لە خوارووی شاخەکەوە هەبوو هەندێکمان هەوڵیاندا بچنە سەر ئاوەکە، من بۆخۆم چەند هەوڵمدا نەمتوانی بگەمە سەر چەم و ئاوەکە، تەقەیان لێدەکردین چەند پێشمەرگەمان شەهید کران و نەگەیشتنە سەر ئاوەکە، ئەو رۆژە هەتا ئێوارە بەو شاخەوەماینەوە وەختبوو هەموو بخنکێین، هیچ مەجالێکمان نەمابوو، بۆیە بەناچاری و بەهۆی پەرتبوونی هێزەکە و دابڕانمان لەیەکتر بڕیاری تەسلیمبوونەوەماندا، نزیکەی ١٧٥ کەس ماینەوە، کاك تالیب رۆستەم و کاك شێخ جەواد سەرپەرشتییان دەکردین، گەیشتینە دۆڵێك کە نهێنی ئەو شەمەوەمان "سۆفی خدر" بوو، لە شوێنێکدا بانگیان کردین و وتیان ئێوە کێن؟ وتمان "سۆفی خدر"، کەوتنە جوێندان و ئەغسامی چەکیان لێ ڕاکێشاین و کەوتنە تەقەکردن لێمان، بەڵام وەك رۆژی ڕەش وابوو، ئێمە نەشارەزا و ماندوو و بێهێز، ئەوانیش تێر و لەناو سەنگەردا بوون، سەرەڕای ئەوە شەڕێکی جوامێرانەمان کرد، دوای ئەوە لەهەر چوارلاوە دەورە درابووین و هیچ مەجالێکمان نەمابوو. پێش تەسلیمبوونەوە کۆبوونەوەیەکمان کرد و باسمان لەوەکرد کە دوای

تەسلیمبوونەوە هەریەکە لای خۆیەوە بەپێی بارودۆخی خۆی دووبارە پەیوەندی بە شۆڕشەوە بکاتەوە، بەڵام محەمەدی حاجی مەحمود و چەند پێشمەرگەیەك کە بوون بە حەوت کەس وتیان ئێمە تەسلیم نابینەوە.

لەناوخۆماندا شتێکمان نووسی کە بریتی بوو لە کۆمەڵێك داواکاری، دامانە دەست کەسێك بیدات بە حکومەتی عیراق، بەڵام کابرا خیانەتی کرد نوسراوەکەی دابوو بەهێزەکانی قیادەی موەقەتە، بەیانی کاتێ چاومان کردەوە بینیمان لەلایەن قیادەی موەقەتەوە هەرچوار دەورمان گیراوە، لەنێوان هێزەکانی قیادەی موەقەتە و ڕەبایەکانی جەیشی عیراقدا ماینەوە، بەناچاری ڕوومان لە ڕەباییەکانی حکومەتی عیراق کرد، هاوکات تەقەیەکی زۆر زۆریشمان لەسەر بوو، ژمارەیەکی پێشمەرگەی تریشمان لەوێ شەهیدبوون، باشبوو ڕەباییەکان بە تەقەکردن لەسەرمان هاتنە دەنگ، ئەگەر لەسەرمان بەدەنگ نەهاتنایە هەموومان دەکوژراین یان دەگیراین. ئەوەبوو بەوشێوە ناچارییە ماینەوە و خۆمان تەسلیمی حکومەتی عیراق کردەوە، دواتریش هەریەکەمان بەپێی دەرفەت و گونجاندنی ژیانی تایبەتی خۆی پەیوەندییمان بە ڕێکخستنەکان و هێزی پێشمەرگەوە کردەوە.

ماوەتەوە بڵێم بەڕاستی کاك شێخ جەواد پیاوێکی کۆمەڵایەتی و بەناوبانگ بوو، هەمیشە حەزی بە سوڵح و چاکەخوازی و

ئاشتەوایی ناو خەڵك دەكرد، بەردەوام بەشداربوو لە چارەسەركردنی كێشە و گرفتەكانی خەڵكیدا و بەدەم چارەسەركردنیانەوە دەچوو.

سڵاو درووود لە روحی پاكی كاك شێخ جەواد و سەرجەم ئەو شەهیدانەی لە پێناو خاكی پیرۆزی كوردستان و نەتەوەكەیاندا گیانی خۆیان بەخت كرد و چوونە ڕیزی كاروانی شەهیدان و نەمرانەوە.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# پارتیزانێکی بە ئەمەك

**حەمید شێخ حوسێن عەسکەری**

من لە کۆتایی ساڵی ١٩٧٧ بووم بە پێشمەرگە، سەرەتا لەگەڵ مەفرەزەی شەهید بێستون عەسکەری بووم، ئەوکات بەزۆری لە چەمی سورقاوشان بووین، نزیکەی٧-٨ پێشمەرگە ئەبووین کە زۆرینەمان خەڵکی عەسکەر بووین.

سەرەتا کاك شێخ جەوادم بە پێشمەرگایەتی ناسی، رۆژێکیان لە "تەنگی قەڵاچۆغان" لە بن کەندرە بەردێکدا دانیشتبووین ئەوکات جێگە و شوێنمان ئەوێ بوو، سەرەتای مانگی سێ ی ساڵی ١٩٧٨ بوو، جەوەکەی ساردبوو، بەیانییەکی زوو بوو حەرەس بووم، نزیکەی پێنج کەسێك لە گوندی "شێخان"ی سورقاوشانەوە هاتن، منیش مام بێستونم ئاگادارکردەوە، کە گەیشتنە لامان، کاك شێخ جەواد و چەند کەسێك بوون، ئیتر یەکترمان ناسی و هەواڵی یەکترمان پرسی، ئەوەبوو لەو رۆژەوە کاك شێخ جەوادم ناسی و چەند جارێك بەیەکەوە جەولەمان کرد بۆ دۆڵی بازیان و چەمی رەزان و دۆڵی عەوەلان و دەشتی کۆیە، ئەمە سەرەتای

ئاشنابونمان بوو بەیەکتری.

پێموابێ ئەوکات کاک شێخ جەواد بەرپرسی هەرێم بوو، چونکە هێشتا تیپ دروست نەکرابوو، بە مەفرەزەکەی ئێمە و کاک شێخ جەواد و مەفرەزەکەی چەتۆی کەریمە سوور لە کۆیە، هەموومان دەگەیشتینە نزیک ٣٥ پێشمەرگەیەك، هەندێکیشمان چەکمان پێ نەبوو، جارێکیان لە دەشتی کۆیە بووین کە گەڕاینەوە شەوی نەورۆز کاک شێخ جەواد کۆبوونەوەیەکی پێکردین، وتی بەیانی نەورۆزە و "١٩٧٨" سەدام حسێن دێ بۆ حەفلەکە دەبێ لێیان بدەین، لەوێ چەند پێشمەرگەیەك چوونە سەر شاخ و دووسێ "ئارپیچی" و برنەویان لە دوورەوە بە ئاهەنگەکەوە نا، ئیتر نازانم کاریگەری چۆن بوو، چونکە دووربووین کە گەڕاینەوە دیاربوو لە سەرکردایەتییەوە بڕیارێك هاتبوو کە ئەوەی پێشمەرگەیە بڕوات بەرەو سەرکردایەتی، نەمان ئەزانی مەسەلە چییە، کاتێ ڕۆیشتین چووینە "یاخسەمەر" و "چۆخماخ" شەو لەوێ بووین، لەوێ کاك شێخ جەواد شێوازی دابەشکردن و پلان و نهێنی شەو و هەموو شتەکانی پێ وتین، لەبەرئەوەی ئەو شارەزاییەکی زۆر باشی لە شەڕی پارتیزانی هەبوو، ئەزمونێکی زۆر باشی هەبوو، هەر ئەو شەوە لەنێوان یاخسەمەر و چۆخماخدا کەمینێکیان دانا، ئەوکات مەفرەزەی جاش هەبوو ئەگەڕان، لەو شوێنە لێماندان و شکاندمان، هەمان شەو گەیشتینە "مالومە"، لەوێوە چووینە

"گەورەدێ"ی جافایەتی، لەوێ چواردە کەس جیابووینەوە، پیاوێك هەبوو بەناوی "جەبار جەلیل دزەیی" رابەر سیاسیمان بوو، ئەو چواردە کەسەی جیابووینەوە خواحافیزیمان کرد و بەرەو سەرکردایەتی رۆیشتین، کە چووینە سەرکردایەتی لەبەری ئەوبەری سەرکردایەتی، واتا بەری نۆکان، دوو ژوور و هەیوانێکیان بۆ چۆڵکردین بۆ مانەوە، شەو و رۆژێك دوای گەیشتنی ئێمە جەماعەتی دوای خۆمان مام بێستون و شێخ جەواد و ئەوانیش هاتن، ئەو رۆژەی ئێمە چووین کاك عەلی عەسکەری هێزەکەی کاك دکتۆر خالیدی بەڕێ ئەکرد، بەڵام ئێمە سەرەتا کە گەیشتن، چووینە لای مام جەلال، بە گەرموگوڕی هەواڵی ئەپرسیین و ئەیپرسی ئەم کوڕە قارەمانە خەڵکی کوێیە؟ ئەم کوڕە گەنجە خەڵکی کوێیە؟ ئەوکات پێشمەرگە بە حورمەت بوو، دەرگای سەرکردایەتی و هەڤاڵ مام جەلال بۆ پێشمەرگە پاسەوانی نەبوو هەمیشە کراوە بوو، ماوەیەك ماینەوە، رۆژێکیان کاك عەلی عەسکەری بە کاك شێخ جەوادی وت: ئەبێ دەعوەتمان بکەیت. شێخ جەواد وتی: دەعوەتی چی، چیتان بۆ ئامادە بکەم؟ کاك عەلی وتی: ئەبێ قارچکمان بۆ پەیدا بکەیت. شێخ جەواد وتی: ئێ قارچك لە کوێ پەیا بکەم؟ کاك عەلی وتی: کەیفی خۆتە، ئێمە قارچکمان ئەوێ. بەهەرشێوەیەك بوو پەیای کرد و دەعوەتییەکە کرا و شەو دانیشتین سەید کاکە و مەلا ناسیح و

پێشمەرگەیەکی زۆر کۆبوونەوە دەستکرا بە قسە و گاڵتە و کات بەسەر بردن.
لەو رۆژانەدا بوو رەتڵی دووەمی جەولەی هەکاری بەڕێ کەوتین، پێموابێ ١٧ و ١٨ی مانگی چواری ١٩٧٨ بوو، بەهەر وەزعێك بێ، چووینە قەندیل هەڤاڵ مام جەلال و کاك نەوشیروان و ژمارەیەکی تر مانەوە، رەتڵەکە جگە لە سەرکردە و فەرماندەکان کە کەمێك تەمەنیان هەبوو، باقی پێشمەرگەکانی تر هەموو گەنج و خەڵکی تازە پێگەیشتوو بووین، رەتڵەکە کرابوو بە چەند بەشێکەوە، کاك شێخ جەواد بەرپرسی یەکێك بوو لەو بەشانە، ئەو کەسێکی زۆر میانەڕەو و بەتوانا بوو، ئەو پیاوە توڕەبوونی زۆر زۆر کەم بوو، زۆر کەم توڕە ئەبوو، لێهاتوو و توانای جەستەیی زۆر بوو، پیاوێکی عەسکەریش بوو. ئەو ماوە زۆرەی بەیەکەوە بووین تەنها رۆژێك دڵمان لەیەکتر نەهێشاوە، کاك شێخ جەواد بەدرێژەیی رۆژانی سەختی جەولەی هەکاری و ئەو هەموو شەڕ و نەهامەتییانەی بەسەرماندا هاتن هاوکار و پاڵپشت و یاریمەتیدەرێکی باشمان بوو، هەر لە هاوکاریکردنمان لە هەڵگرتنی پێشمەرگە بریندار و پەککەوتەکان تا دەگاتە ئەوەی خواردن و شوێنی بۆ دابین دەکردین، بەڕاستی خەمخۆر و دڵسۆز بوو. لەدوای ئەو کارەساتانەی کە بەسەریشماندا هات لە هەکاری لەلایەن قیادەی موەقەتەوە، ئەوەبوو کاك عەلی و ژمارەیەکی تر بە

دیل گیران، ئەو هێزەی کە دابڕابووین لە شوێنێك لاماندابوو بۆ حەوانەوە، کاك شێخ جەواد کۆبوونەوەیەکی پێکردین، وتی: هەواڵمان پێگەیشتووە کاك عەلی بەدیل گیراوە، ئێستا سێ ڕێگەمان لەبەر دەمدایە، یەکەم: ئەبێ خۆمان تەسلیمی قیادەی موەقەتە بکەین. دووەم: ئەبێ خۆمان تەسلیمی حکومەتی عیراق بکەین. سێیەم: هەرکەسە و چۆن دەتوانێ خۆی لەناو بدا. بیرمان کردەوە و قسەمان زۆر کرد، بڕیارماندا تەسلیمی قیادەی موەقەتە نەبینەوە، ناشکرا هەموومان خۆمان لەناو بەرین، بۆیە بەناچاری ڕێگەی دووەممان گرتەبەر و خۆمان تەسلیمی حکومەتی عیراق کردەوە، خۆتەسلیمکردنەوەشمان شتێکی ناچاری بوو تەنها بۆ مانەوەمان بوو، دەنا هەر لەوێ پلانی ئەوە دانرا هەرکەسە و بەپێی دەرفەتی خۆی پەیوەندی بە شۆڕش بکاتەوە، هەرواشمان کرد هەریەکەمان بەپێی ئەو توانا و دەرفەتەی هەمانبوو دواتر پەیوەندییمان بە شۆڕش کردەوە و چووینەوە دەرێ.

کاك شێخ جەواد لە بواری عەسکەرییدا زۆر زۆر لێهاتوو بوو، ئەزمونێکی باشی پێشمەرگایەتی هەبوو، لە پلانی عەسکەرییدا زۆر شارەزا بوو، پیاوێکی زۆر گونجاو بوو لەناو پێشمەرگەدا ڕۆژێك لە ڕۆژان لە هاوڕێکانی توڕە نابوو.

بەداخەوە لە ئەنفالی چواردا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣دا لە گوندی گۆپتەپە بەر چەکی کیمیایی کەوت و شەهید بوو، کوڕە

گەورەکەشی بەناوی "مەحمود" کە لەگەڵ خۆی پێشمەرگە بوو، بەر شالأوی ئەنفال کەوت و شەهید بوو، هەزاران سلأو و درووود لە گیانی پاکیان روحیان شاد بێ.

## شەهید شێخ جەواد بێدەری
## پیاوێکی بە ئەمەکی کۆمەڵایەتی بوو

**شێخ زرار حاجی شێخ قادر سۆتکە**

من لە تەمەنی دوانزە و سیانزە ساڵییدا لە ساڵی ١٩٦٢-١٩٦٣ کاك شێخ جەوادم بینیووە، ئەوکات هاتوچۆی لقم ئەکرد، ئەوان لە لقی یەك بوون، باوکم لە ئاغجەلەر سەرلق بوو، ئەوانیش کۆمەڵێك خزم و خەڵکی سنورەکە لەوێ پێشمەرگە بوون بەهۆی ئەو هاتوچۆیەوە ئەمبینیتن.

کاك شێخ جەواد پیاوێکی تێکەڵ بوو لەگەڵ خەڵکدا کۆمەڵایەتی بوو، پیاوێکی رووخۆش بوو، کە ئەچووم بۆ لق زۆر لە من نزیك ئەبووەوە، منیش ئەمزانی کە ئەم پیاوە خزمێکی زۆر نزیکی ئێمەیە، بە حوکمی ئەو تێکەڵی و نزیکییەی من ئەوکات بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی ماڵەوە هەفتانە جارێ دووان ئەچوومە ئاغجەلەر، لەوێ کە ئەمبینی قسەی لەگەڵ ئەکردم، یان جار هەبوو ئەیبردم بۆ چاییخانەکەی "سەعیدی کوێخا رەشید" چای بۆ ئەکڕیتم، ئەوکاتە کاك شێخ جەواد پێشمەرگە بوو

بەرپرسیارێتیشی هەبوو، باش بیرم نەماوە بەڵام پێموابێ سەرپەل بوو، رەفیقەکانی لەناو حیزبدا بریتی بوون لە سەید محەمەد گەڕاوی و ئەسعەد مارفی تەوەکەڵ و خاڵە سەید ئەحمەدە زلەی گەڕاوی و مام کاکەی سەعید خەجێ، هەموو ئەمانەم زۆر بەیەکەوە ئەبینی، بەوپێیەی من کوڕە گەورەی حاجی شێخ قادر بووم لێم نزیك ئەبوونەوە و ئەیان دواندم، وای لێهاتبوو کە ئەچوومەوە ئاغجەلەر ئەبوایە ئەو کۆمەڵە پیاوەم ببینیایە.

کاك شێخ جەواد پیاوێکی کۆمەڵایەتی و خزمدۆست بوو، دوای ساڵی ١٩٦٣ بارەگایان لە ئاغجەلەر نەما، ئیتر منیش درەنگ درەنگ ئەمبینیتن. ساڵی ١٩٧٤ لە مهاباد لە خزمەتی باوکمدا چووینە لای کاك عەلی عەسکەری، لەوێش کاك شێخ جەوادم بینییەوە، قسەیەك هەیە ئەڵێ هاوڕێی غەریبی خۆشە، هەرچەندە بە تەمەن ئەو لە من گەورەتر بوو، بەڵام پیاوێکی زۆر کۆمەڵایەتی بوو، لەوێ کە یەکترمان بینی زۆر غەریبیی یەکترمان ئەکرد و بیرەوەری یەکترمان زۆر باس کرد، نزیکەی سێ چوار سەعاتێك لەوێ ماینەوە، لەوە بەدوا کاك شێخ جەوادم نەبینییەوە بەداخەوە.

ئەوەندەی من بزانم بێدەر چەند بنەماڵەیەکی تیایە وەك بنەماڵەی شێخ ئەحمەدی باوکی شێخ جەواد، بنەماڵەی شێخ حەمەساڵح باوکی شێخ عەبدولعەزیز و شێخ عەبدوڵا و شێخ عەبدولڕەحمان،

کە شێخ عەبدولعەزیز غەزووری منە، ئەم دوو بنەماڵەیەی بێدەر یەکێکن لە بنەماڵە سەرەکییەکانی گوندی بێدەر، وەك چۆن لە گوندەکەدا ڕوکن و دیار بوون بەهەمانشێوە لە قەڵاسێوکەدا دیاربوون، بۆنموونە لە ئاغجەلەر ماڵی کوێخا ڕەحمان و لە چنارتوو ماڵی حاجی کاکەولاّ بوو، لە بلوکێنیش ڕەشە ئامە و لە سۆتکەش حاجی شێخ قادر و لە عەسکەریش ماڵی مامە عەبدولاّ و لە گەڕاو ماڵی حاجی سەید ئەحمەدی گەڕاو بوون، ئەمانە لە گوند و ناوچەکانی خۆیان ڕوکن بوون. سەبارەت بە شێخ جەوادیش، باوکی واتا شێخ ئەحمەد گوێ لێگیراو و ناوداربوو، کوردەواریش ئەڵێ گیا لەسەر بنجی خۆی ئەڕوێتەوە، کاك شێخ جەواد لەرووی کۆمەڵایەتییەوە هەتا بڵێی تێکەڵی خەڵك ئەبوو، هەتا بڵێی پیاوێکی خۆشەویست بوو، پیاوێکی قسەخۆش و دەم بەپێکەنین بوو، پیاوێك بوو لەگەڵ منداڵێك منداڵ بوو، لەگەڵ گەورەیەك گەورە بوو، لەگەڵ هەموو چین و توێژێك ئەگونجا، ئەو پیاوە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە هەتا بڵێی تێکەڵی و ئاشنایەتی لەگەڵ خەڵکی هەبوو، ئەگەر دۆستی بویتایە دەبوو زوو زوو بیبینیت تەنانەت ئەوکاتەی کە لە ئاغجەلەر بوون لەسەرەتای ساڵانی شەست من منداڵیش بووم کە دەچوومە ئاغجەلەر دەبوو سەرم لێ بدایە، کۆڵەکە و پایە گرنگەکانی شۆڕش ئەو جۆرە پیاوانە بوون کە لەخۆبردووانە دەستیاندایە شۆڕ و خەبات لە

پێناوی خاك و نەتەوەكەیاندا، شۆڕشی ئەیلوول خەڵكێك بەرپای كرد خەڵكێكی عەشایەر و كۆمەڵایەتی و خاوەنی ئەخلاق و رەوشت چاك و سەخاوەت و رەشادەت بوون، پیاوێكی وەكو كاك شێخ جەوادیش لە سنورەكەدا خۆی و بنەماڵەكەی روكن و دیار و بەرچاو بوون، لەڕووی كۆمەڵایەتییەوە بەڕاستی ئەوانەی بەشداربوون لە شۆڕش پیاو بوون، ئازا و لێهاتوو و چاونەترس بوون، بەوەفا و مەرد بوون بۆ نەتەوە و ولاّتەكەیان.

## شەهید شێخ جەواد بێدەری
## سومبوڵی سۆزی باوکایەتی

**محەمەد شێخ جەواد بێدەری**

**من لەدایکبوی ساڵی ١٩٦٩ی گەڕەکی ئیمام قاسمی شاری کەرکوکم، لەبەرئەوەی باوکم پێشمەرگە بووە لەساڵی ١٩٧٣ بەدواوە هاتووینەتەوە بۆ گوندی بێدەر و گۆپتەپە.**

**دوای ئەوەی باوکم لەدوای هەرەسهێنانی شۆڕشی ساڵی ١٩٧٥ لە گوندی گۆپتەپە دادەنیشێت، ساڵی ١٩٧٦ لەسەر بڕیار و ڕاسپاردەی شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری پەیوەندی دەکاتەوە بە شۆڕشی نوێ و لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا دەچنە شەدەڵە و سەرگەڵو. دوای ئەوەی ئەوان دەچنە شاخ و دەنگۆی دەستپێکردنەوەی شۆڕش و دروستبوونەوەی هێزی پێشمەرگە بڵاودەبێتەوە لەناو کۆمەڵانی خەڵکدا، حکومەتی عیراق هەست بەو جموجۆڵە دەکات و دەکەوێتە چاودێریکردنی ناوچەکە و کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر کەسوکاری ئەو کەسانەی بوونەتەوە پێشمەرگە، ئەوەبوو لەمانگی ١٩٧٦/٩ حکومەت هێزێکی هێنا بۆ**

گوندی گۆپتەپە، ئێمەیان دەستگیرکرد کە بریتی بووین لە (دایکم، نەنکم، کاکم، خوشکم)، بۆئەوەی گوشار بخەنە سەر باوکم تاکو بگەڕێتەوە ناو حکومەت، ڕەوانەی ناحیەی ئاغجەلەر کراین، دواتر بۆ زیندانی دائیرەی ئەمنی سلێمانی، ئەو ماوەیەی کە لە زیندانی سلێمانی بووین بەردەوام کەسوکاری پێشمەرگەیان دەگرت، لە قەلادزێ و رانیە و پێنجوێن و هەڵەبجە و دەربەندیخان و گەرمیان و سەرجەم ناوچەکانی کوردستانەوە دەیانهێنان بۆلامان، ڕۆژ لەدوای ڕۆژ خەڵکیان دەهێنا و ژوورەکانی زیندان قەرەباڵغتر دەبوون و حاڵمان خراپتر دەبوو، لەمانگی ١٩٧٦/١٠ زیندانییەکان گواسترانەوە بۆ زیندانەکانی پارێزگای ناسریە، ئەوەندەی بیرم مابێ لە زیندان ئەو پیاو و کوڕانەی کە تەمەنیان لە سەروو چواردە ساڵییەوە بوو جیایان کردینەوە و بردیانین بۆ قاعەیەك، ئێمەش لەبەرئەوەی تەمەنمان لەخوار چواردە ساڵییەوە بوو لای خێزانەکانمان ماینەوە، تەنها یەك پیاو لامان مایەوە ئەویش لەبەرئەوەی زۆر بەتەمەن بوو بۆئەوەی ئاگای لێمان بێت، ئەویش کاك حاجی مشیر "بەڕەحمەت بێ" باوکی کاك شەوکەت بوو، ئێواران زوو دەرگای قاعەکەی دادەخست نەیدەهێشت لە حەوشەکە بین، تەنانەت جارێکیان سەرکێشیم کرد ویستم بچمە دەرەوە، حاجی مشیر نەیهێشت و دەرگاکەی داخست، لەوکاتەدا قاچی چەپم بەر دەرگاکە کەوتوو شکا. ئەو ماوەیە حاڵێکی زۆر

ناخۆش و خراپمان هەبوو، ئەو جێگایەی ئێمەی لێ بووین قاعەی بەخێوکردنی ولاْخە بەرزە (حوشتر) بوو، سەری بە چینکۆ گیرابوو، زۆر گەرم بوو بەتایبەتی لە وەرزی هاویندا، جارێکیان لە ڕێگەی میوەی پرتەقاڵەوە ویستیان ژەهرخواردمان بکەن بە سرنج (دەرزی) ژەهریان کردبووە ناو پرتەقاڵەکەوە ڕەنگی پرتەقاڵەکە سوور بووبوو، دووساڵ لە زیندان بووین حکومەت گوشاری زیاتری دەخستە سەرمان و ئازاری دەرونییان دەداین بۆئەوەی هەوڵ بدەین کەسوکارمان پەشیمان بکەینەوە و بگەڕێنەوە ناو حکومەت.

تەنانەت جارێکیان بە باوکمیان وتبوو بگەڕێتەوە ناو حکومەت خێزان و مناڵەکانی ئازاد دەکەن و پارە و سەیارە و خانووی پێدەدەین، ئەویش لەوەلاْمدا وتبووی نەك ماڵ و پارە و خانوو، بەڵکو هەموو خێزانەکەشم لەیەك کاتدا بمرن ئامادە نیم واز لە بیروباوەڕی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بهێنم.

ئەو ماوەیەی لە زیندان بووین ساردی و گەرمی زۆرمان چێشت، بێ کەسی و نەهامەتی زۆرمان دی، ڕۆژانە دە فلسی ئەو سەردەمەیان پێمدەدا، ئەویش هەموو ڕۆژێ نەبوو، لەبەرئەوەی ئەوکاتە تەمەنم کەمبوو بۆیە ناتوانم یادەوەری ڕۆژانەی زیندان بنوسمەوە، ئەوەبوو مانگی ١٩٧٨/٩ بە لێبوردنی گشتی ئازادکراین، دواتر زانیمان کارەساتی هەکاری روویداوە و بەشێك

له هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە ناچاری و لەبەر برسێتی و ماندووبوون و سەرما و بەفری شاخەکانی هەکاری نزیك رەبیەکانی حکومەتی عیراقی بوون، حکومەتیش دەستگیریان دەکات و رەوانەی پارێزگای بەغدایان دەکات.
بەشێکی تری هێزەکە بە دیل دەگیرێن لە لایەن قیادە موەقەتەی ئەوکاتەوە بە ناهەق شەهید دەکرێن، بەشێکی تریشیان شەهید دەبن.
لێرەدا دەمەوێ راستی و هۆکاری چۆنێتی رووداوی گرتن و تەسلیم بوونەوەی هێزەکەی هەکاری باس بکەم، کە لیوا خەلیل دۆسکی بەرەحمەت بێ، کە ئەوکات پلەی نەقیب بووە لە سوپای عیراقی و ئەرك و فەرمانی لە ناوچەی هەکاری بووە کە شێخ جەواد بێدەری و تالیب رۆستەم لێی دەست بەسەرکرابوون، هەرچەندە چۆنێتی و هۆکاری رووداوی کارەساتی هەکاری لە بەڵگەنامە گشتییەکانی یەکێتی نیشمانی کوردستاندا ئەو کەسانەی بەشداری ئەو کارەساتە بوونە نوسراوەتەوە کە هەر کەسە و بە دیدی خۆی گێڕاوێتییەوە، بەڵام من کە لە مانگی ١٢ی لەساڵی ٢٠٠٠ لە فەرماندەیی شانزەی بابەگوڕگوڕ بووم، ئەندامی لەشکری یەك بووم، ئەوکات شەڕی ناڕەوای سەپێنراو بەسەر گەلی کورددا سەپێنرابوو لەنێوان پارتی کرێکارانی کوردستان "پەکەکە" و یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروست بووبوو، کە

دڵنیام ئەم دوو هێزە نەفرەتیان لە شەڕی براکوژی دەکرد، چونکە ئەم دوو هێزە خاوەنی زۆرترین قوربانی و سەروەرین بۆ رزگارکردنی خاکی پیرۆزی کوردستان، بەڵام دیارە ئیرادەی دەسەڵاتی دەرەکی زاڵتر بوو بۆ دروستکردنی شەڕی ناوخۆی و براکوژی، چونکە هەرکاتێك کورد پێگەی بەهێز بووبێت هێزەکانی لەناو خۆیاندا تەباو رێك بوونە دوژمن ئەوەی پێ ناخۆشبووە و ترساوە، بۆیە بەردەوام هەوڵی شەڕی براکوژی داوە.

ئێمە ئەرکمان لە بناری شاخی قەندیل بوو، هێزەکانمان بەسەر لوتکە شاخەکانی بناری شاخی قەندیلدا دابەشکرابوو، بەشێك لە هێزەکەی لەشکری یەکی فەرماندەی شانزەی بابەگوڕگوڕ چووینە سەر لوتکەیەك پێیان دەوت "موسا چەپرەك" بەشەکانی تری هێزەکە هەر بەشەی چوونە سەر لوتکەیەك: لوتکەی پەستە هیزە و کونە حەزیا و کڵاوپیرێژن...هتد. شەوی ٦لەسەر٢٠٠٠/١٢/٧ کاك فەرەیدون عەبدولقادر و لیوا خەلیل دۆسکی و وەستا رەسوڵ هاتن بۆسەر شاخی لوتکەی موسا چەپرەك بۆلای ئێمە، لەبەرئەوەی ئەوان سەرپەرشتیاری شەڕەکە بوون، دەبوایە سەردانی هەموو شوێنەکانی شەڕگەکەیان بکەن، بۆیە ئەو شەوە هاتنە لای هێزەکەی ئێمە، شەوان نەدەخەوتین تا بەیانی، لەگەڵ لیوا خەلیل و برادەران دادەنیشتین و دەکەوتینە قسەکردن، وەستا رەسوڵ وتی ئەمە محەمەدی کوڕی شەهید جەواد بێدەرییە، کە

شێخ جەواد یەکێك بووە لە دامەزرێنەری مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، یەکسەر لیوا خەلیل دۆسکی وتی: بەڵێ شێخ جەواد بێدەری ئەناسم. کەوتە گێڕانەوەی چۆنێتی گرتن و تەسلیمبوونی ئەو هێزەی کە لە کارەساتی هەکاری رزگاریان بووبوو، لیوا خەلیل وتی من نەقیب بووم لە سوپای عیراق کە ئەرکەکەم لە سنوری تورکیا و عیراق بوو، نزیك ئەو شوێنە بووین کە کارەساتی هەکاری تیایدا روویدابوو، وتی کۆمەڵێك خەڵکیان هێنا بە دەستبەسەری بۆ ناو یەکەکەمان، نزیکەی ١٧٠ کەس بوون، وتیان ئەمانە پێشمەرگە بوون و گرتوومانن، دیاربوو هەموو زۆر ماندوبوون و برسی بوون، حاڵی جلوبەرگ و پێڵاویان زۆر خراپ بوو، بریندارایان تێدابوو، ئاماژەیان بۆ دووسێ کەسیان دەکرد کە ئەمانە لێپرسراوی ئەو هێزەن، ناوی شێخ جەواد بێدەری و تالیب رۆستەمیان دەهێنا، شێخ جەواد پیاوێکی بالأبەرز و چوارشانە و گەنم ڕەنگ بوو، دیاربوو پیاوێکی ورە بەرز و بە نەفس بوو، سەرەڕای ئەو هەموو شەڕ و ناخۆشییە و سەرما و برسێتییە بەسەریان هاتبوو، وە لەدەستدانی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری و هاوڕێکانی و بەشێکی زۆری هێزەکەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هێشتا هەر بە ورە بوو، لەگەڵ ئەوەی دەست بەسەرکرا بوو چارەنووسی خۆیان نەدەزانی چییان بەسەردێ، لە ڕوخسارییدا ئومێد و ورە

بەرزی و بەهیمەتیت دەخوێندەوە. دوای ئەوە تەواوی ئەو هێزە پەرتەوازە بووە کۆکرایەوە ئینجا هێلی کۆپتەریان بۆ هێنان و رەوانەی زاخۆیان کردن، ئیتر من ئاگام لێیان نەما، تا ساڵی ١٩٨٦ من "لیوا خەلیل" ئەوکات بووبوومە پێشمەرگە لە ریزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، بەرێکەوت رۆژێکیان لە سەرکردایەتی بووم پیاوێك هات بۆلای مام جەلال ، مام جەلال ماوەیەکی زۆر بەرەوپیری رۆیشت و باوەشیان بەیەکدا کرد و دیاربوو ئەو پیاوە لای مام جەلال زۆر خۆشەویست بوو. (ئەم پێشوازییەی باوکم لای مام جەلالەوە کاك محەمەد شێخ سدیق "شێخ سەلام کۆزەبۆرەیی" بۆی گێراومەوە وتی: بینیم چۆن مام جەلال هات بەرەو پیری باوکت رۆیشت و باوەشیان بەیەکدا کرد) لیوا خەلیل وتی، پرسیارمکرد ئەو پیاوە کێیە، وتیان شێخ جەواد بێدەرییە، یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و لە کارەساتی هەکاری، بە ناچاری گەرانەوە بۆ ناو حکومەتی عیراقی و دەست بەسەرکران، ئینجا لیوا خەلیل وتی، هاتەوە یادم کە ئەو پیاوە بوو لەناو سەربازگەکەی سەر سنور لای من دەستبەسەر بوو، بۆیە زۆر خۆشحاڵبووم دوای ئەو هەموو ساڵە لە شوێنێکی وادا پیاوێکی وا بەهیمەتم بینییەوە، کە نەکسە و گرتن و زیندان کۆڵی پێ نەداوە و گەڕاوەتەوە ناو شۆڕش و بەردەوامە لە خزمەتکردن بە

خاکی پیرۆزی کوردستان. ئەوە نیشانەی ئەوپەڕی دڵسۆزی و لێبوردەییە، جارێکی تریش لەساڵی ١٩٨٧ میوانداریمان پێکرد لەماڵی خۆیان لە گوندی گۆپتەپە لەسەر زێی دوکان، ماڵیان لەسەر زەوی و باخی خۆیان بوو لە ڕەندەکانی گۆپتەپە، ئێمە بۆ جێبەجێکردنی ئەرکێکی شۆڕش لە سەرکردایەتییەوە هاتبووینە ناوچەی قەڵاسێوکە و کەرکوك، پیاوێکی میواندۆست و قسەخۆش و ڕووخۆش بوو، زۆر بەهیمەت بوو، زۆر دڵسۆز بوو بۆ خاکی کوردستان، پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو، بەڕاستی پیاوێکی شۆڕگێڕ بوو، دوای شەڕی سەرکردایەتی و ئەنفالی یەك بە چەکی کیمیایی لە گوندی شاناخسێ لەسەر سنوری عیراق–ئێران، کە هێزەکانمان پاشەکشەیان کردبوو، لەوێ بریندار دەبێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کرا و دوای ساڕێژبوونی برینەکەی گەڕایەوە ناوچەی قەڵاسێوکە، بەداخەوە دواجار لە گوندی گۆپتەپە بەر چەکی کیمیایی کەوتەوە لە ئەنفالی چواردا شەهید بوو، بەمجۆرە لیوا خەلیل "بەرەحمەت بێ" بۆی باسکردم.

دێمەوە سەر باسی زیندانیکردنیان، دواتر لە بەغداوە ڕەوانەی پارێزگای کەرکوکی دەکەن و داوای هاوکارییان لێدەکەن کە ئیش بۆ حکومەت بکەن، هەرچییەکیان بوێت بۆیان جێبەجێ بکەن، ئەوانیش کەسیان بەڵێنیان نەدا بۆ هاوکاریکردنی حکومەت. بۆیە ئازادکران و هەرکەسە و گەڕایەوە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی،

ئێمەش گەڕاینەوە ناحیەی ئاغجەلەر و لەوێ نیشتەجێ بووین، بە باوکمان شادبوینەوە و زۆر دڵخۆش بووین، چونکە زیاتر لە دوو ساڵ بوو نەك هەر نەمان بینیبوو، بەڵکو هەواڵیشیمان نەدەزانی، بۆ ئێمەی منالْ هەستێکی زۆر خۆشبوو کە بە دیدار و ئامێزی باوکمان شادبووینەوە، بەلاْم لە روخساری باوکمدا هەست بە نائارامی و نائومێدی دەکرا، زۆری پێ ناخۆشبوو کە بەبێ دەسەلاْت و رەزیلی گەڕاوەتەوە ژێر دەسەلاْتی حکومەت و هەر رۆژە و بیانوویەکیان پێ دەگرتیت، بۆیە هەر زۆر بە زوویی پەیوەندی دەکاتەوە بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، ئیشوکاری رێکخستنی ناو شاری پێ سپێردرا، دوای ماوەیەك باوکم دەبێتە فەرمانبەر لە فەرمانگەی کشتوکاڵی ئاغجەلەر، لەگەڵ ئەوەشدا دوکانی ئەشیای کارەبایی دانا، ئێمەش خراینە قوتابخانە و لەگەڵ خوێندنەکەماندا هاوکاری باوکمان دەکرد لە بەڕێوەبردنی ئیشوکاری رۆژانەدا، بۆیە باوکم دوکانی دانا بۆئەوەی حکومەت هەستی پێ نەکات و بڵێن خەریکی کاروکاسبی خۆیەتی، چونکە زۆربەی ئەو کەسانەی کاری رێکخستنیان لەگەڵ دەکرد یان ئەو کەسانەی لە گوندەکانەوە دەهاتن بۆ ئاغجەلەر، هەواڵ و نامەی شۆڕشیان دەهێنا، نەدەکرا رۆژانە بێنە ماڵەوە، چونکە ئاشکرا دەبوون، بۆیە زیاتر لە دوکانەکەی کاری رێکخستنی جێبەجێ دەکرد، چونکە ئەو

کەسانە بەناوی کڕینی پێداویستی و دابینکردنی پێداویستییەکانیان دەهاتن بۆ دوکان. بۆیە کەمتر جێگەی گومان بوو، هەرچەندە چاودێری وردیان دەکرد و ناچاریان کردبوو ماوە ماوە سەردانی دائیرەی ئەمن بکات، لەگەڵ ئەو هەموو گوشارەی لەسەری بوو بەردەوام کاری ڕێکخستنی ئەنجام دەدا.
چەندجارێکیش چووبوو بۆ سەرکردایەتی "سەرگەڵو" بۆ بینینی سەرکردایەتی بۆ ڕێکخستنەوەی ئیشوکارەکانی شۆڕش و بەهێزکردنەوەی ڕێکخستنی ناو شار، چونکە هەر بە ئومێدی ئەوەوە بوو ڕۆژێ دی 'بچێتەوە شاخ، هەندێ کات وای پێویست دەکرد بە شەو دەچوو بۆ گوندی گۆپتەپە و بێدەر، شێخ جەعفەری شێخ ئەبوبەکری بێدەری لەگەڵ دەبوو، ئەویش کارمەندی بنکەی تەندروستی ئاغجەلەر بوو، ئەندامی ڕێکخستن بوو، دوای نوێژی خەوتنان دەردەچوون و پێش نوێژی بەیانی دەگەڕانەوە بۆ ناحیەی ئاغجەلەر، لەناو ئاغجەلەریش هەندێ کەس پەیوەندی بە ڕێکخستنەوە هەبوو، لەوانە: "شەهید حەمەغەریب بێدەری برازای و شەهید مەحمود کوڕی شێخ جەواد بێدەری و کاک مەهدی حاجی ئەحمەد بلوکێن".
دروستبوونەوەی ئەو پەیوەندییانەش بە ئاگاداری کاک شێخ عەبدولکەریم حاجی و کاک شالاوی عەلی عەسکەری بووە. ئێمەش خراینە قوتابخانە و بەدەم بەخوێندنەوە هاوکاری باوکمان دەکرد

له ئیشوکاری رۆژانەدا. ساڵی ١٩٨٤ ئاهەنگێکی گەورەی جەماوەری لە نزیك ناحیەی سورداش رێکخراو تێییدا هەڤاڵ مام جەلال وتارێکی مێژوویی زۆر گرنگی پێشکەش کرد. پێموابێ زیاتر لە سەد هەزار کەس ئامادەبوون لەوێ، باوکیشم ئامادەی ئەو ئاهەنگە بوو، بەڵام نەیهێشت من بچم و وتی زۆر قەرەباڵغ دەبێت، بۆیە منیش بەبێ رەزامەندی باوکم بەسەیارەی خەت رۆیشتم بۆ ئاهەنگەکە، دوای تەواوبوونی ئاهەنگەکە هاتینەوە ناحیەی ئاغجەلەر، دواتر من هەستی کوردایەتیم لا دروستبوو، لە ئاهەنگەکەدا پێشمەرگەمان دەبینی بە چەك و تاقمەوە زۆر جوان بوو، خەڵك حەزی دەکرد وێنەیان لەگەڵ بگرێت، بەتایبەتی شەهیدی نەمر مامەڕیشە، بۆیە حەزم دەکرد ببمە پێشمەرگە، چەندجارێك بە باوکمم وت با ببمە پێشمەرگە، ئەویش هەرجارەی قسەیەکی بۆ دەکردم و دەیوت بخوێنە شۆڕش بایی تۆش دەمێنێت، منیش هەر زۆر حەزم دەکرد ببمە پێشمەرگە، بۆیە لەگەڵ دوو هاوڕێی قوتابخانەم بەناوەکانی (کامەران مەلا ئەحمەد و سابیر عەریف محەمەد گەڵناغاج) "بەرەحمەت بێت" بریارماندا بەبێ رەزامەندی کەسوکارمان برۆین ببینە پێشمەرگە. ئەوەبوو ساڵی ١٩٨٥ بەیانییەکی زوو لەماڵ دەرچووین بە نەشارەزایی رۆیشتین لەنێوان گوندی "گەڕگەڕ و بلوکێن" رۆیشتین شوێنێکی دیاریکراویشمان نەبوو بۆی بڕۆین، لەڕێگا توشی مەفرەزەیەکی

پێشمەرگە بووین، وتیان چی دەکەن لەم ناوە، ئێمەش وتمان هاتووین دەمانەوێت ببین بە پێشمەرگە لەلایەکەوە پێیان خۆشبوو کە کوڕی گەنج و خوێنگەرم دەیانەوێ ببن بە پێشمەرگە، لەلایەکی تریشەوە دەیانوت جارێ تەمەنتان کەمە ناکرێ ببنە پێشمەرگە، بڕۆنەوە ناو کەسوکارتان و واز لە خوێندن مەهێنن، چونکە دوارۆژ پێویستمان بە کەسی خوێندەوار و کەسی شارەزا لە بوارەکانی ژیان دەبێت، بۆیە ئێمەش نائومێد بووین لەوەی کە وەریان نەگرتین لە پێشمەرگایەتی، واشماندەزانی هەموو شۆڕش و پێشمەرگایەتی بریتییە لەو مەفرەزەیەی کە ئێمە بینیومانە، بۆیە نەمانوێرا بگەڕێینەوە بۆ ئاغجەلەر، بۆیە چووینە گوندی سەرچاوە، لەوێشەوە چووین بۆ سلێمانی، شەو لەماڵی خزمێکمان ماینەوە و دوایی گەڕاینەوە ئاغجەلەر. دیاربوو دائیرەی ئەمن بانگی باوکمی کردبوو، هەر لەو ماوەیەدا مەلا عوسمان گەڕگەڕی و مامۆستا لەتیفی خاڵم لەلایەن دائیرەی ئەمنەوە دەستگیر کرابوون و ماوەیەك لە زیندان مانەوە و دواتر بە لێبوردن ئازاد کران. تا دەهات گوشاری زیاتریان دەخستە سەر باوکم، چونکە هەستیان کردبوو جموجۆڵیان زۆر بووە بۆیە دواجار فەرمانی گرتنی بۆ دەردەکەن لەلایەن دائیرەی ئەمنی پارێزگای کەرکوك تا ئەو رۆژەی کە شەهید بوو فەرمانی گرتنی دائیرەی ئەمنی کەرکوکی لە گیرفاندا بوو، خزمەکان کە چووبوونە سەر

جەنازەکەی لە گوندی گۆپتەپە ئەو بەڵگەنامە و هەندێ پارە و سەعاتەکەی دەستیان هێنایەوە بۆمان، بەداخەوە تا کاتی راپەڕین پاراستبوومان، بەڵام بەهۆی کۆڕەوەکەی ساڵی ١٩٩١ فەوتا. بۆیە شێخ جەواد بێدەری سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاگادار دەکاتەوە کە چیتر ناتوانێ لەناو شار کاری رێکخستن ئەنجام بدات، چونکە فەرمانی گرتنی دەرچووبوو، بۆیە سەرکردایەتی بریار دەدات بێتەوە شاخ. بۆیە باوکیشم لەگەڵ خزم و کەسوکاریدا دەکەوێتە گفتوگۆ و راوێژکردن تا بچێتەوە شاخ، هەرچەندە ئەوە بریارێکی گران بووە بۆ خانەوادەکەمان، چونکە ئێمە خێزانێکی زۆر بووین، زۆربەی مناڵەکانمان لە قوتابخانە بوون و منداڵ بوون و فێری ژیانی لادێ نەبووین.

بۆیە بڕیارێکی گران بوو بۆ خێزان و منداڵەکان، بەڵام بۆ باوکم بڕیارێکی دروست بوو کە دەچێتەوە شاخ و دەبێتەوە پێشمەرگە و ئازاد دەبێت لە ژیانی دەستبەسەریی، دواجار لەگەڵ کۆمەڵێ خزم و کەسوکاردا لەساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی دەکاتەوە بە شۆڕش و دەبێتەوە بە پێشمەرگە، ماوەیەك چۆتە گوندی بێدەر و دواتر چووینە گوندی گۆپتەپەی سەر زێ، چونکە لەوێش زەوی و خانووی نیشتەجێبوونمان هەبوو. لەو ماوەیەدا کۆمەڵێ خزم و کەسوکار پەیوەندییان پێوەکرد و بوون بە پێشمەرگە لەگەڵیدا. پاش راوێژکردن بە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و

بینینی  مام جەلال "بەڕەحمەت بێت"، مام جەلال بە بینینەوەی شێخ جەواد بێدەری خۆشحاڵی دەردەبڕێت و بە شادبوونەوەی دۆستێك و هاوڕێیەکی دێرینی سالآنی شەستەکان و سەرەتای دروستبوونەوەی شۆڕشی نویێ. دواتر باوکم بۆی باسکردین کە لەگەڵ مام جەلال کۆمەڵێ بیرەوەری و یادگاری خۆش و ناخۆشیان باسکردووە و زۆر خۆشحاڵ بوونە بەو دیدارەی یەکتر و شادبوونەتەوە و پێشوازییەکی زۆر گەرم و دۆستانەی لێکردووە. هەر لەوکاتەدا یەکسەر  مام جەلال دوو کلآشینکۆفی مزەلی و چەکی قەناسی بە دیاری پێدەدات، کە بۆ ئەو سەردەمە دیارییەکی زۆر بەنرخ بوو لەڕووی مەعنەوییەوە، تا ئەو ڕۆژەی شەهید بوو پێی بوو، هەندێ جاش دەچنە سەر جەنازەکەی و قەناسەکەی دەبەن.

دوای گەڕانەوەی لە دیداری   مام جەلال و هاوڕێکانی لە سەرکردایەتی بۆ ناوچەی قەلآسێوکە هێزێکی دروستکرد و راستەوخۆ پەیوەندی بە سکرتارییەتی هەڤاڵ مام جەلالەوە بوو، دواتر ئەوە بوو تیپی ٢٩ی کەلکەسماق دروستکرا و ڕێکخستنی بۆ کرا و سنوری بۆ دیاریکرا. "کاك شێخ هاوڕێ ی کاکە حەمەی مامەڕەزا" کرا بە فەرماندەی تیپ، باوکیشم پەیوەندی بە تیپی ٢٩ی کەلکەسماقەوە کرد و بەشداری کار و چالاکییەکانی تیپی کردووە. بۆخۆم زۆرترین کات لەگەڵیدا بوومە و لە خزمەتیدابووم،

لەبەرئەوەی باوکم پیاوێکی ئازا و دڵسۆز و بەوەفا بوو بۆ خزم و کەس و کار و دۆستەکانی  بۆیە زۆر ڕێزیان لێدەگرت و گوێیان لێ دەگرت، قسە خۆش و ڕووخۆش و خزمدۆست و کۆمەڵایەتی بوو، چونکە لەسەرەتای دروستبوونی شۆڕشی ئەیلوولەوە بۆتە پێشمەرگە و بەشداری کارای کردووە و ئەرك و لێپرسراوێتی وەرگرتووە. پەیوەندییەکی فراوانی لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا هەبووە لەهەموو سنورەکانی کوردستاندا.

لە مانگی ١٩٦١/٩ بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی کردووە دژ بە حکومەتی عیراق و هەر لەو کاتەوە درێژەی بە خەباتی شۆڕشگێڕانە داوە، لە ساڵی ١٩٦٢ ئەوکاتەی کە لقی یەك پێکهێنرا کە "عەریف عەلی ڕەقەم یەك" کرا بە لێپرسراوی لق، شێخ جەواد بێدەری لەبەر ئازایەتی و دڵسۆزییەکەی دەکرێت بە جێگری پەل، هەر لەو ساڵەدا لە ١٩٦٢/٧/١٧ هەڤاڵ مام جەلال رایدەسپێرێت بچێت بۆ ناحیەی ئاغجەلەر کە شەڕ لەنێوان هێزی پێشمەرگە و حکومەتی عیراقی ڕووی دابوو، لەو شەڕەدا حکومەت هێرش دەهێنێت بۆ قەڵاسێوکە و ئاغجەلەر و چەمی ڕەزان، شێخ جەواد بێدەری دەورێکی ئازایانەی بینیووە لەگەڵ حاجی شێخ عومەری گەڕگەڕ. هەڤاڵ مام جەلال رایان دەسپێرێت کە بچن جەنازەکەی مامۆستا حەسیب کەرکوکی و دوو هاوڕێی تری کە بەیەکەوە شەهید بوون لە گردەقارەمان، ئەمانیش دەچن و

جەنازەکان دەهێنن و لە چنارتوو دەیان نێژن و پێنج پارچە چەکێکیش لەگەڵ خۆیان دەهێننەوە. دواتر لەبەر ئازایەتییەکەیان هەڤاڵ مام جەلال پێنج دیناری ئەو سەردەمە و تفەنگێکی بڕنەویان بەدیاری پێدەدات.

شێخ جەواد بێدەری لەلایەن هەڤاڵ مام جەلالەوە پلەکەی لە جێگری پەلەوە دەکرێت بە سەرپەل، جارێکی تریش لە ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی پێنجوێن لە نەبەردییەکدا بەمەبەستی گرتنی بنکەی پۆلیسی ئەو شارە، هەر لەوێدا بریندار دەبێت، پاش ساڕێژبوونی برینەکەی لەساڵی ١٩٦٤ شێخ جەواد بێدەری و چەند کەسایەتییەکی تر دەگەڕێنەوە بۆ ناوچەی کەرکوك، بۆ ئاگاداربوون لە بارودۆخی ناوچەکە و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا. هەر لەو ساڵەدا کراوە بە سەرلق لە بەتالیۆنی "تارق ئەحمەد" تا ساڵی ١٩٧٥ درێژەی بە خەباتی شۆڕشگێڕانە داوە. لەگەڵ سەرهەڵدانەوە و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێی گەلەکەمان بە رابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان پەیوەندی دەکات بە شۆڕشەوە، شەهیدی نەمر عەلی عەسکەری نامەیەك بۆ شێخ جەواد بێدەری دەنێرێت، لە نامەکەدا دەنوسێت خۆتان ئامادە بکەن و مەهێڵن ئەو کەسانەی کە چەکییان لاماوە و شاردوویانەتەوە تەسلیمی حکومەتی عیراقی بکەنەوە، بچن بۆلای کاکە حەمەی مامەسەلام لە شەدەڵە، چونکە

ئەو شوێن و جێگەی من دەزانێت.
لە ١٩٧٦/٨/٢٠ دەچنە گوندی سارتکە، دواتر لە ١٩٧٦/٨/٢١ دەگەنە لای کاکە حەمەی مامە سەلام لە شەدەڵە، بۆ شەوەکەی لەگەڵ شەهید کاک غەریب هەڵەدنیدا دەچن بۆ "دۆڵە وشکە" لە شاخی ژیلوان چاویان بە کاک عەلی عەسکەری دەکەوێت، (بەداخەوە غەریب هەڵەدنی لە دوای راپەڕینی خەڵکی کوردستان لە قەزای دوکان شەهید کرا). کاک سالار عەزیز و کاک سلاّح چاوشین و کاک مەحمود شەدەڵەیی لێدەبێت، پاش پشوودان و مانەوە لەوێ، باسیان لە توانا و ئیمکانییەتی شۆڕش و چۆنێتی گەشەپێدانی شۆڕش و جۆشدانەوەی کۆمەلأنی خەڵکی کوردستان و بەشداریکردنیان لە شۆڕشدا کردووە، تا مانگی ١٠ی هەمان ساڵ لەو ناوچەیە مانەوە. دواتر سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا شێخ جەواد بێدەری بچێتە ناوچەی چەمی ڕەزان کە ناوچەیەکی بەهێز بوو بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکانی شۆڕشگێڕ، توانیویانە بە ئاسانی لەو ناوچەیەدا هەڵسوکەوت بکەن، کاک خەلیل بێدەری لەگەڵبووە، ئەوانیش گەڕانەوە بۆ ڕێکخستنەوەی جەماوەر و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگە، هەر لەو ساڵەدا دایک و خێزان و منداڵەکان لەلایەن حکومەتەوە لە گوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەلأسێوکە دەستگیردەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکانی سلێمانی و کەرکوك و پارێزگای ناسریە دەکرێن، لەگەڵ چەند

خێزانێك، لەوانە خێزانی شەهید شەوکەتی حاجی مشیر، کاك خەلیل بێدەری، کاکە حەمەی حاجی مەحمود، کاك حامیدی حاجی غالیب، کاك رەسولْ مامەند، پاش ماوەیەك مانەوەیان لە چەمی رەزان نزیکەی بیست کەس پەیوەندییان پێوە دەکەن و دەبنە پێشمەرگە، لەسالْی ١٩٧٧ ئەو پێشمەرگانە دەبن بە سێ مەفرەزەوە، شێخ جەواد بێدەری بە مەفرەزەیەکەوە لەگەلْ ملازم حەسەن خۆشناو بەرەو سوریا بەڕێدەکەون بۆ هێنانی چەك و تەقەمەنی و جیهاز و ئامێرەکانی راگەیاندن بۆ رادیۆی دەنگی شۆڕشی عیراق، لە کاتی بەڕێکەوتنی ئەو مەفرەزەیە لە ڕێگەدا لەسەر سنوری (عیراق–ئێران–تورکیا) قیادەی موەقەتە کەمینیان بۆ دادەنێن و  توشی شەڕ دەبن، بەداخەوە ملازم حەسەن خۆشناو شەهید دەبێت و شێخ جەواد بێدەریش بریندار دەبێت. باوکم وتی هاتوونەتە سەرم و وایانزانیوە مردوومە کە گیانم خوێنی پێوە بووە یەکسەر شتومەکەکانی گیرفانیان دەرهێنام و بەجێیان هێشتم. پاشان بە برینداری دەبرێتە سوریا بۆ سارێژبوونی برینەکەی، بۆ ماوەی مانگێك لە نەخۆشخانەکانی سوریا دەمێنێتەوە، پاش چاکبوونەوەی برینەکەی دەگەڕێتەوە کوردستانی عیراق و کەرەستەکانی جیهازی راگەیاندن دەهێنێت کە کاك شالاْو عەلی عەسکەری و مامە خولەی شەدەڵە لە بیرەوەرییەکانی خۆیاندا لە دووتوێی ئەم کتێبەدا ئاماژەیان پێی

کردووه. بۆیه دەڵێم یەکێتی نیشتمانی کوردستان زۆر کەمتەرخەم بووه بەرامبەر شەهید شێخ جەواد بێدەری و هاوڕێکانی کە لە هیچ بۆنە و یادکردنەوەیەکی دامەزراندنی دەزگای ڕاگەیاندنی یەکێتی نیشتمانی کوردستان ئاماژەیان بە ڕۆڵ و ماندووبوونی ئەو پێشمەرگە قارەمانانە نەکردووه کە بوونەتە هۆی سەرخستنی شۆڕی نوێ و ڕاگەیاندنەکەی. هەر لەو ساڵەدا شێخ عوسمان برای شێخ جەواد و شێخ ئەحمەد بێدەری لە گوندی بێدەر لەلایەن مەفرەزەی ئیستخباراتی حکومەتەوه دەستگیر دەکرێن و رەوانەی هەیئەی خاسەی کەرکوك دەکرێن، ئەشکەنجەیەکی زۆریان دەدەن تەنانەت لەکاتی لێدانیاندا چاوی براکەی شێخ جەواد دەتەقێت و کوێری دەکەن، ئێستاش چاوی شووشەی داناوه بۆ ئەوەی شوێنەکەی دیارنەبێت. لە هەیئەی خاسەی کەرکوك پێیان دەڵێن ئەگەر براکانتان نەگەڕێنەوه ناو حکومەت ئەوا لە سێداره دەدرێن، ئەوانیش جواب دەنێرن دەڵێن حکومەت لە سێدارەمان دەدات ئەگەر نەگەڕێنەوه ناو حکومەت، لە وەڵامدا شێخ جەواد بێدەری دەڵێت نەك براکەم، بگرە هەموو منداڵ و خێزانەکەم و دایکیشم کە ئێستا لە ناسریه زیندانن لە یەك کاتدا لە سێداره بدرێن پەشیمان نابمەوه لەو بڕیارەی داومە بە خوا و بە گەلەکەم. دواتر لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ سەرکردایەتی یەکێتی بڕیاریدا بە گەڕانەوەوەی هێزەکانی یەکێتی بۆ ناوچەی سێ سنور بۆئەوەی ڕێگری لە

حکومەتی عیراق بکەن کە چیتر گوندەکانی ئەو سنورانە چۆڵ نەکات و خەڵکەکەی دەربەدەر نەکات و بتوانن چەك و تەقەمی لە سوریاوە بهێنن بۆ کوردستان. ئەویش بۆ بەستنەوەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بەیەکەوە و هێنانی خواردەمەنی کەلوپەلی پێویست.

سەرەڕای ئەوەی ناوچەی سێ سنور ناوچەیەکی سەخت و دژوار بوو بۆ ئیدارەی هێزی پێشمەرگە، ئەوەبوو سەرکردایەتیی هێزەکەی کرد  بە سێ بەشەوە، بەشێکیان شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری سەرپەرشتی دەکرد و شێخ جەواد بێدەریش یەکێك بوو لە فەرماندەکانی هێز و کراوە بە فەرماندەی هەرێمی ٢ی چەمی رەزان، دواتر لەکاتی بەرێکەوتنی هێزەکان لە ناوچەی هەکاری توشی شەڕێکی سەخت دەبن کە بووە هۆی شەهیدبوون و دەستگیرکردنی دەیان سەرکردە و سەدان پێشمەرگە و لەناوچوونی هێزەکە و هەڵوەشاندنەوەی ئەو پلان و بەرنامەیەی کە دایانڕشتبوو بۆ رزگارکردنی ناوچەی سێ سنور، دواتر بە کارەساتی هەکاری ناسرا، کە دەیان چاوپێکەوتن و کتێب کراوە لەسەر کارەساتی هەکاری، بۆیە ئەم هەموو ماندووبوون و خەباتەی لە ناوچە جیاوازەکانی کوردستانی عیراق و ئێران و تورکیا بۆتە هۆی ئەوەی زیاتر تێکەڵاوی چین و توێژەکانی کۆمەڵانی خەڵك ببێت، ئەمەش بووەتە هۆی ئەوەی کە زیاتر

بناسرێت و خۆشەویست بێت.

لە زۆربەی جەولەکانی پێشمەرگایەتی لە خزمەتیدا بووم، کە دەچووینە گوندەکان لە زۆربەی گوندەکان کە دەیانزانی شێخ جەواد بێدەرییە دووسێ دۆستی دەهاتن و دەیانگوت نابێ پێشمەرگەکانت دابەش بن بۆ پشوودان و نانخواردن، دەبێ هەمووتان لە ماڵی خۆمان بن، هەرچەندە باوکم حەزی نەدەکرد بە تەنها ئەرك بکەوێتە سەر یەك ماڵ، چونکە سروشتی کاری پێشمەرگایەتیمان وابوو کە دەچووینە هەر گوندێ ئەنجومەنی گوند یان کەسێك دەهات و پێشمەرگەکانی دابەشدەکرد بەسەر ماڵەکانی ناو گوندەکەدا بەگوێرەی ئاوەدانی دوو کەس دوو کەس یان سێ کەس سێ کەس دابەشیان دەکردین بۆ حەوانەوە و پشوودان، چونکە هێزی پێشمەرگە لەو سەردەمە بنکە و بارەگای کەمبوو لە ناوچەکەدا، هەر دەبوایە ئەرك بخەینە سەر خەڵکی گوندەکان کە بەڕاستی خەڵکی گوندەکان هاوکار و پشت و پەنامان بوون، زۆر ڕێزیان لێدەگرتین و درێغییان نەدەکرد لە خزمەتکردنی هێزی پێشمەرگە.

شەوێکیان لە ساڵی ١٩٨٧ لە سەرکردایەتییەوە دەگەڕاینەوە بۆ ناوچەی قەڵاسێوکە، مانگی ١٢ بوو لە گوندی قەمچۆغە لاماندا، شەو درەنگ سەعات یەکی شەو بوو، واڕێکەوت لەگەڵ باوکم و دوو پێشمەرگەی تر چووینە ماڵێك، باوکمیان ناسییەوە و زۆر

ڕێزیان لێگرتین و وتیان کوا برادەرەکانتان لە کوێن؟ دەبێ هەموویان بێنەوە ماڵی خۆمان مادام لەگەڵ شێخ جەواد بێدەرین قبوڵ ناکەین دابەش بن، چونکە بە باوکمیان دەوت خاڵە جەواد، منیش زۆرم پێخۆشبوو، چونکە دەموت ئەگەر جارێکی تر ڕێمان کەوتەوە ئەم گوندە دەچمەوە ئەم ماڵە، لەبەرئەوەی تا دەمەو بەیانی لەگەڵ باوکم دانیشتن و قسە و باسی ڕابردوو و باسی خۆشیان دەگێڕایەوە، حەزم دەکرد باوکم بڵێ ئەمە محەمەدی کوڕمە، هەرچەندە ئەوەندەی لە جەولە و گەڕانەکانمدا لە خزمەت باوکمدا بووم هیچ کاتێك جیاوازی نەدەکرد لەنێوان کوڕەکەی و پێشمەرگەیەکی تردا، هەموو کات تا تەواوی پێشمەرگەکان دابەشدەبوون و دڵنیا دەبوو کە هەموومان چووینەتە ماڵان، ئینجا خۆیشی لەگەڵ یەك دوو پێشمەرگەی تردا دەچوونە ماڵێك، شەوانیش لە مزگەوتی گوند یان ماڵێك کۆدەبووینەوە، پاسەوانیمان دەگرت تا بەیانی دواتر هەر پێشمەرگە و دەچووە ئەو ماڵەی ئێوارە لێی بوو.

بەڕێکەوت من لەگەڵی دابەش دەبووم بۆ پشوودان، ئینجا تێگەیشتم ئەم پیاوە چ فەرماندە و دڵسۆزێکە بۆ هاوڕێ و هەڤاڵەکانی، چونکە هیچ هەستم بە جیاوازی نەدەکرد لەنێوان من و پێشمەرگەیەکی تردا، لە زۆربەی شەڕ و چالاکییەکانی ئەو سەردەمەی تیپی ٢٩ی کەلکەسماق لەگەڵیدا بووم، جارێك نەیوت

با کوڕەکانم نەچنە فلاّنە شوێن یان فلاّنە کەمین، کاکیشم "شەهید مەحمود" پێشمەرگە بوو لەگەڵ باوکمدا کە بەداخەوە لە کاتی کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە و ئەنفالی چوار لەگەڵ کۆمەڵێك لە خزم و پێشمەرگەی تر ئەنفال کران، ئەمەش بەهۆی سەرکەوتنی سوپای عیراق لە قۆناغەکانی "یەك، دوو، سیٚ"ی ئەنفال و قۆناغی چواریش بۆسەر ناوچەکانی ئاغجەلەر و شوان و شێخ بزێنی و چەمی ڕەزان و دەشتی کۆیە و تەق تەق، لە سنوری هەر سیٚ پارێزگای"کەرکوك_سلێمانی_هەولێر"بوو، ئەوەندەی لەگەڵ باوکمان جەولەمان دەکرد هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین رێزی خەڵك بگرین و بەدەم داواکاری خەڵکەوە بچین، هەمیشە دەیوت ئاگاتان لە قسە و کردارتان بێت و دڵی خەڵکی مەڕەنجێنن، هەمیشە خۆتان بە خزمەتکاری خەڵك بزانن، چونکە شۆڕشەکەی ئێمە بەپشت و پەنای خوا و کۆمەلاّنی خەڵك دروستبووە.

شارەزاییەکی باشی هەبوو لە ناوچەکانی کوردستان، چونکە وەك پێشتر باسمکرد لە ساڵی ١٩٦١ەوە بووبووە پێشمەرگە و هەموو ناوچەکانی کوردستانی گەورەش گەڕاوە، توانا و جەستەیەکی باشی هەبوو، قەناعەتێکی باشی هەبوو بە لەتێك نان و چایەك قەناعەتی دەکرد.

لە زۆربەی شەڕەکانی تیپدا بەشداریمان کردووە، وەك: "شەڕی تەق تەق، جادەی سلێمانی_دوکان، تەوەکەڵ، جادەی

هەولێر_كۆیە،" دواجاریش لە مانگی ٣ی ١٩٨٨ لە سەركردایەتییەوە بروسكەیان كرد بەپەلە بگەینە سەركردایەتی لە یاخسەمەر، لە چەمی سوورقاوشانەوە رۆیشتین، بەڵام حكومەتی عێراق كەمینی زۆر لەسەر جادەی دوكان_سلێمانی دانابوو، ئەو رێگایانەی كە پێشتر هێزی پێشمەرگە هاتوچۆی لێوەدەكرد هەموو گیرابوون.

كاك قادری حاجی عەلی لێپرسراوی مەڵبەندی یەك بوو لەگەڵمان بوو، بۆیە راستەوخۆ ئەو سەرپەرشتی دەكردین، دەلیلیان نارد بۆ نزیك جادەكە بۆئەوەی رێگەیەك بدۆزنەوە تاكو هێزەكە بپەڕێتەوە بۆ سەركردایەتی. كە دەلیلەكە هاتەوە وتی سوودی نییە حكومەت لە هەموو رێگەكان هێزی داناوە و گرتویێتی بۆیە ناتوانرێ پێشمەرگە بڕوات، هێزەكەش زۆر بووین، بەشێك لە پێشمەرگەكانی تیپی ٥٧ی سەگرمە و ٥١ی گەرمیان و مەڵبەندی یەكمان لەگەڵ بوو، بۆیە بە ئاسانی هێزەكە كۆنترۆڵ نەدەكرا، هەر دەشبوایە بپەڕینەوە، بۆیە كۆبوونەوەیەكی بە پەلەیان كرد و بڕیاردرا دەبێت بڕۆین بەهەر نرخێك بێت، لەوكاتەدا یادی بەخێر "كاك سەربەست شێخ خالید مایلەیی" فەرماندەی مەفرەزە بوو، لەگەڵمان بوو، لەبەر خۆیەوە وتی چۆن دەبێ ئەم هێزە وا بە ئاسانی بكرێتە نێچیری حكومەت و كوڕی خەڵك بە كوشت بدەن، چونكە هەر پەڕینەوە لەنێوان گوندی تەلان و قەمچۆغە مەترسی

نەبوو، لەبەرئەوەی گوندی قەمچۆغە و سێکانیان و شەدەڵە لەلایەن حکومەتەوە گیرابوو، بۆیە ڕۆیشتنەکەمان زۆر زەحمەت بوو.

باوکم و برادەران گوێیان لەم قسانە بوو، بۆیە بڕیاردرا بگەڕێینەوە بۆ پشت گوندی عەسکەر و لەوێوە بڕۆین بۆ بەرامبەر گوندی زێویێ، نزیکەی سەعات ١٢ی شەو گەیشتینە نزیك جادەی قیر، حکومەت بە بەردەوامی سەیارەی بە جادەکەدا هاتوچۆی دەکرد، لەگەڵ تێپەڕبوونی دەبابەیەك یان سەیارەیەك، هەشت نۆ پێشمەرگە بە پەلە دەپەڕیتینەوە بۆ بەری شاخی پیرەمەگرون، دەمەو بەیانی گەیشتینە گوندی زێویێ، ئاوەدانی لێ نەمابوو خەڵکەکەی ئاوارە بووبوون، ئێمەش زۆر ماندوو بووین تا ئێوارە ماینەوە، بڕیاردرا بە کۆچە ڕێدا بڕۆین بۆ دیوی مێرگەپان، لە شاخەکە زۆر بە زەحمەت سەرکەوتین، هەندێکمان بە گوریس و پشتێنی پشتمان یەکتریمان سەرخستە سەر شاخەکە، هەندێ برادەرمان نەیانتوانی سەربکەونە سەر شاخەکە، لەوانە مامۆستا عادل لە تیپی ٥١ی گەرمیان مۆڵەتی وەرگرت و وتی ناتوانم یەکسەر گەڕایەوە ناوچەی قەلاسێوکە، دواتر زانیمان گەیشتۆتەوە شوێنی خۆی، ئێمە گەیشتینە سەر شاخ و ویستمان شۆڕبینەوە بۆ دۆڵی مێرگەپان توشی شەڕ بووین، جارێکی تر گەڕاینەوە دیوی گوندی زێویێ، چونکە لە بیری ئەوەدا نەبووین حکومەت لەو

شوێنەدا کەمینی دانابێت، ئەمجارە باوکم و قادری حاجی عەلی بڕیاریاندا کە باوکم پێش هێزەکە بکەوێت و کاك قادری حاجی عەلی لە دواوەی هێزەکەوە بێت بۆئەوەی ئاگای لە هێزەکە بێت و کەس بەجێ نەمێنێ، باوکم پێش کەوت و جارێکی تریش توشی شەڕ بووینەوە و توانرا ئەو ڕێگا بکاتەوە و ئینجا وتی وەرن، بۆ بەیانی گەیشتینە مێرگەپان، پاش شەڕ و بەرگرییەکی زۆر لە ١٩٨٨/٣/١٧ هێزەکان پاشەکشەمان کرد بۆ گوندی شاناخسێ لە سنوری "عیراق_ئێران"، لە ڕێگە توشی ماندوبوونێکی زۆر بووین، خەڵکێکی زۆری ناوچەکە ئاوارە بووبوون، هەبوو لەناو بەفردا رەق ببووەوە، شەوەکەی چووینە گوندی یاخسەمەر، سەرکردایەتی لەوێ بوو، هەموو بارەگاکان دەتەقێنرایەوە، ئێمە وامانزان پشتمان گیراوە، وتیان ئەوە برادەرانی خۆمانن بارەگاکان دەتەقێننەوە بۆئەوەی بەڵگەنامە و ئەرشیفەکان دەست حکومەت نەکەوێت، لەوێوە بەڕێکەوتین بۆ گوندی چالاو لە بناری شاخی ژیلوان، گەیشتینە سەر کانییەکی ئاو، یادی بەخێر کاك غەریب سەعید عەسکەری لای کانییەکە دانیشتبوو، وتی کوڕینە ئاش بەتاڵە ئاگاتان لە خۆتان بێ، بەڕاستی کاتێکی زۆر ناخۆشبوو، ناوچەکە چۆڵکرابوو، سەرکردایەتی پاشەکشەی کردبوو، نەماندەزانی چارەنوسمان چی دەبێت، ڕێگەیەکی بەفراوی سەختمان لەپێشە، شەوی دواتر سەرکەوتینە سەر شاخی ژیلوان

بەفر بە زەحمەت رێی دەدا بڕۆین، تیپی ٢١ی کەرکوك ولاْخێکیان پێبوو باری چەك و کەلوپەلی لێنرابوو هەر چوار پەلی لە بەفرەکەدا چەقی زۆر هەوڵماندا دەرنەکرا، بەجێمان هێشت. چەندین ولاْخ و مەڕ و مالاْت لەناو ئەو بەفرەدا رەق بووبوونەوە، ئێوارەکەی گەیشتینە دۆڵی "سیرەمێر" بەهەر حاڵێ بوو ئاگرمان کردەوە تا دەمە و بەیانیماینەوە و دواتر بەرێکەوتین بەرەو گوندی شاناخسێ، پێشتر رێگەکەیان بە خاکەناس بایی پیادەڕێ پاك کردبۆوە، من لە رێگە توشی خوێنبەربوونی لووت بووم حاڵم زۆر خراپ بوو، چونکە چەند شەو و رۆژ ئیسراحەتمان نەکردبوو، خواردنمان وەك پێویست نەبوو، زۆریش سەرمامان بووبوو، بۆیە چوومە سەر بەردێك لێی دانیشتم، هەرچەندە هەوڵیان لەگەڵمدا نەمتوانی هەستم، ماوەیەك مامەوە کاکە حەمە کۆزەبۆرەیی هات و وتی هەر دەبێ لێرە نەمێنیتەوە و بڕۆین، هاتە بن شانمەوە و هێواش هێواش رێمانکرد تا گەیشتینە بارەگاکانی سوپای پاسداران، سوپای ئێران تا شاخی ژیلوان هاتبوو، حکومەتی عیراق بەردەوام بە فڕۆکە بۆردومانی ناوچەکەی دەکردین.

دواتر گەیشتینە گوندی شاناخشێ، باوکم وەکو پێشمەرگەیەك تەماشای ئەکردم نەك وەکو کوڕی خۆی، چونکە جیاوازی لەنێوان کوڕی خۆی و پێشمەرگەیەکدا نەدەکرد.

هێـزەکـان کـۆبـوونەوە و بڕیـاردرا هێـزەکان رێك بخرێنەوە و هـەر

هێزێك بگەڕێنەوە شوێنەکانی پێشووی خۆیان، بەتایبەتی ئەو شوێنانەی کە هێشتا شالاوی ئەنفال نەیگرتبوونەوە، دووسیٚ مەفرەزەش بگەڕێنەوە شاخی ژیلوان پشتی گوندی چالاو، بۆیە لەویٚ باوکم بڕیاریدا ئێمە بگەڕێینەوە ناوچەی قەلاسیۆکە و خۆشی وتی من دەچم بۆ ئێران بۆ نەخۆشخانە ئەو گولەیەی لەناو سکمدایە دەریدەهێنم. رۆژی ١٩٨٨/٣/٢٠ هێزەکان لە چەمی چۆمانەوە بەڕێکەوتین چووینە سەردەشت، شەو ئێمەیان بردە گوندێك ناوی "ژاژی" بوو لەنزیك سەردەشت لە مزگەوتی گوندێك خەوتین، ئیسراحەتی باشمان کرد و بۆ بەیانی بەڕێکەوتین بۆ قاسمەڕەش کۆتا سنوری ئێران، وتیان ئیتر لێرە بەدواوە ئاوەدانی لیٚنییە هەر پێشمەرگە و بایی چەند رۆژێك خواردن و پێداویستی خۆی هەڵگریٚ، کۆبوونەوەیەکیان بە هێزەکە کرد و وتیان دەبیٚ زۆر ئاگاتان لە خۆتان بیٚ و کەس دوانەکەویٚ، وتیشیان دوو ڕێگە هەیە بۆ گەیشتنمان بۆ رەزگە و مارەدوو، ڕێگەی یەکەم بە ماوەیەکی کەم دەتوانین بڕۆین، بەلاّم زۆر مەترسیدارە و نزیکە لە رەبایەکانی حکومەتی عیراقی و هێزەکەی ئێمەش زۆر بووین بە ئاسانی کۆنترۆڵ نەدەکرا، ڕێگەی دووەمیش دەبوایە بە شاخی قەندیلدا سەربکەوین، کاتی زۆرتر دەویست، بەلاّم سەلامەتتر بوو، بۆیە بڕیاردرا بە شاخی قەندیلدا سەربکەوین، دەلیلیان ئامادە کرد و بەڕێکەوتین تا سەعات ١٢ی نیوەشەو بە شاخی قەندیلدا

سەرکەوتین، شاخەکە بەفر دایپۆشیبوو، هەوا زۆر سارد بوو زۆر ماندوو بووین، جارجار پشوویەکمان دەدا بەهۆی ئەوەی جارجار هێزەکە لە رێگە لای دەدا ئەو چەك و کەلوپەلەی زیادە هەڵمان گرتبوو فڕێدرا، چونکە رێگەکە زۆر سەخت و ناخۆش بوو، یادی بەخێر "موحسین شەهید سەلام حەمەشوان" چەکی ئارپیجی زیادەی پێبوو فڕێیدا، مام برایم فەرماندەی کەرت بوو لەگەڵمان بوو پێی خەسارە بوو فڕێ بدرێ هەڵیگرتەوە، چونکە لەوکاتەدا ئەو چەکە یەکێ بوو لە چەکە قورسەکانی هێزی پێشمەرگە، بەهەر حاڵێك بوو تا نیوەی شاخەکە رۆیشتین، دەلیلەکەمان وەستا و وتی رێگەکەمان بزرکردووە و رێگە نەما، بەفر زیاتر لە مەترێ باریبوو رێگەی نەدەدا بڕۆین، ماوەیەك هێزەکە بەیەکا دەهاتین، کاك سەعیدی حەمەشوان جێگری تیپەکەمان بوو زۆر توڕە بوو سوێندێکی گەورەی خوارد و وتی دەلیلەکە لەکوێیە ئێستا دەیکوژم، مانای چییە بڵێ رێگەکەمان بزرکردووە، ناهەقیشی نەبوو شاخەکە هەمووی سپی بووبوو نەتدەزانی بە چ ئاڕاستەیەکدا بڕۆی، بۆیە دەلیلەکەمان خۆی شاردەوە و رۆیشت و دیارنەما، ئێمەش بە ناچاری گەڕاینەوە خاڵی سفر و وچانێکی کورتماندا و وتیان کات زۆر کەمە دەبێ لێرە نەمێنین، چونکە رۆژ بێتەوە چواردەورمان جەیشی عیراقییە بۆیە بەناچاری بڕیاردرا بە رێگەی یەکەمدا بڕۆین کە رێگەکە زۆر مەترسیدار بوو. بەڕێکەوتین

چەند جارێك هێزەكەیان رادەگرتین و دەیانوت ئاگاداربن هیچ قسەیەك یان دەنگبەرزكردنەوەیەك نییە، چونكە زۆر نزیك بووینەتەوە لە رەبابییەكانی حكومەتی عیراق، دوای نوێژی بەیانی گەیشتینە مارەدوو ئەوكات بارەگای حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێرانی لێبوو، بەدەم رێگەوە یەكی چایەكیان داپێین و وتیان هەرئێستا لێرە بڕۆن حكومەت بزانێ پیشمەرگەی یەكێتی نیشتمانی كوردستانن ئەم ناوە هاوەن باران دەكات، راستیشیان دەكرد، چونكە رەبابییەكان لە بەرزاییەكانەوە دیاربوون، دۆشكەكانیان دیاربوو، هەستی ئەوەیان كردبوو كە هێزێك لە ناوچەكەیە، بەڵام وتیان بە جیهازی بێ تەل ئاگادارمان كردونەتەوە ئەو هێزە هی ئێمەیە "حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران" لە ئێرانەوە هاتوونەتەوە، بەهەرحاڵ لە گوندی مارەدوو نەوەستاین هەرچەندە زۆر ماندووبووین بە پەلە پەڕیتینەوە بناری قەڵاتوكان، پێش ئێمە هێزێكی تر گەیشتبووە بناری شاخەكە حەیوانیان بۆ سەربڕیبووین، پشوویەكماندا و نانمان خوارد و شەوەكەی بەڕێكەوتینەوە چووینە گوندی لێوژە. بەشێك لە هێزەكە وتیان بەیانی بەدەستیش بگیرێین ناتوانین بڕۆین، چونكە زۆر ماندووین و چەند شەو و رۆژێكە نەخەوتووینە، لە گوندی لێوژە بەشێكی هێزەكە مایەوە و بەشێكی تریشی نەوەستاین، دەبوایە لە جادەی قیر بپەڕینەوە بۆ گوندی وەرتێ، بارەگای

فەوجێکی خەفیفەش لەسەر رێگەی پەڕینەوەمان بوو، ئەوانیش هەستیان کردبوو هێزێك دەیەوێت بپەڕێتەوە بۆیە چاوپۆشییان لێکردین و دەنگیان لەگەڵمان نەکرد، بۆ رۆژی دواتر ئێوارەکەی گەیشتینە گوندی وەرتێ لاماندایەماڵەکان و شەو لەوێ ماینەوە بەڕاستی ئەوەندە ماندووبووین ئاگام لە نانی ئێوارە نەما، جێگەیان بۆمان راخست و یەکسەر خەومان لێ کەوت تا بەیانی بە ئاگا نەهاتینەوە، چونکە چەندین شەو بوو ناو جێگا و پێخەفمان دەست نەکەوتبوو، بەیانی نان و چایان بۆ ئامادەکردین و زۆر رێزیان لێمان گرت و یەکی هەندێ نانیان پێماندا و رۆیشتین بە شاخی کاروخا سەرکەوتین، تا ناوقەدی شاخەکە بەفری پێوە نەمابوو لەوە بەدواوە شاخەکە هەمووی بەفر بوو، دواتر شۆڕبوینەوە بۆ دۆڵی شەهیدان بە گوندەکانی چیوە و شێری و مەلەکان رۆیشتین. رۆژی دواتر ١٩٨٨/٣/٣١ دوای نیوەڕۆکەی گەیشتینە نزیك جادەی هەولێر_کۆیە، هێشتا زوو بوو بۆ پەڕینەوەی پێشمەرگە بۆ دەشتی کۆیە، چونکە سەر جادەکە کەمینی لێبوو، وتیان دەبێ چاوەڕێ بکەین دنیا تاریك بێ ئینجا بپەڕینەوە، سەعیدی حەمە شوان "یادی بەخێر" تورەبوو وتی من بە تەنها دەچمە سەر جادەکە چی دەبێ با ببێ، کە ئەو رۆیشت ئێمەش بەدوایا رۆیشتین، چونکە لێپرسراوی راستەوخۆمان بوو، توشی شەڕ بووین، بۆ مێژوو دەیڵێم کاك سەعید کە چووە سەر

جادەکە یەکسەر لای چەپ و راستییەوە درایە بەر دەستدرێژی فیشەك هیچ سڵی نەکردەوە لەو هەموو فیشەکەی کە بەرەو رووی دێت، بەڕاستی فەرماندەیەکی ئازا و چاونەترس بوو، هەرچەند تەمەنی لەسەروو پەنجا ساڵییەوە بوو، بەڵام زۆر بە هیمەت و زۆر بە تاقەت بوو، هەر ئەوەش بوو وای لە ئێمە کرد بەدوایا رۆیشتینە سەر جادەکە بەداخەوە کاك سەعید لە کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە لە ١٩٨٨/٥/٣ خۆی و کوڕە گەورەکەی کە ناوی "شوان" بوو لەگەڵ باقی خێزانەکەی و مناڵەکانیان شەهید بوون، باوڕناکەم پێنوس بتوانێ لە ئاست گەورەیی و ئازایەتی و دڵسۆزی بۆ خاك و گەلەکەی ئەو جۆرە پێشمەرگە و فەرماندانە هەقی خۆی پێبدات، هەزاران سڵاو لە روحی پاکیان بێت. بەهەرحاڵێك بوو جادەکەمان کۆنترۆڵ کرد و ئینجا ئێمە باڵادەست بووین بەسەر جادەکەدا و سەیتەرەمان دانا تاکو تەواوی هێزەکە بپەڕێتەوە، لەوەش دەترساین حکومەت هێز بنێرێت بۆ سەرمان، چونکە بۆ حکومەت ئامێرەکانی گەیاندن ئاسانتر بوو لە رێگەی جیهازی بێتەلەوە، بۆیە زوو هێزەکە پەڕییەوە بەری دەشتی کۆیە، زۆر ماندووبووین، بۆیە چوارپێنج سەیارەمان گرت، ماوەیەکی باش لە جادەکە دوورکەوتینەوە، شەوەکەی چووینە گوندی "چۆم هەیدەر" بۆ بەیانییەکەی گەیشتینەوە گوندی گۆپتەپە، ئینجا لەوێ هێزەکە مۆڵەت درا هەرکەسە و بۆ ماڵی خۆیان، یەك دوو

ڕۆژ پشووماندا، ئینجا هەواڵ هات زانیمان حکومەت بە چەکی کیمیایی لە گوندی شاناخسێ ی داوە، وتیان شێخ جەواد بێدەری و ئەنوەر شوانی بریندار بوونە و دکتۆر هادی و شێخ عەزیز شێخ یوسفی شەدەڵە و چەند کەسێکی تر شەهید بوونە و هەر ئەوکاتە زانیمان کە کاك حەمەغەریب بێدەری ئامۆزامان کە فەرماندەی کەرتی ٥ی تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان بوو لەگەڵ کاك ستار بیکەیسی جەلەمۆردی بریندار بوونە و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران کراون بۆ چارەسەرکردن.

هەواڵەکان دەماودەم دەهات، چونکە ئامێری پەیوەندیکردنمان نەبوو، باوکم دەیویست بچێت بۆ ئێران بۆ نەخۆشخانە بۆئەوەی چارەسەری ساڕێژی برینی ساڵی ١٩٧٧ بکات کە فیشەکێك لە سکیدا مابۆوە، بەڵام لەتاو کاریگەری برینی چەکی کیمیاییەکە نەیتوانی بوو فیشەکەکە دەربکات، زیاتر لە مانگێك لە نەخۆشخانەکانی ئێران مانەوە و چارەسەری بۆ کرا و گەڕایەوە بۆلامان لە گۆپتەپە، لەو ماوەیەدا خزمان و دۆستەکانمان دەهاتن بۆ لای باوکم بۆ هەواڵپرسینی، لەگەڵ ئەوەشدا ڕاوێژیان پێدەکرد چی بکەین؟ چونکە زۆربەی ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان حکومەتی عیراق داگیری کردوون و خەڵکەکەی ئەنفال کردوون یان ئاوارە بوونە، دەیانوت دەبێ بەلایەکدا بڕۆین یان ڕوو بکەینەوە حکومەتی عیراق و تەسلیم بینەوە، یان بەرەو ئێران بڕۆین، چونکە

چواردەورمان گیرابوو، وەزعێکی ناخۆشبوو، خەڵکەکە دەترسان و قەلەق بوون. باوکیشم وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی ورە بەرز و بە هیمەت بوو دەیوت بەرگری دەکەین تا مردن و ناوچەکەمان پڕییەتی لە پێشمەرگە، چونکە بەشێك لە پێشمەرگەکەنی مەڵبەندی یەکی یەکێتی نیشتمانی کوردستان هاتبوونە ناوچەی قەلاّسێوکە. هەرواش بوو بڕیاردرابوو بەرگری بکرێت. پلانی بەرگری دانرابوو کەرتی ٥ی تیپی ٢٥ی خاڵخالاّن نێردرابوو بۆ ناو ناحیەی ئاغجەلەر و هێزەکانی تری لە هەر دوو گوندی داڵەوای خواروو و سەروو و کانی هەنجیری گولاّن و دۆڵی چنارتوو دامەزرابوون، رۆژ بە رۆژ ترس و دڵەڕاوکیٚ زیاتر دەبوو، چونکە حکومەتی عیراقیش هۆشداری دابوو کە پێشمەرگە لە هەر شوێنێك بێت یان بەرگری بکات بە چەکی کیمیایی لێی دەدات، ترسی خەڵکەکە ناهەق نەبوو، چونکە ئێمە لەناوجەرگەی حکومەت دابووین، لایەکمان چۆڵ نەبوو تا بڵێین بەرگری بکەین و دواتر پاشەکشیٚ دەکەین، جادەی دوکان_تاسلۆجە، جادەی کەرکوك– تاسلۆجە، جادەی کەرکوك_ناحیەی تەق تەق_ کۆیە، جادەی کۆیە بۆ شاخی هەیبەت سوڵتان بۆ قەزای دوکان، هەموو بە جەیش و جاش گیرابوون، بۆیە هەر بەڕاستی مانەوەمان لە ناوچەکەدا شەڕکردن بوو لەگەڵ مەرگدا، هەرچەندە بەرگری بکرایە دواجار شکستمان دەهێنا، چونکە هیچ ئومێدێك نەبوو

بڵێین هێزی تر فریامان دەکەوێت یان چەك و تەقەمەنیمان بۆ دێت، ئەوەی هەمان بوو بە قەدی خۆمانەوە بوو، کۆگا و تەقەمەنی زیادەمان نەبوو. ئەو چەند ڕۆژەی پێش کیمیابارانکردنی گۆپتەپە کە ڕۆژانە خەڵك دەهاتن بۆ لای باوکم هەم بۆ هەواڵپرسینی برینەکەی و چۆنێتی کاریگەری چەکی کیمیا و خۆپاراستن لێی، باوکیشم چونکە بەر چەکی کیمیایی کەوتبوو، تاڕادەیەك دەیزانی چۆن پارێزگاری لە خۆت دەکەیت، دەشیگوت خۆ حکومەت باران نییە هەموو شیو و دۆڵێ بگرێتەوە، ئەگەر توانای بەرگریمان نەما بە ڕۆژ خۆمان دەشارینەوە و بە شەویش ڕێ دەکەین تا ڕێگەیەك دەدۆزینەوە بۆ دەربازبوونمان، کە من بۆخۆم ئەم قسەیەم لێ دووبارە دەکردەوە، دەموت خۆمان قەینا کە پێشمەرگەین و دەتوانین شەڕ بکەین و خۆمان بشارینەوە، بەڵام ئەی چی لەو هەموو خێزانە بکەین؟ چونکە ئێمە ژمارەی خێزانەکەمان ١٩ کەس بووین بەرەی دوو خێزان بووین، تەنها باوکم و کاکم و من پێشمەرگە بووین، نەماندەتوانی بگەڕێینەوە ناو حکومەت، چونکە پێشتر بڕیاری گرتنی باوکم دەرچوو بوو لە دائیرەی ئەمنی کەرکوکەوە، بۆیە بەهیچ شێوەیەك باوکم بیری لەوە نەدەکردەوە بگەڕێتەوە ناو حکومەت، بۆیە دەیگوت خوا گەورەیە ڕێگەیەك دەدۆزینەوە و دەڕۆین بۆ ئێران، بەڵام لەم کاتەدا ناکرێ بڕۆین، چونکە خەڵکەکە چاویان لە منە، بۆیە نەفسم ڕێگەم نادات

بڕۆم و پێم بڵێن خۆی دەربازکرد و ئێمەی بەجێهێشت، بۆیە چارەنووسم لەگەڵ چارەنووسی ئەم خەڵکەدایە، دەمزانی لە ناخەوە نائومێد بووە لە رزگاربوونمان لە ناوچەکەدا، بەلاَم هەرگیز نائومێدییەکەی خۆی دەرنەئەبڕی، بۆیە هەرواشیکرد مایەوە لەناو خەڵکەکەدا.

رۆژی ١٩٨٨/٥/٣ بەیانییەکەی باوکم چوو بۆ گوندی داڵەوا و بێدەر بۆ بینینی پێشمەرگەکان و خزمان بۆ تەگبیرکردن و چۆنییەتی مانەوەمان وەك پارتیزان لە ناوچەکەدا. لەگەڵ کاك شێخ سەعید بێدەری ئەو گفتوگۆیەمان کردبوو لەکاتی دەستپێکردنی شەڕدا ژن و منداڵەکان بنێرنەوە ناو شار و خۆشمان بە پارتیزانی بمێنینەوە، ئەوەبوو سەعات ٥ی ئێوارە کە ١٧ی رەمەزان بوو پۆلێ فڕۆکە هاتنە ناوچەکە یەك دووجار بە ئاسماندا سووڕانەوە و دەستیان کرد بە بۆمبارانکردنی هەردوو گوندی گۆتەپە و عەسکەر و چەمی سوورقاوشان بە چەکی کیمیایی، ئێمە لەوکاتەدا ماڵمان لەسەر زەوی خۆمان بوو لە رەندی خان، چاومان لێبوو ناو گوندی بۆمبارانکرد، لە سێ شوێنیدا، لای مزگەوتەکە و ماڵی باپیرم و ناو زێیەکە، ئێمە لەبەرئەوەی دوور بووین لە شوێنی بۆمبەکانەوە کاریگەری تۆزی کیمیاییەکەمان بەرنەکەوت و تەنها بۆنەکەی گەیشتە لای ئێمە، ئیتر بووە رۆژی حەشر، هاوار و ناڵەی بریندار و منداڵ ئەو ناوەی پڕکردبوو.

ئێمەش هەندێ ئاگرمان کردەوە بە دەوریدا دانیشتین، چونکە پێشتر باوکم پێمانی وتبوو لەکاتی کیمیابارانکردندا یان ئاگر بکەنەوە لە دەوری بن یان پەڕۆ تەڕ بکەن و لە دەموچاوتانی بئالێنن، هەرواشمان کرد، بۆیە کەمتر کاریگەری هەبوو لای ئێمە. ئێمە دڵنیابووین باوکم لەناو گوندەکە نییە بۆیە چاوەڕێمان دەکرد بەڵکو بگاتەوە لای ئێمە و پێکەوە بڕۆین و ناوچەکە چۆڵ بکەین، چونکە دەمانزانی بەیانی جەیش و جاش دێن، کە باوکم زانیبووی گۆپتەپە بۆردومانکراوە، لە داڵەواوە فڕۆکەکانیان بینیبوو، بۆیە یەکسەر بڕیاریدابوو بگەڕێتەوە گۆپتەپە، سەرەتا چووبووە ناو گۆپتەپە هەندێ کەسی بینی بوو پێیانی وتبوو ئاگاتان لە خۆتان بێ، دواتر چووبووە ئەشکەوتی "دوو ڕووگە" لەوێ پێیان وتبوو کاک شێخ جەواد مەڕۆ، چونکە کیمیاییەکە زۆر کاریگەرە ماڵی کاک عەبدولقادری غەزوورت زۆربەیان شەهید بوونە و هەندێکیان بریندار بوونە، بۆیە باوکم وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی یەکسەر چوو بوو بۆ ماڵی باپیرم ئەوەی فریاکەوتبوو بۆیانی کردبوو، هەندێ لە بریندارەکانیان لەوێ رزگار کردبوو، ئینجا خۆیشی بەناو پاقلەی بەراوەکانی رەندیخاندا ویستبووی بگەڕێتەوە بۆلای ئێمە، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو ساڵە ساڵی هاتی دەغڵ و دانەوێڵە بوو، بارانی زۆر باری بوو، بۆیە ئەو پاقلەیەی تۆ و کرابوو زۆر گەشەی کردبوو بالآی زۆر

بەرز بووبووەوە، باوکیشم لە کاریگەری هەوای کیمیاییەکە رزگاری بوو بوو، بەڵام تۆزی کیمیاییەکە بەسەر پاقلەکەدا نیشتبووەوە، بۆیە لەوکاتەدا کە بەناو پاقلەکاندا دەڕوات تۆزی سەر گەڵای پاقلەکان بەرز بووبوونەوە و کاری لێکردبوو و هەناسە سواری کردبوو، پەکی کەوتبوو، لای نزیك زەوییەکەی کاك ئەحمەدی مام مەجید لەوێ کەوتبوو، بە قسەی شایەتحاڵەکان بەیانی کە چووبوونە سەر جەنازەکەی، وتیان رووی لە قیبلە کردووە و پەنجەی شایەتمانی درێژ کردبوو، کاك فەریق بێدەری و کاك مستەفا عەسکەری "یادی بەخێر" چووبوونە سەر جەنازەکەی، هەندێ پارە و سەعاتەکەی و فەرمانی گرتنەکەی کە لە گیرفانیدا بوو بۆیان هێناینەوە، چەکی قەناسەکەی پێشتر جاش چووبوون بردبوویان، بەڵام تاقمەکەی هەر بە پشتییەوە بوو، تا دوای راپەڕین کە چووین جەنازەکانمان هەڵگرتەوە هەر مابوو.

ئێمە تا نزیکەی سەعات ١٢ی نیوەشەو هەر چاوەڕێمان کرد باوکم بگاتەوە لامان، بەڵام بێ ئاگا لەوەی باوکم شەهید بووە و گیانی پاکی سپاردووە. دواجار بڕیارماندا بڕۆین بەرە و ئایندەیەکی نادیار، چونکە نەماندەزانی بۆ کوێ بڕۆین، بۆ کام پەناگەی ئارام بڕۆین، هەر بە ئومێدیش بووین باوکم لە رێگەش بێ فریامان دەکەوێت، هاتینە نزیك جادەی گۆپتەپە چەندین بریندار و

پەککەوتەمان بینی لەو ناوە کەوتبوون و دەیان نالاًند، هیچ دەسەلاًتێکمان نەبوو هاوکارییان بکەین، چونکە هەر کەسە بەدەردی خۆیەوە گرفتار بوو، هەرچیمان هەبوو لە ماڵ هەموویمان بەجێهێشت، تەنها هەندێ نان و جلوبەرگمان هەڵگرت بایی ئەوەی بتوانین هەڵیبگرین، ماڵی خاڵم مامۆستا لەتیف خێزانی دووەمی لەگەڵمان کەوتنە ڕێ، هەرچەندە کچە گەورەکەی خاڵم "ڕوناك" لێمان دابڕا و زۆر هەوڵماندا و گەڕاین بێسوود بوو نەماندۆزییەوە، ڕۆیشتین پێش نوێژی بەیانی گەیشتینە گوندی کانی هەنجیری برایم ئاغا، چوینە ماڵی شێخ عەتار "یادی بەخێر ئەویش ئەنفالکرا" وتی ئادەی کوڕەکان ئەم خێزان و منالاًنەی شێخ جەواد بگەیەننە مامڵێسی، خواهەڵناگرێ یەکسەر تراکتۆرەکەیان ئامادە کرد و بردمانیان بۆ گوندی مامڵێسی، لەوێوە دۆڵ بە دۆڵ و ئەشکەوت بە ئەشکەوت نزیکەی هەشت ڕۆژمان پێچوو، دەمە و بەیانییەك گەیشتینە ناو ناحیەی تەکیەی کاکەمەند، چووینە ماڵەکان و زانییان لێقەوماوین، زۆر ڕێزیان لێگرتین و هاوکارییان کردین، ئیتر ڕۆژ بووەوە ناردمان بەدوای کەسوکارماندا، هاتن و هەریەکەمان بەلایەکدا ڕۆیشتین، ئینجا زانیمان باوکم شەهید بووە، یادی بەخێر و گۆڕەکەی پڕ نوور بێت، تا دوای ڕاپەڕین نەمانتوانی بچین جەنازەکەی دەربکەین، کە ڕاپەڕین کرا ئینجا چووین و لایەنە پەیوەندیدارەکان هاتن و جەنازەکانیان گواستەوە

بۆ سەر قەڵای گوندی گۆپتەپە، لەوێ هەموو شەهیدانی کیمیاباران بەخاك سپێردران.
لە کۆتاییدا هیوادارم هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی شەهید شێخ جەواد بێدەری کە ئێستا بەڕێوەبەری سیاسی ئەم هەرێمەن، گرنگی زیاتر بدەن بە ڕابردوو و مێژووی شۆڕشەکەمان، تاکو داهاتوویەکی گەش بۆ گەلەکەمان دەستەبەر بکەین.
روحت شادبێت، یادت بەخێر باوکەگیان، یادت هەر دەمێنێ لە ناخ و دڵماندا.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# پێشمەرگەیەکی بوێر

**جەوهەر سۆفـــی**

سەرەتای ناسینم لەگەڵ خوالێخۆشبوو شەهید شێخ جەواد بێدەری، دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوو، شێخ جەواد بێدەری مرۆڤێکی هەتا بڵێی خوێن شیرین و زۆر سادە و دەم بە پێکەنین بوو، لە کار و ئەرکەکانیدا زۆر دڵسۆز بوو، دوای ماوەیەك بووین بە هاوڕێ و متمانەیەکی زۆر لە نێوانمان پەیدا بوو، زۆرجار بەیەکەوە دەگەڕاین، ئەو پیاوێکی باڵا بەرز بوو، هەموو کەسێ خۆشی ئەویست بەتایبەتی لەناو پێشمەرگەدا زۆر خۆشەویست بوو، چونکە یارمەتی هەموو کەسێکی ئەدا، یەکێك بوو لەو پێشمەرگانەی کە زۆر بوێر بوو، سڵی لە هیچ شتێك نەدەکردەوە، خۆشەویستی هەموو هێزەکەمان بوو، لەهەموو شەڕەکاندا لە پێشی پێشەوە و لە پێشڕەویدا بوو، هاوکات یەکەم باوەڕپێکراوی خوالێخۆشبوو شەهید عەلی عەسکەری بوو، ماوەیەك من لەگەڵ شێخ رەئووف عەسکەری بووم،

لەهەر شوێنێك یەكمان ببینیایە زۆر دڵخۆش ئەبووین.
من بۆخۆم زۆر ئازایەتییم لەم پیاوە قارەمانە بینیووە، لە یەكێك لە شەڕەكاندا لە گوندی بۆڵقامیش لەگەڵ شێخ عوسمان بێدەری چواردەورمان گیرابوو، كە شێخ جەواد زانیبووی ئێمە وەزعمان لە مەترسیدایە، یەكسەر خۆی و شێخ زاهیری شێخ عەلی شەدەڵە "خوالێیان خۆش بێت" هاتن بەهانامانەوە، كە شوێنەكەمان زۆر مەترسیدار بوو، بە ئازایەتی و هەوڵی ئەوان لایەكیان لە شەڕگەكە بۆ كردینەوە، بەڵام بەداخەوە شێخ عوسمان بێدەری شەهید بوو، جەنازەكەیم دەركرد، كە شێخ جەواد منی بینی هەموو گیانم خوێنە، هاواری كرد و وتی ئەوە برینداری؟ قەت ئەو هاوارەییم لەیاد ناچێ، خۆزگە بریندار بوومایە نەك شێخ عوسمان شەهید بووایە، یەكەمجارم بوو شێخ جەواد ببینم بگرییەت كە هەواڵی شەهیدبوونی شێخ عوسمانی بیست، هاتە سەر جەنازەكەی و زۆر بۆی گریا، ئەمە وەفاداری شێخ جەواد بوو بۆ هاوڕێكانی، هەرگیز پشتی پێشمەرگەی بەرنەئەدا.
زۆربەی جەولە و گەڕانەكانمان لە قەڵاسێوكە و شوان و شێخ بزێنی بوو، جارێكیان لە قەڵاسێوكە پێشمەرگەكان لە گوندی داڵەوا دابەشبوون بەسەر ماڵەكاندا بۆ پشوودان و نانخواردن، شێخ جەواد چوو مریشكێكی كڕی بردی بۆ ماڵێك كە دەیناسیتن، من و شێخ جەواد و مەلا بەكر كە لە شەڕی سۆتكە شەهید بوو،

لەوماڵە نانمان خوارد، دواتر لە شێخ جەوادم پرسی بۆچی مریشکت کڕی، نانێکی بەسیتمان دەخوارد؟ وتی خۆم حەزم کرد لەگەڵ ئەو ماڵەدا ئەو نانە بخۆین، پێمخۆشبوو ئەو ژەمە نانەیان لەگەڵدا بخۆین، دوایی هەستمکرد کە ئەو ماڵە حاڵیان باش نەبوو، بۆیە ویستی بەو شێوەیە نانیان لەگەڵدا بخوات، کە ئەمەش بۆخۆی بەئاگایی و گیانی هاوکاری شێخ جەوادی دەسەلماند.

جارێکی تریان لە گوندی عەسکەر قەلێکمان کڕی، من و شێخ جەواد لە ماڵێك بۆیان لێناین و بۆیان هێناین بۆ بارەگاکەمان کە لەناو قوتابخانەی گوندەکە بووین، شێخ جەواد بە پێشمەرگەکانی وت وەرن بخۆن، وتم ئەی تۆ بۆ ناخۆی؟ وتی دەخۆم، قەل تەواو بوو شێخ جەواد لێی نەخوارد، وتی پێشمەرگە تێر بێت وائەزانم من خواردوومە.

لە شەڕەکاندا هەمیشە لە پێشی هەموو پێشمەرگەکان ئەمبینی، لە شەڕەکانی دۆڵی شەهیدان ئەو ئازایەتییەی لەم پیاوەم بینیووە بە بیستنیش لە کەسم نەبینیووە، بەڕاستی شایەنی باسبوو. لە شەڕی بۆڵقامیش گەورەترین ئازایەتیم لێی بینی، لە شەڕی سۆتکە کە مەلا بەکر شەهید بوو شێخ جەواد گریا و وتی خۆزگە من بوومایە لە جیاتی مەلا بەکر، ئەوەندە دڵسۆزی هاوڕێکانی بوو.

شێخ جەواد بیروباوەڕی بە شۆڕش زۆر گەشبین بوو، هەموو جارێ

کە بەیەکەوە ئەبووین دەیوت خوا یاربێت شۆڕشەکەمان سەردەکەوێت و بە ئامانجی ڕەوای خۆمان دەگەین.

هەڵوێستیشی لەگەڵ هاوڕێکانی زۆر جوامێرانە بوو، هەموو کەسێ خۆشی دەویست، پێشمەرگەکان پێیان دەوت خۆزگە وەك تۆ بووینایە، زۆر بە دڵسۆزی ئیشی خۆی دەکرد، هەمیشە بە هیمەت بوو، لە کێشەکاندا یارمەتی هەموو کەسێکی دەدا، بەڵگەش بۆ ئەوە لە پێناو خاك و رزگاری کورد و کوردستان خۆی بەخت کرد و شەهید بوو، تا شەهیدبوونی لە خەبات و تێکۆشان کۆڵی نەدا و نەسرەوت، دەشیزانی حکومەت هێرش دەکات بۆ ناوچەی قەلاسێوکە و پرۆسەی جینۆسایدی کورد دەستی پێکردووە، بەڵام ئەوەندە بە هیمەت و نەفس بەرز بوو، پێی شەرم بوو لە پێناو ژیانی خۆی پشت بکاتە گەلەکەی و ناوچەکە بەجێبهێڵێت، هەر بۆیە لە گوندی گۆپتەپە بە چەکی کیمیایی شەهید بوو.

لە ساڵی ١٩٦٧ لە گرتنی مەخفەری پۆلیسی ئیمام قاسم لە شاری کەرکوك دەورێکی باڵای هەبوو، کاك عەلی عەسکەری ناوچەوانی شێخ جەوادی ماچ کرد کە بەو شێوە ئازایانە بینی بووی، زۆر باسی مرۆڤی ئازا دەکرێت، بەڵام مەحاڵە پیاوێکی وەکو شێخ جەواد بێدەری لە ئازایەتییدا لە هەموو بوارەکان دروست بووبێ، لە هەموو شەڕەکاندا ترس شەرمی لە شێخ جەواد دەکرد.

**بەداخەوە لە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەدا لەگەڵ پۆلێك لە خزم و کەسوکارەکەیدا شەهید بوو، درود بۆ گیانی پاکی، یاد و یادەوەری لە بیر و هزرماندا هەمیشە زیندووە.**

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# متمانەو دڵسۆزی شۆڕش

**حەسیب شێخ عەبدولقادری قازی**

**سەرلقی ٥ی بەتالیۆنی ٤، هێزی دەشتی هەولێر**

من لەساڵی ١٩٧٤دا لە گەڵاڵە کاك جەواد بێدەریم بینی، ئەو جێگەی متمانەی شەهید عەلی عەسکەری بوو، کەسێکی بەغیرەت و بەئیرادە و هیمەت بەرز بوو. کە شۆڕشی ئەیلول کۆتایی هات و بەرەو ئێران رۆیشتین، من لەگەڵ پێشمەرگەکانی لقەکەم چوینە "سراب نیلوفەر" لەوێ لە ئۆردوگا بووین، ناوبەناو لە مەجال و کاتە بۆشەکاندا دەچوومە "مهاباد" بۆ ماڵی کاك عەلی و لەوێ بەدیداری کاك جەواد بێدەری شادبووم، کە دۆستایەتییم لەگەڵی پەیداکرد برایەتی و نێوانمان زۆر خۆشبوو، پاش گەڕانەوەمان لە ئێران لە ڕێگەی ناڵپارێزەوە، کاك عەلی عەسکەری ماوەیەك لە سلێمانی بوو، پاشان حکومەت نەفی کرد بۆ جنوب و لەوێ کرا بە سەرۆکی شارەوانی روفاعی، لە گەڕانەوەدا بۆ کوردستان لە ١٩٧٦/٨/٤دا گەیشتە مێرگەپان و دەستی کرد بە کۆکردنەوەی

خزمان لەدەوری خۆی.

پاش ماوەیەك كاك جەواد بێدەری بوو بە یەكێك لە پێشمەرگەكانی مەفرەزە سەرەتاییەكان، ئەوكات من ماڵم لە كەلكەسماق بوو.

جارێكیان نامەیەكی كاك عەلی عەسكەری بۆ هێنابووم بۆ یارمەتیدانیان، بەپێی كات و شوێنی دیاریكراو چوومە لوتكەی "ئەحمەد ئاغا" كە دەكەوێتە پشت ئەشكەوتی كۆڵە چیلان لە پشت گوندی كلێسە. كە چووم بۆلایان جەبار جەمیل و كاك عوسمانی برای و كاك جەواد بێدەری لەوێ بوون لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر لە چاوەڕوانی مندابوون، هەندێ پەنیری كرافتم بۆ بردبوون و یارمەتی مادی چاكیشم دان، بەو هاوكارییە زۆر دڵخۆشبوون، وتیشم من لەگەڵ چوار شەریكەی جیهانی ئیش دەكەم بە سیفەتی "مقاول ثانوی"، باری دارایيم زۆر باشە هەر كە پارەتان لێبڕا سەردانم بكەن بۆ هەزار و دوو هەزار دینار كێشە نییە، ئەوسا كەم كەس پارەی هەبوو، پێموتن بەدەر لە ئێوەش مەفرەزەكانی تریش هەر یارمەتی لە من وەردەگرن. پێشموتن هەرچییەكتان لەم سنورە پێویست بوو پەیوەندییم پێوە بكەن، چونكە نامەكەی كاك عەلی عەسكەری ناوەڕۆكەكەی وابووكە ئەو چەند مەفرەزەیەی لەو سنورەدایە من یاریمەتییان بدەم و بە منی سپاردبوون، ئەوسا حاڵی من زۆرباش بوو لەگەڵ شەریكەی "Energo invest" ئنرگۆ ئنڤستی یوگسلاڤی و هید روگرادینا

و سۆلسین و سوگرایای فەڕەنسی بە سیفەتی "مقاول پانوی" ئیشم دەکرد.
لە نەورۆزی ساڵی ١٩٧٨دا لەسەر شاخی کەلکەسماق دووبارە یەکترمان بینی و باسی زۆرشتمان کرد. وتی: بەنیازین بە "ئار بی جی" لە رۆژی نەورۆزدا لە ئاغجەلەر هەرایەك بنێینەوە، تازە ئەو چەکەیان بۆ هاتبوو. منیش وتم باشتروایە بێنە پشت سارتکە هەموو ساڵێك رۆژی نەورۆز دوکان زۆر قەرەباڵغە و هەموو ساڵێکیش کۆپتەر بەسەر خەڵکەکەدا دەسوڕێتەوە دەتوانن ئاربیجی بە تەیارەکەوە بنێن. ڕێك لە سەعات یانزەی پێش نیوەڕۆدا کۆپتەرەکە لە سوڕەکەیدا لە شاخەکە نزیك بۆوە و ئاربیجییەکەیان پێوەنا، ئەوەندەی نەمابوو بیپێکێ، ئەوە یەکەم جاربوو لەپێش چاوی هەزاران کەس و عەسکەرییەی دوکان شتی وا چاوەڕوان نەکراو رووبدات و هەرایەکی گەورەی نایەوە.
کاك جەواد بێدەری بڕیاری ئەوەی دابوو لەسەر جێگە نەمرێ، هەموو جار دەیوت مردنی سەر جێگە بۆ پیرێژنان باشە، هەر بۆیە وتە پیرۆزەکەی خۆی بردە سەر و لە یەکەمین رۆژی دەستپێکی شالاوی ئەنفالی چواردا لە گوندی گۆپتەپە بە کیمیایی لە ١٩٨٨/٥/٣دا شەهید بوو و بە بەهەشت شاد بوو.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# مرۆڤێکی بەجەرگ و چالاك

**فەقێ وشیار شیلەخانی**

ئەوەی بە بیرم بێ شەهید شێخ جەواد لە ناوەڕاستی ساڵی ١٩٧٦دا هاتۆتە دەرەوە بۆ بەشداریکردن لە شۆڕشی نوێ، ئەویش لە ڕێگەی شەهید عەلی عەسکەرییەوە بوو، بەلاّم وەکو ئاشنابوونمان بەیەکتر دەوری مانگی ٦ی ١٩٧٧ بوو، چووینە دۆڵی گارێ، کە ئێمە خۆمان ناومان نابوو "دۆڵە فشە" لەبەرئەوەی هەر ئەیانوت چەك دێ و نەشئەهات یان ئەفەوتا، ئیتر ناومان نا دۆڵە فشە، کە چووینە ئەوێ بە حوکمی ئەوەی کاك شێخ جەواد خەڵکی سنوری ئاغجەلەرە ئێمەش زۆربەمان خەڵکی ئەو سنورانە بووین، مەفرەزەکەمان چوارپێنج کەسی تیابوو خەڵکی گوندی عەسکەر بوون وە چەند کەسێکی کەرکوکیشمان لەگەڵ بوو، منیش بەتەنها خەڵکی شلەخان بووم. کاك عەلی و کاك شێخ جەواد هاتن بۆ سەردانیکردن و بەخێرهاتنمان، کە زانیتیان خەڵکی سنورەکەین زۆریان پێخۆشبوو، ئەو ماوەیە بارەگامان نەبوو لەژێر دارێکی سوورە چناردا پشوومان دەدا و کردبوومان

به بارەگای خۆمان، ماوەی سێ مانگ زیاتر لەژێر ئەو دارەدا بووین، ئەوکات جەولە و گەڕان و ئەملاومان زۆر کەم بوو. ئەو ماوەیەك کاك شێخ جەواد چەندجارێك سەردانی کردین، ئەوکات مەفرزەکەمان دوانزە کەسێك ئەبووین، بۆیەکەمجار کاك شێخ جەوادم لەوێ ناسی کە سەری لێ ئەداین.

بڕیار وابوو ژمارەیەك چەکمان بۆ بێت کە بریتی بوون لە نۆ دۆشکە و هەندێ تەقەمەنی تر، بە بەرپرسیارێتی ملازم حەسەن خۆشناو و کاك شێخ جەواد ناردیانین بۆ هێنانی ئەو چەکانە، تاکو لە سنوری تورکیاوە بیان هێنین، سێ پێشمەرگەی مەفرەزەکەی ئێمەش لەگەڵیان بوون کە بریتی بوون لە شەهید حاکم رێبوار گۆپتەپەیی و شەهید چالاك کەرکوکی و شەهید محەمەد سەید کەریم "حەمگولێ"، بەلأم کە چەکەکانیان هێنابوو لە گەڕانەوەدا لە دەربەندێکدا لێیان درا و ژمارەیەك پێشمەرگە شەهید بوون، لەوانە ملازم حەسەن خۆشناو و شەهید چالاك کەرکوکی کە کوڕێکی زۆر بەتوانا و لێهاتوو بوو و کۆمەڵەش بوو، کاك شێخ جەوادیش بریندار بووبوو. کاك شێخ جەواد سەرەڕای ئەوەی خۆی بریندار بوو، بەلأم یەکێك لە بریندارەکان دەدات بە کۆڵیدا و دەیهێنێت و دوای چەند رۆژێك هەواڵ گەیشتە سەرکردایەتی کە دۆشکەکان گیراون و هێزەکەشمان توشی کەمین بوونە و لێیان دراوە، ئێمەش خۆمان حازرکرد کە بچین بە

هانایانەوە و لێیان بدەین، ئەوکات شەهید عەلی عەسکەری بەرپرسی عەسکەری یەکێتی بوو، بەڵام رەزامەند نەبوو بچین لێیان بدەین، وتی بەهیچ شێوەیەك ئامادە نیم شەڕی براکوژی بکەین و نابێ شەڕ ببێ، بەڵام کاك ملازم عومەر و کاك دکتۆر خالید هێزێکیان پێکەوەنا تاکو بچنە سەریان و لێیان بدەن، پێنج سەد مەتر دوور نەکەوتنەوە لێمان، لەوکاتەدا شێخ جەواد و ئەوانەی رزگاریان بووبوو، لە ڕێگە توشیان ئەبن، ئیتر کە گەیشتن کاك شێخ جەواد وتی بگەڕێنەوە ئێمە چەند رۆژێکە لێمان دراوە و لە ڕێگەش کەمینیان هەیە بۆیە نەیهێشت بچین ئەو شەڕی براکوژییە بکەین لەوکاتەدا.

دوای ئەوە بڕیاردرا لە دۆڵەفشە بڕۆین، هاوکات نزیکی پایز و باران بارین بوو، شوێنێکی گونجاو نەبوو، بۆیە چووینە لۆلان لە سنوری سێگۆشەی نێوان عیراق–ئێران–تورکیا، ماوەیەکیش لەوێ بووین و دواتر چووینە سنوری شەمزینان، لەو ماوەیەدا هەندی چەکیشمان پێ گەیشت، چەکەکان بریتی بوون لە ٣٠٠ کلاشینکۆف و ٣ ئاربیجی و دوو هاوەنی بێ گوولە، پاشان گەڕاینەوە بۆ سنوری جورجان.

دواتر بڕیاردرا بە سێ بەش بگەڕێینەوە، وەجبەیەکیان بە سەرپەرشتی کاك ملازم عومەر گەڕانەوە بۆ سنوری شێنێ و ناوزەنگ. وەجبەی دووەمیش ئێمە بووین ئەوکات کاك شێخ

جەواد کرابوو بە جێگری هەرێمی دوو، کاکە حەمەی مامە سەلامیش ئامر هەرێم بوو، بەڵام لەبەرئەوەی کاکە حەمەی مامە سەلام لە سنوری جافایەتی مابۆوە نەهاتبوو، بۆیە کاك شێخ جەواد وەکو ئامر هەرێم کاری دەکرد. ئەوکات هەرێمی دوو لە چەمی قەڵاچوالانەوە سنوری بوو تادەگەیشتە جادەی سلێمانی و لەوێوە بۆ دۆڵی جافایەتی و کۆسار و دوکان و بەشێك لە سنوری مەرگە، بەرەو باشووریش تا دەگەیشتە کەرکوك. ئەوەبوو گەڕاینەوە بۆ ناوزەنگ کە بەشی دووەمی هێزەکە بووین، جیهازی ئێستگەکەشمان پێ بوو، کە دوو سێ پارچە بوو، ئەوە یەکەمین ئێستگەی یەکێتی نیشتمانی کوردستان بوو کە بەناوی دەنگی شۆڕشی عیراقەوە کرایەوە.

سێیەم بەشیش مام جەلال و ژمارەیەك لە سەرکردەکانی ئەوکات گەڕانەوە، دوای ئەوەی چەك و جیهازەکانمان تەسلیمی شۆڕش کرد، ئێمە بە بەری مەرگەدا گەڕاینەوە بۆ دەشتی کۆیە، لەوێشەوە بۆ سنوری قەڵاسێوکە و چەمی رەزان، بەڵام تا ساڵی ئایندە کاکە حەمەی مامە سەلاممان نەبینی، ئیتر نازانم نامە گۆڕینەوە لەنێوان ئەو و کاك شێخ جەواد هەبوو یان نا.

ئەو ماوەیە کاك شێخ جەواد وەکو جێگری ئامر هەرێم و شەهید بێستون عەسکەری وەکو ئامر کەرت لەگەڵمان بوون.

کاك شێخ جەواد هەرچەندە لە تەمەندا لە ئێمە گەورەتر بوو، بەڵام

پیاوێکی زۆر چالاك و بەتوانا بوو، هەتا بڵێی پیاوێکی بەجەرگ بوو، لەسەرخۆ و هێمن بوو، هەرگیز کەسی نەدەشکانەوە، لەگەڵ گەنجدا گەنج بوو، لەگەڵ پیردا پیر بوو، خەڵکی رێزیان دەگرت و خۆشەویست بوو، پیاوێکی کۆمەڵایەتی بوو. بەداخەوە لە کیمیابارانکردنی گوندی گۆپتەپەدا شەهید بوو و گەیشتە کاروانی دوور و درێژی نەمران، روحی شادبێت.

# لەگەڵ شێخ جەواد بێدەری دووانەی شۆڕش بووین

**عەبدوڵا کەریم ئیسماعیل**
**"مەلا عەبدوڵا هەڵەدنی"**

من سەرەتا لە ساڵی ١٩٦٧دا لەناو شۆڕشدا کاك شێخ جەوادم ناسی، ئەو ماوەیە لەناو شۆڕدا لە سەرجەم گەڕان و شەڕەکاندا بەیەکەوە بووین، بەیەکەوە وەکو دووانە وابووین، ئەوکات لەگەڵ مەفرەزەی کاك عەلی عەسکەری بووین و هەردوکمان نزیکترین کەسی ئەو بووین.

لە شۆڕشی نوێشدا دووبارە یەکتریمان بینیووە، بیرمە وەڵامیان بۆ ناردم وتیان کاك عەلی وتویێتی بابێت بۆلامان، منیش کاتێ چووم کاك شێخ جەواد بەنهێنی پێشتر چووبووە "روفاعییە" کە کاك عەلی لەوێ سەرۆکی شارەوانی بوو دوور خرابووەوە، لەوێ بە کاك شێخ جەوادی وتبوو کە برادەرانی خۆمان ئاگاداربکەرەوە و بێنە دەرەوە و هاوکارمان بن. بۆیە کە شێخ جەواد گەڕایەوە هەواڵی بۆ ناردم وتی یەکەمین کەس بە تۆم وتووە، منیش وتم قاچی کاك

عەلی لەکویٚ بێت سەری من لەوێیە. ئەوەبوو هەواڵیان بۆ ناردم وتیان کاك عەلی لە زێوێیە، منیش چووم بۆ زێویٚ، لەویٚ نەمابوو، چووبوو بۆ مێرگەپان، کە چووم لەوکاتەدا تەنها مەحمود شەدەڵەیی "مامەخوولە"ی لەگەڵ بوو، لە بن دارچنارێك دانیشتبوون نان و ماستاویان ئەخوارد، دوای دووسیٚ ڕۆژ چووین بۆ هەڵەدن. لە شاخی مادێنە کاك عەلی نامەیەکی نوسی بردم بۆ شێخ جەواد و بەکر تۆفیقی تەوەکەڵ و حەمەشەریف، نامەکانم برد و ڕۆیشتم، سەرەتا چاوم کەوت بە شێخ جەواد، کە هەر بینیمی زۆری پێخۆشبوو، وتی یاخوا بەخێربێی دەمێکە یەکترمان نەبینیووە، وتی دەمێکە چاوەڕیٚ دەکەم کە هەواڵمان پیٚ بدەن بچینە دەرەوە، بەڵام لەماوەی دووسیٚ ڕۆژدا ئینجا دەرئەچم هەندیٚ ئیشوکار هەیە جێبەجێی ئەکەم و دواتر بە ڕیٚ ئەکەوم، ئەمە کۆتا ڕۆژەکانی مانگی ٧ی ساڵی ١٩٧٦ بوو.

نامەکانی تریش کە بۆ بەکر تۆفیق و حەمە شەریف بوون، هەموویانمدا بە شێخ جەواد و وتی خۆم پێیان ئەدەم و ئاگاداریان ئەکەمەوە، دوای چەند ڕۆژێك گەیشتە لای کاك عەلی و چەند کەسێکی تریشی لەگەڵ بوو، نزیکەی شەش مانگ لەو شاخە بەنهێنیماینەوە و جارجار ئەگەڕاین چەك و هاوکاریمان کۆدەکردەوە تا بتوانین بەرگری پیٚ بکەین، لە ماوەی ئەو شەش مانگەدا لە تەنگی مادێنەی هەڵەدن تەشکیلەی مەکتەبی سیاسی

کرا لەلایەن کاک عەلی و کاک ئارام و کاک سالار عەزیزەوە، لەوێ سیانزە کەسیان دەستنیشان کرد بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی، من و کاک شێخ جەوادیش لەو سیانزە کەسە بووین، ئەو تەشکیلەیەی مەکتەبی سیاسی لە مێژووی یەکێتییدا بە سیانزە کەسەکەی ژیلوان ناسراوە، ئەو سیانزە کەسە سەرکردە بوون، بەڵام بەداخەوە ئێستا کەس خۆی لەو باس و مێژووە نادات.

دواتر کە ژمارەمان وردە وردە زیادی کرد جەولەیەکمان کرد بەهەموو کوردستاندا لە سنوری پێنجوێنەوە دەستمان پێکرد، کاک شێخ جەواد لە هەموو ئەو جەولانەدا بەشداربووە، رۆڵێکی گەورە و کاریگەری هەبوو لە هاندانی خەڵکیی تاکو بێنە ناو شۆڕشەوە. کاک شێخ جەواد لەو جەولانەدا ئامر مەفرەزەی دەستەکەی کاک عەلی عەسکەری بوو، کاک عەلی لە ڕێگەی کاک شێخ جەوادەوە ئیشوکارەکانی جێبەجێ ئەکرد، لەو سەردەمەدا جەولە لەدوای جەولەمان ئەکرد و بەردەوام خەڵکیمان هان ئەدا هاوکاری شۆڕش بکەن، کاک عەلی عەسکەری پێی ئەوتین ئێوە پێشمەرگەی ئاسایی نیین ئێوە قائیدی عەسکەریین و کورد نابێ ئێوەی لە بیر بچێ.

شێخ جەواد هەتا بڵێی پیاو و مەرد بوو، هیچ کات نەمان بینیووە لەگەڵ کەسێکدا ناخۆشی و دەمەقاڵێی بووبێ، لای هەمووان خۆشەویست و پیاوێکی بەڕێز بوو بوو، خاوەنی هەست و

بیروباوەڕێکی بەرز و پاك بوو، لای ئەو کوردایەتی لە پێشی هەموو شتێکەوە بوو، لەگەڵ هاوڕێکانییدا وەکو برا وابوو، خەمخۆر و دڵسۆز بوو بۆیان.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# پیاوێکی بەتواناو لێهاتوو

**حاجی شێخ عومەر گەڕگەڕی**

هەرچەندە ئێمە خەڵکی یەك سنور و ناوچەین، بەڵام من کاك شێخ جەوادم لە نزیکەوە لە چەکداریدا ناسی، کاك عەلی عەسکەری داوای لێکردم کە لەگەڵیدابم، پێموت بەهۆی ئیش و کار و ماڵ و مناڵەوە ناتوانم، بەڵام بۆ هەر چالاکی و شەڕێك ئامادەم و ئاگادارم بکەنەوە، ئەوکات لەگەڵ کاك شێخ جەواد بەیەکەوە بوون، ئەمە لە قۆناغی شۆڕشی ئەیلوولدا بوو لە سەرەتای ساڵی ١٩٦٢دا.

ئەوکات پێشمەرگە مەفرەزە مەفرەزە ئەگەڕان بە دێهاتەکاندا، هانی خەڵکییان ئەدا کە پەیوەندی بکەن بە شۆڕشەوە، کاك شێخ جەوادیش یەکێك بوو لەوانەی کە رۆڵێکی باشی هەبوو لە فراوانکردنی شۆڕش و بەهێزکردنیدا.

هەر لە شۆڕشی ئەیلوولدا بەشداری چەندین چالاکی و داستانمان کردووە بەیەوەکەوە، بۆنموونە جارێکیان سوپای عیراق بە دەبابە و جەیش هێرشی کردە سەر ناوچەی قەڵاسێوکە، شەڕەکە

کەوتبووە نێوان ناحیەی ئاغجەلەر و دەربەندی بازیان، لە شوێنێك کە پێی ئەڵێن شینکان لای گوندی قۆجەلەر، لەوێ شەڕێکی باشمان کرد و دەبابەیەکمان گرت کە دۆشکەیەکی بەسەرەوە بوو، ئەو هێزەی حکومەتمان شکاند کە دەیویست پێشڕەویی بکات، لەو شەڕەدا هەرچەندە ژمارەمان کەمبوو، بەڵام سەرکەوتنێکی باشمان تۆمارکرد.
جارێکی تریش لە شەڕی دوانزە رۆژەکە لە مانگی دووی ساڵی ١٩٦٢دا لەگەڵ کاك شێخ جەواد بەیەکەوە بووین، ژمارەشمان هەر دە دوانزە کەسێك ئەبووین یەکمان گرتبوو، بەو ژمارە کەمەوە رووبەڕووی سوپای عیراق بووینەوە و وەکو هێزێکی گەورە وابووین لەبەردەمیاندا.
کاك شێخ جەواد پیاوێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو، تەبیعەتیشی خۆش و مرۆڤانە بوو، ئێمە بێ حەد یەکتریمان خۆش ئەویست، ئەو و شەهید حەمەغەریبی برازای زۆر ئازا و بەغیرەت بوون، زۆر بێمنەت بوون و باکیان بە کەس نەبوو، هەموو ئەو ماوەیەی بەیەکەوە بووین خراپەیەکم لێیان نەبینی.
ئەمەوێ باسی ئەوە بکەم لە شەڕی دوانزە رۆژەکەدا تەنها پێنج کەس ماینەوە، من و کاك شێخ جەواد و شێخ ستاری بێدەر و شێخ محەمەدی داڵەوا و شێخ عەبدوڵای خاڵە سەیدە بووین، هەموو ئەوانەی تر کە لەگەڵمان بوون بەهۆی بارودۆخی خراپەوە

ڕۆیشتن، چونکە ئەو شەڕانەی دەمانکردن زۆر نابەرامبەر بوو، زۆر ماندووی ئەکردین و بێ چەك و تەقەمەنی بووین، بۆیە هەموو کەس خۆی پێ ناگیرا و قەناعەتیان وابوو کە ئاوا بەرگری ناکرێ، بۆیە تەنها ئەم پێنج کەسە ماینەوە، لەسەر ڕێگەی ئاغجەلەر–دەربەندی بازیان، لە نزیك چنارتوو کە ئێستا مزگەوتێك لە سەر ڕێگەکە دروستکراوە، بەدیوی شاخەکەدا لەو ناوە سەنگەرمان لێدا بوو، ڕەنگە ئێستاش شوێنی سەنگەرەکان مابن، لەو شوێنە بەرگرییەکی بێوێنەمان کرد و نەمانهێشت سوپا و دەبابەی حکومەتی عیراق بێتە ناو ناحیەی ئاغجەلەر و سنوری قەڵاسێوکەوە.

هەر لەو شەڕەی دوانزە ڕۆژەدا مامۆستا حەسیب شەهید بوو، ئێمە چووین تەرمەکەیمان هێنایەوە، پێشتر ژمارەمان زۆر بوو، لە چەند ناوچەیەکەوە پێشمەرگە کۆکرابۆوە هەموو هاتبوون بۆ بەشداریکردن لەو شەڕەدا، بەڕاستی شەڕێکی گەورە بوو، مام جەلال خۆی ڕاستەوخۆ سەرپەرشتی ئەکرد، مام جەلال کۆی کردینەوە و وتی: هەر کەسێك بچێتە "گردەقارەمان" تفەنگێکی برنەو و دەمانچەیەك و بڕێك پارەی پێ ئەدەین، ئێمە دە دوانزە کەس بووین، کاك شێخ جەوادیشمان لەگەڵ بوو، هەستاین وتمان ئێمە ئەچین، "گردەقارەمان لەنێوان ئاغجەلەر و دەربەندی بازیاندایە".

مام جەلال وتی ئێوەم بۆ شوێنێکی تر داناوە، ژمارەیەك پێشمەرگەی تری نارد بۆ گردەقارەمان، بەڵام لە شەڕەکەدا شکان، ئەوەبوو مام جەلال بەوە زۆر تووڕە بوو نزیکەی پانزە کەسیانی گرت و لەناو مزگەوتەکەدا بەندی کردن. لەو شەڕەدا بوو مامۆستا حەسیب و ژمارەیەك پێشمەرگەی تر شەهید بوون و تەرمەکانیان بەجێ مابوون، کاك حاجی شێخ قادری سۆتکە وتی مام جەلال ئەمە شەڕە خەڵك ئەشکوژرێ و ئەشگیرێ، بۆیە
ناکرێ سزایان بدەین.

ئیتر ئەوەبوو کاك حاجی شێخ قادری سۆتکە ژمارەیەك پێشمەرگەی لەگەڵ خۆی برد، کە من و کاك شێخ جەواد و سەید عەبدولرەحمانی سەید کەریم و سەید مەحمودی گەورەدێ و چەند کەسێکی تریش بووین، ژمارەمان بوو بە دوانزە کەس، هێرشمان برد، سوپای عیراقمان شکاند، چووینە سەر تەرمی شەهیدەکانمان لە گوندی خەربەندەلوو، سێ پێشمەرگە شەهید بووبوون، تەرمەکانیانمان هێنایەوە بۆ گوندی چنارتوو، کاك حاجی شێخ قادری سۆتکە وتی بچن بە مام جەلال بڵێن تەرمی شەهیدەکانمان هێناوەتەوە بەخاکیان بسپێرین؟ چوومە لای مام جەلال کە نزیکبومەوە بەرەو پیریم هات و وتم تەرمی شەهیدەکان چی لێ بکەین؟ وتی هەی بە قوربانتان بم، دەستەکانتان خۆشبێ، بیاننێژن.

له کۆتایی شەڕەکەدا هەموو بڵاوەیان لێکرد ئەوەبوو تەنها پێنج پێشمەرگەماینەوە، مام جەلال سێ جار ناردی بەدواماندا و وتی بگەڕێنەوە، وتمان ناگەڕێینەوە تەنها تەقەمەنی و فیشەکمان بۆ بنێرن ئێمە بەرگری ئەکەین.
دواتر مام جەلال کە زانیتی ئێمە ناکشێینەوە، خۆی هاتە لامان، داوای لێکردین کە بگەڕێینەوە و چیتر لەو شوێنە بەرگریی نەکەین، ئینجا بە قسەیمان کرد و لەگەڵیدا گەڕاینەوە، مام جەلال هەزارجار دەیوت بەقوربانتان بم. چونکە سوپای حکومەتی عیراق زۆر بوو، لەو شەڕەدا بە چوار فڕۆکە و سوپایەکی زۆر لێیان ئەداین، بڕوابکەن هەموو گیانمان لە بارووت و دوکەڵ و خۆڵدا ڕەش بووبوو، ئەو ڕۆژەی کە کۆتاییمان پێ هێنا ١٩٦٢/٧/١٦ بوو، هەر لەو شەڕەدا هەموو ئەو شەهیدانەی کە درابوون بریتی بوون لە دوانزە کەس.
لە چالاکییەکی تر و لە مانگی ١٩٦٣/٦ جارێکی تر لەگەڵ کاک شێخ جەواد و کاک ستار بێدەری و نامیقی حەمە نێرگز و ژمارەیەك پێشمەرگەی گوندی تلیانیشمان لەگەڵ بوو، چووین لە نزیك چەمچەماڵ ئەو کات شەریکەیەکی لێ بوو لێی بدەین، ئەوکات کەریم ئاغای هەمەوەند سەرلق بوو ئەویشمان لەگەڵ بوو، بەڵام لەسەر ڕێگەی چەمچەماڵ–تەکیە توشی قافڵەیەکی سوپای حکومەتی عیراق بووین، قافڵەیەك سەیارە بوون لێماندان و

چوارده سەیارەمان سوتاند و ژمارەیەك کەلوپەل و تەقەمەنیشمان گرت.

ئەمەویٚ دووبارە ئەوە بڵێم کە کاك شێخ جەواد بەڕاستی پیاوێکی قارەمان و بەتوانا و لێهاتوو بوو، دەستکراوە و بە جەرگ بوو، هەتا بڵێی ئازا و بەغیرەت و نەفس بەرز و دڵسۆز بوو، هەزار رەحمەت لە گیانی پاکی.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری
# فەرماندەیەکی بەور ئاسا

**هۆشیار مەلا عەبدولڕەحمان ئاوبارەیی**

شەهید شێخ جەواد بێدەری یەکێك بوو لە فەرماندە بەورئاساکانی سەرەتای شۆڕشی بزوتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان بە رابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، پێشتریش لەگەڵ یەکەم چەخماخەی شۆڕشی ئەیلوولدا لە هەرەتی لاویدا لە مانگی ٩ی ساڵی ١٩٦١دا دەبێتە پێشمەرگە و بەشداری شەڕی دەربەندی بازیان و شێخ ڕەش "کۆلکەڕەش"دەکات، لەماوەیەکی کورتدا کارامەیی و لێهاتوویی لە شەڕی پێشمەرگانەدا دەردەکەوێ و دەبێتە جێگری سەرپەل و رۆڵی بەرچاو دەگێڕێت لە شەڕەکانی ئەوکاتەدا بەتایبەتی لە شەڕی "ئاغجەلەر"دا و قارەمانێتییەکی بێوێنە دەنوێنێ  لە رزگارکردنی تەرمی پیرۆزی شەهیدی نەمر "مامۆستا حەسیب" توانیتی بیگەیەنێتەوە چەمی رەزان و بافڵەکە، کە ئەوسا بنکەی سەرەکی شۆڕش بوو لە سنوری سلێمانی و کەرکوك.

ئەوەی جێگـەی نیگـەرانییە سـەرەڕای ئەوەی شەهیـدی نـاوبراو

یەکێکە لە کەسە دیارەکان و جێگەی متمانەی یەکەمی شەهیدی سەرکردە عەلی عەسکەری بووە و پیاوی ئەرکە قورسەکانی ئەو رۆژگارە بووە و لە شەڕی گرتنی بنکەی پۆلیسی "پێنجوێن"دا لەگەڵ شەهیدی فەرماندە عەلی عەسکەری رۆڵی بەرچاوی گێڕاوە، بەڵام کەمتر لە راگەیاندنەکانەوە باسی رۆڵ و کاریگەری ئەم شەهیدە نەمرە دەکرێت.

من کە ئێستا ئەم چەند دێڕە لەسەر ژیانی شەهید شێخ جەواد بێدەری دەگێڕمەوە، یادەوەرییەکی منداڵیی خۆمیشی تێکەڵ دەکەم، پێش ئەوەی ئەم کارەکتەرانە ببینم ناویانم بیستبوو لە یادەوەریمدا جێگەیان گرتبوو وەکو شەهید عەلی عەسکەری، شێخ عەبدوڵای عەسکەر، کاک عەلی بچکۆل، شەهید غەریب عەسکەری، شێخ جەواد بێدەری، مام جەلال، مامۆستا ئیبراهیم ئەحمەد، حیلمی شەریف، عولەما، مام وریا "یابە"، ئەوەندە ئەم ناوانەم دەبیستەوە لە گێڕانەوەکانی دایکمەوە، لە ئەقڵی خۆمدا وامدەزانی ئەم کەسانە خزمی خۆمانن، چونکە ساڵی ١٩٦٤ تەمەنی من حەوت ساڵ بووە.

من چوزانم ئەمانە بەهۆی بیروباوەڕ و حزبایەتییەوە پێکەوە تا ساڵی ١٩٦٤ تەنها مامم بۆ یەکەمینجار بینیوە لە ئاوبارە بەسەر ئەسپێکی (شێ-سوور)، لێی چوومە پێشەوە تەماشای (ڕیشی) بکەم، چونکە ئەو کاتە هەموو کەسێك بەتایبەتی ژنان باسی

ڕیشی مام جەلالیان دەکرد، منیش زۆر مەراقمبوو ڕیشی ببینم.
دوای ئەوە بۆیەکەمجار کاك عەلی بچکۆلم بینی لە حەسیرەکەی کەرکوك، ئەوسا تەنها سێ برابووین، وێنەیەکی منالێشمان بۆ یادگاری ماوە، وابزانم سالی ١٩٦٧ بوو، ئەو
پیاوە تێکۆشەرە لەگەڵ باوکمدا سالی ١٩٦٤ لە هەمەدان بوون.
دێمەوە سەر ژیاننامەی شەهیدی نەمر شێخ جەواد بێدەری، کە لە سالی ١٩٦٤ لە ماوەت مامی ڕەوانشاد لەگەڵ چەند هەڤالێکیدا دەینێرنەوە بۆ سنوری کەرکوك و لەگەڵ خۆیان نایبەن بۆ ئێران، چونکە بالی مەکتەبی سیاسی ئەوسا پلانی گەڕانەوەیان هەبووە جارێکی دی بۆ عیراق. لەگەڵ هاتنەوەی بالی مەکتەبی سیاسی لە ئێرانەوە و ئاشتبوونەوەیەکی گوماناوی هاتەکایەوە و کۆمەڵێك شەڕیان بە هەماهەنگی لەگەڵ پارتییدا لە چیای سەفین ئەنجامدا، پاشان پارتی بالی بەرزانی "مەلاییەکان" کەوتنە ڕاوەدوونانی بالی مەکتەبی سیاسی "جەلالییەکان".
دوای ئەوە دیسانەوە وەکو نەریتێکی شۆڕشگێڕانە شێخ جەوادی نەمر دیسانەوە دەبێتەوە بە یەکێك لە فەرماندەکان و تا سالی ١٩٧٠، پاشان تا کۆتایی شۆڕشەکە لە سالی ١٩٧٥ دا فەرماندەی پێشمەرگە دەبێت لەگەڵ ملازم تارقدا، شەهید شێخ جەواد بێدەری هەمیشە لە خەباتی بێوچاندا بوو، نەسرەوتووە تا جارێکی تر لە سەرەتای سالی ١٩٧٦دا دەبێتەوە پێشمەرگە، ئەم پیاوە بەهۆی

نزیکییەوە لە شەهید عەلی عەسکەری، هەمیشە دەستەی یەکەم و پێشەنگی هەموو ئەرکە قورسەکانی ئەو ڕۆژگارەی خەبات بووە و یەکێك بووە لەو کەسانەی کە ڕۆڵی بەرچاوی گێڕاوە لە هێنانی کەلوپەل و پێداویستییەکانی یەکەم ڕادیۆی دەنگی شۆڕش، دیارە کۆمەڵێك خەڵك ناویان دێت، بەڵام شەهیدی نەمر پاش و پێش کارەساتی هەکاری بە جەستەیەکی بریندارەوە پێشەنگی ئەو مەفرەزەیە بووە کە ڕادیۆکەیان لە شامەوە هێناوە، لە ڕاگەیاندن و ئەدەبیاتی یەکێتییدا جارێك گوێبیستی نەبووین باسی ڕۆڵی ئەم کەڵە پیاوە بکرێت، لەکاتێکدا ئەم پیاوە شۆڕشگێڕە چەندینجار لە لێواری مەرگ گەڕاوەتەوە، تەنانەت لە هەکاری وەکو لاشەیەکی مردو بەجێهێڵدراوە، سەد حەیف و مەخابن ئەم تێکۆشەرە دواجار لەگەڵ بەشێك لە خزمان و خەڵکی گۆپتەپە و عەسکەردا لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣دا لە گوندی گۆپتەپە بە ژەهری کیمیایی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ شەهید کران. لەوکاتەدا لە تیپی ٢٩ی کەلکەسماق پێشمەرگە بوو، شێخ هاوڕێی کاکە حەمەی مامە ڕەزا فەرماندەی ئەو تیپە بوو کە زۆربەی پێشمەرگەکانی خەڵکی سنوری خۆمان و لە خزمانی مامە ڕەزایی و هەندێکیان مامە ڕەزایی دۆڵمازەڵە و ئەو ناوە بوون، ئەم تیپە بەشێك لە پێشمەرگەکانیان لە کیمیابارانی گۆپتەپەدا شەهید بوون.

جارێکیان لە کەرکوك پۆلیسێك غەدر لە کرێکارێکی کورد دەکات،

شەهید عەلی عەسکەری بە دەستی خۆی شکۆی پۆلیسەکەی شکاند و تا ساڵی ١٩٧٠ هیچ کەسێك زاتی ئەوە نەدەکرد بەرامبەر بە کوردی کەرکوك هیچ پێشێلکارییەك بکەن، لە زۆربەی شەڕەکاندا باوکم لەگەڵیدا بوو و باسی لێهاتوویی و بەهێزی کەسایەتییەکەی وەکو سەرکردەیەکی مەیدانی و دانا و کەموێنە لە خەباتی ڕزگاریخوازی گەلی کوردا دەکرد. درود بۆ گیانی بەرزەفڕی ئەو شەهیدە پایەبەرزە.

شێخ جەواد بێدەری لە شەڕەکانی کۆتایی ئەنفال یەکدا لە سەرکردایەتی لە دۆڵی قزلەر و مێرگەپان بووە، نازانم چەندەمین ڕۆژی ئەنفال بوو، ئێوارانێك باوکم "مەلا عەبدولڕەحمانی ئاوبارە" وتی: کاکە حەمەی مامە ڕەزا لە هەردەی "گەلەکە مردوو"ە، چووینە سەردانی، کۆمەڵێك لە خزامی گۆپتەپەی بە برینداری لەگەڵدا بوون.

هەندێك لە خزمانی هاتبوون بۆئەوەی کاکە حەمە بەرەو مەڵبەندی سێ بەرنەوە، بەڵام کاکە حەمە قبوڵی نەکرد و وتی ئێوە هاتوون من ڕزگار بکەن، زۆر مەمنونتانم و لە جیاتی من وەرن ئەم منالانەی کاك ئەوڕەحمان و کوڕەکەی ڕزگار بکەن، یەکێکیان ناوی ساڵح کوێخا قادر بوو، باوکی شەهید عەبدولڕەحمان لە شەڕەکانی مانگی ٩ی قەندیل شەهید بوو، ئەویتریشیان لە ژیاندا ماوە لە سەرچناری کەرکوك دادەنیشێت، تا کۆتایی ژیانم خۆم بە

قەرزاریان دەزانم، ئیتر من لەگەڵ هەڵوێستەکەی کاکە حەمەدا ئەوەندە بەختەوەر بووم وامدەزانی ئەو ڕۆژە لە زیندان ئازادکراوم، ئەو پیاوە گەورەیە، کە ئەوەندە بەتەمەن بوو پڕ بە چنگێکی لێمابوو، گەورەیی و لێبوردەیی خۆی نواند و ئێمەی لەو ڕۆژگارە ڕەشەدا گەشاندەوە.

ئەنفال کۆستێکی گەورە بوو، کەس فریای کەس ناکەوت، هەر کەسە و لە خەمی خۆیدا بوو، بەڵام مرۆڤی گەورە و خۆنەویست هەر گەورەیە و تەنگانە و خۆشی لە گەورەیی کەم ناکاتەوە.

لەو ڕۆژگارەدا پشت و پەنای ئێمە ئەزمونی باوکم بوو، کە چەندینجار شەوانە دەکەوتینە کەمینی جاش و جەیشەوە، جارێك لە ناسر و میسر و جارێك لە مەحمەخان و جارێکیش لە قەبرسانەکەی گوندی تلیان، لەهەموو کەمینەکاندا ئەزمون و شارەزایی باوکم ڕزگاری کردین، نەك ئازایەتی خۆمان.

دیسانەوە دەیڵێمەوە ئەنفال کۆستێك بوو بەسەر گەلەکەماندا هات و خەڵکی ناوچەکە پاش ئەو هەموو ماڵوێرانییەش هێشتا بەدەنگمانەوە دەهاتن و پێیان دەوتین نەکەن تەسلیم ببنەوە بە ڕژێم، ئێمەی هاوڵاتی بێ چەکین و هیچ چارەسەرێکمان نیە.

ئەمە ڕۆژگاری پیاوێك بوو کە خەڵکی قەلاچۆغەی شێخەکان بوو ناوی حاجی شێخ عەبدولڕەحمان بوو، لە دۆڵی سندۆڵانی بێدەر ئەوەی پێگوتم. حەمەی مەلا مەحمودی کارێزەش لەو ڕۆژگارەدا

پیاوێکی بە هیمەت و ورەبەرز بوو، هەمیشە ئامۆژگاری دەکردین و مناڵەکانیشمان هەر لەماڵی ئەوان بوون تا ئەو ڕۆژەی کە کاکە حەمە گەورەیی خۆی نواند. ئیتر پاش ئەوەی مناڵەکانمان ناردەوە باوکم زۆر دڵخۆشبوو، چونکە واهەستم دەکرد ئەو ڕێگربوو‌بێت لە ناردنەوەیان بە چەند ڕۆژێك پێش ئەنفالەکان وتبووی خۆ منالّەکانی ئێمە لەهی خەڵك زیاتر نیین، با چارەنوسیان وەکو ئەو خەڵکە بێت، دوای ناردنەوەی منالّەکان ئیتر ئازادبووین لە جەولەی دورودرێژ و قەتیسمان لە ناوچەیەکی دیاریکراودا و شەوانە دەڕۆیشتین تا سنوری تەوەکەڵەکان و سەرتاف و یەغمەشە و پاشان دەگەڕاینەوە بۆ هەردەی ماسقەلان و گەلەکە مرد و تەپەکوڕە و تەرەقە و دووشیوان و پاش دوو ڕۆژ مانەوە دیسانەوە دەکەوتینە ڕێ بەرەو ئاوبارە و مەحمەخان بەدوای پەیداکردنی خواردندا.

ئێمە دواتر زانیمان کە شێخ جەواد بێدەری و سەعیدی حەمە شوان و کۆمەڵێ لە خەڵکی گۆپتەپە بەر چەکی کیمیایی کەوتوون و شەهید بوونە، بەداخەوە شەهیدبوونی شێخ جەواد بێدەری و هاوڕێکانی خەسارەتێکی گەورە بوو لە شۆڕش و ناوچەکەمان، روحت شاد و هەمیشە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی چیاکانی کوردستانی.

# شێخ جەواد بێدەری فەرماندە و سەرکردەیەکی دڵسۆز و بە ورە و لەخۆبردوو بوو

**محێدین نەجم سمایل (شوانە)**

لەساڵی ١٩٧٦دا کە کاك عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید چووبوونە شاخ، منیش چوومە دەرەوە کە ئەوکات پێیان دەوت مەفرەزە سەرەتاییەکان، من دەمانچەیەك و چەکێکم هەبوو پێیان دەوت وەسەت، شێخ تایەر وتی کاك عەلی بە تەنهایە دەبێ کەسێکی خۆمانی لەگەڵ بێ. پێشتریش لە شۆڕشی ئەیلوولدا لەگەڵ شێخ ڕەسوڵی باوکی شێخ فەتاحی کۆیە بووم، بۆیە هەر لە ئەوەڵەوە لەگەڵ بنەماڵەی ئەو شێخانە تێکەڵبووینە. من سەرەتا چوومە چەمی ڕەزان، لەوێ کاك عەلی ناوەکەی منی گۆڕی بە شوانە و دەمانچەکەشی لێوەگرتم ناردی بۆ ڕێکخستنەکانی ناو شار.

دواتر جەولەمان دەستپێکرد چووینە سنوری شەدەڵە و سەرگەڵوو بەرگەڵوو، تا چووینە ناوچەی کانی توو و چنارنێ، لەوێشەوە چووینە ناوچەی قرناقە و پشت ئاشان، دەوروبەری شەش حەوت

مانگ لەو ناوچەیە ماینەوە، دواتر لەگەڵ شەهید ملازم حەسەن خۆشناو، من و کاك شێخ جەواد و ژمارەیەك پێشمەرگەی تر، چووین بۆ هێنانی چەك کە لە سوریاوە گەیەنرابووە تورکیا.
ماوەیەك شێخ جەواد بێدەری وەکو جێگری ئامر هەرێم نێردرا بۆ هەرێمی حەوتی هەولێر و کۆیە، کە ئەوکات سەید کاکە ئامر هەرێم بوو، لەوێ کاك شێخ جەواد داوای لە کاك عەلی کرد کە منیشی لەگەڵ بم، بەو پێیەی خەڵکی ناوچەکە بووم و شارەزاییم باشبوو، کاك عەلی ڕەزامەند بوو، مۆڵەتیدام کە لەگەڵ کاك شێخ جەواد بم ئەو ماوەیە، ئەوکات من گەنج بووم هێشتا تەراشم نەئەکرد، بەڵام گەنجێگی بە هەیکەل و بە توانا بووم.
ئەوەبوو کاك عەلی و ئەوانمان بەجێهێشت و ماوەیەك چووینە هەرێمی حەوتی هەولێر و کۆیە. بەڵام کە ئەو مەفرەزەیەیان دروستکرد بۆ هێنانی چەك لە سوریاوە، ئێمەش لە مەفرەزەکەدا بووین، چەکەکان بریتی بوون لە ۳۰۰ کلاشینکۆف و ٤٠ چەکی ئاربیجی و هەندێ ئەڵغامی دەبابەمان هێنا، پێشتر چەکەکان لە سوریاوە گەیشتبوونە تورکیا، ئێمەش لە تورکیاوە گەیاندمانە سنورەکانی خۆمان، ئەمە وەجبەی دووەمی هێنانی چەك بوو.
هەر ئەو ماوەیە لەگەڵ کاك شێخ جەواد و چەند پێشمەرگەیەکی تر، لە جەولەیەکدا جیهازی یەکەمین ڕادیۆی شۆڕشمان هێنا بۆ یەکێتی نیشتمانی کوردستان. هەر لەگەڵ جیهازەکەدا ٢٠

کلاشینکۆفی یەك لاق و چوار  چەکی ئاربیجییمان هێنا، بە دۆڵی گادەردا هاتینەوە، لەو جەولەیەدا شەهید بێستون عەسکەری و جەبار جەمیل و زەردەمان لەگەڵ بوو، لە دۆڵی گادەرەوە چووینە خاکی ئێرانەوە، لەوێ شوانێکمان ڕاسپارد چوو قسەی لەگەڵ ئەو هێزانەی ئێران کرد کە لەو ناوە بوون، پێیانی وتبوو کە ئەوان هێزێکی عەلی عەسکەریین و دەیانەوێت بێرەدا تێپەڕ ببن و تەقەیان لێ مەکەن. لەوێ چووینە گوندێکی ئێران ناوی "زێوکە" بوو، بەفر و بارانێکی زۆر بوو، کەشوهەوا زۆر سارد بوو، لە زێوکە دوو شەو ماینەوە، دواتر گوند بە گوند ڕێمان کرد، ئەوەندە بەفر باریبوو، خۆمان ڕێگەمان بۆ خۆمان دەکردەوە، ئەگینا ڕێگە نەبوو، بەهەر وەزعێك بوو جیهاز و چەکەکانمان گەیاندە "توژەڵێ" لەوێ جیهازی ڕادیۆکەمان دایە دەستی رەسوڵ مامەند، بەلام چەکەکانمان هێنا تا هاتینە ئاسۆس، دواتر هاتینە گوندی چنارانی بناری کۆسرەت، لەوێ توشی شەش کەسی پارتی بووین، چەکمان کردن و خۆیانمان بەرەلا کرد. کە گەیشتین، ئاربیجییەك و سێ کلاشینکۆف درا بە چەتۆی کەریمە سوور، ئاربیجییەك و سێ کلاشینکۆف درا بە نەعمانە گۆج، ئاربیجییەك و سێ کلاشینکۆفیش بۆ شەهید بێستون عەسکەری، هەمان بڕیش بۆ دەستەکەی کاك شێخ جەواد بوو.

لە جـەولـەی کـارەسـاتـی هـەکـاریشـدا، بەهـۆی نەشارەزایی و

سەرماوسۆڵە و ئەو فشارەی زۆرەی لەلایەن قیادە موەقەتەوە هێزەکانمان توشی لێکدابڕان بووین. هەرچەندە بەو دۆخە سەختەوە سێ شەو و سێ رۆژ شەڕمان کرد، بریندار و شەهیدێکی زۆرماندا، لە ژێر فشارەکاندا ویستمان بچینە سوریاوە، ڕێگەیەکمان گرتەبەر، بەڵام لە ڕێگە کەمینیان بۆمان دانابوو تەقەیان لێکردین، بەو هۆیەوە لە یەکتر دابڕاین، نزیکەی ١٧٠ کەس بەیەکەوە گەڕاینەوە بۆ ئەو شوێنەی کە بەیانییەکەی شەڕمان لێی دەکرد. دواتر ویستمان بە شاخێکدا سەربکەوین و هەتا گیانمان تیا مابێت شەڕ بکەین و خۆمان تەسلیمی کەس نەکەین، لەو شاخەش کە پیایدا ڕۆیشتین دووبارە تەقەیان لێکردین، لەوێش ژمارەیەکمان لێ شەهید بوو، ئەوانەی ڕزگارمان بوو خۆمان گەیاندە نزیك گوندێك، ئێمە سێ چوار ڕۆژ بوو نانمان نەخواردبوو، شێخ جەواد وتی خواردن پەیا نەکەین دەمرین لە برسا، کێ دەچێتە گوندەکە؟ وتم من دەچم. لەگەڵ پیشمەرگەیەکی تر چووینە ناو گوندەکە، دەچووینە هەر ماڵێك تەنها ئافرەتی لێ بوو، هیچ پیاوێك لە گوندەکەدا نەمابوو. بەهەر وەزعێك بوو لە دوو ماڵدا نان و خواردنمان پەیا کرد و لەگەڵ خۆمان بردمان، کاتێك لە گوندەکە دەرچووین، ژمارەیەك چەکداری پارتی گەیشتنە سەرمان، من لەوێ چەکم ڕاکێشا ویستم خۆم بکوژم، بەڵام ئەو پێشمەرگەیەی لەگەڵم بوو خۆی پیادادام و نەیهێشت

خۆم بکوژم، چەکەکەی لێسەندم، لە دەستی چەکدارەکانی پارتی بەرەو ڕەبایەکانی حکومەتی عیراقی رامانکرد، کاتێك کە نزیکبووینەوە لە ڕەبایەکان چەکدارەکانی پارتی تەنها تەقەیان لێدەکردین و چیتر دوامان نەکەوتن، دەنا بمانیان گرتایە دەستبەجێ دەیانکوشتین. کە نزیك بووینەوە لە ڕەبایەکان ئەوان دەستگیریان کردین.

ئەمەویٚ ئەوە بڵێم شەهیدکردنی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ، لە ئەستۆی مەلا ئەمینە، مەلا ئەمین خزمی نزیکی مەلا مستەفا بوو. ئەوکات سەرپەرشتی هەموو ئەو هێزەی ئەکرد کە لەویٚ بوون. بۆیە تەسلیمبوونەوەمان بە ناچاری و بە زۆر بوو، ئەگەر هێزەکانی عیراق دەستگیریان نەکردینایە، ئەوا چەکدارانی قیادە موەقەتە دەیانکوشتین، چونکە سڵیان لە کوشتن نە ئەکردەوە و بیریان لە هیچ نە ئەکردەوە.

تەبیعەت و هەڵسوکەوتی شێخ جەواد بێدەری زۆر پیاوانە و تایبەت بوو، هەتا بڵێی  فەرماندە و سەرکردەیەکی دڵسۆز و لەخۆبردوو و بە ورە بوو، هەمیشە لە خزمەتی پێشمەرگەدا بوو، جیاوازی نەدەکرد لە نێوان هێزەکەی خۆی و هێزێکی تردا، بیروباوەڕێکی زۆر پتەوی هەبوو، هەمیشە گەشبین بوو، زۆر ئاواتی ڕزگاری و سەربەخۆیی کورد و کوردستان بوو، چونکە دایکی و خێزان و مناڵەکانی لەلایەن ڕژێمی بەعسەوە گیرابوون،

ئامادە نەبوو تەسلیم بە حکومەت بێتەوە لەپێناو خێزانەکەیدا، ئەمە بۆخۆی نیشانەی دڵسۆزی و نیشتمانپەروەریی کاك شێخ جەوادی دەردەخست، چونکە ئامادە نەبوو لەپێناوی ئازادکردنی خێزانەکەیدا دەستبەرداری کوردایەتی بێت، هیچ کات خۆی لە پێشمەرگە جیانەدەکردەوە، لە جەولە و گەڕانەکانماندا پشووی نەدەدا، نانی نەدەخوارد تا هێزەکەی پشووی نەدایە و نانی نەخواردایە.

لەو سەردەمەدا مەگەر شەهید شەماڵی باخ وەکو ئەو بووبێت لە تەبیعەت و مامەڵەدا، دەنا کەسی ترم نەبینیووە وەکو ئەو نەرم و نیان و ڕێکوپێك بێ. مامەڵە و هەڵسوکەوتی زۆر جوان بوو لەگەڵ هەموو کەسێکدا، پێشمەرگەی ئەوکات بە تەواوی شۆڕشگێڕ بوو، بە تەنها چەکێکەوە بەبێ نان و پارە دابوومانە شاخدا، تەنها بۆ ڕزگاری نیشتمان و نەتەوەکەمان بوو، پیاوەتی و جوامێری ئەوکاتە ئەوەبوو کە چەکێکی باشت پێ بێت و دەست لە دوژمن بوەشێنی. کە ژەمێك نانت دەخوارد، بڕوات نەبوو کە تا ژەمێکی تر دەژی، هەمیشە خۆت بۆ شەهیدبوون دانابوو. بەداخەوە ئێستا شۆڕشەکە بووەتە شۆڕشی گیرفان و پارە پەیداکردن و خۆدەوڵەمەندکردن، پێشتر پێشمەرگە تەنها لەپێناو بیروباوەڕ و گەلەکەیدا خۆیدەدا بە کوشت، بە دووسێ مانگ پێنج دینار بدرایە بە پێشمەرگە، دەچوو لەگەڵ هاوڕێیەکی دەیدا بە خواردن و لەگەڵ

ماڵێکی هەژار بەیەکەوە دەیانخوارد. ئەوکات گیرفان پڕکردن و تەماح نەبوو، بە دەیانجار لە مزگەوتی گوندەکان کۆبووینەتەوە و هەموو ئەو پارەیەی پێمان بووە کردومانە بەیەك و دواتر وەکویەك بەسەر پێشمەرگەکاندا دابەشمان ئەکردەوە، ئەبوو هەموو پێشمەرگە وەکو یەك وابوایە، جیاوازی نەبوو، خۆشەویستی و ڕێز لەنێوان یەکدا هەبوو، پێتخۆش بوو پێش هاوڕێکانت شەهید بیت.

بە شەهیدبوونی عەلی عەسکەری و دکتۆر خالید و حسێن بابەشێخ، بە بڕوای من سەد ساڵ شۆڕشی کورد دواکەوت، ئەوەندە کاریگەرییان هەبوو، حکومەتێکی گەورەی وەکو عیراق بەو هەموو هێزەی خۆیەوە حیسابی تایبەتی بۆ دەکردن، هیچیان کەمتر نەبوو لە مام جەلال، بەتایبەتی کاك عەلی عەسکەری لە تەواوی ناوچەکانی کوردستاندا ڕۆڵ و کاریگەری هەبوو، پەیوەندییەکی زۆر بەهێزی هەبوو لەگەڵ کۆمەلانی خەلکدا. شێخ جەوادیش لەگەڵ ئەو پیاوانە بوو، هەمان سیفەت و کاروکردەوەی ئەوانی هەبوو، قابیلییەت و توانایەکی زۆر باشی هەبوو، پیاوی وا دروست نابێتەوە.

بەداخەوە بۆ شەهیدبوونی شێخ جەواد و ئەو پۆلە سەرکردە و پێشمەرگە ئازا و قارەمانە کە بە خوێنی خۆیان کوردستانیان ئازادکرد، روحیان شاد و هەزاران سلاو لە گیانی پاکیان.

# هێلانە باز، بازی لێنابڕێ
# هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێنامرێ!

**ڕەهبەر سەید برایم**

پاش نسکۆی هەرەس، کەس نەبوو کەس، بەس کوڕانی یەکێتی لێبوو بەس، پێشمەرگایەتی هێندە سەخت و دژوار و نالەبار بوو، جەماوەری کورد لە سیستەمی بەعس بێزار بوو، بەلام ڕۆلانی شاخ تارمایی بێ ئومێدییان ڕەواندەوە، ئاگردانی شۆڕشیان جۆشاندەوە، کوردایەتییان بوژاندەوە، ئاسۆی ئایندەیان گەشاندەوە، شەرەفی کوردیان پاراست، بە باوەڕی نەبەزین و سەرڕاست، هەڵۆ و ژیلەمۆ بوون لە یەك کاتدا شەڕ و بەربەرەکانی سێ دەوڵەتیان دەکرد بە چەکی سووك و شاراوە و ژەنگاوی، بەلام بە دەروێشی و بە ورە و زیکری کوردایەتی بێ منەت لە تەنگژە و تەنگاوی.

ڕۆژگارەکان تۆماری تەمەنن، تۆماری یادگارەکان پڕ پڕ دیمەنن، ئەوێ ڕۆژێ دیوارەکان گوێیان هەبوو، پەنجەرەکان چاویان هەبوو، دەرگاکان کلیل درابوون، ئەشکەوتەکان زاریان هەبوو، شەقام و

ڕێگە و توولەڕێیەکانیش قوڕگیان گیرابوون، کانی و کارێزەکان کونی چاویان کوێر کرابوو، سەرسنوورەکان ئاویان هەبوو ئاوەدانییان نەبوو، دێیە ڕوخاوەکان ئاگر و ئاگردانیان نەبوو، لەو وەختە، لەو ڕۆژگارە سەختە، ئاسمان و زەمان و زەمینی تەسك کرابۆوە، پف لە ئاگردانی شۆڕش کرابوو کوژابۆوە، بەڵام بە مێژوو دەرکەوتووە، ورە و بیروباوەڕ هەر سەرکەوتووە، دەنگی گەل لە تۆپ بەهێزترە! ڕووداوەکان لە واقیع بەرزترە، ئاگر لە پڕیشکێکەوە کڵپە دەسێنێ! بیروباوەڕ شاخ و کێو دەهەژێنێ!

دەستەیەك لە کاکڵەی گەل، دەستەبژێری کۆمەڵ، بوونە چڵە دارخورمایەك لە تەپڵی سەری سەدام شین بوون، چقڵ بوون لە چاوی بەعس چەقین و بەتین بوون، چوونە شاخ "سەنگەر" چەکە خوار بووەکانیان بەرەو خۆر بردەوە، روحی شۆڕشگێڕانەیان بە بەر کورددا کردەوە!

شێخ جەواد بێدەری، هاوڕێی عەلی عەسکەری، بوونە گڵپە و گڕ، لە بابەگوڕگوڕ لە هەڵگیرسێنەرانی شۆڕش بوون، لە هەڵمەتبەران و هێرش بوون، لە تەشکیلاتی نوێی هەرێمەکان، شێخ جەواد بێدەری بووە جێگری هەرێمی کەرکوك، وەك شابازێکی فەرماندە بە چڕنووك، تا کارەساتی هەکاری، خۆی بەدەستەوەدا بەناچاری، پاش بە دیلگیران و شەهیدکردنی سەرکردە عەلی عەسکەری، خەبات تاموچێژێکی نەما ڕوخا بیر و باوەڕی!

هێلانە باز، بازی لێ نابڕێ، هەڵۆ لە لوتکەدا نەبێ نامرێ! دیسان تێهەڵچۆوە، بە ناخی خۆیدا چۆوە! هاتەوە شاخ! بوو بە شەوچراخ! بە ئەزموون و شەڕدیتە و تاقیکراو بوو، خۆی ژیاوی دەیان کارەسات و ڕووداو بوو، لە پێناوی خزم و ماڵ و مناڵی، لە گۆپتەپە مایەوە لە ماڵی، تا بۆنی سێوی بەسەردا پڕژا، ڕۆژی حەشر بوو زەمین هەژا! لەگەڵ ١٠٣ شەهیدی دی، چاویان لێکنا بە ئەبەدی! هەرمان بۆ شەهیدان.

# شەهید شێخ جەواد بێدەری

**محەمەدی حاجی مەحمود**

**سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان**

لە بەرگی یەکەمی کتێبەکەیدا بەناوی "ڕۆژژمێری پێشمەرگەیەك" کە لەساڵی ١٩٩٩ چاپکراوە، محەمەدی حاجی مەحمود سکرتێری حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، مێژووی بیست ساڵی خەبات و شۆڕشی نوێی گەلەکەمان دەگێڕێتەوە.

ناوبراو لەچەندین باس و بەسەرهاتدا، باس لە شێخ جەواد بێدەری دەکات، ئێمە لێرەدا پێمان باشبوو بەشێك لەو باس و بەسەرهاتانەی کە لەکتێبەکەیدا گێڕاوێتییەوە، وەکو خۆی و بەبێ دەستکاری بگێڕینەوە.

ناوبراو لە لاپەڕە ١٢٨و ١٢٩و ١٣٠دا لەباسێکی دروستبوونی مەفرەزە سەرەتاییەکاندا و گێڕانەوەکاندا دەنوسێت:

"لە کەمینەکەی چێوەی خۆشناوەتیش چەندجارێك لەگەڵ کاك مەلا بەختیار قسەم کرد، وتم ڕێگەکە هیچی تیا نییە؟ کاك مەلا بەختیار وتی: هیچی لێ نییە وەرە. کاك سامان گەرمیانی ئاگادار

بوو کە هاتم کەوتمە کەمینەکەوە، کاک مەلا بەختیار لەجیاتی ئەوەی بڵێ با بەرەو کەمینەکە و تەقەکە بڕۆین، وتبووی بەرەو کۆدەڵە بڕۆن، کۆدەڵە بەپێچەوانەی ئەو جێگایەوە بوو کە ئێمەی لێبووین. کاک سامان گەرمیانی وتبووی ئەوان کەوتونەتە کەمینەوە بۆ جێیان بهێڵین با بچین بەدەنگیانەوە، کاک سامان گەیشتە لامان لە شەڕەکەدا، من و کاک شێروان لەماڵی سۆفی حەسەن لە جۆرجان و کاک عەلی عەسکەری و کاک تاهیر و کاک نەوشیروان و کاک شێخ جەواد بێدەری و کاک شەوکەت حاجی موشیر و کاک قادر جەباری و مەلا هەژار و حەمەی حیزب، لە ماڵی کاک خدری مەلا بوون، جارجاریش مام جەلال لەوێ بوو. دوو ژنی هەبوو ئەو برادەرانەش لە ماڵی ئەوان بوون و ژنەکان دەیان وت: دەبێ هەموو ڕۆژێك دار بهێنن و ئیش بکەن بۆ نان کردن، ژنەکەی کاک خدر دەیوت: هەرکەس دار نەهێنێ نانی نادەمێ. باران دەستی پێکردبوو لەو ناوچەیە، دەبێت ئازوقەی مانگی یانزە تا مانگی پێنج بخەن، چونکە ئەو ناوچەیە لەهەر لایەکەوە بە پێنج سەعات ناگەنە جادە و جادەی سەر گڵی. کاتی گەرما و خۆشی هەواکەی سازگارە، لە زستان و پایز و بەهار بەفر و باران و بەستەڵەك هەموو ڕێگاکان دەگرێت.

لە ناوچەی برادۆست خەڵکەکەی کەمدەرامەت بوو، مەڕداری و مازوو گەڵادار و لەسەر دار دەژیان، میوەشیان هەبوو، بەڵام

بەڕێژەیەکی کەم ڕەز و باخ و کشتوکاڵیان دەکرد وەك تەماتە و باینجان و خەیار و سەوزە و شتی زۆر بەکەمی هەر مەڕ و بزنیان هەبوو، زیاتر کاری قاچاخچێتییان دەکرد بە ولاّخ، بۆ فەردەیەك ئارد تا دەگەیشت ئەگەر لە هەولێر  بە سێ دینار بووبێت بۆلای ئەوان بە نۆ دینار دەگەیشت.

بەیانییەك ساردبوو چووم سەرم لێدان، من میوان بووم، ژنەش وتبوی ئەوە دوو ژوورمان بۆ ماڵە بدەن کێ دەزانێت. مەلا هەژاریش وتی: من و شێخ جەواد و حەمەی حیزب و کاك قادر و کاك شەوکەت بۆ بەردەستی و تاسەقوڕ هەڵگرتن و لەکاتی بەفربارینندا ئەم کارە ئاسان نییە، هەوا زۆر ساردە و ئەوانیش کارەکەیان ئەنجامدابوو. هەر لەو ماڵە بوون و چاوەڕوانی مفاوەزات و چاوەڕوانی هاتنی چەك بوون. ڕۆژێك کاك شەوکەتی حاجی موشیریان ناردبوو بۆ دارهێنان، کاك شەوکەت کوڵەباڵی لەبەر بوو بەپشتێنەکەی خۆی کۆڵێك داری جوانی وەکو شارەزا بەستبووی هێنابوو، نانی خۆی حەلاڵ کردبوو، کاك قادر جەباری چووبوو دارێکی ڕزیوی هێنابوو، ژنەکەش کردبووی بەژێر ساجەکەیدا و دوکەڵی کردبوو، ژنەکەش توڕەببوو، بانگی کردبوو وتبوی: ئەو دارە بەرەوە جێگاکەی خۆی هی تەلانە هێناوتە ئاگر ناگرێت، بڕۆ داری سپی باشم بۆ بهێنە کە ئاگر بگرێ. دنیا ساردبوو بەفرە و سەرەتای پایزە و بەو چیایەدا هەڵگەران

زەحمەتە، دەیویست کە قەناعەتی پیٚ بکات کە دارەکە نەباتەوە دەچێت داری کە بهێنێت. ژنەکەش هەر وتی نابێت بیبەرەوە جێگاکەی خۆی ئەوکات دارەکە بهێنە. هەروا چەند کەس لە ماڵەوە بوون و دەبوو ڕۆژانە دار بهێنن، شێخ جەوادیش حەقە بوو هەر تەقەیەك بهاتبا جنێوێکی فڕی دەدا. کاك عەلی عەسکەرییش جاربەجار نوکتەی دەگێڕایەوە. بەیانییەك سەرم لێدان دەبینم لە ژوورەوە دەنگ دەهات، سەیرم کرد هەر کاك نەوشیروان لە ژوورەوەیە، حەمەی حیزب بوو لە (م.س) کاك خدری مەلا و کاك شێخ جەواد ٢-٣ کەس بوون، چونکە پارەش لای ئەو برادەرانە نەمابوو، هیچ نەگەیشتبوو تا کاك خالید و برادەران یان کاك دکتۆر کەمال بوو پارەی هێنا، لەگەڵ وەجبەیەك چەك پارەکەش دۆلار و مارك بوو، من بەشی هەورامانم وەرگرت، ١٠٠ دۆلار بە ٣٢ تمەنی ئێرانیم گۆڕییەوە، ١٠٠ مارك بە ٢٨ تمەن ئەوکات لەمانگی ١٩٧٨/١دا حەمەی حیزب پێی وتین: وەڵا ژنەکەی خدر کە ئێستا ناویم لەبیر نییە بە کاك نەوشیروانی وتووە ئەوەچییە خۆتت مەشغوڵکردووە و ناچیت ئیشێك بکەیت یان دار بهێنیت، هەڵسە بۆ دارهێنان. کاك نەوشیروانیش وتبوی نوسینم هەیە و مەشغوڵم و مەجالم نییە، ژنەش هەر زۆری لێکردبوو، کاك نەوشیروانیش وتبوی من نان ناخۆم و ناچم. ژنەکەش وتبوی نیوەڕۆش لەوان زیاتر دەخۆیت، دەبێت بڕۆیت بۆ دارهێنان".

له شوێنێکی تری نوسینەکەیدا و له لاپەڕه ١٧١دا ناوبراو دەنوسێت:

"بڕیاری ئەوەش درا هێزەکان بەدوو پۆست بڕۆن. پۆستی یەکەم لەگەڵ کاك خالید، پۆستی دووەم مام جەلال و کاك عەلی و کاك تاهیر و هەموو هێزەکە و کاك دکتۆر مەحمود، هەر ئەوکاتەش کاك ڕەسولْ بڕیاریدا کە ئەو نەیەت و هەر لەو سنورە بە ناوی مەکتەبی ڕێکخستن و بزوتنەوە دەمێنێتەوە و کاك مولازم تاهیریش خرایە جێگاکەی و بوو بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی نیشتمانی و سەرکردایەتی بزوتنەوە و ئەندامی مەکتەبی عەسکەرییش.

له ڕۆژی ١٩٧٨/٤/١٧ سەعات ١٠ی سەر لەبەیانی هێزەکەمان له گۆڕەشێر-ەوە بەڕێکەوت بۆ تورکیا، ٤١٠ چوارسەد و دە پێشمەرگە بووین، نیوەی بەبێ چەك و نیوەی بەچەکەوە. کاك خالید بەرپرسی هێزەکە بوو، ئەم هێزەش دابەشکرا بەسەر پێنج ڕەتلْ، بەمشێوەیەی خوارەوە:

١-ڕەتڵی یەکەم شێخ حسێن سەرپەرشتی دەکرد.

٢- ڕەتڵی دووەم شەهید ڕەووف بەگ سەرپەرشتی دەکرد.

٣- ڕەتڵی سێیەم شێخ عەلی کەشکۆڵ سەرپەرشتی دەکرد.

٤- ڕەتڵی چوارەم شێخ جەواد سەرپەرشتی دەکرد.

٥- ڕەتڵی پێنجەم من بووم سەرپەرشتیم دەکرد."

له باسی کارەساتی هەکاری و ڕوداو و بەسەرهاتەکان، له لاپەڕه

**٢٠٩و ٢١٠و ٢١١دا ناوبراو دەنوسێت:**

**"لە پێشەوەش بەشێکی هێزەکە توشی چەند تەقەیەکی کەم هات و ئیتر دابڕان و ڕەتبوون، لەناو گۆلە مەرەزەکانی گوندی بازیٚ دا، منیش چوومە پێشەوە و سەیردەکەم دابڕاون، بە کاك جەمالی عەلی باپیرم وت: ئەوە بۆچی وەستاون؟ وتی دابڕاوین. پێم وتەوە کیٚ لێرەیە؟ وتی وەڵلا تالیب ڕۆستەم و قادر ئاغا و سەید کاکە و کوێخا قادر و عەبدوڵلا سوور و شێخ جەواد و جەبار جەمیل و ئەوانە. کە منیش چووم دانیشتبوون و وتیان تەقەیە، پێموتن: خۆنابیٚ تا بەیانی لێرە دابنیشین و من شارەزام و وەرن بەدواماندا، شارەزاش نەبووم، بەڵام بەڕۆژ دیقەتی شوێنەکانم دابوو، ناوی نهێنی شەویش (سەید ئەنوەر) بوو. ئەو شەوە ٢- ١٩٧٨/٦/٣ من شارەزا نەبووم، ملی دۆڵەکەمان گرت و کە زۆر بیرم کردبۆوە بەرەو ڕووی سنوری عیراق بوو، هێزەکەشمان زۆربوو، زیاتر لە ٢٠٥ کەس بووین، هەر لەویٚ وادیار بوو، کاك عەلی عەسکەری دابڕابوو لە هەردولا و بەتەنها خۆی و یەك پێشمەرگە و کاك تاهیر و کۆمەڵێکی دیکەیان هەر لەو دۆڵەدا و کاك خالید و عەلی شیعە و کاك حامید و شێخ عەلی و جەوهەری برای دکتۆر خالید و شێخ حسێن و کاك مولازم عومەر و کاك ئازاد هەورامی و ڕەوف بەگ و هێزەکەی کەش ڕۆشتبوون بەرەو بەیت ئەلشەباب. ئێمە لە دۆڵەکەوە ڕۆیشتین تا ڕۆژ بوەوە، دەمەو**

بەیانی پێیان دەوت زووەمەکان، ڕەشماڵەکان یان دەوارەکان بە ئەسپیان دەوت دەوار، بە کاك ڕەفیقم وت: بڕۆن لەو ماڵانە هەندێك نان کۆ بکەنەوە و بیهێنن، لەگەڵ عومەر قاینەجەیی هەر لەوکاتەدا، هێشتا چەند مەترێك دوور نەکەوتنەوە لە گەرووی دۆڵەکەدا لە دەوارەکانەوە لێمانیان خوڕی، منیش بەهێزەکەم وت: دەستی ڕاست بگرن و سەرکەون بۆ سەر چیاکە، منیش دەمویست لە ڕێی دۆڵەکە شەڕ نەبێت، چەند جارێك دەموت ئێوە کێن، ئێوە کێن؟ بۆئەوەی تەقە زوو دەست پێ نەکات، ئەوانەی توانای سەرکەوتنیان هەبوو شەهید مەحمود زەردۆیی و شەهید عەبدوڵا سوور و شەهید تاهیری حاجی عەزیز و شەهید جەمالی عەلی باپیر ئەمانە زوو بەرزاییەکانیان گرت، پێ دەچوو هێزەکەی قیادە موەقەتە بێت، بەڵام هێزەکەی ئێمە هێزێکی ماندوی شکاو بوو، یەکێك لە دواوە بوو، وایزانی من نهێنییەکەم لەبیر چووە، هاواری کردو وتی: سەید ئەنوەر، زانییان هی ئەوان نییە و ئیتر تەقەیان لێکردین و لەهەر چوارلاوە دایان گرتین و هێزەکەش سەرکەوت و ئەوان ٤٠ کەسێك دەبوون هەڵهاتن و ڕۆیشتنە دواوە. هەر لەوێدا یەك شەهید و چوار بریندارمان هەبوو، یەکێك لەو بریندارانە، وەکو ناوی نهێنییەکە ناوی سەید ئەنوەر بوو بریندار بوو، وابزانم خەڵکی کۆیە یان ڕانیە بوو، ئەوی تریش ناوی کەریم بوو".

هەروەها محەمەدی حاجی مەحمود لە هەمان کتێب و لە لاپەڕە

٢١٢داو لە بەسەرهاتێكی تردا دەگێڕێتەوە و دەنوسێت:
"شەو بەڕێكەوتین كاك جەلالی حەمەی محە و مەحمودی حەمە تاتە و سەركەوت لای ماڵێك خەویان لێكەوتبوو، هیلاك ببوون، پێموتن: هەڵسن بابڕۆین، وتیان پەكمان كەوتووە و دواییش خاوەن ماڵەكە چەكیانی كردبوو، ئێمە ئەو شەوەی بە ڕێگەوە بووین و بەیانی زوو بوو كە چووینە گوندەكانی عەشیرەتی ڕێكان لەسەر سنوری عیراق و توركیا لە ناوچەی بەرواری بالاّ بوو. پێش من تالیب ڕۆستەم و شێخ جەواد جامانەی سووریان لەسەریان بەستبوو، خۆیان كردبوو بە قیادەی موەقەتە بۆئەوەی نانیان بدەنێ، كە ئێمەش چووین پیاوی گوندەكە لای ئەوان دانیشتبون و سێ چوار ژن نانی بۆ دەكردن، كە ئێمەیان بینی خەڵكی گوندەكە ڕایان كرد، وتیان جەلالی هات. مامۆستا تالیب و ئەوان پێیان ناخۆش بوو وتیان بۆچی سەعاتێك درەنگتر نەهاتبوون، خەریك بوو خزمەتمان بكەن، لێمان تێكدان و هەموو ماڵەكان نانیان دەكرد، هەموو نانەكەمان كۆدەكردەوە و دەوری گوندەكەشمان گرت، دوای ئیسراحەت بەڕێ كەوتین بۆ سنوری توركیا–عیراق .

# وەفایەك بۆ شێخ جەواد بێدەری

**شاخەوان قۆجەلەری**

شەهید شێخ جەواد بێدەری پیاوێکی گەنم ڕەنگی بالأبەرزی چوارشانەبوو، جەمەدانییەکی ڕیشوداری دەبەستەوە وەکو شەهید علی عەسکەری هەموو کات شانازی بەناوهێنانییەوە دەکرد.

شەهید زۆر وریا و بزێو بوو، سڵی لە دوژمن و لە مەرگ نەدەکردەوە، لەکاتی خۆشی و ناخۆشیدا کە وتارێکی ئەدا یان لەکاتی قسەکردندا بەچوار دەوری خۆیدا دەیڕوانی بە چاو هەڤاڵەکانی بەسەردەکردەوە کە ئاگای لە هەموویانە.

لە گوندی بێدەری شەهیدانەوە نزیکەی ١٧ شەهیدیان هەیە لە ڕێگەی ڕزگاری کورد و کوردستان.

ئەم لاوە خوێن گەرمە ببوو بە سەرمەشقی سەرەتای دەستپێکردنی شۆڕش، لە سەرەتای شەستەکاندا بەچەکی خۆیەوە بەشداربوو، جێدەستی دیاربوو لە ١٩٦٢\٨\١٦ لە شەڕی

گردەقارەمان و کۆلکە ڕەشی لای خەربەندەلوو داستانی دارەکەی مام جەلال و شەڕی دەبابە سوتاوەکەی چنارتوو شاخی قۆجەلەر.
مام جەلال ١٨ پێشمەرگە هەڵ دەبژێرێ بۆ پاککردنەوەی گردەقارەمان لە دوژمنی هێرشبەر بۆ قەلآسێوکە و ئاغجەلەر و چەمی ڕەزان. مام پێیان دەڵێ یان شەهیدبوون یان سەرکەوتن، بەڵێ سەرکەوتنیان بەدەستهێنا و مام جەلال خەلآتی کردن. بەداخەوە زیاتر لە ١٨ شەهید درا، بەکۆی گشتی شەڕەکان و زیاتر لە ١٨ ڕۆژ و شەو بەرگری کرا کە بە یەکەم شەڕی بەرگری دادەنرێ لەمێژووی شۆڕشدا، دەستکەوت بەدەستهات و بەدیلگرتنی ٢٠ سەرباز و دوو ئەفسەری پلەبالآ، ئەم پێشمەرگە مێرد منداڵە لەگەڵ تەمەنیدا تەمەنی شۆڕشیش هەڵکشا هەتا هەرەس پێشمەرگە بوو.
بەبڕیاری شەهید علی عەسکەری هاتنەوە عێراق و دووبارە بە نامە و ڕاسپاردەی کاك عەلی لەیەکەم دەستەی مەفرەزە سەرەتاییەکانی شۆڕشی نوێ بەڕابەرایەتی یەکێتی نیشتمانی کوردستان لەگەڵ هەڤاڵەکانی بەشدار بوو.
بانگەوازی شۆڕش و ڕاپەڕینیان دا بە گوێی کۆمەلآنی خەڵکیدا، شیوەسوور و چەمی ڕەزان و خاڵخالآنیان ئاوەدان کردەوە، لێرەوە گڕی شۆڕش هەڵگیرسایەوە. لەگەڵ هەڤاڵەکانی، هێزێکیان ئامادەکرد بۆ هێنانی چەك و تەقەمەنی ڕوو لە هەکاری و

سێگۆشەی سنور دەکەن، لەوێ توشی ئەو کارەساتە دەبن بەفیتی قیادە موەقەتە و خێڵە کۆچەریەکانی ئەو دەڤەرە، لە ناچاریدا سەردەکەن بە باوەشی حکومەتی عیراقدا، قیادە موەقەتە سەرکردەکانیان بە چەکی مەزن شەهید کرد و ئەمانیش شانسی ژیانیان پێدرایەوە و سەربەرزانە ماوەیەك پشوویاندا.

لەو سەردەمەدا ئاشنایەتیم لەگەڵی پەیداکرد و لە ماڵی شێخ هیدایەتی پورزام کۆ دەبوینەوە و دەنگوباسی شۆڕشم بۆدەهێنا و دەیگوت هاکا ئێمەش هاتینە دەرەوە، ئەوکات بەنهێنی کاری ڕێکخستنی دەکرد.

هەر بۆخۆشیی دەیگوت من جەواد ئەحمەد، تۆش جەواد ئەحمەد، شێخ جەوادی پورزاشم جەواد ئەحمەد، دەیگوت وابزانم بەهۆی منەوە ئێوەش توشی کێشە دەبن، زۆرمنی خۆشدەویست دەیزانی خەریکی کاری ڕێکخستنم.

لەساڵی ١٩٨٨ لە پڕۆسەی ئەنفال، لە چیای قوڵە پوشینە هەردوو کەرتەکەی ئێمە و کەرتی یەکی قەلاسێوکەیان ئاڵوگۆڕ کرد و دوو ڕۆژ دوای ئاڵوگۆڕکردنەکە شەڕ دەستی پێکرد، ئەوان توشی شەڕبوون و چەند پێشمەرگەیەکیان شەهید و بریندار بوو.

لەکاتی کشانەوەماندا لە شاناخسێ چاومان بە یەك کەوتەوە وتی ماوی؟ وتم بەڵی هەتا ڕۆژ تەواو نەبێ دەمێنین. دوای

ئێمە بەر چەکی کیمیایی کەوتن  بە سوتفە لە مەرگ ڕزگاری بوو. دوای گەڕانەوەمان  بۆ ناوچەکانی خۆمان،  شەهید شێخ جەواد لە گۆپتەپە نیشتەجێ بوو. لە  ١٩٨٨\٥\٣ بەر چەکی کیمیایی کەوت،   لەگەڵ  کاکە مەحمودی کوڕی گەیشتنە کاروانی شەهیدان، هەزاران سڵاو لە گیانی پاکیان.

## بۆ ڕوحی پاکی شەهید شێخ جەواد بێدەری

یادی  جەنابتان  ناخ  دەسوتێنێ
ڕۆژانی  شاخمان   بە بیرا  دێنێ
کفنی خوێناویت  جلی  خاکی بوو
ئاوات و ئامانج  کوردایەتی بوو
پێشەنگی شەهیدان یەکێتی تۆ بوو
لەناو سەنگەردا ڕوو لە دووژمن بوو
بە ڕوباری خوێن گەیشتینە ئێستا
با  بە ئەمەك بین لە ئاست  هەڵوێستا
حیزبی  شەهیدان نازناوی  تۆیە
بۆنی لاشەکەت  هەمووی  بۆن سۆیە

**لە هەر چوارلاوە دووژمن بۆت ئەهات**

**هیچ کۆڵت نەدا تا ئاسۆ هەڵهات**

**لە بێدەرەوە هەتا هەکاری**

**مژدەی ڕزگاری کرا بە دیاری**

**تۆ لە گۆپتەپە شەهید کراوی**

**هەر یادت دەکەین بەزیندویی ماوی**

***

# شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری
# ئەستێرەیەکی تەمەن کورت

**پێشەوا شێخ رەئووف***

قوتابخانە سەوز و سەربەرزەکەی یەکێتی و حوجرە گەورەکەی فێربوونی ئەلف و بێی قوربانیدان و فیداکاریی ئەو حزبە سەوزە، گەلێك خوێندکاری ڕێگەی رزگاری خاکی نیشتمان و تێکۆشانی پێگەیاند و هەر لەو پێناوەشدا زۆرترین لە فێرخوازان و شەیدایانی پێشکەشی خاك و نیشتمان و نەتەوەکەی کردووە.

مەحمود شێخ جەواد بێدەری یەکێکە لە قوتابییەکانی حوجرە سەوزەکەی یەکێتی کە تەواوی ئەو تەمەنە کەمەی هەیبووە پێشکەشی خاك و نەتەوە و حزبەکەی کردووە و هەر لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەختکرد و بووە یەکێك لە ئەستێرە تەمەن کورت و درەوشاوەکانی ئاسمانی فیداکاری و جوامێری و قوربانییدان.

مەحمود شێخ جەواد بێدەری لەساڵی ١٩٦٨ لە گوندی "بێدەر"ی سەر بەناحیەی ئاغجەلەر لە بنەماڵەیەکی شۆڕشگێڕ و کوردپەروەر

له دایکبووه. لەساڵی ١٩٧٤ لە گوندی "گۆپتەپە" دەخرێتە بەر خوێندن، لە ساڵی ١٩٧٦دا کە ئەوکات تەمەنی تەنها ٨ ساڵان بووە بەهۆی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی باوکییەوە لەگەڵ دایك و براکانیدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعسەوە دەستگیردەکرێت و رەوانەی زیندانەکانی ئاغجەلەر و سلێمانی و ئەمنی کەرکوك و ناسریە دەکرێت، لەسەرئەوەی باوکی پێشمەرگە بووە و یەکێك بووە لە دروستکەرانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کە رژێمی بەعس زۆر بە وردی بەدوای کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەدا دەگەڕا کە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتییان پێکهێنابوو، لەو دەمەشدا ئەو خانەوادە و بنەماڵانەی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بەدوایاندا دەگەڕان و دەستگیرکران، خانەوادەی خوالێخۆشبوو خەلیل بێدەری و شەهید شەوکەتی حاجی موشیر و محەمەدی حاجی مەحمود و ژمارەیەك بنەماڵەی تر بوون.

شەهید مەحمود شێخ جەواد لە ساڵی ١٩٧٨ بە لێبوردنی گشتی لەگەڵ کەسوکارەکەیدا ئازاد دەکرێن و دەگەرێنەوە بۆ ناحیەی ئاغجەلەر و درێژە بە خوێندن دەدات. ساڵی ١٩٨٣ لە رێگەی شەهید مامۆستا لەتیف شێخ عەبدولقادر گۆپتەپەیی و شەهید حەمەغەریب بێدەرییەوە، لەگەڵ مەهدی حاجی ئەحمەد بلوکێنییەوە پەیوەندی دەکەن بە رێکخستنەکانی ناو شارەوە و

زۆر چالاکانە کارەکانی ڕێکخستنی ئەنجامداوە تا ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی دەکات بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان و بووە بە پێشمەرگە لە تیپی ٢٥ی خاڵخالان و دواتر گواستراوەتەوە بۆ تیپی ٢٩ی کەلکەسماق و لە کەرتی سێ دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە.

شەهید مەحمود بەشداری لە چەندین چالاکی و شەڕ و داستان کردووە، لەوانە گرتنی بارەگای فەوج لە گوندی تەوەکەڵ و جادەی دوکان_سلێمانی و شەڕەکانی سەرکردایەتی.

لە ڕۆژی ١٩٨٨/٥/٣ لە گوندی گۆپتەپە لەلایەن فڕۆکەکانی ڕژێمی بەعسەوە کیمیاباران دەکرێت و شێخ جەواد بێدەری باوکی شەهید مەحمود و ژمارەیەك لە خزم و کەسوکارەکەی بەر چەکی کیمیایی دەکەون و شەهید دەبن.

شەهید مەحمودیش لەگەڵ ژمارەیەك پێشمەرگەی تردا بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و دەبێتە نۆهەمین شەهیدی بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی، لەدوای خۆی دوو کچی بەناوەکانی "ئەژین و هاوژین" بەجێهێشتووە.

* ئەم بابەتە لە ژمارە (٦٣١٢)ی ڕۆژنامەی "کوردستانی نوی" ڕۆژی هەینی ٢٠١٤/٢/٢١دا بڵاوکراوەتەوە

# وێنەکان





قەندیل ١٩٧٧

وەستاوەکان لە ڕاستەوە:

شەهید شێخ جەواد بێدەری، شەهید دکتۆر خالید، شەهید ئارام،

شەهید عەلی عەسکەری، سالار عەزیز، ملازم عومەر، تالیب ڕۆستەم.

دانیشتووەکان لە ڕاستەوە:

شەهید جەعفەر ئەسوەد، عەزیز کافرۆشی، نەناسراوەتەوە، حەسەن سلێمان.



**قەندیل ۱۹۷۷**

**وەستاوەکان لە ڕاستەوە:**

**خاڵە حەمەی کەلکەسماق، خوالێخۆشبوو خەلیل بێدەری، شەهید شێخ جەواد بێدەری، شەهید ئەبوبەکر سێکانیانی، ڕەسوڵی کاکە ڕەش، عەبدوڵای مام سەعید، شەهید ئاراز شێخ عەلی سەرگەڵوو،عەبدولاّ کانی توویی، مام ساڵح مالومەیی.**

**دانیشتووەکان لە ڕاستەوە:**

**مام ئەحمەد سێکانیانی، ڕەسوڵی مام مستەفا کانی توویی، فاتح مام ساڵح مالومەیی، عەبدولاّ هەڵەدنی، شەهید جەمال سێکانیانی، شەهید خدر مەلا سەفی، مەحمود شەدەڵەیی (مامە خولە)،**

**مناڵەکان: شەپۆل عەلی عەسکەری، شایان عەلی عەسکەری.**



**کۆیە ١٩٦٣**

**یەکەم تا چوارەم کەس نەناسراونەتەوە، مام جەلال، شەهید عەلی عەسکەری، د.کەمال فواد، شەهید شێخ جەواد بێدەری، نۆیەم تا یانزەیەم کەس نەناسراونەتەوە، موحسین دزەیی.**



شەهیدی سەرکردە "شێخ جەواد بێدەری" و ژمارەیەك سەرکردە و
پێشمەرگەی سەرەتای شۆڕشی نوێ



**لای ڕاستەوە:**

**نەناسراو، نەناسراو، شەهید شێخ جەواد بێدەری،**

**حاجی محەمەد شێخ بەهادین زەرزی، شەهید سەردار شێخ جەمیل**



**لای ڕاستەوە:**

**شێخ جەلال، شەهید شێخ حامید بێدەری، شێخ جەعفەر بێدەری،**
**شێخ حەسیب قەڵاچۆغەیی، شەهید شێخ جەواد بێدەری**



شەهید عەلی عەسکەری



شەهید شێخ جەواد بێدەری



**ئاهەنگی بوك گواستنەوە**

**لای چەپەوە:**

**شەهید شێخ جەواد بێدەری، مامۆستا عومەر شێخ پاڵەوانی**



**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**




شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری




**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**



شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری                محەمەد شێخ جەواد بێدەری




شێخ محەمەد شێخ عەبدوڵا عەسکەری                شەهید شێخ جەواد بێدەری




**شەهید شێخ جەواد بێدەری**


**شەهید شێخ جەواد بێدەری**





**شەهید شێخ جەواد بێدەری**




**شەهید شێخ جەواد بێدەری**




**شەهید شێخ جەواد بێدەری**



**شەهید شێخ جەواد بێدەری**



**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**



**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**



**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**




**شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری**



**محەمەد شێخ جەواد بێدەری، لەسەر مەزاری شەهیدانی کیمیابارانی گوندی گۆپتەپە**



**شوێنی شەهیدبوونی شێخ جەواد بێدەری**

**گۆپتەپە، ڕەندیخان**



**مەزاری شەهیدانی گوندی گۆپتەپە**




**مەزاری شەهیدانی گوندی گۆپتەپە**




**گۆڕی شەهید شێخ جەواد بێدەری لە مەزاری شەهیدانی گوندی گۆپتەپە**



**گوندی بێدەر دوای کارەساتی ئەنفال**

### شێخ جەواد بێدەری

# دوای ٢٧ ساڵ پێشمەرگایەتی تاجی شەهیدبوون و سەروەری لەسەرنا

مێژووی هەر ڕۆژێک لەڕۆژەکانی ساڵ هەڵبدەینەوە، پێشمەرگەکانی ی.ن.ک داستان و نەبەردییەکیان تیادا تۆمارکردووەو مێژوویەکی پڕ لەسەروەریو گیانفیداییان نوسیوەتەوە.

لەقوتابخانەکەی یەکێتیدا هەزاران ڕۆڵەی جوامێرو کەڵەپیاوی ڕۆژانی سەختی کوردایەتی پێگەیاندووە، یەکێک لەو کەڵە پێشمەرگانە (شەهید شێخ جەواد بێدەری)یە، کەبەڵێنی خۆی بردەسەرو لەپێناو ڕزگاری کوردستاندا ژیاو خەباتی کردو هەر لەو پێناوەشدا شەهید بوو.

شەهید شێخ جەواد بێدەریی، ساڵی ١٩٤٣ لە گوندی (بێدەر)ی سەر بە ناحیەی ئاغجلەر لەدایک بووە، لەمانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦١ بەشداری شەڕی دەربەندی بازیانی کردوە و بۆتە پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلول، ساڵی ١٩٦٢ کراوەتە جێگری فەرماندەی پەل، هەر لەوساڵەدا هەڤاڵ مام جەلال ڕایدەسپێرێت بچێت بۆ ناحیەی ئاغجلەر کە شەڕ لە نێوان هێزی پێشمەرگە و حکومەتی عێراقیدا ڕویدا بوو، لەو شەڕەدا پێشمەرگەیەک بەناوی مامۆستا (حەسیب) شەهید دەبێ و تەرمەکەی بەجێ دەمێنێ، شەهید شێخ جەوادیش توانی تەرمەی دەرباز بکات و پێنج پارچە چەکیش بهێنێت، دوای ئەو چالاکیە هەڤاڵ مام جلال خەڵاتی دەکات و دەبێتە سەر پەل.

ساڵی ١٩٦٣ لە ناوچەی پێنجوێن لە نەبەردییەکدا بەمەبەستی گرتنی مەرکەزی پۆلیس لەو شەڕەدا ناوبراو بریندار دەبێ کە شەهید عەلی عەسکەری فەرماندەی ئەو چالاکییە دەکرد، پاش ساڕێژ بوونی برینەکەی لەساڵی ١٩٦٤بە فەرمانی هەڤاڵ مام جەلال شەهید عەلی عەسکەری و شێخ جەواد و چەند کەسایەتیەکی تر دەگەڕێنەوە ناوچەی کەرکوک بۆ بە ئاگابوون لە بارودۆخی ناوچەکەو ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگە لەناوچەکەدا، هەر لەو ساڵەدا شێخ جەواد دەکرێتە سەر لق، تانسکۆی ساڵی ١٩٧٥درێژەی بە خەبات داوە.

دواتر لەگەڵ سەرهەڵدان و هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ لەساڵی ١٩٧٦دا پەیوەندی دەکات بەشوڕشەوە، لە مانگی ١٠/١٩٧٦دا سەرکردایەتی یەکێتی بریاریدا شێخ جەواد بێدەری و خەلیل بێدەری بچنەوە ناوچەی چەمی ڕەزان کە پەناگەیەکی بە هێزبوو بۆ هێزی پێشمەرگە و خەڵکانی شۆڕشگێڕ، توانیویانە بە ئاسانی هەڵسوکەوت لەو ناوچەیەدا بکەن، ئەوانیش گەڕانەوە ئەو سنوورە بۆ ریکخستنەوەی جەماوەرو گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگە، هەر لەو ساڵەدا دایک و خێزان و منداڵەکانی شێخ جەواد بێدەری لەلایەن حکومەتی عێراقەوە لە گوندی گۆپتەپەی ناوچەی قەڵاسێوکە دەستگیر دەکرێن و ڕەوانەی زیندانەکانی سلێمانی و کەرکوک و ئاسریە دەکرێن.

پاش ماوەیەک مانەوە لەو سنوورە بوونە بە ٢٣ پێشمەرگە، شەهید حەمەغەفور کراوە بە فەرماندەی هەرێم، لەساڵی ١٩٧٧ ئەو پێشمەرگانە بوون بە سێ مەفرەزە، شێخ جەواد بێدەری بە مەفرەزەیەکەوە لەگەڵ ملازم حەسەن خۆشناو بەرەو سوریا بەڕێدەکەون بۆ هێنانی چەک و تەقەمەنی و جیهاز و ئامێرەکانی ڕاگەیاندن بۆ ڕادێوی (دەنگی شۆڕشی عیراق)، لەکاتی بەڕێکەوتنی هێزەکە لەڕێگا لەسەر سنووری عیراق_ئێران_تورکیا توشی شەڕ دەبن، ملازم حەسەن خۆشناو شەهید دەبێ، شێخ جەواد بێدەرییش بە سەختی بریندار دەبێ، ئیتر دوژمنەکان چونەتە سەری وایان زانیووە مردووە کەگیانی خوێنی پێوە بووە یەکسەر شتومەکەکانی گیرفانی دەردەهێنن و ئینجا بەجێی دەهێڵن.

پاشان دەبرێتە سووریا بۆ ساڕێژبوونی برینەکەی و بۆ ماوەی مانگێک لە نەخۆشخانەی سوریا دەمێنیتەوە، پاش چاکبوونەوەی دەگەڕێتەوە کوردستانی عیراق، هەر لەو کاتەدا برایەکی شێخ جەواد بێدەری بە ناوی شێخ عوسمان و برایەکی خەلیل بێدەری بەناوی ئەحمەد لە گوندی بێدەر لە لایەن حکومەتەوە دەستگیردەکرێن و ڕەوانەی هەیئەی خاصەی کەرکوک دەکرێن و پاش ئەشکەنجەدانێکی زۆر پێیان دەڵێن ئەگەر براکانتان نەیەنەوە بۆ ناو حوکمەت، ئەوا بڕیاری لەسێدارەدانتان بەسەردا دەدرێت، ئەوانیش وەڵام دەنێرن بۆ براکانیان کە ئەگەر نە گەڕێنەوە ناو حکومەت ئەوا لە سێدارە دەدرێن، لەوەڵامدا شێخ جەواد بێدەری دەڵێ نەک براکەم بگرە هەموو منداڵ و خێزانەکەشم کە ئێستا لە ئاسریە زیندانن لە یەک کاتدا لەسێدارە بدرێن من بڕیاری گەڕانەوە نادەم بۆ ناو حکومەت، دواتر لە بەهاری ساڵی ١٩٧٨ سەرکردایەتی ی.ن.ک بڕیاریدا بەگەڕانەوەی هێزەکانی ی.ن.ک بۆ ناوچەی سێ سنوور بۆ ئەوەی ڕێگری لەحکومەتی عیراق بکەن کەچیتر گوندەکانی ئەو سنورانە چوڵ نەکات و خەڵکەکەی دەربەدەر نەکات و بتوانن چەک و تەقەمەنی لەسوریاوە بهێنن بۆ کوردستان، ئەوەش بۆ بەستنەوەی ناوچە جیاجیاکانی کوردستان بە یەکەوەو هێنانی خواردەمەنی و کەلوپەلی پێویست، کەشێخ جەوادیش یەکێک بوو لەفەرماندەکانی ئەو هێزە، بەڵام کەهێزەکە ڕووبەڕووی شەڕ دەبێتەوە لەڕووداوەکەی هەکاری، زۆربەی هێزەکە بەپێشمەرگە و فەرماندەکانەوە تیاچوون و شەهید کران.

شێخ جەواد بێدەری بەردەوام بوو لەخەبات و تێکۆشان تا لەڕۆژی ٣/٥/١٩٨٨ لە گوندی گۆپتەپەی قەڵاسێوکە بەرچەکی کیمایی دەکەوێت و شەهید دەبێ، پێشتریش جارێکی تر لە شەڕی سەرکردایەتی لە گوندی شاناخسێ بە چەکی کیمایی بریندار دەبێ و ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی ئێران دەکرێت و چل ڕۆژ دەمێنیتەوە ئنجا چارەسەردەکرێت ودەگەڕێتەوە گوندی گۆپتەپە.

**پێشەوا شێخ ردنووف**
**برازای شەهید**



شەهید شێخ جەواد بێدەری

**ژیاننامەی شەهید شێخ جەواد بێدەری لە ڕۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە ٦٢٣٢ ی ڕۆژی ٢٠١٣/١١/١٥ دا بڵاو کراوەتەوە**



## ژیان و بیرەوەرییەکانی شەهیدی سەرکردە شێخ جەواد بێدەری

پێشەوا شێخ رەئوف

ژیاننامەی شەهید شێخ جەواد بێدەری لە رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە ٣٦٦٧ ی رۆژی ٢٠٠٥/٥/١٠ دا بلاّو کراوەتەوە



16 | ساڵی بیست‌و سێیەم ژمارە: (٦٣١٢) هەینی ٢١ / ٢ / ٢٠١٤
23rd Year No: 6312 Fri - 21 / 2 / 2014
کوردستانی نوێ
www.knwe.org

# شەهید مەحمود بێدەری ئەستێرەیەکی تەمەن کورت

پێشەوا شێخ رەئووف

قوتابخانە سەوزو سەبەرزەکەی یەکێتی و حوجرە گەورەکەی فێربوونی ئەلف و بێی قوربانیدان و فیداکاری ئەو حزبە سەوزە، گەلێک خوێندکاری رێگەی رزگاری خاکی نیشتمان و تێکۆشانی پێگەیاندن و هەر لەو پێناوەشدا زۆرترین لە فێرخوازان و شەیدایانی پێشکەشی خاک و نیشتمان و نەتەوەکەی کردووە.

مەحموود شێخ جەواد بێدەری یەکێکە لەقوتابییەکانی حوجرە سەوزەکەی یەکێتی کە تەرازوی ئەو تەمەنە کەمەی هەبیووە پێشکەشی خاک و نەتەوەو حزبەکەی کردووەو هەر لەو پێناوەشدا گیانی خۆی بەختکردو بووە یەکێک لە ئەستێرە تەمەن کورت و درەوشاوەکانی ئاسمانی فیداکاری و جوامێری و قوربانیدان.

مەحمود شێخ جەواد بێدەری لەساڵی ١٩٦٨ لەگوندی (بێدەر)ی سەر بەناحیەی ئاغجەلەر لەبنەماڵەیەکی شۆڕشگێرو کورد پەروەر لەدایکبووە، لەساڵی ١٩٧٤ لەگوندی گوێتەپە دەخرێتە بەر خوێندن، لەساڵی ١٩٧٦دا کە ئەوکات تەمەنی تەنها هەشت ساڵان بووە، بەهۆی چالاکییە سیاسی و سەربازییەکانی باوکییەوە، لەگەڵ دایک و براکانیدا لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانی حزبی بەعسەوە دەستگیر دەکرێت و رەوانەی زیندانەکانی ئاغجەلەرو سلێمانی و ئەمنی کەرکوک و ناسریە دەکرێت، لەسەر ئەوەی باوکی پێشمەرگە بووەو یەکێک بووە لە دروستکەرانی مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان کەرژێمی بەعس زۆر بەوردی دوای کەسوکاری ئەو پێشمەرگانەدا دەگەڕا کە مەفرەزە سەرەتاییەکانی یەکێتییان پێکهێنابوو، لەو دەمەشدا ئەو خانەوادەو بنەماڵانەی دەزگا ئەمنییەکانی بەعس بەدوایاندا دەگەڕان و دەستگیرکران خانەوادەی شەهید حەمەغەفور ئاغجەلەری و خەلیل بێدەری و شەهید شەوکەتی حاجی موشیرو محەمەدی حاجی مەحموودو ژمارەیەک بنەماڵەی تر بوون.

شەهید مەحمود شێخ جەواد لەساڵی ١٩٧٨ بەلێبوردنی گشتی لەگەڵ کەسوکارەکەیدا ئازاد دەکرێن و دەگەڕێنەوە بۆ ناحیەی ئاغجەلەرو درێژە بە خوێندن دەدات، ساڵی ١٩٨٣ لەرێی شەهید مامۆستا لەتیف شێخ عەبدول و شەهید هەندرێنەوە پەیوەندی دەکات بەرێکخستنەکانی ناوشارەوەو زۆر چالاکانە کارەکانی رێکخستنی ئەنجامداوە تا ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی دەکات بەهێزی پێشمەرگەی کوردستان و بووە بە پێشمەرگە لە تیپی ٢٥ی خاڵخاڵان و دواتر گواستراوەتەوە بۆ تیپی ٢٩ی کەڵکەسماق و لەکەرتی سێ دەبێتە فەرماندەی مەفرەزە لەهەمان کەرت.

شەهید مەحموود بەشداری لەچەندین چالاکی و شەڕو داستان کردووە، لەوانە: گرتنی بارەگای فەوج لە گوندی تەوەکەڵ و جادەی دوکان-سلێمانی و شەڕەکانی سەرکردایەتی.

لــەرۆژی ١٩٨٨/٥/٣دا گوندی گوێتەپە لەلایەن فڕۆکەکانی رژێمی بەعسەوە کیمیاباران دەکرێت و باوکی شەهید مەحموودو ژمارەیەک لە خزم و کەسوکارەکەی بەر چەکی کیمیایی دەکەون و شەهید دەبن، شەهید مەحمودیش لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی تردا بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت و دەبێتە نۆهەمین شەهیدی بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی.

شەهید مەحمود بێدەری

**ژیاننامەی شەهید مەحمود شێخ جەواد بێدەری لە رۆژنامەی "کوردستانی نوێ" ژمارە ٦٣١٢ ی رۆژی ٢٠١٤/٢/٢١ دا بڵاو کراوەتەوە**